**چاپی دووەم**

# هێزی تەرکیز

**نووسینی:**


جاك كانفیلد

مارك ڤیكتۆر هانسن

لی هیوێت


**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:** حەیدەر ئیبراهیم

پێداچوونەوەی: خەنساء مەعرووف

## پێناسی کتێب

ناوی کتێب: هێزی تەرکیز

نووسەران: جاك كانفیلد، مارك ڤیكتۆر هانسن، لی هیوێت

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: حەیدەر ئیبراهیم

بابەت: گەشەپێدانی مرۆیی

چاپخانە: تاران

چاپی دووەم: ٢٠٢٠

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٨٥٦) ساڵی ٢٠١٩ پێ دراوە.

**پێشکەشە بە:**

- دایك و باوکی خۆشەویستم و هەموو خوشك و برا ئازیزەکانم.
- ڕۆحی پاکی کاکە (محەممەد)ی برام.
- هەموو ئەم بەڕێزانەی کە بەردەوام هاوکار و پاڵپشتم بوون لە بەردەوامیدان بە کاری وەرگێڕان.
- هەموو مامۆستا بەڕێز و خۆشەویستەکانم بەبێ جیاوازی و هەرکەسێکیش کە وشەیەکی فێرکردبێتم.
- هەر خوێنەرێك، کە خوازیاری فێربوونی زانستی نوێیە.

# پێڕست

**پێشەکی وەرگێڕ..........................................٦**

وتەی چەند کەسایەتییەك سەبارەت بە کتێبەکە..........................٧

**بەشی یەکەم**

**خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن.................................. ١٠**

**بەشی دووەم**

**باسکردن نییە لە بابەتێکی بێمانا، بەڵکوو بابەتی تەرکیزکردنە...............٣٩**

**بەشی سێیەم**

**ئایا وێنە گەورەکە دەبینیت؟........................................٦٧**

**بەشی چوارەم**

**زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا......................................٩٨**

**بەشی پێنجەم**

**بنیادنانی پەیوەندییە نایابەکان......................................١٢١**

**بەشی شەشەم**

**هۆکاری باوەڕبەخۆبوون...........................................١٦١**

**بەشی حەوتەم**

**داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت....................................١٨٥**

**بەشی هەشتەم**

**کۆڵنەدان و بەردەوامی........................................٢١٢**

**بەشی نۆیەم**

**گرتنەبەری کرداری یەکلاییکەرەوە..................................٢٣٦**

**بەشی دەیەم**

**ژینکردن و کارکردن بەمەبەستەوە..................................٢٦١**

**بەشی یازدەیەم**

**کۆمەڵێك بیرۆکەی گرنگ و سوودبەخش بۆ دەوڵەمەندکردنت.................٢٨٠**

# پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش بۆ خودای باڵادەست، کە زاناترینی زاناکانە و، درود و سڵاوات لەسەر گیانی پاکی سەروەری مرۆڤایەتی محەممەد (سەلامی خودای لەسەر بێت).

تەرکیز یەکێکە لە هەرە بابەتە پێویست و گرنگەکان لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بەبێ گوێدانە جیاوازیی ئاستی خوێندن و کار و پیشە. وەك وتراوە تەنها شتێك لە تەرکیز باشتر بێت، تەرکیزکردنێکی باشترە.

وەك وەرگێڕێك لە سۆنگەی بەرپرسیارێتیمەوە و بەردەستنەبوونی سەرچاوەی پێویست لەسەر ئەم باسە لە زمانی کوردیدا هەستام بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەبایەخ و گرنگە بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی، ئومێدەوارم بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە خزمەتێکی بچووکم پێشکەش بە خوێنەرانی کوردزمان کردبێت و جێگایەکی بچووکی سەر ڕەفەی کتێبخانەکانیشم پڕکردبێتەوە.

جیاوازیی ئەم کتێبە لە کتێبەکانی تر ئەوەیە، ڕاهێنانی کردارییش لەخۆ دەگرێت. بە تەرکیزکردنێکی باشتر زیاتر لەوە بەدەست دەهێنیت، کە پێشبینی دەکەیت. دەتوانیت لە گۆڕینی خووە ناپەسەندەکانت بۆ خووی پەسەند، بۆ بنیادنانی پەیوەندیی نایاب، زیادکردنی باوەڕبەخۆبوونت و زاڵبوون بەسەر هەر جۆرە بەربەست و ئاستەنگێکدا، کە ڕۆژانە ڕووبەڕووت دەبێتەوە لێی سوودمەندبیت.

حەیدەر ئیبراهیم
٢٠٢٠/٥/٢١
هەڵەبجەی تازە

# وتەی چەند کەسایەتییەك سەبارەت بە کتێبەکە

"بەبێ تەرکیز سەخت و دژوارە بتوانیت بازرگانییەکی سەرکەوتوو بنیاد بنێیت، ئەم کتێبە نەخشەڕێگایەکی سوودبەخشە، کە بەڕاستی لەسەر ڕێگا دروستەکە دەتهێڵێتەوە."

**ڕۆبێرت جی. ئالین ( نووسەری کتێبی سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبەری یەك خولەکی)**

❊❊❊❊

"تەنها شتێك کە لە تەرکیز باشترە، تەرکیزکردنێکی باشترە. دڵنیا بە ئەم کتێبە سوودبەخشە دەخوێنیتەوە و باشترین بیرۆکەکانیشی بەکاردەهێنیت."

**کێن بلانچارد ( هاونووسەری کتێبی بەڕێوەبەری یەك خولەکی)**

"کتێبێکی کرداریی بەهێزە، کە هانت دەدات بە خەونەکانت بگەیت."
**ڕۆبێرت کریگەر (هونەرمەند و موزیسیار)**

****

"هێزی تەرکیز نیشانت دەدات، کە چۆن پێناسەی ڕێگاکەت بکەیت و دەست بە بەکارهێنانی پلانەکەشت بکەیت. کتێبێکە پڕاوپڕ لە زانیاریی دروست و، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کتێبێکی کرداری و ئیلهامبەخشیشە."
**پاتریشیا فریپ ( وتاربێژی نێودەوڵەتی)**

"کتێبێکی گرنگە بۆ هەرکەسێك، کە بیەوێت لە هەر جۆرە کارێکی بازرگانیدا سەرکەوتوو بێت، لێهاتووییەکانت دیاری دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانت و بەدیهێنانی خەونەکانت.

من نەك تەنها سوودی زۆرم لێ وەرگرت، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا چێژم لە تەواوی کتێبەکە بینی لە کاتی خوێندنەوەیدا."

**دان کلارك ( وتاربێژی نێودەوڵەتی)**

****

"هێزی تەرکیز ژیانت دەگۆڕێت، هانت دەدات کردار (چالاکی یە بچووکەکانی ڕۆژانە، هەفتانە و مانگانە ئەنجام بدەیت، کە سەرەنجام ژیانت دەکەن بە شاکارێکی ناوازە و داهاتوویەکی پڕ

دەستکەوت، هەر بۆیە دەستبەجێ ئەم کتێبە بکڕە و دەست بکە بە خوێندنەوەی."

**باربرا دی ئانگیلیس ( نووسەر و ڕاوێژکار)**

# (بەشی یەکەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن

"خوویەك گرتت بەشیری، تەرکی نادەیت بەپیری."

– هۆراس مان

ماریا سۆسا دەیزانی، کە دەبوو بڕیارێك بدات، بڕیارێکی بچووکیش نا وەك یەکێك لەو بڕیارە سادانەی ڕۆژانەمان، بەڵکوو بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەی ژیان و مردن بوو، بڕیارێك، کە چارەنوسی تەواوی خێزانەکەی لەسەر وەستابوو.

ماریا لە گوندێکی نزیك ناوچە شاخاوییەکانی کۆڵۆمبیا دەژیا و ژیانێکی سادە و ساکاری هەبوو، پەلەوەری بەخێو دەکرد و بە برە پارەیەکی کەم دەیفرۆشتن، بۆ ئەوەی بتوانێت بەو پارەیەی، کە دەستی دەکەوێت لە فرۆشتنیاندا هەندێك لە پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خێزانەکەی پێ دابین بکات.

هاوسەرەکەی بەناوی هۆگۆ، کاری بۆ خاوەن زەوییەك دەکرد، چاودێریی ئاژەڵ و دانەوێڵەکەی دەکرد، کارەبایان نەبوو، هەروەها بۆ سەردانکردنی نزیکترین شارۆچکەکانیش بە ئەسپ هاتوچۆیان دەکرد.

ماریا و هۆگۆ خاوەنی سێ منداڵ بوون: دوو کوڕ بەناوەکانی (ئێلیڤەر)ی یازدە ساڵان، (جوان)ی نۆ ساڵان و کچێکیش بەناوی (لوز)، کە تەمەنی حەوت ساڵان بوو. لوز تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن هاتبوو، کە بووبووە هۆی ئازارگەیاندن بە مێشکی و سنووردارکردنی جوڵەکانی جەستەی و کەمەندامبوونی تا سەرەنجام ناچاربوو کورسی بەکاربهێنێت.

ئەم خێزانە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی دیکە بوونەوە، ماریا کوڕێکی دیکەی بوو، بەڵام پاش تەنها سێ هەفتە کۆچی دوایی کرد، ئەمەش ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆش بوو بۆ هۆگۆی هاوسەری، سەرەنجام تووشی جەڵتەیەکی بەهێز بوو، ئەوەبوو لە جوڵەی خست و توانای قسەکردنیشی نەما.

سەرەڕای هەموو ئەم سەختی و ناخۆشییانە، لەلایەکی دیکەوە، ماریا دەبوو زۆر هۆشیار و بەئاگا بێت، چونکە گرووپێکی تیرۆرستی لێبوو، کە کاریان بە بارمتەگرتنی کەسانی بیانی بوو وە داوای بڕە پارەیەکی زۆریان دەکرد لە بەرانبەر ئازادکردنی ئەو کەسانەی دەیانڕفاندن، لە ناوچە دارستانییەکانی نزیك ئەو ناوچەیە کار و چالاکییەکانیان ئەنجام دەدا، منداڵانیشیان دەڕفاند، ڕاهێنانیان پێ دەکردن تا ببنە تیرۆرست.

ماریا دەبوو لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەیاندا دەست هەڵگرێت لە هەندێك لەو بڕە پارەیە، کە لە فرۆشتنی پەلەوەرەکاندا دەستی دەکەوت.

ئەوەبوو ڕۆژێکیان داوای پارەی زیاتریان لێ دەکرد، ئامانجیان ئێلیڤەری گەنج بوو، بەو ئومێدەی پەیوەندییان پێوە بکات و بچێتە ناو گرووپەکەیانەوە، ماریا هاواری کرد و زۆر لێیان پاڕایەوە: "لێم دوور مەخەنەوە، ئەوە کوڕی منە!" ئەوەبوو نەرمییان نواند و ئازادیان کرد، ماریا بڕیاری دا ئەو ناوچەیە جێبهێڵێت، ئەم جێهێشتنەش تەواوی ژیانی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەشی گۆڕی.

ئەوەبوو لە نیوەشەودا، بەخێرایی هەندێك کەلوپەل و پێداویستی پێچایەوە، هەموو خێزانەکەی بەڕێ کرد بەناو چیاکاندا، گەشتەکەیان بە پێ ئەنجام دا لە شەودا، هەر بۆیە زۆر سەخت بوو بۆیان، دەبوو وریابن هیچ دەنگێگ دروست نەکەن، نەوەکوو گرووپە تیرۆرستییەکان گوێیان لێ بێت و بیانگرن.

بەو بڕە پارە کەمەی، کە پێیان بوو ماریا و خێزانەماندووەکەی سواری پاسێك بوون و بەرەو سنووری فەنزوێلا بەڕێ کەوتن، لە ڕێگادا چەند بازگەیەکی تێدابوو وە ئەمانیش هیچ پێناس و بەڵگەیەکیان پێنەبوو.

ماریا دەبوو هەموو کارامەیییەکانی بەکار بهێنێت، بۆ ئەوەی پاسەوان و سەربازەکان قایل بکات ڕێگەیان بدەن بڕۆن، پاش چەندین مانگ لە داواکاریی مافی پەنابەریێتی لە کۆمەڵێك باڵیۆزخانە، ئەوەبوو لە کۆتاییدا دەرگایەك بەڕوویاندا کرایەوە و کەنەدا بووە شوێنی مانەوەیان.

لە وڵاتی کەنەدا بڕیاری دەستپێکردنی ژیانێکی نوێیان دا، کوڕەکانی ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکەن لە قوتابخانە، ماریاش کەم کەم فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت و لوزیش ئێستا بە پێیەکانی ڕێ دەکات، ژیان پڕێتی لە ڕووداوی سەخت و ناخۆش، بەڵام هەرکاتێك کەسێك ماریای دەیبینی سوپاسگوزاری لە چاوەکانیدا بەدی دەکرد.

هەموومان ڕووبەڕووی ئەم ساتانە دەبینەوە، کە دەکرێت ژیانمان بە شێوەیەکی ئەرێنییانە بگۆڕن، سەرەڕای هەبوونی ترس دەست بە هەنگاونان بکە، تەرکیز بکە و بەبوێری و سوربوونەوە دەست بە کردار بکە.

ئایا تا ئێستا ڕووبەڕووی دۆخێکی تایبەت بوویتەتەوە، کە پێویستی بە بڕیاردانێکی کتوپڕ هەبووبێت؟ ڕەنگە بارودۆخەکەت هاوشێوەی بارودۆخەکەی ماریا نەبێت، بەڵام ئەوە گرنگە، کە بەبوێرییەوە بەرەو بارودۆخەکە هەنگاو بنێیت و متمانەت بە خۆت و ژیرییەکەت هەبێت، کە سەرکەتوو دەبیت و تێی دەپەڕێنیت.

## پەیامی پشت چیرۆکە ئیلهامبەخشەکەی ماریا

دژواریی و سەختییەکانی ژیان تەنها بۆ تۆ ڕوونادەن، ئەو ڕووداوەی بۆت پێش دێت گرنگ نییە، بەڵکوو ئەوەی گرنگە کاردانەوەی تۆیە بۆی. ئەگەر بەردەوام بیت لە خووی بڕیاردانی خراپ و هەڵە ئەوا کارەساتی گەورەتر ڕوودەدات. هەڵبژاردنەکانی ڕۆژانەت ئەوە دیاری دەکەن ئاخۆ دەبیتە کەسێکی ساماندار یان هەژار، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژیان هەرگیز دەرگا بەڕووی دەرفەتەکاندا داناخات. با نموونەیەکی سادەت پێبدەم، خەیاڵ بکە زنجیرێکی پلاستیکیی درێژت بەدەستەوە گرتووە و بە ئەندازەی بیست پێ درێژە، زنجیرەکە لە سەدان ئەڵقەی دانە دانەی پێکەوەبەستراو پێکهاتووە.

وا دابنێ هەر ئەڵقەیەك هەڵبژاردنێك (بڕیار)ێکی خراپە و هەر هەڵبژاردنێکی خراپیش بەستراوە بە هەڵبژاردنێکی خراپی دیکەوە، دەبینیت سەرەنجام هەموو هەڵبژاردنەکان دەبن بە خوو، وا دابنێ ئەم زنجیرە پلاستیکییەت گرتووە و لە یەکەم ئەڵقەوە زنجیرەکە دەجوڵێنیت، هەتاکوو دەگەیتە ئەڵقەی ناوەڕاست و کۆتاییش، دەبینیت هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەڵقەکاندا نییە ئەمەش وەك خوویەکی خراپ وایە، کە هەست بە هیچ جیاوازییەك ناکەیت لەنێوانیاندا.

ڕەنگە ماوەی چەند هەفتە و مانگێك هیچ دەرەنجامێکی نەرێنی دەرنەکەوێت، بەردەوام بە لە جوڵاندنی ئەڵقەکان هەتاکوو دەگەیت بە کۆتایی، کتوپڕ گرێیەکی گەورە بەدی دەکەیت لە زنجیرەکەدا، ئایا دەزانیت پێیدەوترێت چی؟ پێیدەوترێت: قەیران، جەڵتەی دڵ، جیابوونەوەی هاوسەرگیری، دەستبەسەرداگرتنی ماڵ لەلایەن بانکەوە بە هۆی نەدانی باجی خانووبەرەوە و هەستت بە هیچ کام لەم ڕووداوانە نەکرد هەتاکوو ڕوویاندا.

هەڵبژاردنی بەردەوام دەبێتە هۆی بناغەی خووەکانت، خووەکانیشت، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە دیاریکردنی داهاتووتدا، بەدرێژاییی ئەم کتێبە کۆمەڵێك ستراتیژیی نوێ فێر دەبیت، کە دەکرێت لە ژیانی تایبەتیت و بواری کارکردنیشدا بەکاریان بهێنیت و سوودیان لێ وەربگریت.

ئەرکی تۆ ئەوەیە پێداچوونەوەیان پێدا بکەیت و ئەوانەیان بەکاربهێنیت، کە دەستکەوتی گەورەیان بۆت دەبێت و تایبەتنەکراون بە ڕەگەزێکی دیاریکراوەوە.

لەم بەشەدا، بۆت دەردەکەوێت خووەکانت چۆن کاریگەرییان دەبێت، پاشان، فێر دەبیت چۆن خووە خراپەکان دەستنیشان بکەیت و بیانگۆڕیت، کە ئەمەش وات لێدەکات پێداچوونەوە بە خووە تایبەتەکانی خۆتدا بکەیت و ئەو خووانەت دیاری بکەیت، کە بێسوود و بێبەرهەمن بۆت.

| |
|---|
| کەسانی سەرکەوتوو خووی سەرکەوتووانەیان هەیە و<br>کەسانی شکستخواردووش خووی ناسەرکەوتووانە. |

## خووەکانت بەڕاستی کاریگەرییان دەبێت و داهاتووت دیاری دەکەن

ئایا خوو چییە؟ ئەو شتەیە، کە زۆر ئەنجامی دەدەیت تا وای لێدێت ئاسایی دەبێتەوە لات. بە واتایەکی دیکە، ڕەفتارێکە بەردەوام دووبارەی دەکەیتەوە.

بۆ نموونە، ئەگەر بە گێڕێکی دیاریکراوەوە فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێلێك بیت زۆر کات چەند وانەی سەرەتا چێژبەخشن، یەکێك لە سەختییەکان ئەوەیە، کە بزانیت چۆن لە هەمان کاتدا کلاج و پایدەری بەنزینەکە بگۆڕیت، بۆ ئەوەی بتوانیت بەئاسانی گێڕەکە بگۆڕیت، ئەگەر بەخێرایی پێ لەسەر کلاجەکە لابەریت

ئەوا ئۆتۆمبێلەکە دەوەستێت، ئەگەریش زۆر بەتووندی پێ لەسەر پایدەرەکە دابگریت بەبێ ئەوەی پێ لەسەر کلاجەکە لابەریت، بزوێنەرەکە دەنگی لێوە دروست دەبێت، بەڵام لە جێگای خۆی ناجولێت. هەندێك جار وەك کەنگەر ڕێ دەکات، هەڵبەز و دابەز دەکات، کەمێك دەڕوات و پاشان دەوەستێت، بەڵام بە مەشقکردن و دووبارەکردنەوەی کارەکە دەبێتە شتێکی ئاسان و بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەیتەوە ئەنجامی دەدەیت.

لی:

"بۆ ماوەی چوار ساڵ یاریی گۆڵفم کرد، ئەنجامەکانیشم سەلمێنەری ئەوەن، بەشداری چەندین خولم کرد و بەرەوپێشچوونی زۆرم بەخۆمەوە بینی، پاشان بۆ ماوەی چەند مانگێك یاریم نەکرد و لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێی ئەنجامێکی باشم دەکرد، ئەمە پێیدەوترێت ژینکردن لە خەیاڵدا.
لە کۆتاییدا ئامانجێکم دانا تائەوەی ڕیکۆردی نەوەد بشکێنم لە یاریی گۆڵفدا، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش بڕیارم دا خووی نوێ دروست بکەم و پەرەی پێ بدەم، ڕۆژانە کەمێك ڕاهێنان بکەم، ژیانی باشترین یاریکەرەکان بخوێنمەوە، خول و وانەی بەردەوام وەربگرم و لە هەفتەیەکیشدا دووجار یاری بکەم، سوودی زۆرم بینی، ئەوە بوو توانیم نمرەی هەشتا و شەش بەدەست بهێنم."

هەواڵە خۆشەکە ئەمەیە: هەرکات بتەوێت دەتوانیت دووبارە خۆت بەرنامەڕێژ بکەیتەوە، با بڵێین دەتەوێت لەڕووی داراییەوە ببیتە کەسێکی سەربەخۆ، ئایا پێویست نییە هەموو ڕۆژێك سەیری خووە داراییەکانت بکەیتەوە؟ ئایا لە هەموو بارودۆخێکدا لانی کەم لە ١٠٪ ی داهاتەکەت پاشەکەوت دەکەیت، یان

وەبەرهێنانی پێدەکەیتەوە؟ وەڵامەکە (بەڵێ) یان (نەخێر)ە، دەکرێت خێرا وەڵامەکەت دیاری بکەیت.

وشەی سەرەکی لێرەدا (لە هەموو بارودۆخێکدا)یە واتە هەموو مانگێك، کاتێك دێتە سەر باسی زیادکردنی پارە، زۆرینەی خەڵکی بەشدار دەبن، بەڵام بەهەمان شێوە نامێننەوە.

با سەیری دۆخێکی تر بکەین بۆ نموونە، هێشتنەوە تەندروستیت بە ساغ و سەلامەتی لە سەرەوەی لیستی کارە لەپێشینەکانتدایە، ڕەنگە سێ جار ڕاهێنانکردن کەمترین پێوەر بێت بۆ هێشتنەوەی تەندروستیت بەو جۆرەی، کە دەتەوێت.

بەردەوامیدان و هێشتنەوەی ئەم خووی ڕاهێنانکردنە بەبێ گوێدانە ئەوەی چی ڕوودەدات، وات لێدەکات بەهای سوودی درێژمەودا بگریت، کەسانێك، کە بەشداری گۆڕانکاری دەکەن و پاش چەند هەفتە و مانگێك وازدەهێنن، زۆر کات بەهانەیەکی زۆر دەهێننەوە لەوەی بۆچی سوودی نابێت و گرنگی پێنادەن. ئەگەر دەتەوێت خۆت لە خەڵکی جیا بکەیتەوە و شێوازێکی تایبەتی ژیانت هەبێت، ئەوا ئەم ڕاستییە بزانە، "خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن."

بیرت بێت، کەسانی سەرکەوتوو بەئاسانی ناگەنە لوتکەی سەرکەوتن، بەڵکوو تەرکیزێکی زۆر لەسەر کردارەکانیان دەکەنەوە و ڕاهێنانێکی زۆر و وزەیەکی زۆریان پێویستە تا دەگەنە ئەو ئاستە.

ئەو خووانەی لەمڕۆدا پەرەیان پێدەدەیت، دیاری دەکەن، کە داهاتووت چۆن دەبێت (دەوڵەمەند یان هەژار، تەندروست یان ناتەندروست، دڵخۆش یان خەمبار) ئەوە هەڵبژاردنی خۆتە، کەوایە ژیرانە خووەکانت هەڵبژێرە و پەرەیان پێ بدە.

## خووەکانت جۆری ژیانت دیاری دەکەن

ئـەمڕۆ کەسـانێکی زۆر نیگـەرانن سـەبارەت بـە شـێواز و بـارودۆخی ژیانیـان، ڕەنگە بڵێن،"بۆ شێوازێکی باشـتری ژیـان دەگـەڕێین،" یـان "تـەنها دەمانـەوێت ژیانمان ئاسایی بکەینەوە." کەسانێکی زۆر پاش بەڕێکردنی ئەزموونێکی خراپـی دارایی، گەشتن بەو ڕاستییە، کە سەرکەوتنی دارایی ئاسان نییـە، ئەمـە خـاڵێکی زۆر گرنگە بۆ باسـکردن و شـیاوی ئاماژەپێدانیشـە، بـۆ ئـەوەی کەسـێکی تـەواو دەوڵەمەنـد بیـت، مەبەسـتمان لێـی تـەنها سـەربەخۆیی دارایـی نییـە، بـەڵکوو پەرەدانــە بــە هــاوڕێی مانــادار و دەوڵەمەندانــە، باشــترکردنی تەندروســتیت و چێژوەرگرتن لە هاوسـەنگیی لـەنێوان پیشـەکەت و ژیـانی کەسـیتدا و تێرکردنـی خۆت و ڕۆحیشت پێداویستییەکی گرنگە.

ئەمە کاتی زۆری پێویستە بۆ فراوانبوون و پرۆسەیەکی بەردەوامیشە.

> زۆر جار دەرەنجامی خووەکانت تا کاتێکی درەنگ و نادیار لە ژیانتدا دەرناکەون.

تکایە لەوە دڵنیابەرەوە، کە بەتەواوی بەئاگایت بەرلەوەی چەند پەڕەی دواتر بخوێنیتەوە، ئەگەر بەئاگانیت، ئەوا برۆ هەندێك ئاوی سارد بە ڕووخسارتدا بکـە، بۆ ئەوەی گرنگیی ئەم چەمکە سەرەکییە لەکیس خۆت نەدەیت.

کەسانێکی زۆر چاوەڕوانی قـایلبوونی خێـرا و کتـوپڕن، شـتانێك دەکـڕن، کـە بەڕاسـتی توانـای کڕینیـان نییـە و هێنـدەی بۆیـان دەکرێـت دانـەوەی پـارەی شتەکانیان دوادەخەن وەك پارەی ئۆتۆمبێل و شتومەکی ناوماڵ.

کەسانێك، کە ئەم جۆرە خووانەیان هەیە هەوڵ دەدەن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و ڕۆژگاردا بڕۆن و بەردەوام بن، هەمیشە بڕە پارەیەك قەرزدارن بۆ مانگی داهاتوو و ئەمەش دەبێتە هۆی کارکردن بۆ کاتێکی درێژتر، یان ئەنجامدانی کاری زیادە تائەوەی بتوانن پێداویستییەکانیان پڕ بکەنەوە، لە ئەنجامدا خەم و پەژارەیەکی زۆر و فشارێکی دەروونیی زۆریان لەسەر دروست دەبێت.

بەکەم سەیرکردن و گرنگینەدان بەوەی، کە خەرجییەکانت لە داهاتەکەت زیاترە، ئەوا لە ئەنجامدا تووشی دۆخێکت دەکات پێیدەوترێت – مایەپوچبوون.
کاتێك خوویەکی خراپی بەردەوام پەرە پێدەدەیت، ئەوا ژیان کۆمەڵە دەرەنجامێکت پێدەدات، کە ڕەنگە پێیان دڵخۆش نەبیت.
ئەمە ئەو شتەیە، کە بەڕاستی پێویستە لێی تێبگەیت، پێت خۆش بێت یان نا ئەوا ژیان دەرەنجامی ئەو خووە خراپانەت پێدەدات.

با لێرەدا سەیری چەند نموونەیەك بکەین، ئەگەر دەتەوێت چێژ لە ژیانێکی ماوە درێژ وەربگریت بە لەشساغی، ئەوا پێویستە خوویەکی تەندروستانەت هەبێت و پەرەی پێ بدەیت، خواردنی بەکەڵك و سوودبەخش بخۆیت، ڕاهێنان بکەیت و، لێکۆڵینەوە لەسەر هۆکارەکانی تەمەندرێژی بکەیت، چونکە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان دەبێت بۆت.

ئایا ڕاستییەکە چییە؟ زۆرینەی دانیشتووانی ڕۆژاوا گرفتی کێشی زیادەیان هەیە، هۆکارەکەش ئەوەیە کەم ڕاهێنان دەکەن و خواردنی بەسوود ناخۆن.
کاتێك دێتە سەر باسی تەندروستی، کۆمەڵە شتێکی زۆر هەن، ئەمانەش چەند شتێکی کەمن: کارکردن بۆ ماوەی چواردە کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و حەوت ڕۆژ لە هەفتەیەکدا دەبنە هۆی ماندوێتیی تەواو و فشارێکی دەروونیی زۆر.

کاتێـك خـواردنی خێـرا ئامـادەکراو یـان خـراپ دەخۆیـت وەك خوویـەکی خراپـی ڕۆژانەت، یەکگرتنی فشارێکی دەروونی و کۆڵسترۆڵێکی زۆر دەبنە هۆی ئەگـەری زیاتری تووشبوون بە جەڵتەی دڵ و جۆرەکانی تری جەڵتە سەرەڕای دەرەنجامە خراپەکانیشیان، بەڵام کەسانێکی زۆر ئەو شتە ڕوون و دیارانە پشتگوێ دەخـەن بۆ نموونە، بەگوێرەی داتاکـانی ڕێکخراوێکـی ئـەمریکی تایبـەت بـە دڵ لـە سـاڵی ٢٠٠٨ دا، زیاتر لە ٨٢ ملیۆن کەس مەترسـیی تووشـبوونیان بـە نەخۆشـییەکانی دڵ هەبوو. تێچووی چارەسەرکردنیشـیان لـە سـاڵی ٢٠٠٧ دا زیـاتر بـوو لـە ٢٨٦ میلیارد دۆلار.

سـەیری پەیوەندییـە هاوسـەرگیرییەکان بکـە، زۆرینـەیان لـە کێشـەدان و بـە جیابوونەوە کۆتاییان پێدێت.

کاتێك دێتـە سـەر باسـی پـارە، ڕەنگـە خـووە خراپـەکانت ببنـە هـۆی هـەمان دەرەنجامی خراپ، وە چێژ و خۆشی لە کاتەکانت وەرنەگریت.

هەواڵێکی خۆش:

| |
|---|
| بە گۆڕینی خووە خراپەکانی ئێستات، دەتوانیت دەرەنجامە نەرێنییەکانی داهاتووت بگۆڕێت بۆ دەرەنجامی ئەرێنی. |

## پەرەدان بە خووی سەرکەوتووانە کاتی دەوێت

ئایا گۆڕینی خوویەك چەندە کاتی دەوێت؟ زۆرینەی وەڵامەکان دەڵێن بیست و یەك ڕۆژ، یان سێ بۆ چوار هەفتە کاتی دەوێـت، بەدڵنیاییـەوە گـەر ئـەمـە ڕاسـت بێت، ئەوا چەند گۆڕانکارییەك پێویستە لە هەڵسوکەوتتدا.

بەرلەوەی بتوانیت خوویەك بگۆڕیت، پێویستە بزانیت چەندێکە ئەو خووەت هەیە، ئەگەر بەبەردەوامی و بۆ ماوەی سی ساڵ شتێك ئەنجام بدەیت، ئەوا ڕەنگە نەتوانیت بە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەم وازی لێ بهێنیت.

دان بەو ڕاستییەدا بنێ، کە خوویەکی درێژخایەن بناغەیەکی دوورودرێژیشی هەیە، ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە جگەرەکێشن، دەزانن چەندە سەخت و دژوارە واز لەو خووە خراپەیان بهێنن، بەڵام زۆرێکیش هەن سەرەڕای زانینی دەرەنجامە مەترسیدارەکانی، بەڵام هەوڵی وازهێنان لەو خووە خراپەیان نادەن.

کاتێك دێتە سەر باسی باوەڕبەخۆبوونیش هەمانە شتە وەك چۆن کەسانێك هەن، کە ماوەیەکی زۆرە باوەڕیان بە خۆیان و تواناکانیان نییە، هەوڵی گۆڕینی خۆیان نادەن لە ماوەی بیست و یەك ڕۆژدا تا ببنە کەسێك، کە باوەڕێکی زۆریان بە خۆیان و تواناکانیان هەبێت.

بۆ پەرەدان بە سیستەمێکی ئەرێنیی باوەڕ ڕەنگە ساڵێك، یان زیاتر پێویست بێت. هۆکارێکی دیکە سەبارەت بە گۆڕینی خووەکان توانای دووبارە گەڕانەوەیە بۆ شێوازە کۆنەکە، ئەمانە کاتێك ڕوودەدەن، کە ئاستی فشاری دەروونی زیاد دەکات، یان قەیران و ڕووداوێکی پێشبینینەکراو ڕوودەدات، ڕەنگە خووە نوێیەکە هێندە بەهێز نەبێت بەرگەی ئەم دۆخانە بگرێت، بەڵکوو کات و وزە و هەوڵدانی زیاتری پێویست بێت.

وا دابنێ هەموو ساڵێك چوار خوو دەگۆڕیت، لە ئێستاوە هەتا پێنج ساڵی دیکە دەبیتە خاوەنی بیست خووی نوێ. ئێستا مەبەستەکە ئەمەیە: ئایا بیست خووی نوێی ئەرێنی جیاوازی لە ئەنجامەکانتدا دروست دەکەن؟ بەدڵنیاییەوە دەیکەن، بیست خووی سەرکەوتوو هەموو ئەو پارەیەت بۆ دەستەبەر دەکەن، کە

دەتـــەوێت یـــان پێویســـتتە، بـــۆ نموونـــە، پەیوەندییـــەکی خۆشەویســـتیی سەرنجڕاکێش، جەستەیەکی پڕوزە و تەندروسـت و چـەندین دەرفـەتی جیـاوازیی نوێی دیکە.
چـی دەبـوو ئەگـەر سـاڵانە چـوار خـوو، یـان زیـاترت دروسـت بکردایـە؟ بـیر لـە دەرەنجامەکانی بکەرەوە.

| لە ٤٧٪ی هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەمان ڕۆتینین. |
| --- |

لی:
بیرمە بەردەوام کاتێك لە کۆتاییی ڕۆژدا دەگەڕامەوە ماڵەوە، ئۆتۆمبێلەکەم لـە گەراجەکەدا ڕادەگرت، لە ماڵەوە سویچەکەم ون دەکرد، کاتێك دەمویست بچم بۆ کۆبوونەوەیەك، نەمدەتوانم بەئاسانی بیدۆزمەوە، پاش هەوڵدان و گەڕانێکی زۆر، فشاری دەروونیم بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی دەکرد.
کاتێك سویچەکەم دەدۆزییەوە بەخێرایی دەڕۆشتم بۆ کۆبوونەوەکـەم و زۆرینـەی جار ٢٥ خولەك دوا دەکەوتم، هەڵوێستم ئەرێنییانە نەبوو لەو کاتەدا. چارەسەری ئەم کێشەیەش ئاسان بوو، بەڵام کاتی دەویسـت. ڕۆژێکیـان پارچـە تەختەیـەکم هەڵواسـی بـە دیوارەکـەدا ڕووەو گەراجەکـە و دوو چـنگاڵم پێـوە نوسـاند و لـێم نووسی،" سویچ" بەڵام ئێوارەی دواتـر ئۆتۆمبێلەکـەم لـە گەراجەکـەدا ڕاگـرت و دیسـان سویچـەکەم ون کـردەوە، بۆچـی؟ چـونکە پێشـتر هەمیشـە وام دەکـرد، نزیکەی ٣٠ ڕۆژ کاتم پێویست بوو تا خۆم ناچار بکەم بە دیوارەکەدا هەڵی بواسم بەر لەوەی مێشکم پەیامەکە وەربگرێت و کۆشش و ڕاهێنـانێکی زۆری ویسـت تـا ئەم خووە نوێیە جێگیر بکەم.

زۆرێك لە کردارەکانی ڕۆژانەمان ڕۆتینین، بەیانیان، کە لە خەو بەخەبەردێین هەتاکوو کاتی خەوتن، سەدان شت هەن بە هەمان شێواز ئەنجامیان دەدەین وەکوو: شێوازی خۆگۆڕین، نانخواردنی بەیانیان، شۆردنی ددانەکانمان، چوون بۆ سەر کار، ڕێکخستنی مێزەکانمان، سەیرکردنی ئیمەیڵەکان، دانانی چاوپێککەوتن، کارکردن لەسەر پرۆژەکان و چەندین شتی دیکەش.

ئەگەر بۆ ماوەی چەندین ساڵ هەمان ئەم چالاکییانە دووبارە بکەیتەوە، ئەوا دەستەیەك خووی جێگیری نەگۆڕت هەیە، هەموو بوارەکانی ژیانت لەخۆدەگرێت: خێزانەکەت، داهاتەکەت، تەندروستییت، پەیوەندییەکانت و زۆری دیکەش. تەواوی ئەم خووانە شێوازی کارکردنی ژیانت دیاری دەکەن، وەك دەوترێت ئەمانە هەڵسوکەوتی ئاساییی ڕۆژانەتن.

مەبەستە سەرەکییەکە ئەمەیە: هەڵسوکەوتە ئاساییەکانی ڕۆژانەت کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەنجامەکانی ژیانت هەیە، ئەگەر بە ئەنجامەکانت دڵخۆش نیت، ئەوا پێویستە شتێك بگۆڕیت.

> هەتاکوو خۆت نەگۆڕییت، هیچ شتێك لە ژیانتدا ناگۆڕێت و کاتێك خوویەکی نوێ بەباشی پەرەی پێ درا، ئەوا دەبێتە هەڵسوکەوتێکی ئاساییی ڕۆژانەت.

ئەمە هەواڵێکی دڵخۆشکەرە بە دانانی خوویەکی نوێ لە سەرەوەی لیستی خووەکانی ئێستاتدا، دەتوانیت ڕێگایەکی تەواو نوێ بۆ ئەنجامدانی شتەکان دروست بکەیت. ئەم خووە نوێیە ئاساییە دەبێتە شێوازێکی نوێی ئەنجامدان و بەدەستهێنانی شتەکان بۆت لە ژیاندا. بە واتایەکی دیکە، دەست دەکەیت بە

دانانی خووی سەرکەوتوو و نوێ لە شوێنی خووە شکستخواردوو و کۆنەکان بۆ نموونە، ئەگەر هەموو کات دوابکەویت بۆ کۆبوونەوەکان، ئەوا فشارە دەروونییەکەت زۆر دەبێت و بۆ چارەسەرکردنی ئەمە، بڕیار بدە خۆت تەرخان بکەیت و دە خولەك زووتر ئامادەی هەموو کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنەکان بیت لە چوار هەفتەی داهاتوودا.

ئەگەر خۆت ڕابهێنیت و ئەم پرۆسەیە تەواو بکەیت، ئەوا دوو شت بەدی دەکەیت:

- لە ڕاستیدا هەفتەی یەکەم و دووەمی سەرەتا سەخت و دژوار دەبن بۆت، ڕەنگە وا پێویستیش بکات هەندێك قسە بۆ خۆت بکەیت تائەوەی لەڕووی دەروونییەوە ڕابێیت و بتوانیت بەردەوام بیت.
- تا زیاتر لە کاتی خۆیاندا ئامادەی کۆبوونەوەکان بیت، ئەوا ئاسانتر دەبێت بۆت. ڕۆژێك دێت دەبێتە خوویەکی ئاسایی بۆت وەك ئەوەی دووبارە بەرنامەڕێژکرابیتەوە و بۆشت دەردەکەوێت، کە سوودەکانی ئەم بەرنامە نوێیە زۆر زیاترە لە کۆنەکان.

بە پەرەدان بە هەڵسوکەوتێکی نوێ بە شێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو سەرلەبەری شێوازی ژیانت دەگۆڕیت و بەرەو پێشی دەبەیت.

| |
|---|
| توانای بڕیاردانی یەکلاییکەرەوە، سەرکردە و ڕابەرە مەزنەکان لە خەوبینەر و قسەکەرەکان جودا دەکاتەوە. |

## چۆن خووە خراپەکانت دەستنیشان دەکەیت؟

## ئاگاداری ئەو خووانە بە، کە سوودبەخش نین

زۆرێك لە شێوازەکانی ژیان و هەڵسوکەتەکانمان و خووە نامۆکانمان نەبینراو و نادیارن، ئەمانەش وایان لە نووسەری ناودار ئۆلیڤەر وێندێڵ هۆڵمز کرد بڵێت، "پێویستمان بە پەروەردەیەکی ڕوون هەیە."

کەوایە با بەڕوونی سەیری ئەو خووانە بکەین، کە دەتگێڕنە دواوە، بەدڵنیاییەوە ئێستا ئاگاداری هەندێکیانیت و ئەمانەش چەند دانەیەکن، کە لەو کەسانەوە وەرمان گرتوون لە وۆرکشۆپەکەماندا بەشدارییان کردووە:

- وەڵامنەدانەوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لە کاتی خۆیاندا.
- ئامادەنەبوون و دواکەوتن لە چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەکاندا.
- بەفیڕۆدانی کاتێکی زۆر لەسەر ئینتەرنێت.
- نەدانەوەی باج و ئابوونەکان، کە دەبنە هۆی سوویەکی زۆر.
- کارکردن بەدرێژایی ڕۆژ و بەبێ پشوو و ڕاهێنان.
- بەسەرنەبردنی کاتی پێویست لەگەڵ منداڵەکانیاندا.
- نەخواردنی ژەمەکان لە کاتی خۆیاندا.
- بەجێنەهێنانی کار لە کاتی دیارکراودا.
- بەسەرنەبردنی کاتی پێویست بۆ خۆشی و چێژوەرگرتنی خۆیان و خێزانەکەیان.
- بەردەوام کرانەوەی مۆبایلەکەیان و نەسڕینەوەی نامە و ئیمەیڵە کۆنەکانیان.

لە ئێستایا، سەیرێکی خۆت بکە بە دروستکردنی لیستێك لـەو خووانـەت، کـە سوودبەخش نین، یەك کاتژمێر تەرخان بکە بۆ بیرکردنەوە لەم پرۆسـەیە، پلانـی بۆ دابنێ تائەوەی هیچ کەسێك سەرقاڵت نەکات و بیرکردنەوەت نەپچڕێنێت.

ئەم پرۆسەیە شایستەی ئەو ڕاهێنان و کاتپێدانەیـە و بناغەیـەکی بەهێزیشـت پێـدەدات بـۆ باشـترکردن و بەرەوپێشـبردنی ئەنجامـەکانت لـە داهـاتوودا. لـە ڕاستیدا، ئەم خووە خراپانـە، یـان ئـەم بەربەسـتانە، کـە لـە ڕێگـای گەشـتن بـە ئامانجەکاندا بۆت دروست دەبن وەك یارمەتیدەر وان بۆ سـەرکەوتنی داهـاتووت. ئەو خـووە خراپانـە تێتدەگەیـەنن، کـە ئـەو شـتە چـییە بەڕاسـتی دەتگێڕێتـەوە دواوە، سەختە بتوانیت خووی بەسوود و بەبەرهەم دروست بکەیت.

ڕێگایەکی دیکە بۆ ناسینەوەی هەڵسوکەوت و خووە خراپ و بێبەرهەمەکانت، بریتییە لە هەڵسەنگاندن.

قسە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکە، کـە بەباشـی دەتناسـن و ڕێزیـان دەگریـت و پێیان سەرسامیت، لێیان بپرسە، ئایا چ خوویـەکی خـراپم تیـادا بـەدی دەکـەن؟ لەگەڵ دە کەسدا قسە بکە ئەگەر هەشتیان پێیـان وتیـت، کـە هـەرگیز لـە کـاتی خۆیدا وەڵامی ئیمەیڵە گرنگەکان نادەیتەوە، ئەوا بۆ لەمەودوا گرنگی پێ بدە.

## خووەکان و بیروباوەڕەکانت بەرهەمی ژینگەکەتن

ئەمە زانیارییەکی گرنگە، ئـەوە بزانـە کەسـانێك، کـە هەڵسـوکەوتیان لەگـەڵ دەکەیت و ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژیت کاریگەرییەکی زۆریـان هەیـە لەسـەر ئـەو شتانەی دەیانکەیت.

کەسێك کە لە ژینگەیەکی نەرێنیدا گەورە دەکرێت، ئەوا بەردەوام ڕووبەڕووی قسەپێگوتن و ئازارپێگەیاندنی جەستەیی دەبێتەوە، دیدگا و تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی دەبێت لەو کەسەی، کە بەمنداڵی لە خێزانێکی خۆشەویست و نازپەروەردا گەورە دەکرێت و هەڵوێست و ئاستی باوەڕبەخۆبوونیشیان زۆر جیاوازە.

ئەو ژینگەیەی هەڵسوکەوتی خەڵکەکەی خراپە، ئەوا زۆرینەی جار هەستی نەزانینی بەهای خود و نەبوونی متمانە و ترس بەرهەم دەهێنێت.

ئەگەر ئەم سیستەمی باوەڕە نەرێنییە ببرێتە ژیانی پێگەشتوویەوە، ئەوا چەندین خووی بێسوودی جیاواز دروست دەکات وەك خووی ئالودەبوون، چالاکیی تاوان و کوشتن، نەدۆزینەوە و نەبوونی توانا بۆ کار.

دەکرێت هاوڕێش ڕۆڵێکی ئەرێنی یان نەرێنی بگێڕێت، ئەگەر لەگەڵ کەسانێکدا هەڵسوکەوت بکەیت، کە بەردەوام گلەیی دەکەن سەبارەت بە خراپی شتەکان، ڕەنگە تۆش بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت بکەیت و خووی ئەوان بگریت.

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر هاوڕێیەتیی کەسانێکی بەهێز و ئەرێنی بکەیت، ئەوا ئەگەری زۆر زۆرە چەندین دەرفەتی جیاواز بەدەست بهێنیت.

ڕەنگە تەنها پێویستت بە کەسێك بێت بۆ ڕوودانی ئەم گۆڕانکارییە بۆ نموونە: ڕاهێنەرێك، مامۆستایەك، پزیشکێکی نایاب، یان پێشەنگێکی ئەرێنی دەتوانێت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کاریگەری لەسەر داهاتووت دروست بکات و تەنها مەرجی پێشوەختەش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە خۆت تەرخان بکەیت بۆ گۆڕانکاری.

کاتێـک ئامـادەی گۆڕانکاریـت، ئـەوا کەسـە پێویسـتەکە دەردەکـەوێت تـا یارمەتییت بدات، وەك ئەو پەنـدە پێشـینانەی، کـە دەڵێـت،"کاتێـك قوتابییەکـە ئامادەیە، مامۆستاکە دەردەکەوێت."

## چۆن خووە خراپەکانمان بگۆڕین؟

## لەبارەی خووی کەسانی ناودار و پێشەنگەوە بخوێنەرەوە

وەك لە پێشتردا گوتمان کەسانی سەرکەوتوو خووی سـەرکەوتووانەیان پـەرە پیێ داوە، سەیریان بکە، فێـر بـە بزانـە ئـەو خووانـە چـین و لـە بـارەی کەسـانی سەرکەوتووش بخوێنەرەوە، وەك فەیلەسوفی ناوداری بواری بازرگـانی جـیم ڕۆن دەڵێت،"نیشانە جێدەهێڵن."

چی دەبێت ئەگەر هەموو مانگێك چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکی سـەرکەوتوودا بکەیت؟ لەگـەڵ خـۆت بیبـەرە دەرەوە بـۆ نـانخواردن و کۆمـەڵێك پرسـیاری زۆر باشی لێبکە سەبارەت بـە خـوو و هەڵسـوکەت. بزانـە چـی دەخوێننـەوە و چـۆن کاتــەکانیان ڕێـك دەخــەن؟ ئەگــەر بەباشــی گــوێ ڕابگریــت و تێبینیــی بــاش بنووسیت، ئەوا لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵێك بیرۆکەی کاریگەر پەیدا دەکەیت.

ئەگەر داواکارییەکەت ڕاستگۆیانە بێت، ئەوا کەسانی سەرکەوتووش بەڕاسـتی ئامادەییان تێدایە، کە بیرۆکە و تێڕوانینەکانیان بە کەسانی دیکە بدەن.

کێشەکە ئەوەیە زۆرینەی خەڵکی پرسیار ناکەن، لەبری ئەوە چەندین بەهانـە دەهێننەوە، وەك: زۆر سەرقاڵین، کەسانی سـەرکەوتوو کاتیـان نییـە بـۆ ئێمـە و چۆن ئەم کەسـە سـەرکەوتووانە بدۆزینـەوە؟ کەسـانی سـەرکەوتوو لـە کۆتـاییی

شـەقامەکاندا ڕاناوەسـتن و چـاوەڕێت ناکـەن تائـەوەی بچـیت و چـاوپێکەوتنیان لەگەڵدا بکەیت.

ئەمە ڕاستییەکەیە، بـیرت بێـت، دەبێـت لێکۆڵینـەوە بکـەیت و بخوێنیتـەوە، بەدوای سەرچاوەکاندا بگەڕێیت و چەندین ڕێگا بدۆزیتەوە تا بزانیت ئەم کەسانە لە کویێ دەژین و دەخۆن و بۆ کوێش دەڕۆن و لەگەڵ کێدان.

بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە کەسـانی سـەرکەوتوو ژیاننامـەکانیان بخوێنـەرەوە، بـۆ ئەمەش سەدان سەرچاوە هەن، کتێبەکان لە کتێبخانەکان، لای کتێبفرۆشەکان و لە سایتە ئۆنلاینەکاندا بەردەستن.

گـەر هـەموو مانگێـك کتێبێـك بخوێنیتـەوە، دەبینیـت لـە کۆتاییـدا زیـاتر لـە کۆرسەکانی زانکۆ زانیاریت وەرگرتووە.

هــەروەها ئاگــاداریی بەرنامــە تایبەتــەکان بــە، کــە ســەبارەت بــە کەســانی سەرکەوتوو پێشکەش دەکرێن. خوویەکی تر، کە دەتوانیـت پـەرەی پـێ بـدەیت گوێڕاگرتنــە بــۆ بەرنامــە دەنگییــە پــەروەردەیی و هاندەرییــەکان لــە کاتێکـدا شۆفێری، پیاسە یان ڕاهێنان دەکەیت.

ئەگەر پێنج ڕۆژ لە هەفتەیەکدا هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەی سی خولـەك گـوێ بـۆ بەرنامەیەکی دەنگی ڕابگریت، ئەوا لە ماوەی دە ساڵدا گوێت لە زیاتر لە هەزار و سێسەد کاتـژمێر زانیـاریی سـوودبەخش و نـوێ ڕاگرتـووە، ئەمـە خوویەکـە، کـە زۆرینەی کەسانی سەرکەوتوو هەیانە و پەرەیان پێداوە.

جیم ڕۆن دەڵێت،"ئەگەر هەموو مانگێك کتێبێك بخوێنیتەوە سەبارەت بە کار و بازرگانییەکەت، ئەوا لە ماوەی دە ساڵدا سەد و بیست کتێبت خوێندووەتـەوە، ئەمەش وات لێ دەکات ببیتـە یـەکێك لـە کەسـە سـەرکەوتووەکان لـە بوارەکـەی

خۆتدا، هەروەها دەشڵێت، هەموو ئەو کتێبانەی دیکە، کە لە جیهاندا هەن و نەتخوێندوونەتەوە سەبارەت بە کارەکەت، هیچ سوودێکت پێناگەیەنن."

ئینتەرنێت سەرچاوەیەکی نایابە بۆ ڤیدیۆ ئیلهامبەخش و بەرنامە ڕاهێنانییەکان. دەست پێ بکە و ئاگاداری ئاستی زانیارییەکانت بە.

بەزووترین کات ئەو شتانە جێبەجێ بکە، کە فێریان دەبیت، دڵنیا بە سوودیان هەیە بۆ زیادکردنی داهاتەکەت.

## خووی گۆڕینی خووەکانت پەرە پێ بدە

کەسانێك، کە بە هەموو واتایەك دەوڵەمەند و سەرکەوتوون تێدەگەن ژیان ئەزموونێکی فێربوونە و هەرگیز ناوەستێت، فێر بە بەردەوام خووەکانت باشتر بکەیت بەبێ گوێدانە ئەوەی لە ئێستادا چەندە ئاستت بەرزە، چونکە هەمیشە ئاستێکی بەرزتر لەوەی ئێستات بوونی هەیە تا پێی بگەیت.

کاتێك بەردەوام هەوڵی باشتربوون دەدەیت، ئەوا وەك کەسێك خاسیەتێك دروست دەکەیت زانیاریی زیاترت دەبێت تا فێری خەڵکی بکەیت، گەشتێکی چێژبەخشە، کە سەرەنجام دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ئامانجەکانت و پەیداکردنی سامانێکی زۆر.

ئەمانەش چەند پرسیارێکن بۆ یارمەتیدان و پەرەدان بە بیرکردنەوەت:

❖ ئایا خووە داراییەکانم یارمەتیم دەدەن بگەم بە گرنگترین ئامانجە داراییەکانم؟

بۆ نموونە، سەربەستیی دارایی: واتە هەرشتێك بتەوێت و حەزت لێبێت بیکڕیت بەبێ ئەوەی نیگەرانی تێچووەکەی بیت.

❖ ئایا هیچ کام لە خووە تەندروستییەکانی ئێستام زیانیان دەبێت بۆ تەندروستیی داهاتووم؟

بۆ نموونە، ڕاهێنان نەکردن و خواردنی ڕێژەیەکی بەرزی خۆراکی پڕ لە کالۆری.

❖ ئایا پێویستە چ خوویەکی گفتوگۆکردن پەرە پێ بدەم؟

بۆ نموونە، گوێڕاگرتن بەباشی، قسەکردن بەڕوونی و توانای تێگەشتن لە هەستی خەڵکی.

❖ چ خوویەکی خراپم هەیە، کە ڕەنگە زیانی بۆ پەیوەندییە خێزانییەکەم هەبێت؟

بۆ نموونە، گرنگی نەدان بە خەڵکی و گرنگیدانی زۆر بە خۆم.

## ڕێسای خووە سەرکەوتووەکان

ئەمە ڕێگایەکی هەنگاو بە هەنگاوە تا یارمەتیت بدات خووی باشتر دروست بکەیت، لەبەر ئەوەی ئاسانە، سوودی بۆت دەبێت، پێویستی بە ستراتیژیی ئاڵۆز نییە و دەکرێت ئەم ڕێسایە بۆ هەموو بوارێکی ژیانت– ژیانی بازرگانی و کەسیشت بەکاربهێنرێت.

ئەگەر بەردەوام بەکاربهێنرێت، ئەوا یارمەتیت دەدات هەموو ئەو شتانە بەدەست بهێنیت، کە دەتەوێن.

## سێ هەنگاوی بنچینەیی

### ١. ناسینەوەی خووە خراپ و بێبەرهەمەکانت:

بەڕاستی گرنگە، کە بیر دەکەیتەوە سەبارەت بە دەرەنجامی خووە خراپەکانت، ڕەنگە دەرەنجامەکان سبەینێ، هەفتەی داهاتوو، یان مانگی داهاتوو دەرنەکەون و کاریگەرییە ڕاستییەکە چەند ساڵێك بخایەنێت.

کەسی جگەرەکێش دەڵێت،"چی ڕوودەدات ئەگەر ئەمڕۆش چەند جگەرەیەکی دیکە بکێشم؟ یارمەتیم دەدات ئارام ببمەوە، تەندروستیم ئاساییە و ناشکۆکم."

لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژەکان کەڵەکە دەبن و بیست ساڵ دواتر لە نوسینگەی دکتۆردا هەموو پشکنینەکان دەری دەخەن، کە بەڕاستی تووشی نەخۆشی بووە. ڕەچاوی ئەمە بکە: ئەگەر بۆ ماوەی بیست ساڵ ڕۆژانە دە جگەرە بکێشیت، ئەوا دەکاتە حەفتا و سێ هەزار جگەرە، ئایا پێت وایە ئەم ڕێژە زۆرەی جگەرە کاریگەری لەسەر سییەکانت هەبێت؟ بەدڵنیاییەوە، کاریگەری دەبێت.

لە ڕاستیدا، دەکرێت دەرەنجامەکان مەترسیدار بن، هەر بۆیە کاتێك سەیری خووە خراپەکانت دەکەیت، ئەوا ڕەچاوی دەرەنجامە درێژخایەنەکان بکە و تەواو ڕاستگۆ بە لەگەڵ خۆتدا، ڕەنگە ژیانت بەتەواوی لە مەترسیدا بێت.

> بەکارهێنانی توتن و جگەرە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مردن، ئەو کەسانەی جگەرەکێشن چواردە ساڵ زووتر دەمرن بەراورد بەو کەسانەی، کە جگەرەکێش نین.

**٢. پێناسەی خووە سەرکەوتووە نوێیەکەت بکە:**

زۆر کات ئەمە پێچەوانەی خووە خراپەکانتە لە نموونەی جگەرەکێشەکەدا دەبێتە، "واز لە جگەرەکێشان بهێنە." ئایا بەڕاست دەتەوێت چی بکەیت؟ بۆ هاندانی خۆت بیر لە هەموو سوود و دەستکەوتەکان بکەرەوە بۆ گونجاندنی خووە سەرکەوتووە نوێیەکەت و بە خۆت بڵێ، "ئەمە یارمەتیم دەدات وێنەیەکی ڕوونم هەبێت سەبارەت بەم خووە نوێیەم."

**٣. پلانێکی کرداریی سێ بەشی دروست بکە:**

ئەمە ئەو شوێنەیە، کە تیایدا دەست پێ دەکەیت لە نموونەی جگەرەکێشانەکەدا چەند بژاردەیەك هەن سەبارەت بە وازهێنانی جگەرە بیانخوێنەرەوە، دەست بە وەرگرتنی چارەسەر بکە، یان کاتێك ئارەزووی کێشانی جگەرەت هەبوو، بە شتێکی دیکە ئارەزووەکەت پڕ بکەرەوە، چارەسەری لەزگەی نیکۆتینی بەکار بهێنە و لە جگەرەکێشەکان دوور بکەوەرەوە.

خاڵە گرنگەکە ئەوەیە، کە بڕیار بدەیت دەتەوێت چ کردارێکی تایبەت ئەنجام بدەیت. بە خوویەك دەست پێ بکە، کە بەڕاستی دەتەوێت بیگۆڕیت، بیرت بێت، هەتاکوو خۆت نەگۆڕییت، هیچ شتێك ناگۆڕێت.

## پوختە

بە گەورەبوونی خۆمان جیهانیش پەیتاپەیتا بەرەوپێش دەچێت و لەگەڵیدا خەونەکانیشمان گەورەتر دەبن. ئەمانە چەند خوویەکی ڕۆژانەمانن، کە ئاسایی بوونەتەوە وەك: ناردنی نامە و قسەکردن، بازاڕکردن لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە.

| |
|---|
| هەتا زیاتر لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانەوە پەیوەندیمان هەبێت، ئەوا لەڕووی سۆزداری و جەستەییەوە کەمتر پێکەوە دەبەسترێینەوە. |

داتاکان سەلماندوویانە ئەو خێزانانەی خووی نانخواردنی پێکەوەییان هەیە، بەتایبەت لە کاتی نانی ئێواراندا، ئەوا باشتر گفتوگۆ دەکەن و پەیوەندییەکانیان قووڵتر دەبێتەوە، بەڵام ئەو خێزانانەی، کە پێچەوانەن و بۆچوون و خووی جیاوازیان هەیە، ئەوا زۆرینەی کات بەتەنها نان دەخۆن و بەکارهێنانی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لەپێشینەی کارەکانیانە.

ئەمڕۆکە زۆرێك لە منداڵەکان یارییەکی ئەلیکترۆنییان لاپەسەندترە وەك لە گفتوگۆیەکی خێزانی.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەندێك لە خووەکانی ئێستات بگۆڕیت بەتایبەت ئەو خووانەی ڕەنگە گرنگترین پەیوەندییەکانت بشێوێنن؟

یەکێك لەو شتانەی، کە بەڕاستی دەتەوێت ڕوون بیت دەربارەی زانینی هەرشتێك، کە دەتەوێت باشتری بکەیت– تەندروستیت، پەیوەندییەکانت، یان تەنانەت یاریی گۆڵفیش، پێویستی بە خووی کردارییانە هەیە بۆ هەڵسەنگاندن.

" هێـز، توانـای کردارەکانـە، لێهـاتوویی و هێـز بـۆ بەدەسـتهێنانی شـتێك وزەیەکی گرنگە بۆ هەڵبـژاردن (بڕیـاردان) و توانـای تێدایـە بـۆ زاڵبـوون بەسـەر خووە جێگیرەکاندا و دانانی خووی سەرکەوتووتر (پەسەندتر) لە شوێنیاندا."

– ستیڤن کوڤی

## هەنگاوە کردارییەکان

**أ. دەمەوێت چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی سەرکەوتوودا ئەنجام بدەم:**

لیستێك لە ناوی ئەو کەسانە دروست بکە، کە ڕێزیان دەگریت و سـەرکەوتوو بـوون لـە ژیانیانـدا، ئامانجێـك دابـنێ هـەتا بانگهێشـتیان بکـەیت لـە یـەکێك لـە ژەمەکانی ڕۆژدا، یان لە نوسینگەکانیاندا بیان بینە.

بیرت بێت، شتە گرنگەکان لای خۆت بنووسیت و تۆماریان بکەیت.

ناو: ژمارەی تەلەفۆن: ڕێکەوتی چاوپێککەوتن:

**ب. ڕێسای خووە سەرکەوتووەکان.**

سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە سێ بەشن– أ، ب، ج. لـە بەشـی (أ)دا، پێناسەی خووە بێسوود و بێبەرهەمەکانت بکە، کە دەتگێڕنە دواوە و هەوڵ بـدە تایبەتی بکەیتەوە، پاشان ڕەچاوی دەرەنجامەکان بکە، کە ئەگەر بەردەوام ئـەم هەڵسوکەوتانە دووربارە بکەیتەوە، ئەوا چی ڕوودەدات.

هـەر کردارێـك، کـە دەیکـەیت دەرەنجـامی تایبـەت بـەخۆی هەیـە: خـووە خراپـەکان (هەڵسـوکەوتە نەرێنییـەکان) دەرەنجـامی نـەرێنییان هەیـە و خـووە سـەرکەوتووەکان (هەڵسـوکەوتە ئەرێنییـەکان) دەرەنجـامی بـاش و ئـەرێنییان هەیە.

لە بەشی (ب)دا، پێناسەی خووە نوێیە سەرکەوتووەکەت بکە.

ئەگەر خووە خراپەکەت ئەوە بووبێت، کە زۆرێك لە کارەکەت لە ڕۆژانی پشوودا دەبردەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا لە ئێستا بەدواوە دەکرێت ڕۆژانی پشوو تەرخان بکەیت بۆ کات بەسەربردن و چێژبینین لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانتدا.

لە بەشی (ج)دا، سێ هەنگاوی کرداری ڕیز بکە، کە پێویستە ئەنجامیان بدەیت، بۆ ئەوەی خووە نوێیەکەت بکەیتە ڕاستی.

- **ئەو خووەی دەتگێڕێتە دواوە**

**نموونە:** بردنەوەی بڕێکی زۆر لە کارەکەت بۆ ماڵەوە لە ڕۆژانی پشوودا.

**دەرەنجامەکان:** سنووردارکردنی کاتی خێزانی، کاڵبوونەوەی پەیوەندییە گرنگەکان و شکستهێنانی پەیوەندییە هاوسەرگیرییەکان.

- **خووی نوێی سەرکەوتوو**

**نموونە:** ڕۆژانی پشوو تەرخان بکە بۆ خۆت، خێزانەکەت و هاوڕێکانت، یان بۆ گەڕان و گەشتکردن.

**سوودەکان:** زیاتر پشوو وەردەگریت، لەڕووی دەروونیشەوە زۆر ئاسوودە دەبیت و باشتر کارەکانت دەکەیت.

**پلانێکی سێ هەنگاوی کرداری بۆ پەرەدان بە خووە نوێیەکەت:**

١. داڕشتنی شێوازی کارەکەت بە شێوەیەکی باشتر بە خۆتەرخاننەکردنێکی لە ڕادەبەدەر.

٢. سپاردنی کارە لاوەکییەکانت بە کەسانی دیکە.

٣. بە ئەندامانی خێزانەکەت بڵێ بیرت بخەنەوە، کە بەرپرسیاریت.

ڕێکەوتی دەستپێکردن:

- **ئەو خووەی دەتگێڕێتە دواوە**

**نموونـــە:** بڕیـــاردانی هەڵـــە بـــۆ کـــاری وەبـــەرهێنان وەك، پلانـــی خێـــرا دەوڵەمەندبوون.

**دەرەنجامەکان:** کەمبوونەوەی سەرمایە و زیادبوونی فشاری دەروونی.

- **خووی نوێی سەرکەوتوو**

**نموونە:** ژیرانە وەبەرهێنان بکە لەو بوارانەی، کە شارەزاییت تیایاندا هەیە.

**ســـوودەکان:** دەروونێکـــی ئـــارام، زیـــادبوونی باوەڕبـــەخۆبوون، باشـــتر تەرکیزکردنەوە لەسەر کارەکانت و دەستکەوتنی سەرمایەیەکی زۆریش.

ژینکردن و کارکردن بە مەبەستەوە

گرتنەبەری کرداری یەکلاییکەرەوە

کۆڵنەدان و بەردەوامی

داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت

هۆکاری باوەڕبەخۆبوون

بنیادنانی پەیوەندییە نایابەکان

زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا

ئایا وێنە گەورەکە دەبینیت؟

باسکردن نییە لە بابەتێکی بێمانا، بەڵکوو بابەتی تەرکیزکردنە

**خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن**

**هەنگاوی یەکەمت تەواوکرد، زۆر باشە!**

# (بەشی دووەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# باسکردن نییە لە بابەتێکی بێمانا، بەڵکوو بابەتی تەرکیزکردنە

"فێر بە، کارە گرنگەکان (گەورەکان) لە کارە ناگرنگەکان (بچووکەکان) جیا بکەیتەوە، زۆرێك لە خەڵکی نازانن لێکیان جیا بکەنەوە، لەبەرئەوەی تەنها شارەزاییان لە کارە بچووکەکاندا هەیە."

– جیم ڕۆن

## کێشەی بەڵێندەر:

ئەگەر خاوەنی بازرگانیی تایبەت بە خۆتیت، یان پلانت هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا ببیتە خاوەنی بازرگانییەکی تایبەت بە خۆت، ئەوا ئاگاداری کێشەی بەڵێندەرەکان بە.

ئەمە سیناریۆکەیە: بیرۆکەیەکی نایابت هەیە بۆ فرۆشتنی بەرهەمێکی نوێ، یان دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی تایبەت.

یەکەم، ئامانجی سەرەکیی بازرگانی دۆزینەوەی کڕیاری نوێیە و هێشتنەوەی ئەو کڕیارانەیە، کە ماوەیەکی دوورودرێژە کڕیاری بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانتن.

دووەم، دەستکەوتنی قازانجێکی گونجاو، لە سەرەتادا زۆرێك لە بەڵێندەرەکان سەرمایە و داهاتی کەمیان هەیە و بەم هۆیەوە بەڵێندەرەکە چەندین ئەرك و بەرپرسارێتی ڕادەپەڕێنێت، بەتایبەت لە ساڵی یەکەمدا شەو و ڕۆژ دەخاتە سەریەك بەبێ ئەوەی کاتێکی زۆر بۆ پشوودان تەرخان بکات و کاتێك بازرگانییەکەش بنیاد نرا، کارمەند و سیستەمەکانیش پێکەوە دادەنرێن،

وردە وردە، بەڵێندەرەکە زیاتر بەشدار دەبێت لە کار و چالاکییەکانی ڕۆژانە و ئەرکەکانی بەڕێوەبەریدا.

ئایا ئاشنایت بەمە؟ تۆ تەنهانیت، لە ئەزموونی کاری پێکەوەیی بازرگانییەکەماندا، دەزانین ئەمە دۆخێکی باوە، چونکە زۆرێك لە بەڵێندەرەکان (بەڕێوەبەرەکان) کۆنترۆڵکەرن، بەزەحمەتی دەزانن، کە وازی لێبهێنن و کەسانی دیکە کارەکان ئەنجام بدەن، هەرگیز سپاردنی کار بە کەسانی دیکە لە بەرنامەیاندا نییە. سەرەڕای ئەوەش، خۆیان ئەم بازرگانییەیان دروستکردووە و گەشەیان پێ داوە لە ڕووی سۆزدارییەوە پەیوەستن بە بازرگانییەکەیانەوە، لە هەموو وردەکارییە بازرگانییەکان تێدەگەن و بە بیروبۆچوونی خۆیان هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێت وەك خۆیان ئەم کارە ئەنجام بدات.

دەرفەت و مامەڵەی زۆر چاوەڕوانتن، بەڵام ناتوانیت بەدەستیان بهێنیت و پێیان بگەیت، چونکە لە دۆخێکدایت، کە گیرت کردووە و دەڵێیت،"ڕەنگە ئەگەر زیاتر کار بکەم و کۆرسێك لە بواری بەڕێوەبردندا وەربگرم، ئەوا دەتوانم هەموو شتێك چارەسەر بکەم." ئەمەش سوودی نابێت و کارکردنی زۆر بۆ ماوەیەکی درێژ کێشەکە چارەسەر ناکات.

متمانەمان پێ بکە، چونکە ئێمە ئەزموونی زۆرمان هەیە، ئایا چارەسەر چییە؟ بەکورتی و پوختی ئەمە چارەسەرەکەیە:

پێویستە زۆرینەی کاتەکانت بەکاربهێنیت لەو شتەی، کە بەباشی ئەنجامی دەدەیت و ڕێگە بدەیت کەسانی دیکەش ئەو شتانە ئەنجام بدەن، کە لە توانایاندایە بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەن.

تەرکیز لەسەر ئەو چالاکی و کارانە بکەرەوە، کە دەتوانیت بە باشترین شێوە ئەنجامیان بدەیت. وێنەیەکی قایلکەر نییە بۆت، وایە؟ ئەنجامدانی ئەو شتەی،

کە بە باشترین شێوە دەیکەت، وزەت پێدەدات، بەردەوام دڵخۆشت دەکات و، کاتی بەتاڵت زۆر بۆ دەهێڵێتەوە تا دوای ئەو دەرفەتانە بکەویت.

## تەرکیز لەسەر بەهرە سروشتییەکانت بکەرەوە

بۆ ئەوەی وێنەکەت بەرچاو بێت، با سەیری جیهانی تەرکیزکراو لە بواری مۆسیقای ڕۆڵ ئاندرۆڵ دا بکەین، باندی (The Rolling Stone) یەکێکن لە ناسراوترین و بەناوبانگترین باندەکانی مۆسیقا لە مێژوودا، پیشەکەیان بۆ ماوەی پەنجا ساڵە بەردەوامە.

میك جاگەر و سێ هاوڕێکەی ئێستا لە تەمەنی شەست ساڵیدان و هێشتاکە چێژ لە پێشکەشکردنی کۆنسێرتەکانیان دەبینن لە تەواوی جیهاندا، ڕەنگە حەزت لە کارەکەیان نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانیت نکۆڵی لە سەرکەوتنەکەیان بکەیت.

لە جێبەجێکردنی خووی تەرکیزکردن لەسەر کارە لەپێشینەکانیاندا شارەزان. شتانێك دەکەن، کە شارەزا و لێهاتوون تیایاندا، تەرکیزیان لەسەر ئەو شتانەیە، کە دەتوانن بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەن، وەکوو: گۆرانیوتن، پێشکەشکردنی لەسەر ستەیج وە ئەو جۆرە کارانە ئەنجام نادەن، کە شارەزاییان نییە تیایاندا وەکوو: ڕێکخستنی ستەیجەکە و دانانی ئامێرەکان.

**پەیامەکە ئەمەیە:**

| |
|---|
| کاتێك زۆرترینی کات و وزەکەت دەخەیتە گەڕ لەو کارانەی، کە لە تواناتدایە بەنایابی و لێهاتووانە ئەنجامیان بدەیت، ئەوا دەستکەوتی زۆر باش و گەورەت دەبێت. |

## مەشقکردن، مەشقکردن، مەشقکردن

با سەیری چەند نموونەیەکی دیکە بکەین، وەرزش نموونەیەکی باشە و هەموو وەرزشـکارێکی پاڵـەوان تـەرکیز دەخاتـە سـەر بـەهرە تایبەتـەکانی و بـەردەوام پەرەیان پێدەدات تا دەگاتە بەرزترین ئاست.

بـراوە مەزنـەکان شـتێکی هاوبەشـیان هەیـە ئـەویش ئەوەیـە، کـە زۆرینـەی کاتەکانیان لە تەرکیز خستنەسەر ئەو شـتانە بەسـەردەبەن، کـە بـە شـێوەیەکی خۆڕسـکانە تیایانـدا باشـن، کـاتێکی زۆر کـەم بـەفیڕۆ دەدەن لـەو چـالاکییانەی بێبەرهەم و بێسوودن، مەشق دەکەن، مەشق دەکەن و مەشق دەکەن.

لیبرۆن جەیمس، لە ئێستادا گەنجترین یاریزانی باسکەیە، کـە توانیویـەتی نـۆ هەزار خاڵ تۆمار بکات لـە خـولی (ئـێن بـی ئـەی – NBA)دا، چـەندین خـەڵاتی بەدەستهێناوە لە پیشەکەیدا و هەموو ڕۆژێك چەندین کاتژمێر مەشق دەکات.

یـاریزانی تـۆپی پێـی یانـەی بارسـێلۆنا و هەڵبـژاردەی ئەرجـەنتین، لیۆنێـل مێسـی، لـە ئێسـتایا باشـترین یـاریزانی جیهانـە، بـەردەوام مەشـقی تێپەڕانـدنی یاریزانـانی یانـەی بەرانبـەر دەکـات، ڕاسـتە باڵایـەکی کـورتی هەیـە، بـەڵام تەکنیکێکی هێندە بەرز و بێکەموکورتی هەیە، لە کاتێکدا ڕا دەکـات، پێـت وایـە تۆپەکە بە قاچـەکانییەوە نووسـاوە و کـاتێکیش دێتـە سـەر باسـی تۆمـارکردنی گۆڵ، ئەوا لە بچووکترین کرانـەوەدا گـۆڵ تۆمـار دەکـات، لـە تەمـەنی ٢٤ سـاڵیدا هەموو خەڵاتە سەرەکییەکانی لەگەڵ یانەکەیدا بەدەست هێنـاوە و تـاکوو ئێسـتا پێنج جار بە باشترین یاریزانی جیهان هەڵبژێردراوە.

لێهاتوویی سروشتی بەستراوەتەوە بە مەشقکردنی ڕۆژانەوە بۆ پەرەدان بە بەهرە و کارامەییەکانیان، ئەمەش ئەو شتەیە، کە وەرزشکارە زۆر لێهاتووەکان جیا دەکاتەوە لەوانی دیکە.

ببینە چۆن ئەم ناودارانە کاتێکی زۆر کەم بەسەردەبەن لە خاڵە لاوازییەکانیاندا.

زۆرێك لە سیستەمی قوتابخانەکانمان دەتوانن لەمەوە فێر بن، دەبینین زۆرکات لە قوتابخانەکاندا، ئەوە فێری قوتابییەکان دەکرێت، تەرکیز لەسەر ئەو بابەتانە بکەنەوە تیایاندا لاوازن و ئاستیان وەك پێویست نییە و زۆر کاتیش تەرخان نەکەن بۆ تەرکیز خستنە سەر ئەو بابەتانەی ئاستیان زۆر باشە تیایاندا. چەمکەکە پەرەدانە بە ئاستێکی بەرزی توانا و شارەزاییەکانمان لە زۆرێك لە بابەتەکاندا لەبری تەرکیزکردن لەسەر کەمێکی.

دان سولیڤان، وەك ڕاهێنەرێکی بواری بازرگانی، دەڵێت: "ئەگەر کاتێکی زۆر لە تەرکیز خستنەسەر لاوازییەکانت بەسەربەریت، دەرەنجام کۆمەڵە خاڵێکی زۆر لاوازت دەبێت." ئەمەش یارمەتیدەر نابێت بۆت تا ببیتە کەسێکی ساماندار، بەڵکوو تەنها لە ئاستێکی ئاساییدا دەتهێڵێتەوە.

گرنگە بتوانیت بەڕوونی جیاوازی لەنێوان لێهاتووییەکانت و لاوازییەکانتدا بکەیت، بێگومان لە زۆر شتدا باشیت و تەنانەت لە هەندێکیشاندا ئاستت زۆر نایابە.

بە پێوانەی یەك بۆ دە دەتوانیت لێهاتووییەکانت ڕیز بکەیت، یەك بۆ لاوازترین و دە بۆ لێهاتووترین، هەموو دەستکەوت و سەرکەوتنە گەورەکانت لە ژیاندا بەدەست دەهێنرێن لە بەسەربردنی کاتەکەت لەو بوارانەی، کە نمرەی دەیان پێدەدەیت.

بۆ ئەوەی بتوانیت بەڕوونی پێناسەی بوارە لێهاتووییەکانت بکەیت، ئەوا چەند پرسیارێکی کەم هەن لە خۆتیان بکە، چ شتێك بەئاسانی و بەبێ لێکۆڵینەوەی زۆر، یان بەبێ ئامادەکاری ئەنجام دەدەیت؟ چ کارێك دەکەیت، کە خەڵکانی دیکە بەلایانەوە سەختە و سەرسام دەبن بە تواناکەت و ناتوانن پێی بگەن؟ چ دەرفەتێك هەیە لە بازاڕکاریی ئەمڕۆدا لە بواری لێهاتووییەکەتدا؟

## لێهاتووییەکەت بدۆزەرەوە

هەموومان بەهرەی خوداییمان پێ بەخشراوە، بەشێکی گەورەی ژیانت دۆزینەوەیانە و پاشان بەکارهێنانیان بە باشترین شێوە، هەندێك کەس هەرگیز نازانن بەهرە تایبەتەکانیان چین و نایان دۆزنەوە، هەر بۆیە ئەم کەسانە دەستکەوتێکی زۆریان نابێت لە ژیاندا، ئارەزووی هەوڵدان و کۆششی زۆر دەکەن، لەبەر ئەوەی زۆرینەی کاتەکانیان لەو کار و بازرگانیانەدا بەسەر دەبەن، کە لەگەڵ توانا و لێهاتووییەکانیاندا یەك ناگرێتەوە.

ئەگەر کارێك دەکەیت لەگەڵ لێهاتوویی و تواناکەتدا یەك ناگرێتەوە، ئەوا تەنها بەفیڕۆدانی کات و وزەی خۆتە، دەبێتە هۆی فشارێکی دەروونی و نیگەرانییەکی زۆر. بۆ هەندێك کەس دۆزینەوەی لێهاتووییەکانیان چەندین ساڵ دەخایەنێت.

گۆرد ویب، نموونەیەکی تەواو گونجاوە، لە ساڵی ١٩٧٧دا، کارەکەی جێ هێشت، کە لە وینیپیگ، مانیتۆبا کاری دەکرد، ئەوە بوو ڕۆشت بۆ ڕۆژاوا بۆ دەستکردن بە ژیانێکی نوێ و لەو کاتەدا توانا و بەهرە ڕاستییەکانی خۆی نەدۆزیبووەوە.

لەمڕۆدا و لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا، یەکێکە لە خاوەن پشکە سەرەکییەکانی کۆمپانیایەکی گەورەی وەبەرهێنان، کە قازانجەکەی لە ساڵی پاردا گەشتە ١٩٠ ملیۆن دۆلار، چۆن ئەم گۆڕانە سەرسامکەرە ڕوویدا؟ سەرەتا گۆرد لەلایەن خاڵییەوە پشتگیری کرا و دەرفەتی کاری بۆ ڕەخسێنرا، هاری خاڵی ئامۆژگاریکەرێکی ناودار بوو، گۆرد پێشتر بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە بواری بازرگانیی پەنجەرەدا کاری کردبوو.

هاری بەڵێندەرێکی دڵسۆز بوو وە بڕیاری دا کۆمپانیای تایبەت بە خۆی بکاتەوە لەو کاتەی، کە گۆرد تەمەنی بیست ساڵان بوو. گۆرد کەمترین ڕاهێنانی کرد لە بواری بازرگانیدا، بەڵام هەندێك لێهاتوویی فرۆشتنی پەرە پێ دا و چێژی وەردەگرت لە گەشتکردن بەدەوری باشووری ئەلبێرتادا و بینینی خەڵکی بەشێوەیەکی ڕووبەڕوو و لە نزیکەوە. وەك کەسێکی گەنج، گۆرد، بۆی دەرکەوت تامەزرۆیی دەبێتە هۆی بەرەپێشچوون و بەرەوپێشچوونیش دەبێتە هۆی فرۆشتن. زۆر گرنگە سەرەتا تەرکیز لەسەر کڕیار بکەیتەوە.

بەکرێگرتنی جێگری سەرۆك، کە کەسێکی بەهرەمەند و شارەزا بوو وای لە گۆرد کرد هەنگاوێکی تر بەرەو پێش بچێت، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بتوانێت بەئاسانی کێشەکانی چارەسەر بکات.

حەز و خولیای زیاتر لە ناخیدا دروست دەبوو وە دەیویست کۆمپانیاکەی سەر بکەوێت بەسەر کێبڕکێکارەکانیدا، کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە بازرگانیی پەنجەرەی کۆنترۆڵ کردبوو، جەنگەکە بەردەوام بوو، گۆرد چێژی لە ئاستەنگەکان دەبینی، بەهرە ڕاستییەکانی زیاتر بەرەوپێش دەچوو وە نوسینگەی زیاتری دەکردەوە.

گـۆرد ویـب دەڵێـت:" سـێ بـەهای سـەرەکی هۆکـاری سـەرکەوتنی بـوون، ئەوانیش:

١. باوەڕێکی بەهێز بە خودا.

٢. ئارەزوو (سۆز)ێکی بەردەوام بۆ کارەکە.

٣. خۆتەرخانکردنی تەواو بۆ کارەکە.

بـەکرێگرتنی کەسـە لێهـاتووە گونجاوەکـان بووبـووە سـتراتیژییەکی دیکـەی گرنگ. کاتێك خەڵکی بەکرێ دەگرین، یەکەم نیشانە، کە بۆی دەگەڕێین ئەوەیە، ئایـا ئـەم کەسـە حـەز و خولیـای هەیـە بـۆ ئـەو کـارەی دەیکـات؟ بەئاسـانی وەڵامەکەت بۆ دەردەکەوێت، ئەمەش ئەو شتەیە، کە لە گۆرد ویبدا بوونی هەیە، بەو زانیارییە زۆرەی، کە خاڵۆی پێی بەخشی بەتەواوی ژیانی گۆڕی و لە ئێستایا وەك ڕاهێنـەرێك کـار دەکـات و لـە پرۆسـەکەدا فێـری ئـەوە بـوو، کـە چـۆن ئـەو بەهرانەی خودا پێی داوە دەریان بخات.

ئایا لێهاتوویی و خولیاکەت پێکەوە بەستراون لە کارەکەتدا؟ بیکە بە بەشێك لە پلانی ڕۆژانەت و لە ئاکامدا دەبینیت گۆڕانێکی سەرسامکەر ئەزموون دەکەیت لە بەرهەمهێنان و دەستکەوتدا. ڕێگایەکی کردارییمان هەیە، کە ئاسـانی دەکـات بـۆت و بـەهرە تایبەتەکانیشـت ڕوون دەکاتـەوە، پێیـدەوترێت: وۆرکشـۆپی تەرکیزکردن لەسەر کارە لەپێشینەکان.

پێویستە بەتەواوی دڵنیا بیت لەوەی، کە چی دەگوزەرێت لـە مـاوەی هەفتـە نموونەییەکەتـدا و ئـەم هەڵسـەنگاندنە ڕاسـتییە زۆر کـات دەرخـەرێکی باشـە. بەشێوەیەکی ئاسایی لیستێك لەو چالاکییانە دابنێ، کـە لەسـەر کـار ئـەنجامیان دەدەیت لە هەفتەیەکی نمونەییدا.

زۆرینــەی خــەڵکی کاتێــك ئــەم چــالاکییانە هــەژمار دەکــەن دەبیــنن کــۆی چالاکییەکانیان دەگاتە دە بۆ بیست چالاکی. یەکێك لە بەشداربووەکانمان کـار و چالاکییەکانی لە هەفتەیەکدا گەشتە شەست و نۆ چالاکی.

ئەوەش شتێکی ڕوونە کە هیچ کەسێك نییـە بتوانێـت شەسـت و نـۆ چـالاکی ئەنجام بدات لە هەفتەیەکدا و تەرکیزیشی لەسەر هەموویان بێت تەنانـەت بیسـت چالاکیش زۆرە و ناتوانرێت بەباشی تەرکیزیان لەسەر بکرێتەوە.

زۆرێك لە خەڵکی سەرسام دەبن، کاتێك دەبینن کۆمەڵە کارێکی زۆریان هەیـە لە تەواوی هەفتــەدا و ئــەم دەســتەواژانە دەڵــێن، وەکـوو: "کـاری زۆرم بەسـەردا کەڵەکــەبووە!" "لــە کــۆنترۆڵ دەرچــووە!" یــان "فشــارێکی ئێجگــار زۆرم لەسەرە!" تەواوکردنی وۆرکشۆپی تـەرکیزکردن لەسـەر کـارە لەپێشـینەکان لـە کۆتاییی ئەم بەشەدا، خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانە، لانی کەم دەزانیت کاتەکـەت لە چیدا بەسەر دەبەیت.

پاش تەواوکردنی وۆرکشۆپەکە، هەنگاوی دواتر ئەوەیە، سێ شت بنووسـیت، کە لێهاتوویت تیایانـدا و بەباشـی ئـەنجامیان دەدەیـت لـە بازرگانییەکەتـدا. ئـەو چالاکییانەی، کە بەبێ کۆششکردنێکی زۆر ئـەنجامیان دەدەیـت، ئـەوا وزەیـەکی زۆرت پێدەدەن و دەستکەوتێکی زۆر باشی بۆ بازرگانییەکەت دەبێت.

بەهەرحاڵ ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشدارنیت لەو چالاکییانەی دەبنە هۆی دەستکەوت، ئایا کێ بەشدارە؟ ئایا کارێکی باش دەکەیت؟ ئەگـەر کـارێکی باش ناکەیت، ئەوا پێویستە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەندێك بڕیاری گرنگ بدەیت. هەرگیز بیرت نەچێت، کە دەستکەوت (داهات) لە فرۆشتنەوە بەدەست دێت.

ئێستا پرسیارە گرنگەکەی تر ئەمەیە، ئایا لە هەفتەیـەکی تایبەتـدا لـە سـەدا چەندی کاتەکەت بەسەر دەبەیت لە چالاکییە سەرکەوتووەکاندا؟ تـەواو ڕاسـتگۆ

بە، زۆرجار وەڵامەکە لە ١٥٪ بۆ لە ٢٥٪ ە، تەنانەت ئەگەر لە ٦٠٪ بۆ لە٧٠٪ ی کاتەکانت لەو چالاکییە سەرکەوتوو و بەسوودانەدا بەسەر ببەیت، ئەوا هێشتا دەرفەتی زۆر هەیە بۆ بەرەوپێشچوون.

چی ڕوودەدات ئەگەر ئەمە زیاتر بکەیت بۆ لە ٨٠٪ یان لە ٩٠٪؟ بیرت بێت، داهاتی سەرەکیت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕێژەی ئەو کاتەوە هەیە، کە لە بوارە لێهاتووییەکەتدا بەسەری دەبەیت.

| |
|---|
| تەواوی بەهرە سروشتییەکانت بەکار بهێنە، چونکە هۆکاری سەرەکین بۆ سەرکەوتنی داهاتووت. |

هەنگاوی دواتر ئەوەیە سەیری لیستی سەرەکیی چالاکیی هەفتانەت بکەیت و سێ شت هەڵبژێریت، کە حەز بە ئەنجامدانیان ناکەیت و ناتەوێت ئەنجامیان بدەیت، یانیش باش نیت لە ئەنجامدانیاندا و هیچ شەرمەزارییەك نییە لەوەی دانی پیادا بنێیت، کە چەند خاڵێکی لاوازت هەیە وەك ئەم بوارانە: کاری بەڵگەنامەکان، ژمێریاری، دانانی چاوپێکەوتنەکان یان وەڵامدانەوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان.

بەدڵنیاییەوە، ئەمانە پێویستە ئەنجامبدرێن، بەڵام بەتەنها لەلایەن تۆوە نا.

ئایا تا ئێستا درکت بەوە کردووە چۆن ئەم چالاکییانە وزەت کەم دەکەنەوە لەبری ئەوەی زیاتری بکەن؟ ئەگەر ئەمە ڕاست بێت بۆت، ئەوا هۆشیار بە! کاتێك بەردەوامی لە ئەنجامدانی ئەو کارەی ڕقت لێیەتی، ئەوا پێویستە بەبیر خۆتی بهێنیتەوە، کە ئەمە سەرەنجام بێبەرهەم دەبێت.

وتاربێژی ناودار، ڕۆژیتا پێرێز دەڵێت: "کاتێك کارێك سوودی نییە، ئەوا دەست لە ئەنجامدانی هەڵ بگرە." چیدیکە خۆت فریو مەدە، چونکە بژاردەی باشتر بوونی هەیە بۆت.

## ئایا دەستپێکەریت یان کۆتاییپێهێنەر؟

ئەمە دەرفەتێکی باشە، بۆ ئەوەی بزانیت بۆچی حەز لە ئەنجامدانی کۆمەڵێك کار دەکەیت و حەز بە ئەنجامی کۆمەڵە کارێکیش ناکەیت. ئەم پرسیارە لە خۆت بکە: "ئایا دەستپێکەرم یان کۆتاییپێهێنەر؟" بێگومان تاڕادەیەك هەردووکیانیت، بەڵام کامیان زۆر زیاتر ئەنجام دەدەیت، ئەگەر دەستپێکەریت، ئەوا خۆشی لە دروستکردنی پڕۆژەی بەبەرهەم و بیرۆکەی نوێ دەبینیت.

زۆرێك لە بەڵێندەرەکان دەستپێکەری لێهاتوو و نایابن، بەڵام پاش دەستپێکردنی کارەکانیان حەز بە وازهێنانی دەکەن و ئارەزووی دەستپێکردنی کارێکی نوێ دەکەن، کارەکانیان بەنیوەچڕی جێدەهێڵن و دواتر دەبێت کەسانی دیکە کارەکانیان بۆ تەواو بکەن.

ئەو کەسانەش پێیان دەوترێت کۆتاییپێهێنەرەکان (تەواوکەرەکان) حەزیان لێیە کۆتایی بە کارەکانیان بهێنن، زۆرینەی جار باش نین لە دەستپێکردنی پڕۆژەکانیاندا، بەڵکوو دەستپێکەرەکان بەباشی دەست بە کارەکان دەکەن. کەوایە خۆت بناسە، بە زانینی ئەوەی خولیا سروشتییەکانت چین، یارمەتیدەرێکی سوودبەخش دەبێت بۆت.

ئەمە کلیلەکەیە:

کۆتاییپێهێنـــەرێکی نایـاب و ســەرکەوتوو بـدۆزەرەوە بـۆ چارەســەرکردنی وردەکارییـەکان، لـە نێوانتانـدا، زۆرێـك لـە پڕۆژەکـان دەسـت پـێ دەکـرێن و کۆتاییيان پێدێت.

با نموونەیەکی کرداریت پێ بدەم: ئەم کتێبـەی، کـە دەیخوێنیتـەوە سـەرەتا بە بیرۆکەیەك دەستی پێکرد، کتێبەکە نووسرا، بەشەکانی جیاکرانەوە، پەرە بـە ناوەڕۆکەکەی درا و هەموو کارەکانی تـەواو کـرا و لەچـاپیش درا، ئەمـەش کـاری دەستپێکەرەکەیە و هەر سێ نووسەرەکەش پێکەوە ڕۆڵێکی گـرنگ و بەرچـاویان بینی تیایدا.

هەرچـــەندە بــۆ بەرهـــەمهێنانی بەرهـــەمێکی تـــەواوکراو، وەك: هەڵەچـــنی، نووسینەوە، چاپکردن و بڵاوکردنەوە و دانانی کەناڵێکی یوتیوب، یان سایتێك بۆ بڵاوکردنەوەی پێویستیان بە کەسانێکی زۆر نایابی کۆتاییپێهێنەر هەبوو وە بەبێ ئـــەم کەســـانە کارەکـــە بەئـــەنجام نەدەگەیـــەنرا و هـــەوڵ و مانـــدووبوونی نووسەرەکانیش بەفیڕۆ دەچوو.

ئەمەش پرسیارێکی دیکەی گرنگە: کێی دیکە دەتوانێـت ئـەو کارانـە ئـەنجام بدات، کە تۆ حەز بە ئەنجامدانیان ناکەیت؟

بۆ نموونە، ئەگەر حەزت لە کاری فرۆشتن نییە، ئـەوا ڕەنگـە پێویسـت بکـات بەڕێوەبەرێکی فرۆشتن بهێنیت، کە بتوانێت ئەندامی نوێ بهێنێتە ناو کارەکەوە، ڕاهێنانیان پێبکات و هەموو هەفتەیەك لێکۆڵینـەوە لـە ئـەنجامی فرۆشـتنەکانیان بکات.

ئێستا بەر لەوەی بیر بکەیتەوە و بڵێت،" ناتوانم هەموو ئـەم کەسـانە بـەکرێ بگـرم و زۆر زۆری تێدەچێت،" ئـەوا دووبـارە بـیر بکـەرەوە، ئایـا چـەندە کـاتی

بەتاڵت بۆ دەمێنێتەوە ئەگەر ئەو کارانەی حەز بە ئەنجامدانیان ناکەیت لە سەرەتادا بسپێریت بە کەسانی دیکە؟

> ئەگەر کارێکی زۆرت پێدراوە،
> ئەوا داوای هاوکاری بکە!

## واز لە هەندێك شتی لاوەکی بهێنە لە ژیانتدا

ئەگەر لە دۆخێکدایت، کە بازرگانییەکەت فراوان دەبێت و گەشە دەکات، ڕۆڵی تۆ لە کۆمپانیاکەتدا وادەکات بە شێوەیەکی باشتر تەرکیز و بیرکردنەوەت کۆ بکەیتەوە. باشترین ڕێگەش بۆ چارەسەرکردنی کارە فراوانبوو و گەشەکردووەکە ئەوەیە، کە یارمەتیدەرێکی تایبەت بەکرێ بگریت.

ئەگەر کەسە شیاوەکەت دۆزییەوە، ئەوا ژیانت بە شێوەیەکی سەرسامکەرانە باشتر دەبێت و دەگۆڕێت، کەوایە بەوردی سەیری ئەم ستراتیژییە سەرەکییە بکە. یەکەم، یارمەتیدەرێکی گونجاو و شیاو ئەو کەسەیە، کە بۆت دابین دەکرێت و زۆر لێهاتوو و شارەزایە لەو کارانەی تۆ حەز بە ئەنجامدانیان ناکەیت یان نابێت ئەنجامیان بدەیت.

ڕۆڵی سەرەکیی ئەم کەسە ئەوەیە، ئەو ئەرکانەت لە کۆڵ بکاتەوە، کە لاوەکین و پێویست ناکات خۆت ئەنجامیان بدەیت و بتوانیت بەتەواوی تەرکیزت بخەیتە سەر چالاکییە نایابەکانت.

کەسە دروست و گونجاوەکە هەڵبژێرە، تائەوەی ڕێژەی فشارە دەروونییەکەت بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکات و کاتێکی زۆریشت بۆ بمێنێتەوە

بۆ خۆت، ئەگەر کەسێکی هەڵەش هەڵبژێریت، ئەوا کێشەکانت دوو هێندەیان لێدێت.

ئەمانە چەند ڕێنماییەکی کەمن: سەرەتا، لیستێك لەو کارانە دروست بکە، کە دەبێت ئەنجامیان بدەیت، کاتێك چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکەیت، ئەوا سێ باشترینیان هەڵبژێرە و هەڵسەنگاندنی تەواو بۆ زانیاری و کەسایەتییان بکە.

دەتوانیت پڕۆفایلێك دروست بکەیت بۆ بەربژێرێکی نموونەیی بەر لەوەی دەست بە هەڵبژاردنیان بکەیت، سەیری پڕۆفایل و زانیارییەکانیان بکە و بەراوردیان بکە بە پڕۆفایلی بەربژێرە نموونەییەکە و ئەو کەسەیان، کە پڕۆفایلەکەی نزیکترینە لە پڕۆفایلە نموونەییەکەتەوە، ئەوا بە باشترین شێوە کارەکە ئەنجام دەدات. بەدڵنیاییەوە، دەبێت گرنگی بە هۆکارەکانی دیکەش بدەیت وەکوو: هەڵوێست، ڕاستگۆیی و ڕابردوو (پێشینە)ی ئەو کەسە.

وریا بە کەسێك هەڵبژێریت وەك خۆت لێهاتوو بێت، ئەوەت بیر بێت، دەتەوێت ئەم کەسە کارامەییەکانت تەواو بکات، چونکە بەکرێگرتنی کەسێك بە هەمان حەز و خولیای خۆتەوە، بێگومان کێشە و ناڕەحەتییەکانت بۆ دوو هێندە لێ دەکات.

چەند شتێکی دیکەش هەن شایستەی ئاماژەپێدانن، ئەگەر (کۆنترۆڵکەر)یت بەئاسانی واز لە شتەکان ناهێنیت، ئەوا گرنگە خۆت بدەیتە دەست یارمەتیدەرە کەسییەکەت. بەر لەوەی نیگەران بیت سەبارەت بە وشەی (خۆبەدەستەوەدان)، بەوردی سەیری وشەی کۆنترۆڵکەرەکان بکە، بیرکردنەوەیان بەو جۆرەیە، کە هیچ کەسێك ناتوانێت وەك خۆیان بەباشی کارەکان ئەنجام بدات. ڕەنگە ڕاست بێت، ئایا چی دەبێت ئەگەر یارمەتیدەرەکەت بتوانێت لە ٧٥٪ی ئەم کارانە ئەنجام بدات؟ بە ڕاهێنانی تەواو و گفتوگۆکردنی باشی هەفتانە لە ئەنجامدا

یارمەتیدەرە هەڵبـژێردراوە شـیاوەکە ئـەم چـالاکییانە وەك تـۆ ئـەنجام دەدات و بگرە لە زۆرینەیاندا لە تۆ باشتریش ئەنجامیان دەدات.

کەوایە دەست لەو بیرکردنەوەیـە هـەڵ بگـرە، کـە کـۆنترۆڵی تـەواو بکـەیت و بەخۆشحاڵییەوە دانی پیادا بنێ، ئـەو کەسـەی دیکـە توانـای ڕێکخسـتنی لـە تـۆ باشترە و ئارەزوومەندی گۆڕانکارییە، بەڵام ئەگەر هێشتا پێـت وابێـت دەتوانیـت هەموو کارەکان بکەیت، ئەوا لە خۆت بپرسـە، "ئایـا لـە کاتژمێرێکـدا شایسـتەی چەندێك پارەم؟"

ئەگەر هێشتا کاتت تەرخان نەکردووە بۆ ئەمە، ئەوا ئێستا بیکە.

سەیری ئەم خشتەیەی خوارەوە بکە:

ئایا بەڕاست شایستەی چەندێکیت؟

| داهاتەکەت | | داهاتەکەت لە کاتژمێرێکدا |
|---|---|---|
| ٥٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٢٥ دۆلار |
| ٦٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٣٠ دۆلار |
| ٧٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٣٥ دۆلار |
| ٨٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٤٠ دۆلار |
| ٩٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٤٥ دۆلار |
| ١٠٠,٠٠ دۆلار | ________ | ٥٠ دۆلار |
| ١١٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٥٥ دۆلار |
| ١٢٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٦٠ دۆلار |
| ١٣٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٦٥ دۆلار |
| ١٤٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٧٠ دۆلار |
| ١٥٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٧٥ دۆلار |
| ١٦٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٨٠ دۆلار |
| ١٧٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٨٥ دۆلار |
| ١٨٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٩٠ دۆلار |
| ١٩٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٩٥ دۆلار |
| ٢٠٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ١٠٠ دۆلار |
| ٥٠٠,٠٠٠ دۆلار | ________ | ٢٥٠ دۆلار |
| ١ ملیۆن دۆلار | ________ | ٥٠٠ دۆلار |

ئەم خشتەیە لەسەر بنەمای کارکردنی ٢٥٠ ڕۆژ لە ساڵێکدا و ٨ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا دروست کراوە.

خۆشبەختانە، ڕێژەی دۆلارەکەت بەرزە، کەواتە بۆچی دەڕۆیت کۆمەڵە کارێك دەکەیت، کە داهاتەکەیان نزمە؟ لە ئێستاوە وازیان لێ بهێنە!

زۆر زۆر گرنگ و پێویستە، کە خشتەی کاتەکەت بە جۆرێك بێت هەموو ڕۆژێك یان لانی کەم هەموو هەفتەیەك تاوتوێی نەخشە و پلانەکەت بکەیت لەگەڵ یارمەتیدەرەکەتدا. گفتوگۆ بکە، گفتوگۆ بکە، گفتوگۆ بکە! هۆکاری یەکەمی ئەوەی بۆچی ئەم پەیوەندییانە سەرکەوتوو نابن بەهۆی گفتوگۆنەکردنەوەیە.

کاتی تەواو بە هاوبەشە نوێیەکەت بدە، بۆ ئەوەی سیستەمەکەت فێر بێت، ئەو کەسانە دیاری بکە، کە دەتەوێت کاتیان لەگەڵ بەسەر ببەیت و لەگەڵ یارمەتیدەرەکەت ڕێگایەك دابنێن تا بتپارێزێت و بەدوورت بگرێت لە بیربڵاوی و خەیاڵڕۆشتن، بۆ ئەوەی بتوانیت بەتەواوی تەرکیز بخەیتە سەر ئەو شتەی دەتوانیت بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەیت و کراوەش بە بۆ هەموو جۆرە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنێك.

ئێستا با سەیر بکەین بزانین چۆن دەتوانیت خووی تەرکیزکردن لەسەر کارە لەپێشینەکانت جێبەجێ بکەیت لە ژیانی تایبەتیتدا، کاتی زیاتر بۆ پشوودان، ئارامی لەگەڵ خێزانەکەت و هاوڕێکانتدا، یان چێژ لە ئارەزوویەکی تایبەت یان وەرزشی وەربگرە.

گرنگ نییە لە کوێ دەژیت، بارودۆخی ماڵ بە باشترین شێوە بهێڵەرەوە و پێویستی بە پاراستنی بەردەوام هەیە، ئەگەر منداڵت هەیە، ئەوا کێشەکە دوو هێندە و سێ هێندە زیاد دەکات بەپێی تەمەنیان و بیر لە هەموو ئەو کاتانە بکەرەوە، کە لە هەفتەیەکدا بەسەری دەبەیت: چێشتلێنان، خاوێنکردنەوە،

شۆردنی قاپ و قاچاخەکان، چاککردنەوەی شتەکان و سەردانکردن و چەندین شتی دیکەش.

ئایا درکت بەوە کردووە ئەمانە کۆتاییيان نییە؟ ئەم چالاکییانە خووی بەردەوام دووبارەبووەوەن و کۆمەڵە شتێکن بەردەوام لە ژیاندا دووبارە دەبنەوە. بەپێی بارودۆخی دەروونیت، چێژی لێ دەبینیت، چی دەبێت ئەگەر رێگایەك بدۆزیتەوە بۆ کەمکردنەوەی یان نەهێشتنی؟ هەستت چۆن دەبێت کاتێك کاتی بەتاڵت زۆر دەبێت بۆ پشوودان، ئایا دەتەوێت خۆشیی زیاتر ببینیت لەو شتانەی، کە حەزت لێیە بیانکەیت؟ بەدڵنیاییەوە.

تەرکیز لەسەر سوود و دەستکەوتەکان بکەرەوە، نەك تێچوونەکەی، ئەگەریش دەتەوێت کاتەکەت بەتاڵ بکەیت، ئەوا داوای یارمەتی بکە. هەموو جۆرە یارمەتییەك بەردەستە بۆ نموونە، کەسێك بەکرێ بگرە بۆ خاوێنکردنەوەی ماڵەکەت.

لی:

هاوژینەکەم بەناوی فران، لای وابوو من بۆریچیم، هەر کات بەلۆعای چێشتخانەکە بشکایە، ئەوا داوای لێ دەکردم چاکی بکەمەوە، بەڵام کاتێك خەریکی چاککردنەوەی دەبووم پاش دوو کاتژمێر چێشتخانەکە پڕ دەبوو لە ئاو، بۆریش بەتەواوی ژوورەکەدا بڵاودەکرایەوە و، هەوا بەجۆرێك دەگۆڕا، کە شیاوی باسکردن نییە لەم کتێبەدا، دواتر هاوژینەکەم تێ دەگەشت، کە هەڵەبووە و لە ئێستادا کەسانێك بەکرێ دەگرین، کە کاری خۆیان دەزانن و بەگوێرەی کارەکانیان پارەیان پێدەدەین.

ئایا لە کۆڵانەکەتاندا کەسێك هەیە کاری دەستی بکات و تەمەنی نزیك بێت لە خانەنشینبوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئارەزووی چاککردنەوەی شتەکان

بکات؟ زۆرێك لە کەسە بەتەمەن و ئەزموونداره‌کان شارەزاییی زۆر باشیان هەیە و بۆ کارێکیش دەگەڕێن، کە زۆر نەخایەنێت، چونکە ئەم جۆرە چالاکییانە دڵخۆشیان دەکات و لەگەڵیشیدا بڕە پارەیەکیان دەست دەکەوێت.

لیستێك بۆ ئەو شتانە دروست بکە لە ماڵەکەتدا، کە پێویستیان بە چاککردنەوە یان نوێژەنکردنەوە هەیە، هەرگیز کاتت نابێت بۆ ئەنجامدانی هەموو ئەو کارە بچووکانە، لەبەر ئەوەی هەموو کاتەکانت بۆ شتی دیکە بەکار دەهێنیت.

کەسێك بەکرێ بگرە بۆ ئەوەی فشارە دەروونییەکەت کەم بکات و بەم هۆیەشەوە یارمەتیی کەسێك دەدەیت تا بەردەوام بێت و بتوانێت لێهاتووییەکانی بەکار بهێنێت.

ڕەنگە هەر بۆ ئەوە نەگونجێیت، کە ببیت بە بۆریچی، کارەباچی یان دارتاش، ئایا کاری حەوشەی ماڵەکەشت دەکەیت؟ بڕینی چیمەنەکە، لابردنی گژوگیاکان و ئاودانی دارودرەختەکان.

ئێستا ئەمە دەرفەتە گەورەکەیە بۆت، سەیری دراوسێکانت بکە، بۆ منداڵێکی بەتوانا و شارەزا بگەڕێ، کە دەیەوێت هەندێك پارە پەیدا بکات تا بتوانێت پاسکیلێکی نوێ، یارییەکی ئەلیکترۆنی بکڕێت، کەسێك بدۆزەرەوە، بەم جۆرە یارمەتیشیان دەدەیت بەهای خۆیان و شتەکانیش بزانن، پارەی کەمیان پێ مەدە، چونکە کارێك بەباشی ئەنجام بدرێت شایستەی بڕە پارەیەکی زۆرە.

ئەگەر لەڕووی دەروونییەوە ڕێگری لەم بیرۆکەیە دەکەیت، ئەوا دووبارە بیری لێ بکەرەوە، بیر لە هەموو کارە زیادەکانت بکەرەوە، کە دەتوانیت دووبارە ئەو کاتژمێرە بەبەهایانەت بەکار بهێنیتەوە لە چالاکیی بەدەستهێنانی پارە بۆ خۆت، یان کاتت هەبێت بۆ پشووەکان، کات بەسەربردن لەگەڵ خێزان و

هاوڕێکانتدا. ڕەنگە ئەم ئازادییە نوێیە لە کاری هەفتانەتدا یارمەتیت بدات دەست بەو خولیایەت بکەیت، کە هەموو کات ویستووتە بەدی بهێنیت.

بیرت بێت، هەموو هەفتەیەك کاتی زۆر زۆرت هەیە و ژیان بەچێژتر دەبێت لات.

ئەگەر ئێستا بەڕاستی خۆشی دەبینیت لە ئەنجامدانی هەندێك لەم کارانەی ماڵ (پێویستە بەتەواوی ڕاستگۆ بیت سەبارەت بەمە). بەردەوام بە لە کارەکەت، بەڵام تەنها ئەو کاتەی کە بەڕاستی ئارامبەخشە و هەستی قایلبوونت پێدەدات.

## چوار چارەسەرەکە

گرنگە کارە بەپەلەکانت جیا بکەیتەوە لە کارە گرنگە لەپێشینەکانت وەك، هایرۆڵ تایلەر، پسپۆڕ لە بواری بەڕێوەبردنی کاتدا دەڵێت: "خۆتەرخانکردن و ئەنجامدانی کارە بەپەلەکان دەبێتە هۆی سنووردارکردنی کاتەکەت بۆ ئەنجامدانی کارە گرنگەکانت." بۆ نموونە، هەرکات تەلەفۆنەکە زەنگ لێدەدات، خێرا وەڵامی دەدەیتەوە، کاتێك ئیمەیلێکت بۆ دێت، یەکسەر وەڵامی دەدەیتەوە، تەنانەت ئەگەر پێویستی بە وەڵامدانەوەی خێراش هەبێت، ئەوا لەبری ئەنجامدانی ئەو کارانە تەرکیز لەسەر کارە لەپێشینەکانت بکەرەوە.

بۆ ڕیزبەندیکردنی کارە لەپێشینەکانت، چوار بژاردەت هەیە:

١. **ڕەتی بکەرەوە:** فێر بە بڵێیت، "نەخێر، بڕیار دەدەم ئەنجامی نەدەم."

**٢. بیسپێرە بە کەسێکی دیکە بۆت ئەنجام بدات:** هەندێك کار هەن پێویستە ئەنجام بدرێن، بەڵام تۆ ئەو کەسە نیت، کە دەبێت ئەنجامیان بدەیت. بپرسە، "کێ لە توانایدایە ئەم کارە ئەنجام بدات؟"

**٣. دوای بخە:** چەند بابەت و کارێك هەن، کە پێویستە کاریان لەسەر بکەیت، بەڵام نەك ئێستا دەکرێت دوابخرێن و ڕێکەوتێکی تایبەتیان بۆ دابنێ، بۆ ئەوەی ئەنجامیان بدەیت.

**٤. ئەنجامی بدە:** ئێستا ئەنجامی بدە، کار و چالاکییە گرنگەکان پێویستیان بە تەرکیز و گرنگیپێدانی خێرا هەیە، کەوایە ئەمڕۆ دەست پێ بکە و لەپای تەواوکردنی ئەم پڕۆژانە خەڵات بە خۆت بدە، بەهانە مەهێنەرەوە و بیرت بێت، ئەگەر هەندێك جار خێرا کارەکە نەکەیت، ئەوا ئەنجامێکی باشت نابێت.

## هێزی نەخێر

بۆ ئەوەی بەردەوام تەرکیزت لەسەر کارەکەت بێت، ئەوا پێویستت بە پێوانەی ڕێکخستنی کاتەکانی ڕۆژانەت هەیە. واتە زیاتر بەئاگا بیت لەو کار و چالاکییانەی، کە بڕیار دەدەیت کاتەکانتیان تیادا بەسەر ببەیت، ناوبەناویش ئەم پرسیارە لە خۆت بکە، "ئایا ئەم کارەی ئێستا ئەنجامی دەدەم یارمەتیم دەدات لە بەدەستهێنانی ئامانجەکەمدا؟" سێ بوار هەیە لێیان بکۆڵیتەوە:

**١. خۆت:**

گەورەترین جەنگێك، کە هەموو ڕۆژێك بەردەوامی هەیە لە نێوان گوێیەکانی خۆماندایە و بەردەوام قسە لەگەڵ خۆماندا دەکەین. کۆتای بەمە بهێنە، کاتێك ئەو دەنگە بچووکە نەرێنییە لە مێشکتدا داوای سەرنج دەکات و هەوڵ دەدات

بێتە پێشەوەی بیرکردنەوەت، ئەوا کات بە خۆت بدە و قسەی سوودبەخش بۆ خۆت بکە، کە لەڕووی هزرییەوە سوودی هەبێت. تەرکیز لەسەر دەستکەوت و سوودەکانی پابەندبوون بە کارە لەپێشینەکانتەوە بکەرەوە و دەرەنجامە نەرێنییەکان بەبیر خۆت بهێنەرەوە، کە ئەگەر پێوەی پابەند نەبیت ڕوودەدەن.

**٢. کەسانی دیکە:**

کەسانێکی زۆر هەوڵ دەدەن تەرکیز و بیرکردنەوەت بپچڕێنن، هەندێك کات دێنە نوسینگەکەتەوە بۆ قسەکردن، چونکە یاسایەکت هەیە، کە هەموو کات دەرگاکەت کراوەیە.

ئەمەش چارەسەرەکەیە: یاساکەت بگۆڕە، لانی کەم بۆ نیوەی ڕۆژەکەت دەرگاکەت دابخە کاتێك دەتەوێت تەنها بیت و کەست لا نەبێت و تەرکیزت بخەیتە سەر پرۆژە گەورەکەی داهاتووت. ئەگەر سوودی نەبوو، ئەوا پێویستە لەوحەیەك هەڵبواسیت بە دەرگای نوسینگەکەتدا و لێی بنووسیت (هەرکەسێك بێزارم بکات، لە کارەکەی دەردەکرێت).

مارك:

یەکێك لە شتە باشەکان بۆ هێشتنەوەی تەرکیزم، نووسینی ئەو شتەیە دەمەوێت ئەنجامی بدەم، هەتا زیاتر ڕوون بیت سەبارەت بەوەی دەتەوێت ئەنجامی بدەیت و خۆتی بۆ تەرخان بکەیت، ئەوا زیاتر تەرکیزی لەسەر دەکەیتەوە.

لە ئێستایا، زۆرینەی کاتەکەم بە گوتنی نەخێر بەسەر دەبەم، لەبەر ئەوە بە "کاکی نەخێر" ناسراوم لای خەڵکی، بۆ زۆر کۆبوونەوە دەڵێم، "نەخێر" هەتاکوو دڵنیانەبم لەوەی پەیوەستە بەو کارەی ئەنجامی دەدەم.

جیاکردنەوەی نێوان کارێکی سوودبەخش و کارێکی کاتبەفیڕۆدەر، قورسە. بەرلەوەی خەڵکی سەردانم بکەن، دەمەوێت پێشینەیان بزانم، چییان بەدەست هێناوە، ئایا قسەکەرن یان کار ئەنجامدەرن؟ ئایا بەردەوام وا لە شتەکان دەکەن ڕووبدەن؟ ئایا تێڕوانینێکی گەورەیان هەیە؟ ئەگەر پێشینەیان باش نەبێت و دەستکەوتی گەورەیان بەدەست نەهێنابێت، ئەوا پێم باشترە، کە نەیان بینم.

کەسانێکی زۆر بەهرەمەند هەن کە دەتوانن یارمەتیت بدەن و وزە بکەنەوە بە بازرگانییەکەتدا.

**٣. تەلەفۆن:**

ڕەنگە زیانبەخشترین شت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، مۆبایلەکەت (تەلەفۆنەکەت) بێت. ئایا جێگای تێڕامان نییە، کە بۆچی خەڵکی ڕێگە دەدەن ئەم ئامێرە کۆنترۆڵی ژیانیان بکات؟ ئەگەر پێویستت بەوەیە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بیرکردنەوەت نەپچڕێت ئەوا ئایفۆنەکەت، بلاك بێرییەکەت، یان هەرشتێك کە هەتە بیکوژێنەرەوە و بە شێوەیەکی ژیرانە بەکاری بهێنە.

بەدڵنیاییەوە هەندێك کات پێویستت پێیان دەبێت، پێشتر چاوپێکەوتنەکانت ڕێك بخە، وەك دکتۆرێك کاتژمێر ٢ ی ئێوارە بۆ ٥ ی ئێوارە لە ڕۆژانی دووشەممماندا و کاتژمێر ٩ ی بەیانی بۆ ١٢ ی نیوەڕۆ لە ڕۆژانی سێشەممماندا، پاشان گونجاوترین کات هەڵبژێرە بۆ ئەنجامدانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانت بۆ نموونە: کاتژمێر ٨ بۆ ١٠ ی بەیانی.

ئەگەر دەتەوێت چێژ لە سەرکەوتن ببینیت، ئەوا دەبێت هەندێك کات هەن ڕێکیان بخەیت و بەپێی خشتە کارەکانت ئەنجام بدەیت، دەست لەو خووە هەڵ بگرە، کە هەرکات تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا بڕۆیت و خێرا وەڵامی بدەیتەوە، بڵێ، "نەخێر" لە ماڵیشەوە هەمان شت پەیڕەو بکە.

هارۆڵد تایلەر، ڕووداوێکمان بەبیر دەهێنێتەوە لە ڕۆژگارێکدا، کاتێک خووی گرتبوو بە وەڵامدانەوەی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیەوە، ئەمە بەر لەوەی مۆبایلی کەسی زۆر بناسرێت. ڕۆژێکیان لە کاتی گەشتنەوە بۆماڵەکەی، گوێی لە زەنگی تەلەفۆنەکەی دەبێت، بەخێرایی ڕادەکات، بۆ ئەوەی بەرلەوەی پەیوەندییەکە دابخرێتەوە وەڵامی بداتەوە، بەڵام لە کاتی ڕاکردندا شوشەی دەرگاکەی شکاند و قاچی بەسەختی بریندار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر سوور بوو لەسەر وەڵامدانەوەی، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و دەنگێکی نامۆ بوو کە گوتی: "سڵاو، ئایا کەناڵی (Globe and Mail) لە یوتیوب سەبسکرایب دەکەیت؟"

ئەمە پێشنیارێکی دیکەیە، بۆ دوورکەوتنەوە لە جۆرە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بێکەڵك، لە کاتی نانخواردندا مۆبایلی ماڵەکەت بکوژێنەوە، ئایا زۆرترین جار لەو کاتەدا تەلەفۆن ناکەن؟ ئەندامانی خێزانەکەت بەهای ئەو دەرفەتە دەزانن، کە چەند گفتوگۆیەکی ڕاستی بکەن لەبری ئەم پەیوەندییە بێزارکەر و ناوەختانە.

هەوڵ بدە لە ئێستا بەدواوە ئەو چالاکییە کاتبەفیڕۆدەرانە سنووردار بکە و چیتر ئەنجامیان مەدە.

ئاگاداری خووە کۆنەکانت بە، کە ڕەنگە تەرکیزت لەسەر کارەکەت نەهێڵن بۆ نموونە، زۆر سەیرکردنی تەلەفزیۆن. هەندێك دایك و باوك لە دەرەنجامەکانی ئەمە تێدەگەن و سەیرکردنی تەلەڤزیۆن بۆ منداڵەکانیان سنووردار دەکەن، بۆچی تۆش هەمان کار ناکەیت؟ ئەمە بەرەنگارییەکە بۆت: هەفتەیەکی تەواو سەیری تەلەڤزیۆن مەکە و بزانە دەتوانیت چەندێك کار ئەنجام بدەیت، دڵنیام سەرسام دەبیت بە دەرەنجامەکەی.

**جاك:**

**ڕاستییەکەی ئەوەیە پیاوێکی باشم، پێویست ناکات بۆ هەمووکەسێکی بسەلمێنم، فێربووم چۆن بە کەسانێکی زۆر بڵێم،"نەخێر"و پێوەری باشترم هەیە بۆ بڕیاردان و بەخشتەکردنی کاتەکانم.**

**کاتی زیاتر تەرخان دەکەم بۆ خێزانەکەم، خۆم، تەندروستیم، خۆشیبینینی خۆم و ڕاهێنانکردن، چەندین مانگ هەبووە ڕاهێنانم نەکردووە بە هۆی ئەوەی بەیانیان کاتژمێر ٥ ی بەیانی بۆ ١١ ی شەو کارم کردووە، بەڵام ئێستا ڕۆژانە لانی کەم یەك کاتژمێر وەرزش دەکەم.**

## ڕێسای جادوویی بوونی نییە

**هیوادارین پەیامەکەت پێگەشتبێت، کە بەدەستهێنانی ئەو شتەی دەتەوێت لە ژیاندا، پێویستی بە ڕێسای جادووی یان خاسیەتی نهێنی نییە. ئەو کەسانەی بەردەوام لە قەرزدان، لێکۆڵینەوەیان نەکردووە لەوەی چۆن لێهاتوویی دارایی بەدەست بهێنن، زیاتر تەرکیزیان لەسەر خەرجکردن کردووەتەوە وەك لە بەدەستهێنانی سەرمایەیەکی باش بۆ داهاتوویان.**

**زۆرێك لە خەڵکی گیریان کردووە لە کارێکدا، کە خۆشی لێنابینن، لەبەر ئەوەی تەرکیزیان لەسەر پەرەدان بە بوارە لێهاتووییەکانیان نەکردووتەوە. ڕێکخراوی پزیشکیی ئەمریکی بەم دواییانە ڕایگەیاند لە ٦٣٪ی پیاوان و خانمانی ئەمریکا، کە تەمەنیان لەسەروو ٢٥ ساڵییەوەیە، کێشیان زیاد لە پێویستە تەنانەت لەوە خراپتریش، یەك لەسەرسێی پێگەشتووەکان قەڵەون. زۆرینەی ئەو کەسانەی تەمەنیان لەنێوان ٢–١٩ ساڵاندایە کێشیان زیاد لە پێویستە، چونکە تەرکیزیان لەسەر زۆر خواردن و کەم ڕاهێنانکردنە.**

ئەمە پەیامەکەیە: لێکۆڵینەوەی ورد بکە سەبارەت بەوەی سوودبەخشە و ئەو شتەش، کە سوودبەخش نییە لە ژیاندا، چ شتێك گەورەترین سەرکەوتن دروست دەکات؟ چ شتێکە، کە تەرکیزی دەخەیتە سەر دەبێتە هۆی ئەنجامی خراپ و لاوازتر؟ ئەمە پێویستی بە بیرکردنەوەی ڕوون هەیە.

| |
|---|
| بۆ دەستکەوتنی ئەنجامی خێرا و کەمبوونەوەی فشاری دەروونیت، ئەوا تەرکیزت بگۆڕە. |

## پوختە

هۆکاری یەکەمی ئەوەی خەڵکی ئەو شتە بەدەست ناهێنن، کە دەیانەوێت تەرکیزنەکردنە لەسەر کارەکە. کاتێك لەڕوی هزری و دەروونی و ڕۆحییەوە تەواو تەرکیزت لەسەر ئامانجەکە بێت، ئایا ئەگەری زۆرتر نییە، کە بەدەستی بهێنیت وەك لەوەی سەرنج و تەرکیزت پەرش و بڵاو بێت؟ بەدڵنیاییەوە، ئەگەری بەدەستهێنانی زۆرترە.

ئەگەر بەڵگەی زیاترت دەوێت، ئەوا بەوردی سەیری ئەو کەس و تیمانە بکە، کە بەردەوام سەرکەوتوون، بۆ نموونە، لە یاریی تۆپی پێدا یانەی مانچستەر یونایتد بوو بە سەرکەوتووترین یانە لە ئینگلتەرادا بە بردنەوەی نۆزدەیەمین نازناو لە خولی ئینگلیزیدا لە وەرزی ٢٠١٠– ٢٠١١ دا، لەگەڵ چەندین نازناوی دیکەی تردا، کە لە چەند ساڵی پێشوودا بەدەستیان هێناوە، ڕاهێنەرە نموونەییەکەیان (سێر ئەلێکس فێرگسۆن) خاسیەتێکی تایبەتی هەیە، کە جیای دەکاتەوە لە ڕاهێنەرانی دیکە ئەویش ئەوەیە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدایە، بەڵام هێشتا هەمان پەرۆشیی و تەرکیزکردن و ویستی هەیە، کە یارمەتیی داوە لە بەدەستهێنانی هەموو نازناوەکاندا لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا.

فێرگسۆن دەڵێت: "هەموو ساڵێك تەرکیزمان دەخەینە سەر بردنەوەی تەواوی نازناوەکان."

| |
|---|
| تەرکیز لەسەر ئەو کارە بکەرەوە، کە ئەنجامی دەدەیت و بەردەوام بە لەسەری، ئەگینا دواتر پەشیمان و بێ دەستکەوت دەمێنیتەوە. |

## هەنگاوە کردارییەکان

### وۆرکشۆپی تەرکیزکردنی لەپێشینە:

ئەمە ڕێبەرییەکی کرداریی شەش هەنگاوییە بۆ زیادکردنی کات و وەبەرهێنانەکەت:

- لیستێك دروست بکە لە هەموو ئەو کار و چالاکییە ناپێویستانەی، کە کاتی کارکردنت بەفیڕۆ دەدەن:

بۆ نموونە: پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، کۆبوونەوەکان، پڕۆژەکان، فرۆشتنەکان. کارە سەرەکییەکان بەش بەش بکە:

وەکوو: پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و کۆبوونەوەکان و هەموو شتێك لەخۆ بگرێت تەنانەت کارە پێنج خولەکییەکانیش.

١-　　٢-　　٣-　　٤-　　٥-

٦-　　٧-　　٨-　　٩-　　١٠-

- باس لە سێ شت بکە، کە لێهاتوویت لە ئەنجامدانیاندا لە کارەکەتدا:

١-　　٢-　　٣-

- ناوی سێ لە گرنگتریت چالاکییەکانت بنووسە، کە داهات بەرهەم دەهێنن بۆ بازرگانییەکەت:

١-　　٢-　　٣-

- ناوی سێ لە گرنگترین چالاکییەکانت بنووسە، کە دەبنە هۆی داهات بۆ بازرگانییەکەت:

١-　　٢-　　٣-

- کێ دەتوانێت ئەم کارانەت بۆ ئەنجام بدات؟

١-　　　　٢-　　　　٣-

- چی چالاکییەك کاتی زۆری پێویستە و دەڵێیت،"نەخێر" بۆ ئەنجامدانی یان ڕاستەوخۆ دەی دەیت بە کەسێکی دیکە بۆت ئەنجام بدات.

ژینکردن و کارکردن بە مەبەستەوە

گرتنەبەری کرداری یەکلاییکەرەوە

کۆڵنەدان و بەردەوامی

داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت

هۆکاری باوەڕبەخۆبوون

بنیادنانی پەیوەندییە نایابەکان

زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا

ئایا وێنە گەورەکە دەبینیت؟

باسکردن نییە لە بابەتێکی بێمانا، بەڵکوو بابەتی تەرکیزکردنە

خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن

**گرۆتینەکەت زیادی کرد بۆ ژمارە سێ.**

# (بەشی سێیەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# ئایا وێنە گەورەکە دەبینیت؟

"داهاتوو بۆ کەسانێکە باوەڕیان بە جوانیی خەونەکانیان هەیە."

– ئیلیانۆر ڕووزڤێلت

پیتەر دانیالز پیاوێکی تایبەتە، کە ژیانی هاوشێوەی چیرۆکەکەی هوراشیۆ ئەلگێرە، لە دایك و باوکێکی هەژار لە وڵاتی ئوسترالیا لە دایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە ئایدێلەید خوێندووە، بەڵام لەبەر نەتوانایی فێربوون، قورس بوو بۆی لە وشەکان تێبگات و دەریان ببڕێت، هەر بۆیە بە کەسێکی گەمژە ناوی دەرکرد لەلایەن مامۆستاکانیەوە.

یەکێك لە مامۆستاکان بەناوی خاتوو فیلیپس، وای لە پیتەر دەکرد لە بەردەم قوتابییەکاندا ڕاوەستێت لەناو پۆلەکەدا، بەتووڕەییەوە قسەی دەگەڵ دەکرد و ڕەخنەی لێ دەگرت:" پیتەر دانیالز، تۆ کوڕێکی خراپیت و هەرگیز فێر نابیت هیچ جۆرە کارێك بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدەیت!"

لە خوێندن سەرکەوتوو نەبوو، یەکێك لە هەڵبژاردنەکانی زووی ئەوە بوو، کە ببێت بە وەستای خشتدانان، چەند ساڵێك دواتر هاوسەرگیری کرد، ئەوە بوو بڕیاری دا کاری بازرگانیی تایبەت بە خۆی بکاتەوە.

بەداخەوە، لە یەکەم ئەزموونی کاری بازرگانیدا بەخراپی شکستی هێنا و لە ماوەی ساڵێکدا مایەپووچ بوو، دەرفەتێکی دیکەی بینییەوە و بڕیاری دا بەشداری تیادا بکاتەوە و سەرکەوتوو بێت تیایدا، بەڵام هەمان چارەنووس چاوەڕوانی بوو، لە ماوەی هەژدە مانگدا دیسانەوە مایەپووچ بوویەوە،

بەسوربوونێکی زۆرترەوە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم بەرەنگاری و بەربەستانەدا، دووبارە پیتەر خۆی خستەوە ناو جیهانی بازرگانیی کێبڕکێکردنەوە تەنها، بۆ ئەوەی بۆ جاری سێیەم مایەپووچ بێتەوە.

لە ئێستادا، تۆمارێکی باوەڕپێنەکراوی هەیە، کە لەماوەی پێنج ساڵدا سێ جار مایەپووچ بووە.

زۆرینەی خەڵکی لەم ساتەدا کۆڵ دەدەن، بەڵام پیتەر دانیالز نا، کۆڵی نەدا و بەردەوام بوو، بیرکردنەوەی بەم جۆرە بوو:"من فێر دەبم، دووجار هەمان هەڵەم نەکردووتەوە و ئەمە ئەزموونێکی نایابە."

داوای لە هاوژینەکەی کرد تا جارێکی دی پاڵپشتی بکات و بڕیاری دا خانووبەرەی بازرگانی و شوێنی نیشتەجێبوون بفرۆشێت. یەکێك لە کارامەییەکان، کە پیتەر پەرەی پێ دا بوو بەدرێژاییی ئەو چەندین ساڵە، تواناکەی بوو لە قایلکردنی خەڵکیدا، زۆرێك لەمە سەرچاوەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەردەوام پێویستی کردووە چارەسەری کێشەی قەرزدەرەکان بکات، کە داوای پارەکەیان دەکردەوە.

لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا، کاتێك باس لە خانووبەرە دەکرێت ناوی پیتەر دانیالز دەبرێت.

لەمڕۆدا، پیتەر وەك بازرگانێکی نێودەوڵەتی ناسراوە، کە چەندین کاری بازرگانی هەیە لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهاندا، هەروەها کەسێکی بەسۆزە و بەخشندەییەکەی وای لێکردووە یارمەتی چەندین خێزانی هەژاری مەسیحی بدات.

کاتێك پرسیاری لێ کرا:"چی بووە هۆکاری ئەوەی، کە ژیانی بەتەواوی بگۆڕێت؟" لە وەڵامدا گوتی:" کاتەکانم ڕێك دەخەم بۆ بیرکردنەوە، ئەوەی

ڕاستی بێت لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك تەرخان دەکەم بۆ بیرکردنەوە، هەموو بیرۆکە نایابەکانم، دەرفەتەکانم و کارەکانم بۆ پەیداکردنی پارە بەو ڕۆژانە دەستیان پێ کرد، کە من بۆ بیرکردنەوە تەرخانم کردن و خۆم جیاکردەوە لە هەمووکەس تەنانەت خێزانەکەشم، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەم نەپچڕێت." هەمان ستراتیژیش بۆ ئالبێرت ئاینشتاین کاری خۆی کرد و سوودی هەبوو.

بووە هۆی گۆڕینی ژیانی پیتەر دانیالز لە شکستی لە قوتابخانەوە بۆ بازرگانێکی ملیاردێر، بەم بۆنەیەوە چەندین کتێبی ناوداری نووسی و یەکێك لە کتێبەکانی بەناوی (خاتوو. فلیپس تۆ هەڵە بوویت!) وەك وەبیرهێنانەوەیەك بۆ مامۆستاکەی، کە چیتر بەخێرایی بڕیار لەسەر قوتابیەکانی نەدا.

## برەودان بە وێنەیەکی ڕوونی تایبەت

پیتەر دانیالز، توانای دروستکردنی وێنەی دڵخۆشکەری هەیە بۆ داهاتووی، زۆرینەی خەڵکی وێنەیەکی ڕوونیان نییە لەوەی، کە چییان دەوێت، ئایا تۆ هەتە؟ ئایا بەردەوام کات دادەنێیت بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوویەکی باشتر؟ ڕەنگە بڵێیت،"ئاساییە بۆ پیتەر، بەڵام من هەرگیز ناتوانم لە هەموو هەفتەیەکدا ڕۆژێك تەرخان بکەم بۆ بیرکردنەوە، چونکە پێویستم بە ڕۆژێکی زیادە هەیە."

زۆر باشە، ئایا دەتوانیت سەرەتا بە پێنج خولەك دەست پێ بکەیت و وردە وردە زیادی بکەیت بۆ کاتژمێرێك؟

ئایا ئەوە بەکارهێنانێکی باشی کاتەکەت نابێت هەموو هەفتەیەك شەست خولەك بەسەر ببەیت بۆ دروستکردنی وێنەیەکی ڕوونی داهاتووت؟ زۆرینەی خەڵکی کاتێکی زیاتر بەسەر دەبەن بۆ پلانی گەشتێکی دوو هەفتەیی وەك لە بیرکردنەوە بۆ داهاتوو و ژیانیان بەتایبەتی داهاتووی داراییەکەیان.

ئەمە بەڵێنێکە: ئەگەر هەوڵ بدەیت بۆ برەودان بە خووی ڕوونی تایبەت، ئەوا دەرەنجامەکەی زۆر نایاب دەبێت. ئاخۆ ئارەزووەکەت ئەوەیە ڕزگارت بێت لە قەرز یان چێژ لە کاتی زیاتر ببینی، یان پەیوەندییەکی خۆشەویستیی سەرنجڕاکێش بنیاد بنێیت، دەتوانیت هەموو ئەمانە بەدەست بهێنیت و زیاتریش ئەگەر وێنەیەکی تەواو ڕوونت هەبێت لەوەی دەتەوێت چی بەدەست بهێنیت.

ئایا درکت بەوە کردووە، کە منداڵەکان وێنەیەکی ڕوونی تایبەتیان هەیە؟ ئەمە چەند بەڵگەیەکە:

"دەتوانیت، لە هەمان کاتدا لەگەڵ چوار کچدا خۆشەویستی بکەیت."

– تەمەنی نۆساڵی

"کاتێك ژوورەکەم بەو جۆرە لێ دەکەم، کە حەزم لێیە دایکم وام لێ دەکات بەتەواوی خاوێنی بکەمەوە."

– تەمەنی سیازدە ساڵی

"ناتوانیت پارچەیەك بڕۆکلی لە پەرداخێکی شوشەی شیردا بشاریتەوە."

– تەمەنی حەوت ساڵی

## مەبەست لە ئامانجەکان

ئایا ئامانجدانەرێکی هۆشیاریت؟ ئەگەر وایە زۆر باشە، بەڵام تکایە ئەو زانیارییە بخوێنەرەوە، کە پێت دەڵێین، دەرفەتی قازانجکردنت دەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا وێنایەکی فراوانترت دەبێت لە دانانی ئامانجەکان.

ئەگەر بەئاگاییانە ئامانج دانەنێیت، ئەوا پلانێکی نووسراوت نابێت بۆ داهاتوو، کەوایە بەوردی تەرکیزت بخەرە سەر ئەم زانیارییە، چونکە بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو ژیانت بەرەو پێش دەبات.

ئایا ئامانج چییە؟ ئەگەر پێناسەی ئامانج ڕوون نییە لات، ئەوا ڕەنگە بەزوویی زانیاریی تەواوت دەست بکەوێت سەبارەت بە ئامانج بەر لەوەی دەست پیێ بکەیت. لە ماوەی ئەم چەندین ساڵەدا زۆر وەڵاممان بیستووە و ئەمەش یەکێکە لە باشترین وەڵامەکان سەبارەت بەوەی ئامانج چییە.

"ئامانج شوێنێکەوتنێکی بەردەوامە بۆ شتێکی بەهادار، هەتاکوو بەدەست دێت."

سەیری وشەکانی ناو ئەم ڕستەیە بکە: (بەردەوام) واتە پرۆسەیەکە، لەبەرئەوەی ئامانجەکان کاتیان دەوێت، وشەی (شوێنکەوتن) نیشانەی شوێنکەوتن و ڕاکردنە بەدوای شتێکدا، بەدڵنیاییەوە هەندێك بەربەست و ڕێگریت بۆ دروست دەبێت بەدرێژاییی ڕێگاکە، کە دەبێت زاڵبیت بەسەریاندا و وشەی (بەهادار)یش واتە شایستەی شوێنکەوتنە، چونکە شتێکی گرنگ و بەهادارە و لە کۆتاییدا دەستکەوت و ئەنجامێکی نایابت دەبێت، کە هەموو کاتە دژوارییەکانت بیر دەباتەوە، (هەتاکوو بەدەست دێت) واتە هەرشتێك پێویست بێت ئەنجامی بدەیت بۆ تەواوکردنی کارەکە. ئەمە هەموو کات ئاسان نییە، بەڵام گرنگە ئەگەر بتەوێت ژیانت پڕ لە دەستکەوتی ناوازە بێت.

دانان و بەدیهێنانی ئامانجەکان یەکێکە لە باشترین ڕێگاکان بۆ هەڵسەنگاندنی بەرەوپێشچوونی زیاتر و دروستکردنی وێنەیەکی ڕوونی تایبەت.

ئەوە بزانە دەستکەوت لە هەوڵدانی بەردەوامدا بەدەست دێت.

## لیستێکی هەڵسەنگاندنی دە خاڵی بۆ ئامانجە لەپێشینەکانت

داڤید لێتەرمان، لیستێکی دە خاڵی دروست کرد بۆ دانانی ئامانجەکان، ئەم لیستە، زانیاریی زۆر بەبەهای تێدایە و لیستێکی هەڵسەنگاندنە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی، شێوازێکی سەرکەوتوو بەکار دەهێنیت بۆ دانانی ئامانجەکانت.

ئەمانە کۆمەڵێك خاڵن، بەڵام تۆ دەتوانیت ئەو خاڵانەیان هەڵبژێریت، کە باشتر لەگەڵ تۆدا دەگونجێن.

### ١. پێویستە گرنگترین ئامانجەکانت هی خۆت بن.

ئەمە ڕوونە، هەڵەیەکی باو هەیە، لەلایەن هەزاران کەسەوە دەکرێت ئەویش ئەوەیە، ڕێگە دەدەن ئامانجە سەرەکییەکانیان لەلایەن کەسانی دیکەوە دابنرێن: ڕەنگە ئەو کۆمپانیایە بێت، کە کاری بۆ دەکەیت، پیشەسازییەکەت، سەرۆکەکەت، بانکەکەت، کۆمپانیای بارمتەی خانووبەرەکەت یان هاوڕێ و دراوسێکانت.

لە یەکێك لە وۆرکشۆپەکانماندا، ئەوە فێری خەڵکی دەکەین ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن،"ئایا بەڕاست چیم دەوێت؟" جارێکیان لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکەماندا پیاوێك هات بۆ لامان و گوتی من ددانسازم چومە ناو ئەم پیشەیەوە، چونکە دایکم ویستی ببم بە ددانساز، من ڕقم لەم بوارە بوو،

ڕۆژێکیـان دەمـی نەخۆشـێکم بریـنـدار کـرد و بـڕی (٤٧٥,٠٠٠) دۆلارم پێـدا لـە قەرەبوویدا.

ئەمـە مەبەسـتەکەیە: کاتێـك ڕێگـە دەدەیـت کەسـانی دیکـە، یـان کۆمەڵگـە پێناسەی سەرکەوتنت بۆ بکەن، ئەوا داهاتووی خۆت وێران دەکەیت، کەوایـە لـە ئێستا بەدواوە خۆت ئامانجەکانت هەڵبژێرە.

ڕاگەیاندن یەکێکە لە کاریگەرترین ڕێگاکان کاریگەری لەسەرت دەبێت، کاتێك دێتە سەر باسی بڕیاردان.

لە ڕاستیدا، ئەگەر لە شارێکی زۆر گەورەدا بژیت، ئەوا هەموو ڕۆژێك لانی کەم ١٧٠٠ پـەیامی ڕیکلامیـت پێـدەگات، بـەردەوام ڕیکلامـی بازرگـانی تەلـەڤزیۆنی و ڕادیـۆیی بوونیـان هەیـە لەگـەڵ ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانیشـدا و بیرکردنـەوەمان بـە شێوەیەکی بەردەوام و بەئاگاییانـە لەلایـەن هـەموو ئەمانـەوە کاریگـەری لەسـەر دەبێت.

ئایا بەڵگـەی زیـاترت دەوێـت؟ چ شـتێك لەسـەر بـەرگی پێشـەوەی زۆرینـەی گۆڤارە ناودارەکاندایە؟ وێنەی کچێك بـە گـەورەیی، کـە وێنەیـەکی درەوشـاوە و شـێوازێکی قـژداهێنانی جـوان و بێکـەموکورتی هەیـە تەنانـەت چرچـییەکیش لـە ڕووخساریدا بەدی ناکرێت، یان وێنەی کـوڕێکی گـەنج، کـە ماسـولکەی گـەورەی هەیە هەرچەندە بە ڕاهێنانکردن دروست نـەبوون، ئایـا پەیامەکـە چییە؟ ئەگـەر وەك ئەم کەسانە دەرنەکەویت، ئەوا سەرکەوتوو نیت.

ئەمەش وا دەکات گەنجەکان تەنها ئەو کەسانەیان لا پەسەند بێت، کە شێوە و ڕووخسارێکی جوان و کاریگەریان هەیە.

ئێستا بڕیار بدە، بۆ ئەوەی پێناسەی خۆت بۆ سەرکەوتن بکـەیت و چـیدیکە نیگەران نەبیت سەبارەت بەوەی کەسانی دیکە بۆچوون و هەڵوێستیان چۆنە. بۆ

ماوەی چەندین ساڵ سام والتن، دامەزرێنەری والمارت حەزی لە ئوتۆمبێلێکی فۆردی کۆن دەکرد هەرچەندە یەکێك بوو لە سامانداره‌کان لە تەواوی وڵاتدا، کاتێك پرسیاری لێ کرا بۆچی ئوتۆمبێلێکی باشتر و گرانبەهاتر لێناخوڕێت، کە لەگەڵ ئاست و ناوبانگیدا بگونجێت؟ وەڵامی دایەوە:"من حەز بە ئوتۆمبێلە کۆنەکەم دەکەم." کەوایە وێنەکە لەبیر بکە و ئەو ئامانجانە بۆ خۆت دابنێ لەگەڵتدا دەگونجێن.

بەهەرحاڵ ئەگەر دەتەوێت ئوتۆمبێلێکی سەرنجڕاکێش لێ بخوڕیت، لە ماڵێکی جواندا ژیان بکەیت یان ژیانێکی خۆشت هەبێت، ئەوا دەست پێ بکە و تەنها لەوە دڵنیا بەرەوە، ئەوە ئەو شتەیە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت.

## ٢. پێویستە ئامانجەکانت واتابەخش بن.

چارلی جۆنز، باس لە ڕۆژانی سەرەتای پیشەکەیمان بۆ دەکات بەم شێوەیە:"بیرمە کاتێك هەوڵم دەدا دەست بە بازرگانییەکەم بکەم، ئەوا چەندین شەوگاری درێژ هەبوون، کە چاکەتەکەم دادەکەند، لولم دەکرد و دەم کرد بە سەرین و لەسەر مێزەکەم دەنوستم."

ئامانجەکانی هێندە واتابەخش بوون، هەرچی پێویست بوایە دەی کرد، بۆ ئەوەی یارمەتیی بازرگانییەکەی بدات نەشونما بکات. ئەگەر بۆ تۆ بەسەربردنی چەند شەوێکی کەمی پێویست بێت لە نوسینگەکەتدا ئەوا ئەنجامی بدە، ئەوە خۆتەرخانکردنی تەواوە و خاسیەتێکی گرنگە، بۆ ئەوەی ببیت بەو کەسەی دەتەوێت. لە سەرەتای تەمەنی ٣٠ ساڵیدا داهاتی زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن دۆلاری

بەدەست هێنا، لەو کاتـەدا ١٠٠ ملیـۆن دۆلار بـڕە پارەیـەکی زۆر زۆر بـوو، بـەڵام ئێستاکە باس باسی ترلیۆنە.

کاتێك ئامادەکاری دەکەیت تـا ئامانجـەکانی داهـاتووت بنووسـیت، لـە خـۆت بپرسە،"بەڕاست چ شتێك گرنگە بۆم؟" ئایا مەبەست لە ئەنجامدانی ئەمە چییە؟ ئایا ئامادەم چ شتێك ببەخشم تا بەدەستی بهێنم؟ ئـەم پرۆسـەی بیرکردنەوەیـە ڕوونیت لا زیاد دەکات.

تەرکیز لەسەر شێوازێکی نوێی ژیانی خۆشی بکەرەوە، کـە دەتوانیـت چـێژی لێ وەر بگریت بە خۆتەرخانکردنت بۆ کرداری نەگۆڕ، ئەگەر ئەمە سوودی نـەبوو بۆت، ئەوا بیر لە بژاردەکان بکەرەوە.

ئەگەر بەردەوام بیـت لەسـەر ئەنجامـدانی هـەمان ئـەو شـتانەی هـەموو کـات ئەنجامت داون، ئایا شێوازی ژیانت لە ٥ یان ٢٠ ساڵی داهاتوودا چۆن دەبێت؟ چ وشـەیەك تـاریفی وێنـەی داراییـی داهـاتووت دەکـات ئەگـەر هـیچ گۆڕانکارییـەك نەکەیت؟ ئەی ئایا تەندروستیت، پەیوەندییەکانت، ڕێژەیی ئەو کاتـەی، کـە کـار ناکەیت و خۆشی لێ دەبینت؟ ئایا هێشتا چێژ لە ئـازادیی زۆرتـر دەبینیـت، یـان هێشتا چەندین کاتژمێری زۆر کار دەکەیت لە هەفتەیەکدا؟

| |
|---|
| خۆت لە وشەی "خۆزگە" بەدوور بگرە. |

جیم ڕۆن ئەوەی بـەدی کـرد دوو جـۆر ئـازار بـوونی هەیـە لـە ژیانـدا: ئـازاری خۆتەرخانکردن (ڕاهێنانکردن) و ئازاری پەشیمانیش. ئازاری خۆتەرخانکردن زۆر ناخۆش نییە، بەڵام ئازاری پەشیمانی زۆر ناخۆشە کاتێـك دەسـتکەوتت نابێـت و هەوڵنادەیت.

ناتەوێ چەند ساڵێ دواتر سەیری ڕابردووت بکەیت و بڵێیت:" خۆزگە ئەو دەرفەتە بازرگانییەم بقۆستایەتەوە، خۆزگە پارەم پاشەکەوت دەکرد و بەردەوام وەبەرهێنانم پێ دەکرد، کاتی زیاترم لەگەڵ خێزانەکەم بەسەر دەبرد و خۆزگە ئاگاداری تەندروستیم دەبووم..." بیرت بێت، هەڵبژاردن لەدەست خۆتدایە، بەتەواوی بەرپرسیت لە هەر هەڵبژاردنێك، کە دەیکەیت. کەوایە ژیرانە هەڵبژاردنەکانت ئەنجام بدە، ئێستا خۆت تەرخان بکە بۆ دروستکردنی ئامانجەکان، کە گرەنتی سەرکەوتن و ئارامیی هزریت دەکەن.

## ٣. پێویستە ئامانجەکانت تایبەت و پێوانەکراو بن.

یەکێکە لە سەرەکیترین هۆکارەکان، کە بۆچی خەڵکی ئەو شتە بەدەست ناهێنن لە توانایاندایە ئەوەیە هەرگیز بەدروستی پێناسەی ئەو شتە ناکەن، کە دەیانەوێت. ڕستەی ناڕوون و خۆزگە هیچ سوودیان نابێت، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێك بڵێت،" ئامانجم ئەوەیە لەڕووی داراییەوە ببم بە کەسێکی سەربەخۆ." ئایا بەڕاست ئەوە واتای چییە؟

لای هەندێك سەربەخۆیی دارایی واتە هەبوونی ٥٠ ملیۆن دۆلار. لای هەندێکی دیکە، واتە بەدەستهێنانی ١٠٠ هەزار دۆلار لە ساڵێکدا، لای هەندێکی دیکەش، واتە هیچ برە پارەیەك قەرزدار نەبیت، ئایا لای تۆ واتای چییە؟ ئایا ژمارەکە لای تۆ چەندە؟ ئەگەر ئامانجێکی گرنگە لات، ئێستا کاتی بۆ تەرخان بکە.

پێناسەی دڵخۆشی پێویستی بە هەمان لێکۆڵینەوە هەیە و تەنها لە "ویستنی کاتی زیاتر لەگەڵ خێزانەکەم،" کورتی مەکەرەوە. چەند کاتی پێویستە، کەی،

چەند جار، چی دەکەیت لەو کاتەدا، وە لەگەڵ کێ بەسەری دەبەیت؟ ئەم ڕستەیە، یارمەتیت دەدات زیاتر ڕوون بێت لات: "زیاتر ورد و دەقیق بە."

لی:

یەکێك لە بەشداربووەکان لە بەرنامەی ڕاهێنانی هێزی تەرکیزکردندا، ئامانجەکەی نیشان داین، کە هەبوونی تەندروستییەکی باشتر بوو بە ڕاهێنانکردن، هەستی بە هێواشی دەکرد لە کارەکانیدا و وزەی زیاتری دەویست.

" دەست بە ڕاهێنان کردن بکە! " پێناسەیەکی لاوازی ئەم ئامانجەیە، زۆر گشتگیرە، هیچ ڕێگایەك نییە بۆ پێوانەکردنی، لەبەر ئەوە گوتمان زیاتر وردی بکەرەوە.

لە وەڵامدا گوتی:" لە ئێستا بەدواوە دەمەوێت ڕۆژانە ٣٠ خولەك ڕاهێنان بکەم و لە هەفتەیەکیشدا چوار جار."

ئایا دەزانیت دواتر چیمان پێگوت؟ گوتمان:" زیاتر ورد و دەقیق بە! " بە دووبارەکردنەوەی ئەم پرسیارە چەند جارێك، ئامانجی تەندروستییەکەی بەم جۆرە پێناسە کردەوە: ڕاهێنانکردن بۆ ماوەی ٣٠ خولەك لە ڕۆژێکدا، چوار جار لە هەفتەیەکدا، ڕۆژانی دووشەممە، چوارشەممە، هەینی و شەممان، لە کاتژمێر ٧- ٧:٣٠ خولەکی بەیانی وە ڕۆتینەکە پێکهاتبوو لە ١٠ خولەك دەست و قاچڕاکێشان و ٢٠ خولەکیش ڕاهێنانکردن لەسەر پاسکیل.

چ جیاوازییەك! ئێستا بەئاسانی هەست بە پێشکەوتنەکەی دەکەین. چیتر خۆی بەرپرسە لە ئەنجامەکان.

ئەمە مەبەستەکەیە: کاتێك ئامانجێك دادەنێیت، ئەوا خۆت بەرەنگاری وشەکان ببەرەوە،" وردتر و تایبەتتری بکەرەوە." بەردەوام ئەمە دووبارە بکەرەوە هەتا ئامانجەکەت تەواو ڕوون و پێوانەکراو دەبێت. بە ئەنجامدانی ئەمە

بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو دەرفەتی بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکەت زیاد دەکەیت، کە دەتەوێت.

| |
|---|
| بیرت بێت، پەیامێك، کە پێوانە نەکرێت، تەنها بیرکردنەوەی خوزگەخواستنە. |

## ٤. پێویستە ئامانجەکەت گونجێنەر بێت.

ئایا ئەمە بۆچی گرنگە؟ چەند هۆکارێك هەن:

یەکەم، ناتەوێت سیستەمێك دابمەزرێنیت، کە جێگیر بێت و وا هەست بکەیت ناتوانیت بەهۆیەوە کاری دیکە ئەنجام بدەیت بۆ نموونە: ئەگەر بەرنامەیەکی ڕاهێنان دروست بکەیت بۆ هەبوونی تەندروستییەکی باشتر، ڕەنگە بتەوێت جیاوازی لە کاتەکەت و جۆری ڕاهێنانەکەشدا بکەیت لەماوەی هەفتەکەدا، بۆ ئەوەی لات بێزار نەبێت.

ڕاهێنەرێکی بەئەزموونی بواری لەشجوانی دەتوانێت یارمەتیت بدات و بەرنامەکەت بۆ بگۆڕێت، چێژی لێ وەر بگریت و چەندین یاریی جۆراوجۆریشی تیادا بێت و گرەنتی ئەو ئامانجانەت پێ دەدات، کە دەتەوێت بەدەستیان بهێنیت.

دووەم، پلانێکی گونجێنەر، ئازادیت پێدەدات کۆرسەکە بگۆڕیت ئەگەر دەرفەتی نایابت بۆ پێش بێت، ئەگەر شوێنی نەکەویت، ئەوا کەسێکی ئاسایی نیت. بۆ ئاگاداریت ئەمە واتای ئەوە نادات شوێن هەموو بیرۆکەیەك بکەویت، کە لە دەرگات دەدات.

بەڵێندەرەکان بەوە ناسراون بەزوویی بیروخەیاڵیان پەرش و بڵاو دەبێت و تەرکیزیان لەدەست دەدەن. تەرکیز مەخەرە سەر هەموو بیرۆکەکان، بەڵکوو تەنها تەرکیز لەسەر یەك دانە یان دووانیان بکەرەوە، کە دەتوانن دڵخۆش و ساماندارت بکەن.

## ٥. پێویستە ئامانجەکانت بەرەنگاریکەر و دڵخوشکەر بن.

کاتێك ئامانجێك بەرەنگاریکەر و دڵخۆشکەر بێت، ئەوا سوودێکت دەست دەکەوێت، کە ڕێگە نادات بچیتە ژیانێکی بێزارییەوە، بۆ ئەنجامدانی ئەمە دەبێت خۆت ناچار بکەیت لە ناوچەی پاڵدانەوەت بێیتە دەرەوە.

ڕەنگە کەمێك ترسێنەر بێت، لەبەر ئەوەی هەرگیز دڵنیانیت، ئایا سەرکەوتوو دەبیت. ئەمەش هۆکارێکی باشە وا لە خۆت بکەیت ئەنجامی بدەیت، هەمیشە زیاتر فێر دەبیت سەبارەت بە ژیان و تواناکەت بۆ سەرکەوتن لە کاتێکدا نائارامییت و کاتێك هیچ ترسێکت نییە گەورەترین دەستکەوتت دەبێت.

جۆن گۆدارد، گەڕیدەیەك بوو، پێی دەوترا (ئیندیان جۆنزی ڕاستەقینە) نموونەیەکی سەرنجڕاکێشە بۆ ئەم چەمکە، لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا لیستێکی ١٢٧ ئامانجی بەرەنگاریکەری دانا، کە دەیویست بەدەستیان بهێنێت.

ئەمانەش کۆمەڵێکن لە ئامانجەکانین: گەڕان و سەردانیکردنی هەشت ڕووباری گەورە لە جیهاندا لە ناویشیاندا: نیل، ئەمازۆن، کۆنگۆ و سەرکەوتن بەسەر ١٦ لە بەرزترین چیاکان لە جیهاندا لەناویشیاندا چیای ئێڤرێست، کینیا و ماتەرهۆن، فێربوونی لێخوڕینی فڕۆکە، بەدەوری گۆی زەویدا بگەڕێت (چوار جار ئەمەی کرد) سەردانیکردنی جەمسەرەکانی باشوور و باکوور، خوێندنەوەی تەواوی ئینجیل، فێربوونی ژەنینی فلوت و کەمانچە.

کاتێك تەمەنی گەشتە ٥٠ ساڵی بەسەرکەوتووانە زیاتر لە ١٠٠ دانە لە ئامانجەکانی بەدەست هێنا.

کاتێك پرسیاری هۆکاری سەرکەوتنی لێ کرا، لە وەڵامدا گوتی:" دوو هۆکار هەیە بۆ سەرکەوتنم: بێزاربووم لەوەی، کە خەڵکانی دیکە پێم بڵێن چی بکە و چی مەکە و نەشمدەویست بگەمە تەمەنی ٥٠ ساڵی و هیچ شتێکم بەدەست نەهێنابێت."

بەشێوەیەکی گەورە بیر بکەرەوە، کۆمەڵە ئامانجێك دابنێ، کە دڵخۆشت بکەن و نەهێڵن لە شەواندا لەسەر جێگەی نوستنەکەت خەوت لێ بکەوێت.

ژیان زۆر شتی هەیە، کە پێت ببەخشێت.

## ٦. پێویستە ئامانجەکانت لەگەڵ بەهاکانتدا یەکانگیر و گونجاو بن.

کاتێك ئامانجەکانت لەگەڵ بەها سەرەکییەکانتدا دەگونجێنیت، ئەوا ڕێگاچارەکان دادەنرێن، کە بەردەوام بن. ئایا بەها سەرەکییەکانت چین؟ هەرشتێکن، کە زۆر هەستت جددییە دەربارەیان.

ئەمانە چەند باوەڕێکی بنچینەیین، کە زۆر بەباشی پەرەیان پێ دراوە و ماوەی چەندین ساڵە کەسایەتیتیان بنیاد ناوە: دەسپاکی (ڕاستگۆیی) و ڕەوشتت. کاتێك شتێك دەکەیت، کە پێچەوانەی ئەم بەهایانەیە، ئەوا ژیرییەکەت، یان بوێرییەکەت وەك وەبیرهێنەرەوەیەك کار دەکەن و پێت دەڵێن ئەمە کارە دروستەکە نییە.

وا دابنێ، پارەیەکی زۆرت بە قەرز وەرگرتووە وە فشارێکی زۆریشت لەسەرە تائەوەی، کە قەرزەکە بدەیتەوە، لە ڕاستیدا، بارودۆخەکەت سەختە و ڕۆژێك

هاوڕێیەکت پێت دەڵێت:" ڕێگایەکم دۆزیووەتەوە تا بەئاسانی هەندێك پارە پەیدا بکەین، ئەوەی پێویستە لەسەرمان تەنها برینی بانکێکە، سبەینێ زۆرترین پارەی مانگانە لە بانك دادەنرێت و پلانێکی ئاسان و زۆر باشم هەیە، کە دەتوانین لەماوەی ٢٠ خولەکدا ئەنجامی بدەین."

لە ئێستادا لە دۆخێکی سەخت و دژواردایت، لەلایەکی دیکەوە ئارەزووەکەت بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانییە داراییەکانت زۆر بەهێزە و دەستکەوتنی ئەو بڕە پارەیەش شتێکی زۆر باش دەبێت بۆت.

ئەگەر بەهای ڕاستگۆییت بەهێزتر بێت لە ئارەزووەکەت بۆ پارە، ئەوا ئەنجامی نادەیت، چونکە دەزانیت ئەوە کارە دروستەکە نییە، کە دەبێت ئەنجامی بدەیت بۆ دەستکەوتنی بڕە پارەیەکی زۆر. ئەگەر هاوڕێکەت ڕازی کردیت ئەو کارەی لەگەڵ بکەیت، ئەوا دواتر لە ناخەوە هەست بە تاوانی ویژدان و نیگەرانی دەکەیت، ئەوەش هۆکاری ڕاستگۆییتە و کاردانەوەت بۆی دەبێت و هەستی نائاسوودەییی ویژدان و تاوانکردن بۆ هەمیشە داگیرت دەکات.

کاتێك بەها سەرەکییەکانت دەخەیتە ژێر ڕکێفی خۆتەوە و وەك ئامانجی ئەرێنی و دڵخۆشکەر و مەبەستدار بەکاریان دەهێنیت، ئەوا بڕیاردان بۆت دەبێتە شتێکی ئاسان، هیچ کێشەیەکیش لە ناختدا ڕوونادات، کە بتگێڕێتە دواوە. ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی وزەکەت و لە ئاکامیشدا دەبێتە هۆکارێك تائەوەی ئاستێکی زۆر بەرز پێشکەش بکەیت.

## ٧. پێویستە ئامانجەکانت بەباشی پێکەوەبەستراو و هاوسەنگ بن.

ئەگەر بڕیار بێت دووبارە لە سەرەتاوە دەست بە ژیان بکەیتەوە، ئایا چ شتێك بەجیاوازی ئەنجام دەدەیت؟ کاتێك کەسانێك لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا

ئەم پرسیارەیان لێ دەکرێت، ئەوا هەرگیز لە وەڵامدا نالێن،" کاتی زیاتر لە نوسینگەکەمدا بەسەر دەبەم." یان " بەشداری لە کۆبوونەوەی زیاتری لیژنەکاندا دەکەم." نەخێر، لەبری هەموو ئەمانە دەڵێن،" گەشتی زیاتر دەکەین، کاتی زیاتر لەگەڵ خێزانەکانمان بەسەر دەبەین و کات لەگەڵ هاوڕێکانمان بەسەر دەبەین بۆ خۆشیبینین و ڕابواردنی خۆمان." هەر بۆیە کاتێك ئامانجەکانت دادەنێیت، ئەوا دڵنیابەرەوە ئەو بوارانەی تیادایە، کە کاتی زیاترت پێ دەدەن بۆ ئارامبوونەوە و چێژوەرگرتن لە شتە خۆشەکانی ژیان. کارکردنی زۆر لە هەموو ڕۆژێکدا و لە تەواوی هەفتەدا ڕێگایەکی دڵنیاکەرەوەیە بۆ نەهێشتنی وزە و تەندروستییەکی خراپ.

ژیان زۆر کورتە و شتە باشەکان لەدەست خۆت مەدە.

## ٨. پێویستە ئامانجەکانت ڕاستەقینە بن.

ئەمە پێچەوانەی ئەو وتەی پێشووترە کە گوتمان بەشێوەیەکی گەورە بیر بکەرەوە، هەرچەندە پێوانەی ڕاستی دڵنیات دەکاتەوە لە بەدەستهێنانی ئەنجامی باشتر، بەڵام زۆر کەس ناڕاستن سەبارەت بە ئامانجەکانیان لە دیاریکردنی بڕی ئەو کاتەی، کە دەیخایەنێت بۆ بەدیهێنانیان. ئەم ڕستە گرنگەت بیر بێت، کە دەڵێت:

> هیچ شتێك بەناوی ئامانجە ناڕاستەقینەکان بوونی نییە،
> بەڵکوو تەنها شێوازی کاتی ناڕاستەقینەن.

ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا ٣٠ هەزار دۆلار پەیدا بکەیت و ئامانجەکەت ئەوە بێت لەماوەی ٣ مانگدا ببیت بە ملیۆنێر، ئەوا شتێکە بەتەواوی دوورە لە ڕاستییەوە و شیاوی باوەڕپێکردن نییە.

کاتێك دێتە سەر باسی چالاکیی بازرگانیی نوێ، ڕێسایەکی باش ئەوەیە ئەو کاتە دوو هێندە لێ بکەیت، کە پێت وایە سەرەتای دەستپێکردن پێویستیەتی. کۆمەڵە شتێك هەن لە پرۆسەکەدا هێواشت دەکەنەوە وەك: ئاستەنگە داراییەکان، بەربەستە یاساییەکان، پرۆسە و ڕێساکانی حوکومەت، کە پێویست نین و دوای دەخەن.

هەندێك کات خەڵکی ئامانجی خەیاڵاویی دادەنێن، وەکوو: ئەگەر درێژی باڵات چوار پێ بێت، ئەوا بێگومان هەرگیز ناگونجێت بۆت، کە یاریی باسکە بکەیت. مەبەستمانە ئەوەیە، کە دەڵێین گەورە بیر بکەرەوە و وێنەیەکی دڵخۆشکەری داهاتوو بکێشە، تەنها لەوە دڵنیابەرەوە، پلانەکەت باوەڕپێکراوە و دەکرێت بەدی بێت و کاتی پێویستیشی پێ بدە بۆ بەدیهێنانی.

## ٩. پێویستە ئامانجەکانت یارمەتیدان (بەخشین) لەخۆ بگرن.

ئەمە ڕستەیەکی گرنگی ئینجیلە دەڵێت:"چی بچێنیت، ئەوە دەدووریتەوە." ئەمە ڕاستییەکی سەرەکییە، ئەگەر شتێکی باش ببەخشیت، ئەوا شتی باشت پێ دەدرێت و پاداشتەکانت گرەنتیکراون. ڕێککەوتنێکی باشە، ئایا وانییە؟

بەداخەوە، کەسانێکی زۆر، کە هەوڵی سەرکەوتن دەدەن وەك پارە و شت پێناسەی دەکەن و دەرفەتەکە لەدەست دەدەن، هیچ کات و دەرفەتێك لە ژیانیاندا نییە تا شتێکی بەسوود بە کۆمەڵگا ببەخشن. واتە کەسانێکی وەرگرن و بەخشەر نین.

ئەگەر هەمیشە لە وەرگرتن بەردەوام بیت، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا زۆر شت لەدەست دەدەیت.

بەخشین، زۆر شێوەی هەیە بۆ نموونە: دەتوانیت کاتەکەت ببەخشیت، پسپۆڕییەکەت ببەخشیت و بەدڵنیاییەو دەتوانیت لەڕووی داراییشەوە ببەخشیت. کەوایە بیکە بە بەشێك لە ئامانجەکانت، بەبێ هیچ مەرج و چاوەڕوانییەك ئەنجامی بدە و چاوەڕوانی پاداشتی خێرا مەکە. دڵنیا بە ڕۆژێك دێت، بە شێوازێکی چاوەڕواننەکراو پاداشتەکان وەردەگریتەوە.

## ١٠. پێویستە ئامانجەکانت پاڵپشتی بکرێن.

ئەمە کۆتا بەشی لیستی هەڵسەنگاندنی ئامانجەکانتە و شایستەی مشتومڕلەسەرکردنە. سێ بۆچوون هەیە دەربارەی، هەندێك کەس ئامادەن بەتەواوی جیهان بڵێن، دەیانەوێت چی بکەن و پێیان وایە ئەمەش وایان لێدەکات زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن بۆ کارەکانیان. زۆر سەختە کۆڵ بدەیت و واز بهێنیت لە کاتێکدا جیهان سەیرت دەکات و چاوەڕوانن تا ببینن ئایا ئەو شتە دەکەیت، کە وتووتە ئەنجامی دەدەم. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی فشارێکی زۆرت لەسەر دروست بێت کاتێك ئەم ستراتیژییە هەڵ دەبژێریت. کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو سەرکەوتوو دەبن تیایدا.

د. ڕۆبێرت شۆلەر، نموونەیەکی باشە، کە بەتەواوی جیهانی گوت،"دەیەوێت پەرستگایەکی جوان بنیاد بنێت لە شاری گاردن گرەوڤ، لە ویلایەتی کالیفۆرنیا."لەو کاتەدا پڕۆژەکە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلاری پێویست بوو، زۆرێك لەوانەی چاودێرییان دەکرد بە بیرۆکەکەی پێدەکەنین و پێیان وابوو هەرگیز

ناتوانێت سەرکەوتوو بێت. ئەوەبوو بەردەوام بوو وە توانی سەرکەوتوو بێت، هیچ برە پارەیەکیش قەرزار نەبوو بۆی وە تێچووەکەی کەمتر بوو لە ٣٠ ملیۆن دۆلار.

یەکێك لە وتەکانی ئەوەبوو، گوتی:"کاتێك خەونی گەورەت هەیە، ئەوا سەرنجی ئەو کەسانە ڕادەکێشیت، کە خەونی گەورەیان هەیە." ئەوەبوو توانی بیکات لە ڕاستیدا چەند کەسێك هەریەکەیان زیاتر لە ملیۆنێکیان پێ بەخشی بۆ سەرکەوتن و تەواوکردنی پرۆژەکەی.

ئەمەش بۆچوونی دووەمە، ئامانجەکانی خۆت دابنێ و با بەتەنها خۆت بیانزانیت وە بەردەوام بە لە کارکردن لەسەریان. (کردار شەرتە !) کەسانێکی زۆر سەرسام دەکەیت بە دەرەنجامی کردارەکانت.

بۆچوونی سێیەم، کە ژیرانەترین ستراتیژییە دەڵێت، بەوریایی و بەئاگایانە چەند کەسێك دیاری بکە و ئامانجەکانی خۆتیان لا باس بکە، کە متمانەیان پێ دەکەیت.

ئەم کەسانە پاڵپشت و هاندەرت دەبن کاتێك تووشی دژواری و ناخۆشی دەبیت، ئەگەر پلانی گەورەت هەیە، ئەوا پێویستت بە یارمەتیدانی ئەم کەسانە دەبێت، لەبەر ئەوەی بەدڵنیاییەوە بەدرێژاییی ڕێگاکە تووشی چەندین بەربەست و ناخۆشی دەبیتەوە.

## پلانە نایابەکەت (ماستەرپلانەکەت)

ئێستا کاتی ئەوەیە بە پلانە نایابەکەی خۆت دەست پێ بکەیت، لە ڕاستیدا، دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر و ڕوونییە تائەوەی لەگەڵی بەردەوام بیت. ئەمە وێنە گەورەکەتە.

شەش هەنگاوی گەورە هەن، پێشنیارت بۆ دەکەین سەرەتا بیانخوێنیتەوە و دواتر کات تەرخان بکە بۆ جێبەجێکردنیان.

**١. پێداچوونەوە بە لیستی هەڵسەنگاندنی باشترین ئامانجەکانتدا بکە.**

کاتێك دەتەوێت ئامانجە ڕاستەقینەکانت بنووسی، ئەم لیستە بەکاربهێنە وەك سەرچاوەیەك، یارمەتیت دەدەن، کە وێنەیەکی تەواو ڕوونت لا دروست بێت.

**٢. بڕیار بدە لەوەی دەتەوێت چی بەدەست بهێنیت و بۆچی دەتەوێت بەدەستی بهێنیت.**

بۆ ئەوەی زیاتر هانبدرێیت، ئەوا لیستێك دروست بکە لەو شتانەی، کە دەتەوێت لە ٥ ساڵی داهاتوودا بەدەستیان بهێنیت، چێژی لێ ببینە، مێشکت بکەرەوە و ئامادەی هەموو ئەگەرەکان بە، هیچ جۆرە سنوورێك بۆ بیرکردنەوەکانت دامەنێ و هەتا ئەتوانی وردی بکەرەوە و لیستەکەشت کەسی بکەرەوە بە دەستپێکردنی هەموو ڕستەیەك بە جێناوی کەسی (من)، بۆ نموونە: **من** هەموو ساڵێك مۆڵەتێکی شەش هەفتەیی وەردەگرم، یان **من** هەموو ساڵێك لە ١٠٪ ی داهاتەکەم پاشەکەوت دەکەم، یان لە وەبەرهێناندا خەرجی دەکەم.

ئەمانەش چەند پرسیارێکی گرنگن، کە یارمەتیت دەدەن بۆ تەرکیزکردن:

- چیم دەوێت؟
- ئایا دەمەوێت چیم هەبێت؟
- ئایا دەمەوێت بە کوێ بگەم؟
- ئایا چ شتێکم هەیە تا بیبەخشم؟
- ئایا دەمەوێت لە داهاتوودا ببم بە چی؟

- ئایا دەمەوێت چی فێربم؟
- ئایا دەمەوێت كاتەكانم لەگەڵ كێ بەسەرببەم؟
- ئایا دەمەوێت چەندێك بەدەست بهێنم، یان وەبەربهێنم؟
- ئایا دەمەوێت چەندێك كات تەرخان بكەم بۆ خۆشی و ڕابواردن؟
- چی بكەم بۆ هەبوونی تەندروستییەكی زۆر باش؟

## ڕیزبەندیكردنی لیستەكەت بەپێی گرنگییان

ئێستا خەیاڵ و بیركردنەوەت فراوانتر كرد، ئەوا هەنگاوی دواترت لەپێشینەكردنیانە، سەیری هەریەك لە ئامانجەكانت بكە و بڕیار لە ڕێژەی كاتە ڕاستەقینەكەت بدە بۆ بەدەستهێنانیان و لە تەنیشت هەر ئامانجێكدا ژمارەیەك بنووسە: یەك، سێ یان پێنج ساڵ.

كیڤن مكارسی، باس لە تەكنیكێكی نایاب دەكات كە یارمەتیت دەدات بەپێی گرنگییان ئامانجەكانت ڕیز بكەیت، پێیدەوترێت:" تیروپشكی خشتەی خولی وەرزشی." ئەمە شێوازێكە بۆ هەموو خولە وەرزشییەكان بەكاردەهێنرێت.

# تیروپشکە سەرەکییەکە



### ٣. وێنەی دڵخۆشکەر دروست بکە.

بۆ بەرەوپێشبردنی تەرکیزت لەسەر شێوازی نوێی ئەو ژیانەی، کە دەتەوێت چەند وێنەیەکی دڵخۆشکەری گرنگترین ئامانجەکانت دروست بکە.

ئەمە پرۆسەیەکی دڵخۆشکەرە و تەواوی ئەندامانی خێزانەکەت دەتوانن بەشدار بن.

ئینتەرنێت سەرچاوەیەکی زۆر باش و بەسوودە بۆ دۆزینەوەی وێنەکان، بۆ نموونە وێبسایتی (gettyimages.com) هەزاران وێنەی تیادا دەدۆزیتەوە، لە گووگڵ بگەڕێ بۆ ئەو وێنانەی، کە دەتەوێت بۆ نموونە، گەشتێکی یەك مانگی بۆ وڵاتانی ئوستورالیا و نیوزیلاند یەکێکە لە ئامانجە پێویستەکانت، هەندێك وێنەی جوان بدۆزەرەوە، کە دەتەوێت بیانبینیت و ئەو چالاکییانەش حەزت بە ئەنجامدانیان هەیە.

دەتوانیت لە لاپتوپەکەتدا پاوەرپۆینتێك دروست بکەیت، یان لە مۆبایلە ئایفۆنەکەتدا بەرنامەی نووسینی تێبینییەکان بەکاربهێنیت، چەندین پۆلێنبەندیی ئامانجە جۆربەجۆرەکان بەکاربهێنیت، کە گرنگترینن بە لاتەوە وەك چوارچێوەکەت (فرەیم)ەکەت، دەتوانیت وتەی ئەرێنیشی بۆ زیاد بکەیت بۆ جەختکردنەوەی زیاتر بۆ وێنەکانت، وەکوو: چێژ لە پشوویەکی یەك مانگی وەردەگرم لەگەڵ خێزانەکەمدا لە وڵاتانی ئوستورالیا و نیوزیلاند.

ڕێکەوتەکەی تیادا بنووسیت، کە دەتەوێت تیایدا بڕۆیت، بەردەوام سەیری وێنەکانت بکە تا چالاك بن لە نەستی نیوەهۆشیارتدا و باوەڕت وابێت، کە ئامانجەکانت بەدی دێن.

## ٤. باشترین بیرۆکەکانت تۆمار بکە.

فایلێکی تایبەت دروست بکە لە لاپتۆپەکەتدا، یان مۆبایلـە هۆشمەندەکەتـدا، کە تیایدا باشترین بیرۆکەکان و بۆچوونەکانت تۆمار بکەیت.

ڕیچـارد برانسـن، دامەزرێنــەری گرووپــی کۆمپانیاکـانی ڤێـرجن، دەفتــەرێکی بچـووکی تێبینـی بـەکاردەهێنێت بـۆ نووسـین و تۆمـارکردنی بیرۆکـەکانی. ئەمـە ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ فراوانکردن و زیادکردنی هۆشیاری و بـەئاگاییت، ئایـا تـا ئێستا ڕوویداوە لە نیوەشەودا بیرۆکەی نایاب و مەزنت بۆ بێت؟ دەستبەجێ لـەو کاتەدا لەسەر جێگەی نوستنەکەت هەڵسیت و بەخێرایی بیری لێ بکەیتـەوە (زۆر کـات چـەند چـرکەیەکی کـەمت هەیـە بـۆ تۆمـارکردنی بیرۆکەکـەت بـەر لـەوەی لەدەسـتیان بـدەیت)، یـان لـەو کاتـەدا جەسـتەت پێـت دەڵێـت:" بگـەڕێرەوە و دیسان بخەوە ئێستا کاتژمێر ٣ ی بەیانییە! " لە ڕاستیدا، ڕەنگـە بگەڕێیتـەوە و دیسان بخەویتەوە، چەند کاتژمێرێك دواتر کاتێـك بەخەبـەر دێیتـەوە و دەبینیـت بەتەواوی بیرۆکەکەت بیرچووەتەوە.

| |
|---|
| بیرۆکەی نایاب بەبێ کردار،<br>وەك ئەوەیە ڕۆجێر فیدرێر بەبێ ڕاکێت یاریی تێنس بکات. |

لەبەر ئەم هۆکارەیە تۆمارکردنی بیرۆکەکانت زۆر بەبایەخـە، بـە تۆمـارکردنی باشـترین بیرۆکـەکانت، هـەرگیز پێویسـت ناکـات پشـت بـە یادگـەت ببەسـتیت. دەتوانیت هەرکاتێك بتەوێت پێداچوونەوەیان بۆ بکەیت، ئـەم ڕێگایـە بـۆ بیرۆکـە بازرگانییەکان، زانیاریی فرۆشتن، کارامەییی پێشکەشـکردنی سـیمینار، پـڕۆژەی

پەیـــداکردنی پـــارە، یـــان ئـــەو چـــیرۆکانەی یارمـــەتییت دەدەن لـــە باشـــتر ڕوونکردنەوەی شتێکدا بەکار بهێنە.

با هەمیشە و هەموو کات چاو و گوێت کراوەبن و گویٚ بۆ ژیرییەکەت ڕابگرە.

بـۆ نموونـە: هـەر ئێسـتا کۆتاییـت هێنـاوە بـە پێشکەشـکردنی سـیمینارێك سەبارەت بە کاری فرۆشی نایـاب، هـەموو شـتێك بەباشـی و کتومـت بـەو جـۆرە تەواو بوو، کە پلانی بۆ دانرابوو.

باشـترین بیرۆکـەکانت تۆمـار بکـە، ئایـا چـیت گـوت، کـە وا بەباشـی و سەرکەوتوویی کۆتاییت پیٚ هێنا؟ ڕەنگە پرسیارێکی تایبەتت کرد بێت، بووبێتـە هـۆی زیـادکردنی بڕیـاری کـڕین، یـان ڕوونکردنەوەیـەکی باشـترت دابێـت لـە سوودەکان و خزمەتگوزارییەکانت، سیمینارەکەت لیٚ بدەرەوە لە هزرتدا و بزانـە چی وایکرد هێندە سەرکەوتوو بیت.

شتێکی زۆر باشە ئەگەر بەشێوەی نووسـین، ڤیـدیۆیی، یـان دەنگـی تۆمـاری بکەیت، کەسێك بانگ بکە، کە بەڕاسـتی ڕێـزی هەیـە لات تـا پێداچـوونەوەی بـۆ بکـات و دواتـر بـیر بکەنـەوە لـەوەی چـۆن باشـتری بکـەن و بـەردەوام بیـت لـە کارکردن.

ئەستێرەی بواری فیلم، ڕۆبن ویلیامز، لانی کەم ٣٠ جار بەشداری دەکـات لـە نوانـــدنی پـــێش تۆمـــارکردن و وێنـــەگرتنی فیلمەکانیـــدا هـــەتاکوو خـــۆی و دەرهێنەرەکـە تـەواو قـایلن دەبـن بـە نواندنەکـەی. ئایـا تـا ئێسـتا بـووە، کـە سـیمینارەکەت بـەخراپی پێشـکەش کـرد بێـت؟ ئـەوەش دەرفـەتێکی باشـە بـۆ تۆمارکردنی بیرۆکەکانت لەوەی، کە هۆکـاری چـی بـوو سـەرکەوتوو نـەبوویت لـە پێشکەشکردنیدا.

ڕەنگە چەند شتێك دیاری بکەیت و دواتر بڵێیت،" هەرگیز ئەمە مەڵێرەوە."
لە هەردوو نموونەکەدا، بە نووسینی بیرۆکەکانت لە کاتێکدا نوێن لە مێشکتدا ئەوا پاڵپشت و بەڵگەیە بۆ ئەو شتەی بووە هۆی سەرکەوتنت وە چیش بووە هۆی سەرنەکەوتنت لە پێشکەشکردنەکەتدا وە لە ئەنجامدا ڕوونییەکی سەرنجڕاکێشت پێ دەدات.

ئەمەش پێشنیارێکی بەنرخە بۆ زیادکردنی هۆشیاریت، یەکەم شت لە بەیانیاندا بۆماوەی ٥ خولەك هەستەکانت تۆمار بکە، کۆمەڵێك وشە بۆ تاریفکردنی هەستەکانت وەك: نیگەران، خەمبار، دڵخۆش، پەژارە، خۆشحاڵ، بێزار و تورە، بەپەرۆش و پڕوزە.

لەسەر شێوازی ئەرێنی بینووسە وەك ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ خۆتدا بکەیت و جێناوی کەسی (من) بەکاربهێنە لەسەرەتای هەموو ڕستەکانتدا بۆ نموونە: **من** ئەمڕۆ هەست بە نیگەرانی دەکەم بە هۆی ئەوەی کچەکەم یەکەمجاریەتی شۆفێری بکات. یان **من** هەست بە خۆشی دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ دەست بە کارە نوێیەکەم دەکەم.

کاتێك بەردەوام لە پەیوەندیدایت لەگەڵ هەستەکانتدا، ئەوا زیاتر دەبەسترێیتەوە بە بارودۆخەکانی ژیانی ڕۆژانەتەوە و زیاتریش ئاگاداری ئەوە دەبیت، کە چی لە ژیانتدا دەگوزەرێت.

## ٥. خەیاڵ بکە، بەقوڵی بیری لێ بکەرەوە و پێداچوونەوەی بۆ بکە.

زۆرجار هێزی خەیاڵکردن لە وەرزشەکاندا دەبینرێت. وەرزشکارە ئۆلۆمپییەکان بەر لەوەی دەست بکەن بە پاڵەوانێتییەکەیان، لەڕووی هزرییەوە

چەند جارێك خەیاڵ و وێنـای ڕووداوەکـە دەکەنـەوە و بەتـەواوی تـەرکیز لەسـەر ئەنجامی ئەرێنی دەکەنەوە.

وەرزشـەوانی کەنـەدی مـارك توکسـبوری، وەرگـری مـەدالیای ئـاڵتون، لـە یارییەکانی ئۆلۆمپیکی ١٩٩٢ دا لە بارسێلۆنا، ئیسپانیا پاڵـەوانێتیی پشـتەمەلێی ٢٠٠ مەتری بردەوە.

ڕۆژێـك بەرلـە پێشـبڕکێکە خـەیاڵی ئەوەشـی کردبـوو، کـە لـە سـەرەتادا دوا دەکـەوێت و پاشـان بـراوە دەبێـت، گـوێی لـە هـاواری ئامـادەبووان بـوو، تـوانی خێزانەکـەی ببینێـت لـەناو ئامادەبووانـدا و خـۆی بینـی، کـە مـەدالیای ئـاڵتونی پێدەدرێت و لەسەر تەختەی براوەکان دەوەستێت. ڕۆژی دواتر بەو جۆرەی، کە خەیاڵی کرد بوو پێشبڕکێکە بەڕێوەچوو وە توانی براوە بێت.

بیرت بێت، ئەگەر هـەمان تـەکنیکی پاڵەوانـەکان بـەکار بهێنیـت، ئـەوا تـۆش دەتوانیت ببیتە پاڵەوان، خەیاڵە ئەرێنییەکەت بەکار بهێنە بۆ دروسـتکردنی ئـەم وێنە براوانە.

هەتاکوو وێنەکە ڕوونتر بێت، ئەوا هەستت زیاتر دەبێت و ئەگەری زیاتریشـت دەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی خوازراو. پرۆسـەیەکی بـەهێزە، کەوایـە کـاری پێ بکە: لە ئاکامدا دەبینیت، ئەم ڕوونییە سوودێکی زۆر باشـی دەبێـت بـۆت لـە کاری کڕین و فرۆشتندا.

## ٦. پەرە بە ئامۆژگاریکەرەکان بدە.

ڕێگایــەکی کاریگــەرتر بــۆ دڵنیابوونــەوە لــە پێشــکەوتنی گــەورە لــە بەرهەمهێنانەکەت و خەیاڵکردنتدا ئەوەیە لیسـتێك دروسـت بکـەیت لـەو کەسـانە کەوا ئەزموونێکی زۆریان هەیە لەو بوارانەی، کە پێویستت بـە زۆرتـرین یارمـەتی

هەیە تیایاندا، کاتێك خۆت دەدەیتە دەست تیمێکی بەوریایی و باش هەڵبژێردراو لە پسپۆڕەکان، ئەوا ئاستی فێربوونت بەخێرایی زیاد دەکات.

کەسانێکی زۆر کەم بەردەوام ئەمە دەکەن، ئەگەر بوێرییت هەیە جیاواز بیت، ئەوا دەستکەوتی زۆر باشتر و جیاوازتر لە خەڵکی دیکە بەدەست دەهێنیت.

بژاردەکە ئەوەیە، کە هەمووشتێك ڕوون بکەیتەوە بۆ خۆت و چەندین ڕێگای جیاواز بەکار بهێنیت، بۆ ئەوەی بزانیت کامیان سەرکەوتوو دەبێت. ئەمەش ڕێگایەکی هێواشە بۆ بەرەوپێشچوون، لەبەرئەوەی تووشی چەندین بەربەست و بیربڵاوی دەبیتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، ئامۆژگاریی بەسوود و ژیری لەلایەن کەسانی ئەزموونـدار و ئامۆژگاریکەرەوە وات لێدەکات ئەنجامی خێراتر بەدەست بهێنیت.

## پوختە

ئەو شتەی بەدیمان کرد، ئـەو ڕاسـتییەیە، کـە ئـەو کەسـانەی ئامـانجی ڕوون دادەنێن، ئەوا خولیا و ئارەزووی هاندان و بـەردەوامیی پێویسـتیان نییـە کاتێـك دێتە سەرباسی جێبەجێکردن. ڕاستییەکە ئەوەیە، بۆ ئەوەی ئەو کارانـە دەسـت پێ بکەین دەبێت هانبدرێین.

د. واین دایەر دەڵێت:" ئیلهام کاتێکە، کە بیرۆکەیەکت بۆ دێت و دەتبـات بـۆ ئەو شوێنەی پێویستە لێی بیت، بەڵام، هانـدان کاتێکـە بیرۆکەیـەکت هەیـە، یـان خۆپەسـەندییەکەت پاڵـت پێـوە دەنێـت بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو ئامانجـەی کـە هەتە."

کاتێك بەڕاستی ئیلهامت بۆ دێت، ئەوا بەبێ هەوڵ و ماندووبوون وزەکـەت زۆر زیاد دەکات. هەست بە خۆشی دەکەیت لە بەرەنگاربوونەوە و کردنی کارەکـەدا، بەربەسـت و ڕێگرییـەکان نـامێنن لـە ڕێگاکەتـدا، کەسـانی گونجـاو و پێویسـت بەدەردەکـەون بەدرێـژاییی ڕێگاکـە تائـەوەی هـەرکاتێك پێویسـتت بـە یارمـەتی هەبوو یارمەتیت بدەن.

یەکێك لە لایەنە گرنگـەکانی بەدەسـتهێنانی ئیلـهام، دروسـتکردنی شـوێنێکی ئارامە، هەربۆیە نووسەر فران هیوێت، دەڵێت:"ڕێبەری ناوەکیمـان لـە شـوێنێکی ئارام و بێدەنگدایە و چاوەڕێیە دەنگەکە هێور ببێتەوە. لـەبری ئـەوەی گـوێ بـۆ خۆپەسەندییە لەخۆڕازیبووەکەت بگریت، شوێن ئەو شتە بکـەوە، کـە ڕۆحەکـەت پێت دەڵێت." ئایا پێویسـتت بـە ئیلـهام هەیـە بـۆ ئـەوەی بگـەیت بـە ئاسـتێکی بەرزتر لە کار و بازرگانییەکەتدا یان ببیت بە هاوسـەرێك، هاوڕێیـەك یـان دایـك و بـاوکێکی باشـتر؟ ئـەوەمان بـۆ دەرکـەوتووە، کـە بەبـەهاترین سەرچـاوەی بیرۆکەکانمان لە ناخی خۆماندایە کاتێك بەئاگا، وەرگر و بێدەنگین. هەندێك کـات

تەرخان بکە بۆ تێڕامان، بیرکردنەوە بەقووڵی و لە شوێنێکی هێمن و بێدەنگدا بەهێمنی دابنیشە.

" ئەگەر کار لەسەر ئامانجەکانت بکەیت، ئەوا ئامانجەکانت دەستکەوتیان بۆت دەبێت، ئەگەریش کار لەسەر پلانەکانت بکەیت، ئەوا پلانەکانیشت سوودیان بۆت دەبێت. هەرشتێکی باش، کە دروستی دەکەین، لە ئاکامدا دەبێتە هۆی دروستکردنی خۆمان."

– جیم ڕۆن

## هەنگاوە کردارییەکان

### لیستی هەڵسەنگاندنی دە ئامانجە سەرەکییەکانت:

بیرت بێت، بۆ باشترکردنی دەستکەوتەکانت، پێویستە ئامانجەکانت:

١. هی خۆت بن.

٢. واتادار بن.

٣. تایبەت و هەڵسەنگێندراو بن.

٤. گونجێنەر بن.

٥. بەرەنگاریکەرەوە و دڵخۆشکەر بن.

٦. لەگەڵ بەها سەرەکییەکانتدا یەکانگیر بن.

٧. هاوسەنگ و پێکەوەبەستراو بن.

٨. سوودبەخش بن بۆ کۆمەڵگا.

٩. ڕاستەقینە بن.

١٠. پاڵپشتی بکرێن.




**بناغەیەکی پتەوت دروست کرد، زۆر باشە!**

# (بەشی چوارەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا

"تۆ براوەیەکیت، مەبەست لە تاقیکردنەوەکانی ژیان دروستکردنتن نەك تێکشکاندنت."

– نۆرمان ڤینسنت پیل

ئایا تا ئێستا ئەزموونی گۆڕانێکی لەناکاو یان چاوەڕواننەکراوت کردووە لە سامانەکەتدا؟

بۆ نموونە: بەبێ چاوەڕوانی پارەی باجت بۆ دێتەوە و سوودی ئەو ساڵە، کە کۆت کردووەتەوە لە کارەکەتدا ناهێڵێت، بەهۆی نەدانەوەی باجەوە بانك پەیوەندییت پێوە دەکەن بۆ دانەوەی قەرزەکەت، لەبەر ئەوەی پێویست بووە پارە بدەیتەوە، بەڵام نەتداوەتەوە و ئەوەش بووەتە هۆی نیگەرانییان. لانی کەم ئەوە چیرۆکەکەتە.

هەندێك کات بازاڕی بۆرسە لە ماوەی شەوێکدا دادەبەزێت و لە ٢٥٪ ی سەرمایەکەت کەم دەکات، هەریەکێکمان لە ئاستێکدا ئەزموونێکی لەم جۆرەمان هەبووە و تووشی ئاستەنگ بووین لە بازرگانیدا، بەدرێژاییی چەند ساڵێك ئەوە تەنها بەشێکی یارییەکەیە و بازاڕ بەرز و نزم دەکات، قەیرانی ئابوری سەرهەڵ دەدات و نامێنێ.

دوو هەڵبژاردەی پێچەوانە هەن، کە دەتوانیت بیانکەیت لە کاتێکدا ڕووبەڕووی بەربەستێك، یان قەیرانێك دەبیتەوە، ئەوانیش:

١. بە هەڵوێستێکی باوەڕبەخۆبوو و بەهێزەوە ڕووبەڕووی ببەرەوە.

٢. پشتگوێیان بخەیت و ئومێدەوار بیت، کە تەواو بن.

لە ڕاستیدا، خەڵکی بە ڕێگای یەکەم بەرەنگارییەکانیان کەم دەکەنەوە، کە ناچاریان دەکات تواناییان هەڵ بسەنگێنێت. کەسانی دیکە کاتێك ڕووبەڕووی قەیرانێك دەبنەوە، هەوڵ دەدەن باشترین شتی لێ بەدەست بخەن تەنانەت ئەگەر هەموو وەڵامەکان، یان پلانە کردارییەکانیشیان نەبێت.

ئەوە هەرجارە و هەنگاوێکە با ببینین هەنگاوی دواتر بە کوێمان دەگەیەنێت. ڕێگای دووەم تەرخانکراوە بۆ ئەو کەسانەی، کە وەڵامی هیچ جۆرە بەرەنگارییەك نادەنەوە و بەداخەوە، دواتر تاڵی دەرەنجامەکەی دەکەن.

میشێل، چاوەڕوانی ئەوە نەبوو، کە ژیانی بە شێوەیەکی دراماتیکی بگۆڕێت، گەنجێکی پڕوزە بوو، کە کارەکەی خۆی خۆش دەویست وەك کارپێکەری ئۆتۆمبێلی کارەبایی لە ئۆتۆمبێلە بەناوبانگەکانی سان فرانسیسکۆ، لە تەمەنی ٢٨ ساڵدا گەنجێکی کەشخەی سەڵت بوو، چێژی لە بەریەککەوتنەکانی ڕۆژانەی لەگەڵ گەشتیاراندا وەردەرگرت، چەند ئامانجێکی تایبەتی هەبوو، کە کاری لەسەر دەکردن. یەکێك لە ئامانجەکانی، بەدەستهێنانی مۆڵەتی فڕۆکەوانی بوو وە ئامانجێکی دیکەی کڕینی ماتۆڕێکی گەورەی جوانی هۆندا بوو، ئەوەبوو لە کۆتاییدا، توانی هەردوو ئامانجەکەی لە ڕۆژێکی لەبیرنەکراودا بەدەست بهێنێت.

ڕۆژێك پاش تەواوکردنی وانەی لێخوڕینی فڕۆکە، ئەو ڕۆژە بوو، کە دەبوو فڕۆکەوانی بکات بەبێ هەبوونی هیچ ڕاهێنەرێکی فڕۆکەوانی لەگەڵیدا لەناو فڕۆکەکەدا.

فڕۆکەیەکی گەورە و ئاسمانێکی گەورە و زەبەلاج تا بەناویدا گەشت بکات، توانی بەبێ هیچ کێشەیەك گەشتەکەی تەواو بکات، پاش نیشتنەوەی فڕۆکەکەی

زۆر دڵخۆش بوو وە پاشانیش چێژی لە لێخوڕینی ماتۆڕە نوێیەکەی بینی بەناو شارۆچکەکەدا. چ ڕۆژێکی خۆشە !

کاتێک لە دووڕیانێکدا بوو لە کاتی داگیرساندنی گڵۆپە سەوزەکەدا، ئۆتۆمبێلێکی جلشۆرگە بەخێرایی هات و خۆی پیادا کێشا لە ئاکامدا، خۆی و ماتۆڕەکەشی کەوتنە ژێر ئۆتۆمبێلەکەوە، ئەوەبوو لە ماوەی چەند چرکەیەکی کەمدا ئۆتۆمبێل و ماتۆڕسکیلەکە ئاگریان گرت و بەشێکی زۆری جەستەی میشێلیش سووتا.

ئەگەر بە هۆی پیاوێکی فرۆشیارەوە نەبوایە، کە ڕزگاری کرد ئەوا گیانی لەدەست دەدا، ئەوە بوو بەخێرایی گەیەندرایە نەخۆشخانە، دەست و ڕووخساری بەخراپی سووتا بوون.

تا بڵێیت ژیانێکی خۆشی بەڕێ دەکرد، بەڵام لە ماوەی چەند چرکەیەکی کەمدا ئەم کارەساتە ڕوویدا و هەموو شتێك گۆڕا، بۆ ماوەی چەند مانگێك لە پرۆسەیەکی ڕاهێنانکردنەوەی هێواش و بەئازاردا بوو، پێویست بوو نەشتەرگەریی جوانکاری بکات بۆ ڕووخساری و ئەنجامیشی دا، برینەکانی جەستەی هێندە سەخت و بەئازاربوون هەرکات جلوبەرگی لەبەر دەکرد و بەر جەستەی دەکەوتن ئازارێکی زۆری پێ دەگەشت.

سەرەڕای ئەو هەموو ئازار و ناڕەحەتییانە، بەڵام میشێل بەزیندوویی مایەوە و توانی دووبارە بکەوێتەوە سەر پێیەکانی، کاتێك بە تەنیشت حەوشەی قوتابخانەکەدا تێدەپەڕی منداڵانی قوتابخانە گاڵتەیان پێدەکرد و هاواریان لێدەکرد:" دڕندە، دڕندە." لەپاش ئەم ڕووداوە ژیانێکی تەواو جیاوازی هەبوو لە خەون و خولیاکانی خۆی.

ڕۆشتن بۆ شارۆچکەیەکی بچووك لە کۆلۆرادۆ بەناوی کریستید بات. بە سووربوونێکی تەواوەوە توانی دووبارە مۆڵەتی فڕۆکەوانییە تایبەتییەکەی وەربگرێتەوە.

ژیان وردە وردە باشتر دەبوو بۆی، لەگەڵ دوو هاوڕێیدا دەستیان کرد بە کاری بازرگانی، کۆمپانیای ئاگردانی داروتەختەیان بۆ ماڵان کردەوە، کارەکەیان زۆر سەرکەوتوو بوو وە میشێل بووە سەرۆکی دەستەکە.

لە ڕۆژێکی زۆر ساردی زستاندا، چوار ساڵ و نیو پاش ڕووداوەکەی سان فرانسیسکۆ، چەند هاوڕێیەکی بردەوە بۆ گەشتێك بە فڕۆکە، کاتێك فڕۆکەکە لە زەوی بەرزبوویەوە میشێل هەستی کرد، کە فڕۆکەکە کێشەی هەیە و بەباشی کار ناکات، ئەوەبوو فڕۆکەکە لەکارکەوت و بەرلەوەی میشێل بتوانێت فڕۆکەکە بەسەلامەتی و سەرکەوتوویی بنیشێتەوە فڕۆکەکە کەوتە سەر زەوی.

لە ترسی دروستبوونی ئاگر و گڕگرتنی فڕۆکەکە میشێل داوای لە سەرنشینەکانی کرد بەخێرایی دابەزن و لە فڕۆکەکە بچنە خوارەوە، هەموویان بە ڕاکردن چوونە دەرەوە، بەڵام ئازاری پشتی ڕێگری لە میشێل کرد و نەیتوانی لە فڕۆکەکە دابەزێت و بەدژواری توانییان ڕزگاری بکەن. دواتر دەرکەوت، کە جەستەی لە جوڵە وەستاوە و چیدیکە ناتوانێت لەسەر پێیەکانی ڕابوەستێت و ڕێ بکات.

ئەگەر لە دۆخێکی لەم جۆرەدا بیت، ئایا کاردانەوەت چی دەبێت؟ ئایا ئەمە دادپەروەرانەیە؟ ڕووداوێکی تراژیدیا کاریگەری لەسەرمان هەیە، بەڵام ئەگەر بێت و کارەساتێکی ناخۆشتر ڕووبدات، ئەوا ڕەنگە زۆینەمان نەتوانین بەرگەی بگرین.

سەرەڕای ئەم هەموو ئاستەنگ و ناڕەحەتییانە، بەڵام میشێل هەر بەردەوام بوو وە توانی خۆی هەڵبژێرێت بۆ سەرۆك شارەوانی کرێستید بات، دروشمی کەمپینەکەی بە چاکەتەکەیەوە هەڵواسیبوو، کە لەسەری نووسرا بوو (ڕووخسارم جوان نییە).

لە بواری بازرگانیدا، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا بەسەر گەورەترین کۆمپانیای کانزاکاریدا بە ڕێگریکردن لە تێکدانی چیایەکی جوان، کە دیمەنێکی ناوازە و سەرنجڕاکێشی دەدا بە شارۆچکەکە و بەردەوام بوو، لە بواری ڕاگەیاندنیشدا سەرکەوتوو بوو وە توانی بەرنامە شۆیە ڕادیۆیەکەی پێشکەش بکات، بەتەواوی جیهاندا گەشت بکات و بە پەیامە نەگۆڕەکانی هانی خەڵکی بدات و ئیلهامیان پێ ببەخشێت.

دەتوانن سەردانی سایتەکەی بکەن بەناوی (www.wmitchell.com )

| |
|---|
| ئەو شتە گرنگ نییە، کە ڕوودەدات، بەڵکوو ئەوەی گرنگە کاردانەوەتە بۆی. |

## تێڕوانینی پاڵەوانانە پەرە پێ بدە

وەك لە چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکەی میشێلەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە دەتوانیت ڕێگایەکی دیکە بدۆزیتەوە بۆ ژیانکردنت بەو جۆرەی دەتەوێت تەنانەت ئەو کاتەش لە دۆخێکی سەختدایت.

میشێل تێڕوانینی بەم جۆرە بوو بۆ ژیان:

" بەرلە ڕووداوەکە، دەمتوانی ١٠ هەزار شت ئەنجام بدەم،" بەڵام پاش ڕووداوی پێکدادانەکە گوتی:" ئێستا دەتوانم ٩ هەزار شت ئەنجام بدەم، لە ئێستا بەدواوە بڕیار دەدەم تەرکیز لەسەر ئەو ٩ هەزار شتە بکەمەوە، کە دەتوانم ئەنجامیان بدەم و دەست هەڵ دەگرم لە ئەنجامدانی ئەو هەزار شتەی دیکە، کە چیدیکە توانای ئەنجامدانیانم نییە." زۆرێك لە خەڵکی پێچەوانەکەی ئەنجام دەدەن لە کاتی هەبوونی بەربەستی بچووکتریشدا، چەندین ساڵ بەسەر دەبەن لە بیرکردنەوە لەو شتەی، کە لەدەستیان داوە وە ئەو ڕاستییەش لەبیر دەکەن هێشتا بژاردەی دیکەیان هەیە لە ژیاندا.

لی:

جارێکیان لەگەڵ دەڵاڵێکدا قسەم دەکرد، کە دوو ڕێککەوتنی فرۆشتنی ئامادەکراوی هەبوو، لە ڕاستییدا، باوەڕی وا بوو، کە مامەڵەکان بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدرێن و بڕە پارەیەکی زۆری پێشبینیکراوی دەستەکەی تیادا سەرف کرد بەر لەوەی مامەڵەکان ئیمزا بکرێن، ئەوەبوو هەردووکیان شکستیان هێنا و ئەنجام نەدران.

لێم پرسی:" چەندە کاتت پێویست بوو تا لەو دۆخە دەربازت بوو؟" وەڵامەکەی سەرسامی کردم، کاتێك گوتی:" نزیکەی مانگێکی تەواوم پێویست بوو."

بەپێچەوانەوە قسەم لەگەڵ باشترین دەڵاڵی ئەو نوسینگەیەدا کرد، کە هەمان نازناوی هەبوو بۆ دوو ساڵی لەسەر یەك. کاتێك چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە

سەبارەت بە لەدەستدانی دوو ڕێککەوتن لە مانگێکدا و پرسیم:"چەندە کاتت پێویست دەبێت بۆ دووبارە هەستانەوە لەو بارودۆخە؟"

لە وەڵامدا گوتی:" بەشێوەیەکی سروشتی منیش وەك هەرکەسێك نائومێد دەبم، بەڵام لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا دووبارە پەیوەندیی تەلەفۆنی ئەنجام دەدەمەوە." جیاوازییەکی گەورەیە!

ئایا کاردانەوەت چی دەبێت کاتێك ڕووبەڕووی هەمان بارودۆخ دەبیتەوە؟ ئایا کاتێکی زۆر دەخایەنێت، بۆ ئەوەی بتوانیت دیسانەوە هەستیتەوە و بکەویتە سەر پێیەکانی خۆت وەك جاران؟ توانات بۆ دووبارە هەستانەوە پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە سەرکەوتنی داهاتووتەوە. شتێك هەیە زۆر لێی دڵنیاین ئەویش ئەوەیە ئەگەر خەون و ئامانجی گەورەت هەیە، ئەوا ڕووبەڕووی ئاستەنگ و دژواریی گەورەش دەبیتەوە لە بەدەستهێنانیاندا.

ئەم کەسانە تێڕوانینی پاڵەوانانەیان هەیە، بە واتایەکی دیکە، جیاوازتر لە کەسانێکی ئاسایی بیر دەکەنەوە کاتێك دێتە سەر باسی ئەنجامیش، ئەوا ئەنجامی زۆر باشتر و گەورەتر بەدەست دەهێنن.

چۆن تێڕوانینی پاڵەوانانە پەرە پێ بدەین؟ وەك باسمان لێوەکرد دەبێت هۆکاری گەورەت هەبێت بۆ سەرکەوتن. دانانی ئامانج گرنگە، بەڵام بۆچی ئەو ئامانجانە بۆت گرنگن هۆکاری سەرەکییە بۆ بەدەستهێنانیان.

ئەگەر سەیری دۆخی پاسکیلسواری لێهاتوو لانس ئارمسترۆنگ بکەین، کە توانی سەرکەوتووانە سەرکەوێت بەسەر نەخۆشیی شێرپەنجەکەیدا وە بەردەوام بوو لە وەرزشەکەی و بۆ ماوەی ٧ ساڵ پاڵەوانی (Tour de France) بوو. قورسترین و کێبڕکێدارترین پێشبڕکێ پاسکیلسوارییە لە جیهاندا، ڕیکۆردێکی

تۆمار کرد، کە هەتا ئەمڕۆکەش کەس نەیتوانیوە بیشکێنێت، ڕەنگە لە داهاتووشدا کەس نەتوانێت.

کاتێك پرسیاری لێ کرا، ئایا پێی باشترە وەك ڕزگاربوویەکی شێرپەنجە بناسرێت، یان وەك وەرزشکارێکی سەرکەوتووی ڕیکۆرد تۆمارکەر؟ لە وەڵامدا گوتی:" سەرکەوتنی بەسەر نەخۆشییە خێرا تەشەنەکردووەکەیدا زۆر واتابەخشتر بووە لای. هۆکارەکەشی ئەوە بوو، کە بۆ جیهان بسەلمێنێت بە خۆتەرخانکردن و سووربوون و ڕاهێنانکردن دەتوانیت زاڵ بیت بەسەر هەر بەربەست و ئاستەنگییەکدا، کە لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبیتەوە."

وەك قەشە ئاندی ستانلی دەڵێت:" کاتێك تێڕوانینت ڕوونە، ئەوا بژاردەکانت سنووردار دەکەیت و بڕیارەکانیش بۆت ئاسان دەبن." بە واتایەکی دیکە، هەڵبژاردنی کەمت بۆ دەمێنێتەوە و ناچار بەرەو پێش دەچیت و لە ئەنجامدا سەرکەوتوو دەبیت.

کاتێك تێڕوانینێکی پاڵەوانانەت هەیە، ئەوا بڕیاردان بۆت ئاسانتر دەبێتەوە و کاتێکیش ڕووبەڕووی بەربەستەکان دەبیتەوە، بە هیچ شێوەیەك نابێت دەست لە ئامانجەکانت هەڵبگریت.

## زاڵبوون بەسەر قەیرانە ئابوورییەکاندا

ئاستەنگ و بەربەستەکان بە چەندین شێوە ڕوودەدەن: دەکرێ هەڕەشە بن لەسەر تەندروستیت، پەیوەندییەکانت، ئاسایشی داراییت، پیشە و بازرگانییەکەشت. زۆرجار کێشەیەکی زۆر گەورە و ڕوون هەیە وەك قەیرانێکی

ئابووریی تەواو، کە ناتەوێت قسە بکەین دەربارەی و کەسانێکی کەمیش نیشانە ئاگادارکەرەوەکان دەبینن.

## نیشانەکانی ئاگادارکردنەوەی قەیران و پاشەکشەی ئابووری

١. بازاڕی بۆرسە بۆ ماوەیەکی زۆر بەرزبوویەوە بۆ زۆرێك لەو کۆمپانیایانەی، کە بەشێکی کۆمپانیاکەیان دەفرۆشت بە نرخێکی زۆر بەرز، بەڵام بەبێ بەدەستهێنانی قازانجێکی ڕاستەقینە و بەدڵنیاییەوە ئەمەش بووە هۆی دابەزینی نرخەکان. بیر لە بڵقە ئینتەرنێتییەکەی ساڵانی ٢٠٠٠-٢٠٠١ بکەرەوە.

٢. تۆ و تیمەکەت ڕازی دەبن بە دۆخەکەتان، بەڵام فریو دەدرێن بەوەی باوەڕ بکەن لە دۆخێکی سەلامەتدان، هیچ گۆڕانکارییەکتان بەدی نەکردووە، کە ڕەنگە بەرهەمەکەتان یان خزمەتگوزارییەکەتان لەناوببات. بیر لە تەکنەلۆجیای دیجیتاڵ بکەرەوە، کە چۆن بووە هۆی لەناوبردنی پیشەسازیی ئەلیکترۆنی.

٣. قەرزە کەڵەکەبووەکان بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو زۆر دەبن لە بازرگانیدا، لە چەند ساڵی ڕابردوودا قەرزێکی زۆر هەریەك لە وڵاتانی یۆنان، ئیتالیا و تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشی بەچۆك دادا.

٤. سەرەڕای ئاگادارکردنەوەکان، بەڵام حوکومەتەکان قەیرانی قەرزی زۆر پشتگوێ دەخەن. کاتێك وشەی ترلیۆن دەبێتە وشەیەکی سەر زاری هەموو خەڵکی، ئەوا وریا بە ئەگەر ٣٠ ساڵ بوویت و کەسێك هەموو چرکەیەك دۆلارێکت پێ بدات، ئەوا ٥٢ ساڵت پێویستە، بۆ ئەوەی ترلیۆنێك دۆلارت دەست بکەوێت. زۆر سەختە بۆ خەیاڵکردنیش.

٥. کاتێک زۆربەی کۆمپانیا گەورەکان چاویان لەسەر تەماحە، دەرەنجامەکانی خۆلێلانەدەرن وەک، Lehman Brothers، Worldcom، Ernon چەندینی تریش، کە شکستیان هێنا.

بەداخەوە، قوربانییەکان باجدەرە هەمیشەییەکانن، کە کەمترین قسەیان کردووە لە بابەتەکەدا، یان هەر نەیان کردووە.

کاتێک بەتەواوی لێی ورد دەبیتەوە تێ دەگەیت نەبوونی تەرکیزکردن سەرچاوەی سەرەکییە لەم خاڵانەدا. کاتێک تەرکیز لەسەر شتە هەڵەکان دەکەیتەوە بە ڕێگایەکی خراپ و هەڵە پارە پەیدا دەکەیت بۆ خۆت.

## ڕێگاکانی زاڵبوون بەسەر قەیرانی ئابوریدا

ئەمانە چەند ستراتیژییەکی کەمی سەلمێندراون بۆ باشتر ئامادەکردنت بۆ قەیرانی داهاتوو:

- **هێشتنەوەی پارەکەت.**

بڕە پارەیەکی کەم، یان نەبوونی پارە پەسەند مەکە، بەڵکوو تۆ زۆر لەوە زیرەکتر و ژیرتریت. ئەو کەسانەی، کە لەو دۆخە سەختانە ڕزگاریان دەبێت پەیوەندی بە باری سەختی ئابوورییەوە هەیە، خووی پاشەکەوتکردن، یان وەبەرهێنان بە ڕێژەی لە ٢٠٪ سوودەکەیان زیاتر پەرە پێ دەدات. چیرۆکەکەی پیتەر دانیالژت بیر بێت، کە چەند جار مایەپووچ بوو دواتر کۆڵی نەدا هەتاکوو توانی سەرکەوتوو بێت، تۆش دەتوانیت هەمان شت بکەیت.

- **وانەکانت فێر بە و هەڵەکانت دووبارە مەکەرەوە:**

کاتێك لە ناوەڕاستی دۆخە سەختەکەدایت و لە ڕووی ئابوورییەوە کێشەت هەیە، ئەوا بێگومان تەرکیز لەسەر ئەو وانانە ناکەیتەوە، کە پێویستە فێریان ببیت، بەڵکوو تەنها دەتەوێت لە ژیان بەردەوام بیت و دواتر دڵنیابەرەوە لەوەی، کە دەتوانیت چی بکەیت بە شێوەیەکی ژیرانە و باشتر بەکاری بهێنە.

- **بەئاگا بە:**

وەك کاپتنی سەر کەشتی پێویستە سەیری پێشەوە بکەیت بۆ ئاگاداربوون لە هەر نیشانەیەکی کێشە، کە ڕەنگە بوونی هەبێت. هۆکاری سەرەکی ئەوەی بۆچی کەشتی تایتانیك لە یەکەم گەشتیدا نوقم بوو لە ساڵی ١٩١٢ دا، ئەوە بوو ئەو پیاوەی، کە ئەرکی چاودێریکردنی شاخە سەهۆڵییەکان بوو دووربینی پێنەبوو.

نائاگا و نائامادەباش مەبە، قسە لەگەڵ کەسانی بەئەزموونـدا بکە، لە بوارەکەی خۆتدا بخوێنەرەوە و وتووێژی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونەکان بکە. لە بازرگانیدا ڕابەرەکان پێیدەڵێن: توانا یان بەدروستی پێشبینیکردنیان بۆ داهاتوو، کە سەرکەوتوو دەبن یان شکست دەهێنن.

- **خۆت لە هەواڵی نەرێنی بەدوور بگرە:**

ڕاگەیاندنەکان و کەسانێك، کە شتی خراپ و ناڕاست دەڵێن و بڵاو دەکەنەوە حەزیان لە هەواڵی نەرێنی هەیە، قەیرانی دارایی هەواڵێکی دڵخۆشکەرە بۆیان، هەربۆیە هەتا دەتوانیت خۆت بەدووربگرە لێیان. تەرکیز خستنە سەر قەیرانە دارایی تەنها قەیرانی ئابوری دەخولقێنێت.

- **متمانە بە ژیرییەکەت بکە:**

هەندێك کات ڕێککەوتنێکی قبوولکراو، بۆچوونەکان دابەش دەکات تا دەگاتە ئاستێك بڕیاری خراپ یان هیچ بڕیارێك نادرێت. باش نییە ! بەبوێرییەوە بڕۆ، کاتێك هەستت کرد دەبێت گۆڕانکاری بکەیت بەتایبەت کاتێك بەرپرسیاریت. ئەگەر پێویست بوو بڕیاردەرەکە قایل بکەیت، ئەوا بە بەڵگەی ڕەتنەکراوەوە سیمینارێکی بەهێز و کاریگەر پێشکەش بکە.

- **سەرقاڵی کاری خۆت بە و خۆت بەدوور بگرە لە هەر بابەتێکی بێسوود و لاوەکی، کە تەرکیزت دەبات:**

کاتێك زۆر بەخێرایی بازرگانییەکەت فراوان دەکەیت یان بەرهەمی نوێی زۆر بەرهەم دەهێنیت، ئەوا لە خۆت دەکەیت بەئاسانی دۆخە دژوارە داراییەکان کاریگەرییان لەسەرت هەبێت.

سەیری وارن بەفیت و ستۆڵوارتز بکە ئەوان بیرکردنەوە و تەرکیزیان دەخەنە سەر ئەو کارەی، کە شارەزان تیایدا و دەتوانن بە باشترین شێوە ئەنجامی بدەن. نابێت هەوڵی قۆستنەوەی هەموو ئەو دەرفەتانە بدەیت، کە دێنە ڕێگەت، زۆرێك لەو کارانەدا دەمێنینەوە، کە بێزارکەرن و چێژیان لێوەرناگرن، بەخۆت بڵێ،" نەخێر، چی دیکە بەردەوام نابم لە کارێکدا، کە چێژی لێوەرناگرم! "

لە وڵاتێکی وەك ئەمریکادا، ساڵانە (١٣,٥) ڕۆژی کارکردن لەدەست دەچێت بەهۆی ئەو کارانەی پەیوەندییان بە خەم، خەفەت و فشاری دەروونییەوە هەیە.

جاك:

دەزانم ئـەزموونکردنی ئـابووریی شـڵەژاو و نـاڕوون دەبێتـە هـۆی فشـاری دەروونی، چەندین جار لەو دۆخـەدا بـووم، ئـەم جـۆرە فشـارە زۆر کـات بـەهۆی باوەڕ و بیرکردنەوەی نەرێنییەوە دروست دەبێت.

ئەمانـە (دەبێتـەکان) یـان (نابێتـەکان)ن، کـە ڕێگـری لـە زیـادکردنی وزە سروشتییەکەت دەکەن و فشاری دەروونی دروست دەکـەن. بـا نموونەیـەکت پـێ بدەم، قوتابییەکم هەبوو، کە تەمەنی منداڵ بوو ڕۆژێـك گـوێی لـە بـاوکی دەبێت باسی ئەوە دەکات دۆخەکە چەندە قورس و دژوارە و ڕەنگـە نـەتوانێت چـیدیکە هەموو منداڵـەکانی بـەخێو بکـات و خواردنیـان بـۆ دابـین بکـات بـەهۆی قـەیرانی داراییەوە لە وڵاتی ئینگلتـەرا، لـە تەمـەنی ٦ سـاڵیدا بڕیـاری دا، دەبێـت یـەکێك بێـت لەو منداڵانەی بەخێو دەکرێن و خواردنیان پێ دەدرێت.

باوکی دەیویست لەو هەستە ناخۆشەی ناو ناخی ڕزگـاری ببێـت، بـەڵام کچـە بچووکەکەی، کە گوێبیستی دەبێت، بیر دەکاتەوە و دەڵێـت:" ئـۆ، خودایـەگیان ئەگەر هەموو منداڵەکان بەخێو نەکات و خواردنیان پێنەدات، ئەوا دەمەوێت ببمە یەکێك لەو منداڵانەی، کە بڕیارە خواردنیان پێ بدرێت و بەخێو بکرێن."

بەم هۆیەوە بـوو بـە منـداڵێکی نموونـەیی و بێکـەموکوورت، لـە قوتابخانـەش ئاستی زۆر بەرز بوو، لە دواناوەندیشدا هەموو چالاکییەکانی قوتابخانەی ئـەنجام دەدا، بووە سەرۆکی خوێندکاران و کاری خۆبەخشیشی دەکرد، جێگای نوسـتنی خۆی ڕێك دەخست و چێشتخانەکەی ماڵ خۆیانی خاوێن دەکردەوە و بەجوانیش جلی دەپۆشی، بەڵام لە ناخەوە زۆر نیگەران بوو.

هەموو کات ترسی ئـەوەی هـەبوو، کـە ئەگـەر بێـت و کەسـێکی بـاش نـەبێت ڕەنگـە شـتێکی خـراپ ڕوو بـدات، ماوەیـەك بەرلـە ئێسـتا کاتێـك ڕاوێـژم لەگـەڵ

دەکـرد، پـێم گوت:"ئایـا دەتــەوێت چ شــتێك بەدەســت بهێنیــت لــەم خــولی ڕاهێنەرییەدا؟"

گوتی:"دەمەوێت شتی زیاتر ئـەنجام بـدەم." پـێم گوت،"دەربـارەی ژیانـت قسەم بۆ بکە بەو جۆرەی کە هەیە." باسی خۆی بۆ کردم.

منیش پێم گوت:"پێم وانییە ژیـان واتـای ئـەوە بێـت، کـە شـتی زۆر ئـەنجام بدەیت، بەڵکوو گەڕان و ڕوونکردنەوەی ئەو هۆکارەیە، کە بۆچی پێویسـتە شـتی زۆر ئـەنجام بـدەیت. بـۆ ئـەوەی ژیـانێکی خۆشـت هـەبێت، واز لـە هەنـدێك لـە کارەکانـت بهێنــە." تــەکنیکێکی پەشـیمانی تەمــەنمان ئـەنجام دا، کـە تیایـدا گەڕایەوە بۆ تەمەنی ٦ ساڵی و ئەو ڕووداوەی بیرهاتـەوە لەگـەڵ دایـك و باوکیـدا لەو کاتەی، کە قەیرانی دارایی هەبوو، توانیی لەوە تێبگات، کە بڕیارێکی چـەندە هەڵە و خراپی داوە، ئەوە بوو دواتر بڕیارێکی نوێی دا، کە نابێت کەسێك بێت بێ هەڵە و کەموکورت بیت تائەوەی بتوانێت ببێتە کەسێکی سەرکەوتوو لە جیهاندا، لـە ٣ دەسـتەیاندا کشـایەوە و وازی لـە یـەکێك لـە کارەکانیشـی هێنـا و ئێسـتا کەسێکی زۆر دڵخۆشترە و ژیانیشی هاوسەنگییەکی زۆر باشی هەیە.

وازهێنان لە بیرکردنەوە و باوەڕی سنووردارکەر لەبارەی ئەوەی، کـە دەبێـت کێ بیت، یان نابێت کێ بیت بەڕاستی زۆر گرنگـە، هەنـدێك جـار لەلایـەن دایـك و باوکمانەوە ناچار دەکرێین دەبێت بەو جـۆرە بـین، کـە خۆیـان دەیانـەوێت، یـان هەندێك کات بڕیارێکی ناوەکییە خۆمان دەیدەین.

لە جیهانی ئەمڕۆدا، فشـاری دەروونـی زۆر بـاوترە، دەبیـنین کاتێـك قـەیرانی ئابووری (دارایـی) دروسـت دەبێـت لـە تووڕەبـوونی شـۆفێرەکان، یـان لـە کـاتی زیادبوونی دانیشتوواندا هەستی پێدەکەین.

چەند ساڵێك بەرلە ئێستا ڕۆشتم بۆ نیویۆرك، بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لەوێ مامەوە و خەریك بوو بەڕاستی شێت دەبووم بەهۆی ئەو هەموو هۆڕێنلێدان و هاوارکردنەی شۆفێرە تووڕە و بێزارەکانەوە لە یەکتر. سواری تەکسییەك دەبیت و بەهۆی زۆری ئۆتۆمبێلەکانەوە لە شەقامەکەدا گیر دەخۆیت و لە ئامادەبوون بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنە بازرگانییەکە دوا دەکەویت لە کاتێکدا ڕێککەوتنەکە زۆر گرنگە لات.

ڕۆژێك چووم بۆ وانەی یۆگا و لە کۆتاییدا بۆ ماوەی ١٠ خولەك تێڕامانمان کرد، کاتێك تەواو بووین و هاتمە دەرەوە، شۆفێرەکان بەردەوام بوون لە هۆڕێنلێدان و هاوارکردن بە دەنگی بەرز، بەڵام لای من ئەوە تەنها دەنگێکی ئاسایی بوو، کە سەرەڕای دەنگەکانی دیکە دەبیسترا، هێندە مێشك و دەروونم ئارام بوو، کە دەمویست شۆفێری پاسەکە لەباوەش بگرم.

کەوایە ئەوە فشاردروستکەرەکە نییە، بەڵکوو کاردانەوەمانە بۆی، پێمان وایە دەبێت لە کاتی خۆیدا بگەین ئەگینا شتێکی خراپ ڕوودەدات، کە دەبێتە هۆی فشاری دەروونی. بەڕاستی پێویستە ئەو جۆرە بیرکردنەوانە نەهێڵین، کە دەبنە هۆی فشاری دەروونی.

## ئامادەباش بە!

با نموونەی فڕۆکەوانی فڕۆکەخانە بهێنینەوە، هەموو فڕۆکەوانەکان بەرلە دەستپێکی گەشتەکەیان، یان لە ماوەی گەشتەکەدا ئاگادارکردنەوەی کەش و هەوا وەردەگرن. ئەگەر بە فڕۆکە گەشتت کردبێت، ئەوا ئەگەری زۆرە گوێت لەو پەیامە بووبێت لە فڕۆکەخانە بەرلە گەشتەکە دەیدەن. گەشتیارەکان هەموویان ئامادەین بۆ هەندێك شڵەژان، بەڵام هەندێك کات هێندە ناخۆش و خراپیش نییە،

کە چاوەڕوان دەکرێت. زۆر کات بەدەگمەن درك بە گۆڕان دەکەین لەبەر ئەوەی فڕۆکەوانەکە دواتر ڕای دەگەیەنێت هەندێك گۆڕانکاری ڕوویانداوە و توانیوویەتی خۆی لێ بەدووربگرێت.

ئەگەر ڕەشەبایەکی بەهێز هەبوایە لە پێشەوە ئەوا سوپاسگوزار دەبوویت، کە فڕۆکەوانەکە بەخێرایی بیری کردووەتەوە بۆ خۆلادان لە مەترسییە شاراوەکە، لەم دۆخانەدا فڕۆکەوانەکە کۆنترۆڵی دۆخەکە دەکات.

ئایا هێندەی ئەو فڕۆکەوانانە ئامادەیت، کە گەشت دەکەن؟ ئایا هەموو هەفتەیەك کات تەرخان دەکەیت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئاخۆ لەسەر ڕێگا دروستەکەیت وە بۆ دڵنیابوونەوە لە نەبوونی هیچ کێشە و گیروگرفتێك لە ماڵ یاخود پیشەکەتدا، بۆ ئەوەی بتوانیت هەر گۆڕانکاری و ڕاستکردنەوەیەك پێویست بێت پێشوەختە ئەنجامی بدەیت؟ ڕێگە مەدە سەرقاڵییەکەت بەرگرییەکانت لاواز بکات، یان هۆشیارییەکەت کەم بکاتەوە و بەتەواوی ئامادەباش بە.

ڕاستیی دووەم ئەوەیە، هەندێك کات لە ژیاندا هیچ ئاگادارکردنەوەیەك وەرناگرین و هیچ کۆنترۆڵێکمان بەسەر دۆخەکەدا نییە، ئایا تا ئێستا لە گەشتدا بوویت و لەناکاو فڕۆکەکە لە بەرزی ٣٠ پێوە بەربووبێتەوە؟ باس لە نیگەرانییەکە بکە! دەبینیت هیچ شتێکیشت لەدەستنایەت تا ئەنجامی بدەیت. ئەمە پەیامەکەیە:

| |
|---|
| چاوەڕوانی شتە چاوەڕواننەکراوەکان بە. |

**تەرکیز لەسەر ئەو شتە بکەرەوە، کە دەتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت و دان بەوەشدا بنێ لە دەرەوەی کۆنترۆڵی خۆتدایە**

لە کاری بازرگانیدا، کەسانێکی زۆر دەبینین نیگەران دەبن دەربارەی هەندێك شت، کە ناتوانن خۆیانی لێلا بدەن. کات و وزەکەت بەفیڕۆ مەدە و ئەگەر تۆ سەرۆك یان بەرپرس نیت، کە بەردەوام گۆڕانکاری دەکات و حەز بەو گۆڕانانە ناکەیت، ئەوا پەسەندی مەکە، یان دەرفەتێکی دیکە بدۆزەرەوە. لوان میشێل، پێنجەم منداڵی خێزانەکەیەتی، دەستی کرد بە کاری شاگردی لە یەکێك لە خواردنگەکانی دایکیدا، دواتر بوو بە یاریکەرێکی جومناستیکی ناودار، هەروەها بوو بە شاجوان و بەردەوام کاری خۆبەخشیشی دەکرد و لەگەڵ فرێد میشێل هاوسەرگیریی کرد، کە بازرگانێك بوو چوار ساڵ لە خۆی گەورەتر بوو.

فرێد کۆمپانیایەکی هەبوو تایبەت بە ئامادەکردن و پێچانەوەی گۆشت بۆ خێزانەکان، دەیویست کۆمپانیاکەی فراوانتر بکات، بەڵام ماوەیەك بەر لەوەی هاوسەرگیری بکەن، نەخۆشینێکی لێ دەرکەوت، کە گیرانی بۆری هەناسەی بوو (بەزەحمەت هەناسەی بۆ دەدرا) هەواڵێکی زۆر ناخۆش و خەمناك بوو بۆیان، چونکە ئەگەری زۆری هەبوو نەبنە خاوەنی منداڵ و لەگەڵ ئەوەشدا توانای فرێد بۆ بەردەوامیدان وەك بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیاکە کورتمەودا دەکات.

ئەمە کۆمەڵێك نیگەرانی لە خێزانەکەی فرێددا دروست کرد: چی ڕوودەدات ئەگەر فرێد بمرێت؟ ئایا لوان کەسێکی هێندە بەئەزموونە بتوانیت کۆمپانیاکە بگرێتە دەست و بەڕێوەی ببات؟ بەر لە ئاهەنگەکە ڕێککەوتنێکیان کرد و لوان ئیمزای کرد، کە تیایدا ڕێگری دەکرد لەوەی لوان ببێتە خاوەنی کۆمپانیاکە. ئەمەش دەستپێکێکی باش نەبوو بۆ هاوسەرگیرییەکەیان و مانگی هەنگوینییان لە نەخۆشخانە بەسەر برد و تەندروستیی فرێد بە شێوەیەکی خێرا خراپتر بوو.

ئەوە بوو لوان، منداڵێکی کوڕی لەشساغی بوو وە دواتریش خودا دوو منداڵی دیکـەی پـێ بەخشـی، گرنگییـەکی زۆری بـە فرێـد دەدا، فێربـوو، کـە هـەموو چارەسەرەکانی فرێد ئەنجامبدات بۆ دەردانی سییەکانی سێ بـۆ چـوار جـار لـە ڕۆژێکدا. لە نەخۆشخانە دکتۆرەکـان پێیـان گـوت فرێـد چیدیکە ناتوانێـت ژیـان بکات. فرێد لە وەڵامدا گوتی:"من بۆ هیچ شوێنێك ناڕۆم، چەند شتێك هـەن، کـە دەبێت ئەنجامیان بدەم." بـەبینینی سـووربوونەکەی فرێـد، ژیـانی لـوان گـۆڕا و فرێد نەشتەرگەری چاندنی دڵ و هەردوو سییەکانی بۆ کرا.

نەخۆشـییەکەی و ورەبەرزییەکـەی یارمـەتییان دا لەگـەڵ لوانـدا هـەموو ئـەو ساتە ناخۆشانە تێپەڕێنن. لە ماوەی ڕوودانی ئەم هەموو شتەدا، جەنگێکی تـری ناخۆش بۆیان، کۆنترۆڵکردنی بازرگانییەکە بوو، کە درێژەی هەبوو. ئەمە سـەری کێشایە ناو بابەتی سکاڵا و بردنە بەردەم دادگا و مـاوەی دوو سـاڵی خایانـد. لـە کۆتاییی ساڵی یەکەمـدا، هەسـتایە سـەر پێیـەکانی، فرێـد مایـەپووچ بـوو وە بـە بێکاریش مایەوە، خۆی و خێزانەکەی لە ویلایەتێکـەوە دەچـوون بـۆ ویلایـەتێکی دیکە بە ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرە گەورەکەیان و بۆ کـار دەگـەڕان. لـە کۆتاییـدا، لـە ڕووی یاسـاییەوە، نیـوەی کۆمپانیاکـە درا بـە فرێـد وە ئـەویش خێـرا لـوانی لـە دەستەی بەڕێوەبەراندا دانا، کۆمپانیاکە لە لێـواری مایەپووچـبووندا بـوو، بـەڵام فرێـد سـوور بـوو لەسـەر ئـەوەی، کـە دووبـارە گەشـەی پـێ بداتـەوە. پاشـان بەربەستی دووەم هات بەبێ ئاگادارکردنەوە ئەویش ئەوە بوو پەیوەندییان پێـوە کرد و داوای ٣٣ ملیۆن دۆلار قەرزەکەیان لێ کردەوە.

با لێرەدا بۆ ماوەی ساتێك ڕاتبگرین، ئایا ئەگەر تـۆ بیـت چـی دەکـەیت لـەم دۆخــەدا؟ تەندروســتیی فرێــد هێشــتا کێشــەیەکی گەورەیــە و لــوانیش هــیچ ئەزموونێکی بازرگانی نەبوو، خـاوەن قـەرزەکانیش لـە بـەردەم دەرگـادا بـوون و

داوای مافی خۆیان دەکرد. بەشەکەی خۆیان فرۆشت بە وەبەرهێنەرەکان و ئەو شوێنەیان جێهێشت، ڕۆژێك بانکەوانەکە هات بۆ ئەوەی دەرگای کۆمپانیاکە دابخات و ئێمە و فەرمانبەر و هەموو کارکەرە ماندوونەناسەکانمان دەبوایە بگەڕێینە دواوە و دەستهەڵ بگرین. ئەوە بوو سەرساممان کردن و چەکێکمان بە بڕی ٣٣ ملیۆن دۆلار پێشکەش کرد و فرێد خەڵاتی سەرکەوتووترین بەڵێندەری ساڵی بردەوە لەلایەن کۆمپانیای خزمەتگوزاریی (ئی وای)یەوە بۆ بنیادنانی جیهانێکی باشتر بۆ کارکردن.

پاش پشکنینی پزیشکی، فرێد کۆچی دوایی کرد، لوان تووشی سەرسامی هات. ئایا تۆ بویتایە لێرەدا دانت بە شکستدا دەنا و خۆت بەدەستەوە دەدا؟

جەنگاوەرەکان هەرگیز کۆڵنادەن! ئەمە زیاتر وای لە لوان کرد، کە سووربێت لەسەر سەرکەوتن. ئەگەر هۆکاری تریشی نەبوایە، ئەوا دەبوو دڵنیابێت لەوەی خەونەکەی فرێد دێتە دی.

ئەوە بوو جەنگێکی دیکەش دەستی پێکرد بە خۆی و سێ منداڵەوە بەتەنها مانەوە، لوان پێویست بوو کێبڕکێی خاوەن پشکەکان بکات، کە بەڕوونی دیاربوو نەیاندەویست چیدیکە لوان بەشداری لە بازرگانییەکەدا بکات. لەمە تێبگە، لە ڕۆژی پرسەکەی فراندا، خاوەن پشکەکانی دیکە بەئەنقەست داوای کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەرانیان کرد و ئەمەش وەڵامەکەی لوان بوو بۆ داوای کۆبوونەوەکەیان:"ئەگەر ئەم کۆبوونەوەیە بکرێت، ئەوا منداڵەکانم لەگەڵ خۆمدا دەهێنم و پاش پرسەکەش پێویستە بۆ هەموان ڕوون بکەنەوە، کە بۆچی شێوەم لە داهۆڵ دەکات، بۆچی کاتم نەبووە قژم شانە بکەم و منداڵەکانم بگۆڕم بۆ پرسەکەی باوکیان لەبەرئەوەی ئێوەی گەمژە داوای کۆبوونەوەی بەپەلەتان کرد بوو."

کۆبوونەوەکـە ڕەت کرایـەوە، سـەرەڕای پەسـتانی زیـاتر لەلایـەن خـاوەن پشکەکانەوە بۆ ئەوەی لـوان بەشـەکەی خـۆی بفرۆشـێت، گوتیـان: "ئایا تـۆ چ شتێك دەزانیت سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کۆمپانیایەکی لـەم جـۆرە بازرگانییـە، کە کوشتارگەی تیادایە و ئاژەڵی تیادا سەردەبڕدرێت؟"

سـەرەڕای سـەختی و دژوارییـەکان، بـەڵام لـوان هـەر بـەردەوام بـوو وە سەرکەوتنیشی بەدەست هێنـا، پاڵپشـتی هـەموو فەرمانبـەرەکانی کۆمپانیاکـەی بردەوە و وەك تیمێکی یەکگرتوو چوون بۆ سەر کار.

لـوان ٤٥ ملیـۆن دۆلاری تـەرخان کـرد بـۆ فراوانکردنـی بازرگانییەکـەی، لـە چەندین وڵاتی دیکەدا لقی کردەوە و، تیمەکەیان فراوان کرد بۆ ٢ هـەزار کـەس و داهاتی کۆمپانیاکەی لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا گەشتە نیو ملیارد دۆلار و لوان ئێستا بووە بە کەسێکی ناسراو وەك یەکێك لە ژنە سەرکەوتووەکانی جیهان.

هەموو جۆرە خەڵاتێکی بردووەتەوە: سێ سـاڵ لەسـەریەك بـوو بـە باشـترین بەڵێنـدەری سـاڵ تایبـەت بـە خانمـان دیـاری کـرا لـە وڵـاتی کەنـەدا لەلایـەن گۆڤارەکانی (Profit and Chatelaine) و لە ساڵی ٢٠٠٠ دا نـاونرا بـە ژنـی ساڵ لەلایەن (The American Biographic Institute)ەوە، وە لەگەڵ ئەوەشدا یەکێکە لە باشـترین نووسـەرەکان و لـە ئێسـتادا بـووە بـە وتاربێـژێکی سەرکەوتوو و ناودار لە تەواوی جیهاندا.

### ئەمانەش کۆمەڵێکن لە ئامۆژگارییە سوودبەخشەکانین:

- ڕێگە مەدە تەمەن ببێتە ڕێگر لە بەردەمتدا.
- تەنها کێشەکان تێ مەپەڕێنـە، بـەڵکوو هـەوڵ بـدە ئـەزموون و وانـەیان لێوە فێر بە.

- بەرگری لەو شتە بکە باوەڕت پێیەتی، ئەگینا شکست دەهێنیت لە ئەنجامدانی ئەو شتەی باوەڕت پێی نییە.
- لە هەموو ئەمانە گرنگتر باوەڕت بە خۆت و توانا سەرسامکەرەکەت هەبێت بۆ سەرکەوتن.
- دوای مەخە و دەرفەتەکە بقۆزەرەوە و ڕێگە مەدە دەنگە نەرێنییەکا بتگێڕنە دواوە.

## پوختە

زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا پرۆسەیەکی بەردەوامە، ڕەنگە تەنها ڕێگا بۆ خۆبەدوورگرتن لەم ڕاستییە ئەوەبێت ببیت بە کەسێك بەتەنها و دوور لە خەڵکی بژیت، بەڵام تەنانەت ئەوەش بەرەنگاری و بەربەستە.

بۆ ئەوە ژیانمان پێ دراوە، کە لەگەڵ خەڵکیدا بەسەری ببەین نەك بەتەنها و لە ئەشکەوتێکدا بژین. هەرچەندە، ڕاستە هەندێك لەم بەربەستانە دەکرێت ترسناك بن کاتێك کۆنترۆڵت لەدەست دەدەیت و هیچت لەدەستنایەت.

شایستەی دووبارە ئاماژەپێدانەوەیە: ئەمانە تەنها چەند ڕووداوێکی تاك تاکن و تەواوی ژیانت نین، کاتێك ڕووداوەکە کۆتای دێت وەك ئەزموونێك لێی بڕوانە و بۆ وانەکانی بگەڕێ. ئەمانە کۆمەڵە ئەزموونێکی گرنگن بۆ بنیادنانی کەسایەتیی و توانات تائەوەی زاڵ بیت بەسەر بەربەستە گەورەکانی تردا، کە بۆت پێشدێن. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، ئەو ڕاستییە بزانە، کە یەك شت بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی خۆتدایە ئەویش، هەڵوێستە (چۆنێتیی بیرکردنەوە)ت. هەموو ڕۆژێك

کاری لەسەر بکە. هەرشتێکت لەدەست دێت، ئەنجامی بدە و کەمتەرخەمی مەکە، بۆ ئەوەی تێڕوانین و بیرکردنەوەی پاڵەوانانە دروست بکەیت.

| |
|---|
| تەرکیزت مەخەرە سەر ڕەخنە و سکاڵاکانی خەڵکانی دیکە و گرنگییان پێ مەدە، بیرت بێت، هەندێك کەس تەنها بە ڕەخنەگرتن تامی سەرکەوتن دەکەن. |

## هەنگاوە کردارییەکان

### کێشە چارەسەرکەرەکە

کاتێك بە بەربەستێکی سەختدا تێپەڕ دەبیت، ئەوا کێشە چارەسەرکەرەکەی خوارەوە بەکاربهێنە تا یارمەتییت بدات چارەسەری کێشەکەتی پێ بکەیت. ئەمە زنجیرە پرسیارێکە، کە هەنگاو بە هەنگاو ڕێبەرییت دەکەن بۆ گەشتن بەو دەرەنجامەی دەتەوێت.

١. ئایا بەرەنگارییەکەم (ئاستەنگ)ەکەم چییە؟

٢. بڕیار بدە بەرەنگاری ببیتەوە و چارەسەری بکەیت.

٣. ئایا ئەو ئەنجامە خوازراوە چییە، کە دەمەوێت؟

٤. بە وشەیەك تاریفی هەستت بکە، ئایا چ هەستێکت دەبێت کاتێك بەسەرکەوتوویی زاڵ دەبیت بەسەر ئەم ئاستەنگەدا؟

٥. چ شتێکم پێویستە، کە یارمەتیم دەدات؟

٦. ئایا خودی خۆم دەتوانم چی بکەم؟

٧. کێی دیکە دەتوانێت یارمەتیم بدات؟

٨. ئایا دەمەوێت ئێستا چ هەنگاوێکی کرداریی تایبەت بگرمەبەر؟

٩. ئایا دەمەوێت کەی دەست پێ بکەم؟

١٠. پێداچوونەوە بە ئەنجامەکانتدا بکە و ئاهەنگ بگێڕە!




**گەشتیتە نیوەی ڕێگاکە- با تەرکیزت هەبێت.**

# (بەشی پێنجەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# بنیادنانی پەیوەندییە نایابەکان

"بۆئەوەی بزانیت بۆچی هەندێك لە پەیوەندییەکان درێژخایەنن و سەرکەوتوو دەبن و هەندێك لە پەیوەندییەکانیش کورتخایەنن و شکست دەهێنن، ئەوا کۆمەڵە ئەزموونێکی زۆر زۆری پێویستە و پێویست ناکات چاوەڕێی قەیران بین تائەوەی بیرۆکەیەکی تایبەتمان دەست بکەوێت، بەڵکوو کاردانەوە و هەڵسوکەوتمان لە ڕووداوە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا شتگەلێکی زۆرمان پێدەڵێن."

– ئیکناس ئیسواران

کریس کیتینگ، بەڵێندەرێکی ٣٠ساڵەی پڕۆزەیە، کە کاری هونەریی لەبیرنەکراو دەکات بۆ خێزانەکان، کۆمپانیاکەی بەناوی (Towne Photography) وەك باشترین شوێن ناسراوە لە کالگاری، بۆ سەردانیکردنی لەلایەن خەڵکییەوە بۆ بینینی وێنەی خێزانیی.

لە تەمەنی ١٠ ساڵیدا بیری کردەوە، کە بەسەربردنی کاتی پشووەکانی لە حەوشەی قوتابخانەدا بەبێ ئەنجامدانی هیچ شتێك، بێزارکەرە هەر بۆیە ئەوەی بە بیردا هات، کە یارییەکی دڵخۆشکەر دروست بکات بەناوی (بۆمبە گێلاسەکە) ئەوەی بەدی کرد میوەکانی ئەو ناوچەیە لە کەشوهەوای ساردا دەیبەستن و ئامادەی دەکەن بۆ بەکارهێنان بە گەرمکردنەوەی و بە توێکڵێکی باریکەوە جێیان دەهێڵا.

گێلاسەکانی لێ دەکردەوە و دەی پێچانەوە لە زەرفـی زپیلۆکـدا و داوای لـە هاوڕێکانی دەکرد لێی بکڕن، لە هەر زەرفێکدا ١٠ دانەی تیادا بـوو بـە نرخـی ٢٥ سەنت. گێلاسەکان بێ کەموکوورت بوون بۆ ئەوە دەشیان بیان هاوێژیتە خەڵکی هـەر بۆیـە یـەکێك لـە یارییـەکان بـەناوی (تۆپـە ڕەنگکراوەکـان) داهێنـرا، کـە منداڵەکانی ئەو ناوچەیە زۆریان حەز بەو یارییە دەکرد.

یارییەکی زۆر خۆش بـوو وە ڕاهێنـانێکی زۆر باشـیش بـوو بـۆ هـەمووان، کـە ڕایان دەکرد بەدوای یـەکتردا، گێلاسـەکان پەڵەیـەکی سـووری بچووکیان بـەجێ دەهێشت لەسەر جلوبەرگەکانیان، بەڵام منداڵـەکان ئـەوەیان هـیچ بـەلاوە گـرنگ نەبوو، هەر ئەوەش هۆکار بوو گێلاسی زیاتر و زیاتر بکڕن.

بازرگانییەکەی کـریس لـەناکاو کۆتـاییی پێهـات کاتێـك هەنـدێك لـە دایکـان و باوکانی منداڵەکان سکاڵای ئەوەیان کرد گێلاسەکان پەڵە بـەجێ دەهـێڵن لەسـەر جلوبەرگی منداڵەکانیان.

ئــەوەبوو ڕۆژێکیــان دایکــی کــریس کــارتۆنێکی دۆزییــەوە لــەژێر جێگــەی نوستنەکەی کریس دا و بڕی ١٥٠ دۆلاری تیادابوو، کە لەم بازرگانییـە بچووکەوە دەستی کەوتبوو. دایکی وای بیردەکردەوە ئەمانە پارەی دزراون و لە ڕێگەیـەکی خراپەوە دەستی کەوتوون، چونکە کاری بەڵێنـدەری و بازرگـانی لـە ڕەچـەڵەکی دایك و باوکیدا نەبوو، بەڵکوو هەردووکیان مامۆستا بوون.

کریس دەڵێت:"هەرگیز بـیرم لـە بەدەسـتهێنانی نمـرەی بـەرز نەکردووتـەوە، چونکە ئەوە نەدەگونجا بۆ من." دوای جێهێشتنی قوتابخانە وەك تەکنیککارێکی بواری تاقیگە لە کۆمپانیایەکی بواری پیترۆڵدا کارێکی دەست کەوت، بـۆ مـاوەی ٣ مانگ حەزی لە کارەکەی بوو، بەڵام پاش ئەوە بووە کارێکی بێزارکەر لای هەر

بۆیە لەوێوە گوازرایەوە بۆ بەشی وێنەگرتن، کە کاری وێنەگرتنی بەردە گەورەکانی دەکرد.

ورده ورده بەشداری لە ئاهەنگەکاندا دەکرد و کاری وێنەگرتنی بۆ دەکردن، دواتر ئامادەی کۆرسێکی یەك ڕۆژی بوو، کە ٨٠ دۆلاری دەدا بۆ فێربوونی. پاش وەرگرتنی ئەو کۆرسە و تەواوکردنی بەسەرکەوتوویی و شارەزابوونی لەو بوارەدا، کریس بۆی دەرکەوت، کە ئەوە ئەو کارەیە دەیەوێت بۆ هەمیشە ئەنجامی بدات، ڕۆژی دواتر بایی ٤٢٠ دۆلار پێداویستی و کەلوپەلی وێنەگری کڕی و ٨٠ دۆلاری پێما بۆ لە چاپدانی کارتی بازرگانییەکەی.

بەداخەوە، لە تەمەنی ١٠ساڵیدا دایك و باوکی جیابوونەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کریس هەبوو، هەربۆیە لە خۆی پرسی: "چۆن دەتوانم جیاوازی لە ژیانی کەسانی دیکەدا دروست بکەم، بۆ تەرکیزکردن لە گرنگی خۆشویستنی خێزانێکی هاریکار و نزیك لە یەکتر لەو ساتە بەدواوە کاری هونەریی لەبیرنەکراو بۆ خێزانەکان بووە خولیا و ئاواتی کریس و دەڵێت: "سوودم ئەوەیە، کە لەماوەی یەکەم سەردانکردنیاندا پەیوەندییەکی کاریگەریی هەستی دروست دەکەم لەگەڵ خێزانەکاندا."

لە (Design Appointment) کریس دەستی پێ کرد بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی دەیەوێت ئەزموونێکی لەیادنەکراوی بەهێز دروست بکات بۆ هەمووان و هانیان بدات بەتەواوی بەشداری تیایدا بکەن، چونکە ئەمە زۆر جیاوازە لە ڕێگەی پرسیارە باوەکانی وەك (چی باکگراوەندێکت لا پەسەندە؟) هەرگیز ناکرێت. کریس خۆی وەك هونەرمەندێکی هەڵبژێردراو سەیر دەکات و بەخێرایی متمانەیەکی زۆریان پێدەدات، کە ئەنجامێکی دەبێت خێزانەکە پێی دڵخۆش

دەبن، کرێی وێنەگرتنەکەی دیاریکراوە لە ٢ هەزار دۆلارەوە بۆ ١٥ هەزار دۆلار، یان زیاتریش بۆ هەر خێزانێك.

ئەم کارە بازرگانییەی زۆر جیاوازترە لەو کارە ٢٥ سەنتییەی زەرفە گێلاسەکە، کە لە یاریگای قوتابخانەکەیدا دەیفرۆشت. لە ئەمڕۆدا وەك ڕابەرێکی بواری پیشەسازی ناسراوە، بابەتە کرداریی‌ەکانی و شێوازە دڵخۆشکەرەکانی وایان لێکردووە، کە بەتەواوی جیهاندا گەشت بکات و وتار بۆ ئەو کەسانە بدات، کە ئارەزووی کاری وێنەگرتنیان هەیە.

هەروەها کاریگەرییەکەی فراوان کردووە لەسەر جیهانی بواری وێنەگری کە پسپۆڕ و شارەزا نین تیایدا بە ئەنجامدانی گەشتی بەرفراوان بۆ ١٥ شار کە تیایدا وێنە فرۆشراوەکانی ستایشێکی زۆر کران لەلایەن ئامادەبووانەوە و تەنانەت بوونە هۆی نمایشێکی گەورەی ٤ ڕۆژە لە شاری هاڤانا لە وڵاتی کوبا.

لە ماوەی یەکەم گەشتیدا لەوێ لەگەڵ قوتابییەکاندا دەستگیر کرا بەهۆی وێنەگرتنی بینا حوکومییەکانەوە، بەڵام ئەمە چیرۆکێکی دیکەیە، کریس تەرکیز لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لە داهاتوودا ببێتە نموونەیەکی ناودار و زۆر باش بۆ خێزانەکەی بەتایبەت هاوژینەکەی بەناوی کارۆلین و سێ کوڕە گەنجەکەی. ساڵی پار ٤ مانگیان وەك پشوو و گەشت بەسەر برد و چێژێکی زۆریان لێبینی.

کریس سەبارەت بە کارەکەی دەڵێت: "کاری وێنەگری زۆر ئاسانە، هەموو ئەوەی لەسەرت پێویستە ئەوەیە کە ژیانتی بۆ تەرخان بکەیت." وێبسایتە خوودییە تایبەتەکانی شایستەی سەردانکردنن:

(www. Photographic Resource.com) (www. Towne Photography.com)

هۆکاری سەرەکی لە سەرکەتنی کریسدا دەگەڕێتەوە بۆ توانا سەرنجڕاکێشەکەی بۆ بنیادنانی پەیوەندییەکی نایاب لەگەڵ سەردانکەرانی

(کڕیارەکان)یـدا و دووبـارە گـۆڕینی بـۆ بازرگانییـەکی ماوەدرێـژ، وەك دەڵێـت: "بەڕاسـتی ئـەو کەسـانەم زۆر خـۆش دەوێـت کـە دەرفـەتیان پـێ دام بێمـە نـاو ژیانیانەوە و یادەوەرییەکی کۆتایینەهاتوو و لەبیرنەکراویان بۆ دروست بکەم."

لە بازرگانیدا، بنیادنانی پەیوەندییەك نایاب ستراتیژییەکی زۆر سەرەکییە بۆ سەرکەوتن. ئێستا با بزانین، بۆچی هەندێك پەیوەندی بە بـەهێزی دەمێننـەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام دەبن، بەڵام پەیوەندییەکانی دیکە بـەردەوام نـابن و تێك دەچن؟ هەر دوو جۆرە پەیوەندییەکە دەکرێت زۆر حەساس بن و زۆرێـك لـە هاوسەرگیرییەکان درێژە ناکێشن، خێزانەکان جیا دەبنەوە. زۆرینەی جاریش لەم دۆخانەدا منداڵەکانیان لەلایەن باوك، یان دایکیانەوە بەخێو دەکـرێن و پاڵپشـتی دەکرێن. چ شتێك هۆکارە بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییانە بە جیابوونەوە کۆتاییـان پـێ بێـت سـەرەڕای ئـەوەی، کـە خۆشـییەکی زۆر لـە سـەرەتای پەیوەندییەکانیشـیاندا بـەدی دەکرێـت؟ شـتێکی یارمەتیـدەرە ئەگـەر وەك دوو بـارودۆخی تـەواو جیـاواز سـەیری ژیانـت بکـەیت: بـارودۆخێکی بـاش، یـان بارودۆخێکی خراپ.

هەندێك کات لە بارودۆخێکی باشدایت، ئەو کاتەی، کە هەموو شـتێك باشـە و باوەڕبەخۆبوونیشـت زۆرە و ژیانـت زۆر لا بەچـێژە. لـەم دۆخـەدا گـرنگترین پەیوەندییەکانت تەندروست و سەلامەتن و بەردەوامیش بـەرەو پێشـیش دەچـن. بەڵام پێچەوانەکەی تەواو جیاوازە، بارودۆخێکی خراپ، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات شتەکانی ژیانت بەرەو خراپی دەڕۆن وەك نەمانی گفتوگۆکردن، فشاری دەروونی زیـاد دەکـات و ژیانـت زۆر لا دژوار دەبێـت و پێویسـتە بـەردەوام لـە هـەوڵ و کۆششدا بیت بۆی، چونکە لەم بارودۆخانـەدا، پەیوەندییـەکانت بـەرەو نـەمان و جیابوونەوە دەڕۆن.

نموونەی باردۆخی باش لە ژیانی ڕاستیدا وەکوو، گێژەڵوکە، کە چۆن کاتێك دێت و هەرشتێك لەسەر ڕێگاکەی بێت لەگەڵ خۆیدا دەیبات، بەرزی دەکاتـەوە و ئەنجامی باشی دەبێت، بەڵام بارودۆخی خراپ، وەك گێژەڵوکەی دەریایی وایـە، کە لە سەرەوە بۆ خـوارەوە دەڕوات، ئەگـەر لـە دەرەوە و لـە دوورەوە سـەیری گێژەڵوکە دەریاییەکە بکەیت، ئەوا زۆر ترسناك دەرناکەوێت، بـەڵام ئەگـەر وریـا نەبیت و نزیك بیت لێیەوە، ئەوا ڕەنگە بەخێرایی ڕاتبکێشێتە خوارەوە.

## تێگەشتن لە بارودۆخی خراپ

بـا سـەیری ئەمـە بکـەین بـزانین لـە ژیـانی ڕاسـتیدا چـۆنە. بـۆ تێگەشـتن لـە کاریگەرییە گەورەکەی ئەمە لەسەر پەیوەندییەکانی ئێستا و داهاتووت، ئەوا بـیر لە پەیوەندییەك بکەرەوە تیایدا سەرکەوتوو نەبوویت.

پێویستە دووبارە لـە بیرکردنەوەتـدا ئـەو هۆکارانـە دروسـت بکـەیت و لێکـی بدەیتەوە، کە بەهۆیانەوە ئەو پەیوەندییـە شکسـتی هێنـا و سـەرکەوتوو نـەبوو، بیهێنە بەرچاوی خۆت و بزانە کە چی ڕوویدا.

یەکەم شت چی ڕوویدا؟ پاش ئەوە چی ڕوویدا؟ دواتر چی؟ بۆ تێگەشـتن لـە تەواوی کاریگەرییەکانی ئەمە دڵنیا بەرەوە، کە هەنگاوە کردارییـەکانی کۆتـایی ئەم بەشە تەواو دەکەیت و جێبەجێیان دەکەیت.

بۆ نموونە، لە هاوسەرگیریدا هاوسەرەکە تەرکیزی لەسەر خـۆی دەبێـت و لـە ئیش و کارەکانی ماڵـەوەدا هاریکـاریی هاوژینەکـەی ناکـات، زیـاتر کاتـەکانی لـە نوسینگەکەیدا بەسەر دەبات، بەیانیان بەر لەوەی منداڵەکانی بەخەبەر بـێن مـاڵ بـەجێ دەهێڵێـت وە ئێـوارانیش کاتێـك دەگەڕێتـەوە ماڵـەوە زۆر درەنگـە و

گفتوگوگانی ماڵەوەش بۆ بابەتی بازرگانی و دارایی تەرخان دەکات. ڕەنگە پارەیان کەم بێت و هێندەیان نەبێت کە قەرزەکانیان بدەنەوە، پارەی دانەوەی سەیارە، خولی هاوینەی منداڵەکانی، پارەی دکتۆری ددان.

ورده ورده تەنگژە و ناخۆشییەکە دروست دەبێت و زیاتر لە جاران مشتومڕ دەکەن و هەر لایەکیان ئەوی تر تۆمەتبار دەکات بۆ ئەو دۆخە سەخت و ناخۆشەی تیایدان، بارودۆخە ناخۆشەکە ئێستا زیاتر هێز وەردەگرێت وەك ئەوەی تازە کەوتبێتە ناوەڕاستی گێژەڵۆکەی ئاوەکەوە، ڕەنگە یەکێکیان یان تەنانەت هەردووکیان پەنا بۆ هەندێك شتی زیانبەخش و خراپ بەرن بۆ ئارامکردنەوەی خۆیان، وەك: خواردنەوەی مادە کحولییەکان، چونە دەرەوە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا، قومارکردن، یان تەنانەت لە خراپترین دۆخدا لە ڕووی جەستەیی و هزرییەوە ئازاری یەکتر بدەن.

لەم کاتانەدا پەیوەندییەکە لە خراپترین دۆخیدایە و بارودۆخەکەیان لە خراپترین ئاستدایە، زۆر کات جیابوونەوە ڕوودەدات و خێزانێکی دیکەش ناوی دەچێتە لیستی ناوی خێزانە جیابووەوەکانەوە.

داتاکان ساڵانە زیاد دەکەن، کاتێك بەوریاییەوە بیر دەکەیتەوە لەوەی کە چ شتێك هۆکاری جیابوونەوەی پەیوەندییەکان بوو، ئەوا دەتوانیت هەنگاو بگریتەبەر بۆ چارەسەرکردنیان تەنانەت ئەگەر پەیوەندییەکە لەدەستدەرچووش بێت، ئەوا باشتروایە بۆ جاری دواتر ئامادە بیت و دەتوانیت ڕێگری لە هەمان کێشە بکەیت تا دووبارە ڕوونەداتەوە.

هۆشاری، هەمیشە یەکەم هەنگاوی بەرەوپێشچوونە، هەروەها دەتوانی ئەم تەکنیکە بەکاربهێنیت بۆ پێداچوونەوە بە گرنگترین پەیوەندییە بازرگانییەکانیشتدا.

ئەمە سیناریۆیەکی باوە: دوو کەس کارێکی هاوبەشیان دروست کردووە و بیرۆکەیەکی نوێیان هەبووە بۆ بەرهەمێك یان خزمەتگوزارییەکی نوێ، بڕە پارە و کاتێکی زۆریان تەرخان کردووە بۆ بازرگانییە نوێیە دڵخۆشکەرەکەیان، هیچ بەڵگەنامەیەکی یاسایی کاری هاوبەشی ئامادەکراویان ئیمزا نەکردووە و پێکەوە هاوڕێی گیانی بەگیانین و دەیانەوێت تا کۆتایی ڕێگاکە بەردەوام بن، هەروەها هیچ ڕێگایەك، یان تاریفێکی کارەکە بوونی نییە بۆ قەرەبووکردنەوە، یان بەشکردنی قازانج.

با سەیری پەیوەندییەکەیان بکەین بزانین چەند ساڵێك دواتر چۆنە و چی لێهاتووە، کارە بازرگانییە هاوبەشەکەیان لە دژوارییدایە، چونکە یەکێکیان کۆنترۆڵی کارەکەی کردووە و ڕێگە نادات ئەوی دیکە هیچ بڕیارێك بدات بەبێ ڕەزامەندی خۆی.

باری داراییان خراپە و مشتومڕی هەفتانە دەکەن لەسەرئەوەی کە داهاتەکەیان چۆن خەرج بکرێت، یەکێکیان دەیەوێت دووبارە داهاتەکەیان لە کۆمپانیاکەدا وەبەربهێنێتەوە، بۆ ئەوەی گەشە بکات، بەڵام ئەوی دیکەیان بۆچوونی وایە، کە دەبێت سەرەتا بەشی خۆمم پێ بدرێت تا وای لێدێت تەواوی دەستەکەیان دەخەنە ناو مشتومڕەکەیانەوە و دەبنە دوو دەستەی تەواو جیاواز و کێشەکە گەورە دەبێت و یەکێکیان دەیەوێت واز لە کارەکە بهێنێت، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێککەوتنێك لە نێوانیاندا نییە تا کڕین، یان فرۆشتنی پشکەکانیان ئاسان بکات و وازهێنان لە کارە هاوبەشەکەیان دژوار دەبێت. هەردوولا ڕەتی دەکەنەوە پلان و بیرۆکەکانی خۆیان بگۆڕن، تا وای لێدێت هەریەکەیان مەرجی تایبەت بە خۆی دادەنێت، کێشەکە بەردەوامی دەبێت و لەم نێوانەدا زۆرجار پارێزەرەکان زۆرترین بڕە پارەیان دەست دەکەوێت. بازرگانییەکەیان

سەرکەوتوو نابێت و ناوی دوو کەسی دیکەش زیاد دەبێت بۆ لیستی ئەوانەی دەڵێن، **"کاری هاوبەش (پێکەوەیی) هەرگیز سوودی نابێت و سەرکەوتووش نابێت! "**

ئەمە زانیارییەکەیە:

ئەگەر لە ئێستادا لە ڕێککەوتنێکی بازرگانیدایت لەگەڵ هاوبەشێك یان زیاتردا، یان دەتەوێت ئەنجامی بدەیت لە داهاتوودا، ئەوا هەمیشە سەرەتا پلانی ستراتیژیی چوونەدەرەوە (وازهێنان)ت دابنێ، لە نووسینەکە دڵنیا بەرەوە، با بە دەستنووس هەتان بێت و ئاگاداری هەموو پەیوەندییەکی سۆزداریش بە.

ئەو ڕاستییە پەسەند بکە، کە هاوبەشەکەت کەسێکی باشە، یان باشترین هاوڕێتە و هیچ هۆکارێك نییە، کە ڕێککەوتنی نووسراو لەنێوانتاندا نەبێت بۆ کارە بازرگانییەکەتان. نەبوونی پێشبینییەکی دروست و ئامادەکاری، زیاتر لە هەرشتێکی دیکە دەبێتە هۆی داڕمانی بازرگانی لەمڕۆدا.

ئێستا کە لە دۆخەکە تێگەشتیت، لێیەوە فێر بە، ئێمەی مرۆڤ بوونەوەرێکین خووەکان دووبارە دەکەینەوە، ئەگەرێکی زۆر هەیە، کە هەمان هەڵسوکەوت دووبارە بکەینەوە.

پەیوەندییە گرنگەکەی دواتر زۆر پێویستە بۆ تەندروستیت، سامانەکەت. ئەگەر خۆت لە هەمان بارودۆخدا بینییەوە، ئەوا لە ڕووی دەروونییەوە کات تەرخان بکە بۆ خۆت، واز لە کێشەکە بهێنە و بە بیرکردنەوەی ڕوونەوە بڕیار بدە، کە گۆڕانگاریی ئەرێنی دروست بکەیت، چونکە گۆڕینی هەڵسوکەوت و خوو تاکە ڕێگەیە ئەنجامی جیاوازیان دەبێت بۆت.

" کاتێك لەگەڵ کەسێکدا لە دەمەقاڵێدایت، تەنها ڕێگایەك هەیە دەتوانێت جیاوازی دروست بکات لەنێوان خراپترکردنی پەیوەندییەکەتان یان پتەوکردنیدا، ئەویش، هەڵوێست (بیرکردنەوە)تە."

– ویلیام جەیمس

## تێگەشتن لە بارودۆخە باشەکە

با ڕوونــی بکەینــەوە ئەمــە چــۆن ســوودی بــۆت دەبێــت، تائــەوەی بتوانیــت بــەخێرایی دەســتکەوتی بــاش بەدەســت بهێنیــت. وەك پێشــتر پەیوەندییەکــە دووبــارە بکــەرەوە، بــەڵام ئــەمجارە وردە وردە تــەرکیز بخــەرە ســەر ئــەو پەیوەندییەی، کە فراوانت کردووە، پەرەت پێداوە و گەشەی کردووە هەتاکوو وای لێدێت دەبێتــە پەیوەندییــەکی ماوەدرێــژی نایــاب، یــان پەیوەندییــەکی بازرگانی.

لە بیرکردنەوەتدا هەموو ئەو شتە گرنگانــە دووبــارە بکــەرەوە و بــیر خۆتیــان بهێنەرەوە، کاتێك یەکەمجار یەکترتان بینی تا ئەو کاتــەی، کــە پەیوەندییەکــەت پەرەی پێ درا.

زۆرینەی خــەڵکی ئەمــە ناکــەن، لەبەرئــەوە دەســتکەوتێکی زۆرت دەبێــت لــە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا کاتێك پەرە بە پلانێکی دروست دەدەیت، کــە بتوانیــت لە داهاتوودا چەندین جار دووبارەی بکەیتەوە.

پەیوەندییــە بــەهێزەکانت دەبنــە هــۆی دەســتکەوتی نایــاب و گــەورە بــۆت. ئەمــەش نموونەیــەکی ئەرێنییــە، کــە یارمــەتیت دەدات، دەیــڤ، خــاوەنی بازرگانییــەکی ئەندازیارییــە و بیرۆکــە لــە کڕیارەکــانی وەردەگرێــت و یارمــەتییان

دەدات بەرهەمی نوێ دروست بکەن، فێربووە بەدروستی مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکات وەك، وەڵامدانەوەی خێرای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان و ڕاپەڕاندنی داواکاریی کڕیارەکان.

ڕۆژێك کڕیارێکی نوێ لێی نزیك بوویەوە بە بیرۆکەیەکەوە بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی لاستیك خۆشحاڵ بوو کە یارمەتی بدات، گەنجەکە خەیاڵێکی گەورەی هەبوو، خەونی بە هەبوونی پێداویستیی بەرهەمهێنانی خۆیەوە دەبینی کە هەندێك لە بەرهەمەکەی بۆ زۆرێك لە بەکارهێنەرانی جیهان دابین بکات، پسپۆڕییەکەی هەبوو وە بەر لە بەرهەمهێنان چەندین گۆڕانکاری ناڕوونی کرد لە شێوازەکەیدا.

ئەم پێشکەوتنانە وایان لێ کرد تێچووی کەم بێت و بەهێزتریش ببێت. ئەم هاوپەیمانییەی نێوانیان لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بوو بە پەیوەندییەکی دڵخۆشکەر، کە هەردوولایان ڕازیبوون لەسەری و دڵخۆش بوون پێی، تەنانەت لەلای یەکترەوە هاریکاریی یەکتریان دەکرد تائەوەی بگەن بە بەرزترین ئاستی داهێنەری و بەرهەمهێنان. لە ئاکامدا، خەونی کوڕە گەنجەکە هاتە دی بەهۆی خەیاڵبینی و بەردەوامییەکەیەوە چەندین ڕێککەوتنی سەدان ملیۆن دۆلاری ئیمزا کرد و بەدرێژاییی ڕێگاکە لە پەیوەندیدا مایەوە لەگەڵ دەیڤ بە ئومێدی سوودمەندبوون لە ئامۆژگارییەکانی.

کاتێك بازرگانییەکەی گەشەی کرد ئەوەی دەیڤیش بە هەمان شێوە گەشەی کرد. ڕۆژێکیان بە بیرکردنەوە لە سەرکەوتنە گەورەکەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنی گرنگی ئەنجام دا، کە پەیوەندییەکەیانی زۆر لە جاران بەهێزتر کرد. ڕێژەی لە ١٠٠٪ی قازانجی داهاتووی پێشکەش بە دەیڤ کرد، ئەمە شێوازی پێگوتنەکەی بوو:"سوپاس، کە باوەڕت بە تواناکەی من هەبوو تا دەست پێ

بکـەم و پاڵپشـت و هاوکـارم بوویت بـۆ تێپەڕانـدنی دۆخـە سـەختەکانی ژیـانم."

هەموو پەیوەندییەك لە ژیاندا خاڵێکی دەستپێکی هەیە.

زۆرجار سەرەتا بەرکەوتن و بینینـەکان لـەبیر دەکـرێن، هەرچـەندە بـەزوویی هەستێکی باش پەرە پێ دەدەیت سەبارەت بە کەسەکەی دیکە.

ئایا وێنەکەت دێتـە بەرچـاو؟ کاتێـك بـەوردی پێداچـوونەوە دەکـەیت لـەوەی باشترین پەیوەندییەکانت چۆن پەرە پێ داوە، ئـەوا دەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی پەیوەندیی باشتر و گەورەتر بۆت لە داهاتوودا.

زانینی ئەو شتەی، کە سوودی دەبێت و ئەوەش کە سوودی نابێت یارمـەتیت دەدات لە خۆلادان و نەکردنی هەڵەی گەورەتر و دیار، کە دەبێتە هۆی بارودۆخی ناخۆش و دژوار.

هەواڵە خۆشەکە ئەوەیە، کە دەتوانیت بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی نایـاب لە هەر بوارێکی ژیانتدا بێت بـەکاری بهێنیـت، کاریگـەری و سـوودی دەبێـت بـۆ پەیوەندیی کەسی، خێزانی و هاوپەیمانیی بازرگانیش.

ئـەو خـووە پـەرە پـێ بـدە، کـە بـەردەوام پێداچـوونەوە بـە هـەر دوو بارودۆخەکەدا بکەیت و بەکاریان بهێنە تا دوور بیت لە هەر بـارودۆخێکی نـەرێنی و ڕێبەریت بکەن بۆ ناو جیهانێکی ئەرێنیی پەیوەندیی خۆشەویستی و تایبەت.

## بە کەسانی نەرێنی (ژەهراویی) بڵێ نەخێر

بەرلەوەی بەردەوامبین تکایە ئەم ئامۆژگارییە گرنگ و پێویستە بگـرە گـوێ، خۆت بەدوور بگرە لە کەسانی نەرێنی. بەداخەوە، کەسانێکی کـەم هـەن جیهـان وەك کێشەیەکی گەورە دەبینن و لەچـاوی ئەوانـدا تـۆش بەشـێکی لـە کێشـەکە،

گرنگ نییە شتەکان چەندە باشن، ئەوان تەرکیز دەخەنە سەر وردەکارییە ناپێویست و بچووکەکان و بەردەوامیش هەمان شت دەکەن.

ئەوە خوویەکە بەتەواوی پەیوەندییەکان لەناو دەبات، بەشێکی وزەی نەرێنی لەسەر لێوەکانیان دەتوانێت بۆ هەمیشە خەندە و خۆشیی سەر ڕووخسارت نەهێڵێت. ئەم کەسانە ژەهراوین بۆ تەندروستییت، پێویستە هەموو کات وریا بیت و بۆ هەمیشە لە دەرەوەی سنوورەکانت بیانهێڵیتەوە.

ڕەنگە لێرەدا بیر بکەیتەوە و بڵێیت،"قسەکردن ئاسانترە لە کردار." ئایا ئەو هاوڕێیەم، کە ماوەی چەندین ساڵە دەیناسم و هەموو کات سکاڵا دەکات دەربارەی کارەکەی، لەڕووی داراییەوە کەس ئامادەیە هاریکاریی بکات؟ ئایا دەبێت ڕووی لێ وەربچەرخێنم و دوور بکەومەوە لێی کاتێك بەم شێوەیە قسە دەکات؟

نەخێر، بەهێواشی دوور مەکەوەرەوە، بەڵکوو خێرا دەست بە ڕاکردن بکە، چونکە بیرکردنەوە نەرێنییەکەی، ژیانت دەشێوێنی.

ئێستا لەمە تێبگە: باس لە کەسێك ناکەین، کە ئاستەنگییەکی سەختی هەیە و بەڕاستی پێویستی بە یارمەتیی هەیە، بەڵکوو مەبەستمان لەو کەسانەیە خۆشی دەبینن لە پێدانی هەموو بیرکردنەوە نەرێنییەکانیان بە تۆ لە هەمو دەرفەتێکدا و بە باوەڕبەخۆبوونێکی کەمەوە پێشت دەڵێن،"ناتوانیت ئەمە ئەنجام بدەیت و ناتوانیت ئەوە ئەنجام بدەیت! " بەتایبەت کاتێك بیرۆکەیەکی نایابت بۆ دێت، چێژ دەبینن لە لەناوبردنی بیرۆکە ئەرێنییەکانت و ئەوە خۆشترین ڕووداوی ڕۆژیانە، هەر بۆیە چیدیکە هاوڕێیەتییان مەکە.

ئەمە ئەو شوێنەیە، کە هێزی ڕاستی تێدایە: هەمیشە هەڵبژاردنی تۆیە. دەتوانیت جۆری ئەو کەسانە دیاری بکەیت، کە دەتەوێت لە ژیانتدا بن، دەتوانیت بەردەوام بیت لە شوێنکەوتنی دەرفەتە نوێیەکان.

ڕەنگە پێویست بێت هەندێك هەڵبژاردنی باشتر بکەیت، زۆر ئاسانە، واتە ڕێگەدان بەوەی هەندێك کەس لە ژیانتدا نەمێنن و تۆش ڕزگارت دەبێت لەدەستیان.

لە ڕاستیدا، بەوردی و بەئاگاییەوە سەیری پەیوەندییەکانی ئێستات بکە، ئەگەر کەسێك لە ژیانتدا هەیە کە بەردەوام ورەت دادەبەزێنێت و بیرۆکەی نەرێنییت پێ دەدات، ئەوا بڕیار بدە لە ژیانت دەری بکەیت و درێژە بە ژیانی خۆت بدە.

ئەمەش نامەیەکی دەنگی دڵخۆشکەری قەشە هێنری شۆرە، کە دەڵێت هەرکاتێك کەسێکی نەرێنی لە ژیانتدا هەبوو وە ویستت چیدیکە هاوڕێیەتی نەکەیت و لێی دوور بکەویتەوە، ئەوا ئەم نامە دەنگییەی بۆ بەجێ بهێڵە:

"سوپاس بۆ پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەت، ئەوەی ڕاستی بێت ماوەیەکە دوورکەوتوومەتەوە و هەندێك گۆڕانکاریی پێویست لە ژیانمدا دەکەم، تکایە پەیامێکی دەنگیم بۆ جێ بهێڵە، ئەگەر وەڵامم نەبوو بۆت، ئەوا بزانە تۆش یەکێکی لەو گۆڕانکارییانەی لە ژیانمدا دەیانکەم. خۆشی لە ڕۆژەکەت ببینە!"

## سێ پرسیارە گەورەکە

ستراتیژییەکی دیکەیە، کە زۆر سوودبەخش دەبێت بۆت، وارن بەفیت، کۆمپانیاکەی لە چەند کڕیارێکی تایبەتەوە گەشەی کرد و بوو بە یەکێك لە گەورەترین کۆمپانیاکان.

زۆر بەدەگمەن بەشەکەی خۆی دەفرۆشێت لەپاش وەبەرهێنان، ئامادەکارییە چڕوپڕەکەی، شیکردنەوەی تەواوی ژمارەکان لەخۆ دەگرێت بەتایبەت سەرمایەی کۆمپانیاکە.

ئەگەر بە حەزی خۆی بێت، ئەوا کاتێکی زۆر بەسەر دەبات لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامە سەرەکییەکانی کۆمپانیاکەیدا، بۆ ئەوەی بزانێت چۆن بازرگانییەکە بەڕێوە دەبەن، چاودێریی فەلسەفەکەیان دەکات و بزانیت چۆن مامەڵە لەگەڵ ستاف و ئامادەکەران و کڕیارەکاندا دەکەن، کاتێك ئەم کارانەی تەواو کرد، ئەوا سێ پرسیار لە خۆی دەکات سەبارەت بە ئەندامە سەرەکییەکان:

١- ئایا ئەم کەسانەم خۆش دەوێت؟

٢- ئایا متمانەیان پێدەکەم؟

٣- ئایا ڕێزیان دەگرم؟

ئەگەر وەڵامی هەر کام لەم پرسیارانە "نەخێر" بێت، ئەوا ڕێککەوتنەکە ناکرێت و ئەنجام نادرێت بەبێ گرنگیدان بە گەورەیی ژمارەکان، یان تواناکە بۆ گەشەکردنی کۆمپانیاکە.

ئەم سێ پرسیارە سادە، بەهێزە بناغەی سەرەکین بۆ پەیوەندییەکانی وارن بەفیت. چەند ساڵێك بەرلە ئێستا بەفیت دەوڵەمەندترین کەس بوو لە ئەمریکادا، بەڵام بەم دواییانە پلەی یەکەمی چۆڵ کرد بۆ دامەزرێنەری مایکرۆسۆفت، بیل

گەیتس، سەرەڕای جیاوازییەکی زۆر لە تەمەنیاندا، بەڵام ئەم دوو سامانداره هاوڕێیەتییەکی نزیکیشیان هەیە.

| |
|---|
| ئەوه بزانه ئەو کەسەی، کە هاوڕێیەتی دەکەیت گۆڕانکاری لە ژیانتدا دروست دەکات. |

جاری داهاتوو کاتێك دەتەوێت بچیته ناو پەیوەندییەکی بازرگانییەوە، یان پەیوەندییەکی کەسییەوه لەگەڵ کەسانێکدا، کە زۆر بەباشی نایانناسیت، ئەوا پێشوەخته چەند هەنگاوێك بگره بەر بۆ دڵنیابوونەوە.

سەیری ئەو نیشانانه بکە، کە ڕاستێتی، ڕاستگۆیی و ئەزموونیان دەردەخات، بزانه چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دەکەن. زانیاریی بچووك بەرچاوڕوونیی گەورەت پێ دەدات، ئایا خووی گوتنی"تکایە" و"سوپاس"یان هەیە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی لە پلە و پۆستی خزمەتگوزاریدان، وەك: شاگردی، خزمەتکاری ئوتێلەکان و شۆفێری تەکسییەکان؟ ئایا لەگەڵ کەسانی تردا مامەڵەکردنی هاوڕێیانەیان هەیە؟ کاتی پێویست وەربگره بۆ پەسەندکردنی تەواوی هەڵسوکەوتیان بەر لەوەی خۆت تەرخان بکەیت.

هەمیشه بگەڕێرەوە بۆ سێ پرسیارە گەورەکە و گرنگی بە ژیرییەکەت بدە. باوەڕە بەهێزەکەت ڕێنوێنیت دەکات، ڕێگە مەدە دڵت لەبری مێشکت بڕیار بدات.

کاتێك بەتەواوەتی لەڕووی سۆزدارییەوە لە دۆخێکدایت، ئەوا زۆرجار بڕیاری هەڵە دەدەیت، کات بە خۆت بدە بۆ بیرکردنەوە بەرلە دەستپێکردنی هەر پەیوەندییەکی نوێ و بە جۆرێکی دیکە سەیری ئەمە بکە.

بۆچی بڕیار دەدەیت پەیوەندیی نویێ دروست بکەیت لەگەڵ کەسانێکدا، کە متمانەیان پێناکەیت، ڕێزیان ناگریت، یان خۆشت ناوێن؟ لە کاتێکدا توانا سروشتییەکەت پێت دەڵێت ئەنجامی مەدە و درێژەی پێ مەدە ئەوا ڕێسایەکە بۆ نائومێدبوون.

کەسانێکی نایابی زۆر هەن، کە دەتوانیت کاتە بەنرخەکانی خۆتیان لەگەڵدا بەسەر ببەیت و خۆشی لە هاوڕێیەتیکردنیان ببینیت، کەوایە ئەگەر هاوسەرگیرییە، هاوبەشی بازرگانییە، یان بەکرێگرتنی تیمێکی فرۆشیارییە، هەڵبژاردنی کەسە دروستەکە زۆر گرنگە بۆ تەندروستیی و سامانی داهاتووت. بەوریاییەوە هەڵیانبژێرە.

> خۆشیبینینی ڕاستی لە بەسەربردنی کات لەگەڵ ئەو کەسانەدا سەرچاوە دەگرێت، کە بەردەوام هانت دەدەن و پەیوەندییەکە بەهێز دەکەنەوە و دووبارە وزەت پێ دەدەنەوە.

## کڕیارە سەرەکییەکانت و سوودمەندبوونی هەردوولا

هەنگاوی دواتر لە پەرەدان بە خوویی پەیوەندییە نایابەکان فێربوونە بەوەی، کە بەنرخترین پەیوەندییەکانت بەهێزتر بکەیت لە بارودۆخێکدا، کە بەرژەوەندیی هەردوولای تیادا بێت.

زۆر شت وتراوە و نووسراوە سەبارەت بە فەلسەفەی دەرەنجامی سوودمەندبوونی هەردوولا، بە ئەزموونی ئێمە زۆرینەی تەنها قسەن و ئەمە فەلسەفەیە بەوەی، کە چۆن ژیان دەکەیت.

لە بازرگانیدا واتە نیگەرانییەکی جددی بۆ ئەو کەسەی دیکە، کە ئەویش هێندەی خۆت سوودمەند دەبێت ئاخۆ کاری فرۆشتن بێت، ڕێککەوتنی فەرمانبەر بێت، وتووێژکردن، یان هاوپەیمانییە ستراتیژییە گرنگەکان بێت.

بەداخەوە، هەڵوێستی زۆرێك لە مرۆڤەکان لە کاری بازرگانیدا ئەوەیە، کە دەیانەوێت تەنها خۆیان سوودمەند بن و هەموو قازانج و دەستکەوتەکان بۆ خۆیان بێت، ئەنجامەکە (بردنەوە – دۆڕانە) واتە سوودمەندبوونی لایەك و زەرەرمەندبوونی لایەنی بەرانبەر.

لەلایەکی دیکەوە، سوودمەندبوونی هەردوولا (بردنەوە – بردنەوە) واتای ئەوە نییە، کە هەموو دەستکەوت و قازانجەکە بدەیت بە کەسی بەرانبەر، ئەوە پێی دەوترێت (دۆڕان–بردنەوە) واتە تۆ زەرەرمەند دەبیت و کەسی بەرانبەر سوودمەند دەبێت ڕەنگە ئەمەش لە ئەنجامدا ببێتە هۆی ئەوەی، کە کارەکەت لەدەست بدەیت.

ستراتیژییەکی گەورە هەیە پێی دەوترێت (دۆڕان–دۆڕان) واتە هیچ لایەکتان سوودمەند نابن، ئەمە کاتێك ڕوودەدات، کە هەردوولا زۆر کەللەڕەق یان خۆپەسەندن، بۆ ئەوەی دۆخێکی بردنەوە دروست بکەن وەکوو، وتووێژکردنی ڕێککەوتن لەنێوان دەستەی بەڕێوەبەران و فەرمانبەرەکاندا لە ئەنجامدا هیچ لایەکیان سوودمەند و براوە نابن لە دۆخەکەدا.

لە ژیانی کەسیتدا، دۆخی بردنەوە–بردنەوە بناغەی پەیوەندییە خۆشە گەرموگوڕەکانە، ئەوە هاوسەرەکەیە دەیەوێت دۆخێکی بردنەوە (سوودمەندبوون) بۆ هاوژینەکەی دروست بکات، ئامادەیە نیوەی ئەرکەکانی ماڵەوە ئەنجام بدات و یارمەتی چالاکییەکانی منداڵەکانی بدات، بەتایبەت کاتێك هاوژینەکەی فەرمانبەرە لە دەرەوە.

بردنــەوە – بردنــەوە واتــە هاوژینەکــەش پاڵپشــتی تــەواوی هاوســەرەکەی دەکات، کاتێك لە هەوڵی دروسـتکردنی بازرگانییـەکی نـوێ، یـان دەسـتپێکردنی کارێکی نوێدایە.

ئەم دۆخە واتە بوون بە هاوسێیەکی باش بۆ دراوسێکانت، تەرکیز و ئامانجت تــەنها لەســەر بەرژەوەندییــەکانی خــۆت نــەبێت، بــۆ ئــەوەی ســوودی هــەبێت، پێویستە هەموو ڕۆژێك جێبەجێی بکەیت. کاتی پێویستە، بـەرەنگارت دەکاتــەوە تائەوەی بەجددی خۆت تەرخان بکەیت بـۆ دروسـتکردنی ئـەم کـارە هاوبەشـییە گرنگانە.

ئێســتاش بــا ســەیری لایــەنێکی دیکــەی گرنگــی بکــەین لــە گەشــەکردنی بازرگانییەکەتدا، بنیادنانی پەیوەندییەکی نایاب لەگەڵ کڕیارە سـەرەکییەکانتدا. کڕیـارە سـەرەکییەکانت دڵـی بازرگانییەکـەتن و بـەردەوام شـتت لـێ دەکـڕن و گرنگترین سەرچاوەی دەستکەوتنی تۆن و خۆشحاڵیشن، کە هاریکاریت بکەن بۆ پێداویستیی نایاب بۆ بازرگانیی نوێ.

جێگای سەرسامییە، لەمڕۆدا زۆرێك نـازانن کـێ کڕیـاری سـەرەکییانە. ئـەوان پاسپۆرتی تۆن بۆ گەشەکردنی داهاتووت.

بەداخەوە، زۆرجار ئەم پەیوەندییە گرنگانە بـەهایان نازانرێت، هەڵوێسـتەکە ئەمەیە: "هــەموو مانگێـك داوای دوو هــەزار بەرهــەم دەکـات، پێویسـتە گرنگـی و تەرکیز بە بازرگانیی نوێ بدەین."

## هەموو جۆرە ڕێککەوتنێك شیاوی هێشتنەوەیە

بازرگـانیی نـویێ گرنگـە، هێشـتنەوەی پەیوەندییەکـەت لەگـەڵ باشـترین کڕیارەکانتدا لـەو گـرنگترە، زۆر سـەختترە کڕیـاری نـوێ بدۆزیتـەوە بـە بـەراورد بـەوەی، کـە کڕیـارە دێرینـەکانت بهێڵیتـەوە و خزمـەتیان بکـەیت. ئاگـاداری کاتەکەشت بە، کە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەسەری دەبەیت کڕیاری سەرەکیت نین.

ئایا هیچ کڕیارێکی لەم جۆرەت هەیە لـە بازرگانییەکەتـدا؟ ئەگـەر دڵنیانیـت، ئەوا بەم جۆرە دەتوانیت بیانناسیتەوە، چونکە وزە، کاتێکی زۆرت لێ دەبـەن و شتی کەمیشت لێ دەکڕن و هەندێك کات سوودت پێناگەیـەنن و هیچـیش نـاکڕن. بەڵام دەربارەی هەمووشتێك پرسیارت لـێ دەکـەن، داواکارییـەکی زۆر زۆرت لـێ دەکەن و کاتت زۆر دەگرن. بەدڵنیاییـەوە ناتـەوێت هـیچ کـارێکی بازرگـانی ڕەت بکەیتەوە، کە دێتە بەردەستت، بـەڵام ئـەی ئـەو شـتەی، کـە کـات و وزەت زۆر دەبات و ئەنجامی کەمیشی دەبێت و هەندێك ڕێککەوتن ئـەنجامی بـاش و نایـابی نابێت دەبێت پشتگوێیان بخەیت و خۆت بەدوور بگریت لێیان.

دیسـان سـەیری کڕیـارە سـەرەکییەکانت بکـەرەوە، شـتێکی گـرنگ هەیـە پێویسـتە بیزانیـت دەربـارەی ئـەم کەسـانە، ئـەویش ئەوەیـە ناتەوێـت هـەرگیز لەدەسـتیان بـدەیت. ئەمـە پرسـیارە گرنگەکەیـە، ئایـا چـەندێك لـە کـاتی خـۆت تەرخان دەکەیت بۆ کڕیارە سەرەکییەکانت؟

ئەمە شیاوی لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوەکەمان دەری دەخات، کە کاتێکی زۆر کەم تەرخان دەکرێت بۆ کڕیـارە سـەرەکییەکان، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی ئـەوەی هەرگیز پەیوەندییەکان نەگەنە بەرزترین ئاستیان.

لەڕووی داراییشەوە، واتە بەفیڕۆدانی بڕە پارەیەکی زۆر، ئێستا کە دەزانی ئەم جۆرە کەسانە کێن، ئەوا زیاتر تەرکیزیان لەسەر بکەرەوە، دەستکەوتە درێژخایەنەکان شایستەی کۆشش و هەوڵدانی زۆرن، بازرگانییەکەت زیاد دەکات و هەروەها ئەگەری لەدەستدانی ئەم جۆرە لە باشترین کڕیارەکانت کەم دەکەیتەوە بۆ کێبڕکێکارەکانت.

ئێستا با سەیری گرنگترین پەیوەندییە کەسییەکانت بکەین، وەکوو: خێزان، هاوڕێکانت، ئامۆژگاریکەرە ڕۆحییەکان، چاودێرەکان، هەرکەسێك، کە تایبەتە لە ژیانی دەرەوەی جیهانی بازرگانییەکەتدا. دووبارە بەوریاییەوە بیر بکەرەوە لەوەی کێ شایستەیە، کە لەم لیستە تایبەتەی کەسە گرنگەکاندا بێت، پاشان ناوەکانیان تۆمار بکە.

دواخستن گەورەترین دوژمنە و هەرگیز هیچ هەوڵ و کۆششێك بۆ باشترکردنی داهاتووت دوا مەخە. هەریەك لەم هەنگاوانە بەجێ بگەیەنە پاش تەواوبوونی خوێندنەوەی ئەم بەشە. بیرت بێت، ئەم کتێبە کارێکە بەردەوامە و ئەو کاتەی کە تەواوی دەکەیت، ئەوا دەستت کردووە بە هەندێك لەم خووە تایبەتە دڵخۆشکەرانەی ژیانت: دەوڵەمەندتر دەبیت، زیاتر قایل و دڵخۆش دەبیت بە دەستکەوتەکانت.

بەوردی سەیری لیستەکە بکە و پێداچوونەوە بە بڕی ئەو کاتەدا بکەرەوە، کە لەگەڵ ئەم کەسانەدا بەسەری دەبەیت، ئایا وەك پێویستە؟ ئایا خۆشی لەو کاتە دەبینی؟ ئایا کاتە کەسییەکەت لەگەڵ کێی دیکەدا بەسەر دەبەیت؟ ئایا کاتت زۆر بەفیڕۆ دەدەن، کە باشتروایە لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە گرنگەکانتدا بەسەری ببەیت؟ ئەگەر بە "بەڵێ " وەڵامت دایەوە، ئایا دەتەوێت چی بکەیت دەربارەی؟ ڕەنگە کاتی پێویست بێت بڵێیت،"نەخێر". ئەوان لە

لیستی گرنگترین کەسانی ژیانتدا نین، ئەی کەوایە بۆچی کاتەکەت لـێ دەدزن و بەفیڕۆی دەدەن؟

بــەکورتی ئاماژەمــان بــە دۆخــی (بردنــەوە – بردنــەوە) ســوودمەندبوونی هەردوولا کرد، بەڕاستی گرنگە کە بزانیت ئەمە واتای چییە.

ستیڤ کوڤی، لێکچوونێکی ڕوون و باشمان پێ دەدات و دەڵێت:"دەبێت وەك هەژمارێکی بانکی هەڵسوکەوت لەگەڵ گـرنگترین پەیوەندییەکانتـدا بکـەیت،" بـۆ نموونە: هەتا پارەی زیاتری تیادا دابنێیت لە هەژماری بانکی پەیوەندییە گرنگ و تایبەتەکانتدا، ئـەوا پەیوەندییـەکانت فـراوانتر، بـەهێزتر دەبـن و لـە پرۆسـەکەدا دەبیت بە کەسێکی گرنگتر و بەبەهاتر لای کەسانی بەرانبەر.

هەتا زیاتر بزانیت دەربارەی ئەو کەسانەی لە لیستی کرپیارە سەرەکییەکان و لیستە کەسییەکانتدان، ئەوا زیاتر دەتوانیت هاریکاریان بیـت، واتـا دروسـتەکەی (بردنەوە – بردنەوە) ئەوەیە، کە ئەم یارمەتی و سوودانە بگەیـەنیت بـەبێ هـیچ مەرج و خواستێك.

بە واتایەکی دیکە، لە بەرانبەردا چاوەڕوانی هیچ شتێك مەکـە، بـەڵکوو تـەنها ئەزموونی خۆشیی تەواوی بەخشین بکە.

ئەگەر تا ئێستا ئەنجامت نەداوە، ئەوا فایلێکی زانیاری بۆ هەموو ئەو کرپیـارە سـەرەکییانەی لیسـتەکەت و پەیوەندییـە گرنگـەکانت دروسـت بکـە. هـەموو زانیارییـەکان دەربـارەی ئـەم کەسـانە بـدۆزەرەوە تەنانـەت ئـەو شـتانەش کـە حەزیان لێیەتی، یان حەزیان لێی نییە: خواردنە دڵخوازەکانیـان، ڕێکـەوتی ڕۆژی لـــەدایکبوونیان، ڕۆژی هاوســـەرگیریکردنیان، نـــاوی منداڵـــەکانیان، وەرزش و ئارەزووەکانیان.

هارڤی ماکای، بە فایلی زانیارییەکەی دەڵێت (ماکای ٦٦) لەبەر ئەوەی ٦٦ پرسیار هەیە، کە تیمی فرۆشیارەکەی دەیپرسن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاریی هەموو کڕیارە گرنگەکان. زۆرینەی خەڵکی فایلی لەم جۆرەیان نییە هەر بۆیە گرنگی بە دۆخی بردنەوە – بردنەوە نادەن، کاتێکی زۆر و هەوڵدانێکی بێ وچانی زۆری پێویستە بۆ بنیادنانی پەیوەندییەکی سەرکەوتوو و بەهێز. واتە زۆرجار پێویستە زیاتر بەدەست بهێنت، ئەوە شێوازی ژیانە وردە وردە دەبێتە هەڵسوکەوتی نوێی ڕۆژانەت و بەبێ بیرکردنەوە ئەنجامی دەدەیت. هەڵسوکەوتی بردنەوە – بردنەوە دەبێتە بەشێك لە هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانەت، بەشێوەیەکی جیاوازتر لە پێشوو دەرگای دەرفەتەکان بە ڕووتدا دەکرێنەوە و بەدڵنیاییەوە، پێی دەوڵەمەندتر دەبیت و تەنها مەبەستمان لەڕووی داراییەوە نییە.

## چ شتێکی دیکە...

بردنەوە – بردنەوە ڕێگایەکی نایابە بۆ ژیانکردن و هاوڕێیەتیی ڕاستی کاتی پێویستە بۆ بەرەوپێشچوون، بەهای ئەو پەیوەندییانە بگرە کە خاوەنیانیت و هەرشتێك، کە پێویستە بیکە بۆ باشترکردن و بەهێزکردنیان. ئەمەش ستراتیژییەکی بەهێزە کە ئاسانی دەکات پێی دەوترێت،"تەکنیکی چ شتێکی دیکە."

با بڵێین دەتەوێت پەیوەندییە کەسییە گرنگەکەت لەگەڵ هاوسەرەکەت، یان هاوژینەکەتدا بەرەو پێشتر ببەیت، ئەگەر هاوسەرگیریت نەکردووە، ئەوا دەتوانیت ئەمە بۆ هەر پەیوەندییەکی دیکەی واتادار بەکار بهێنیت، کەوایە بەگوێرەی پەیوەندییەکە بەکاری بهێنە.

لە ڕاستیدا، کەسێك دیاری بکە، کە حەزت لێیە چێژ لە ئاستێکی بەرزی پەیوەندییەکەت ببینی لەگەڵیدا. بۆ نیشاندانی ئەوەی چۆن ئەم تەکنیکە کاری خۆی دەکات نموونەی ژن و مێردەکە بەکار دەهێنین، وا دابنێ کۆتاییی هەفتەیە و هاوسەرە باشەکە بەناوی دەیڤید گەشتووەتە ماڵەوە و هاوژینە باشەکەی بەناوی (دیان) نانی ئێوارەی ئامادەکردووە و هەردووکیان چێژ لە ژەمێکی نایاب وەردەگرن.

دەیڤید ستایشی دەکات و ئەم پرسیارەی لێ دەکات:"دیان، وەك هاوسەرێك چۆن ئاستی من هەڵ دەسەنگێنیت لە ماوەی هەفتەی پێشوودا، نمرەیەکم لە ١ بۆ ١٠ پێ بدە؟ ئەمە پرسیارە جددییەکەیە.

دیان بۆ ساتێك بیر دەکاتەوە و دەڵێت:"نمرەی ٨تت پێ دەدەم." وەڵامەکە پەسەند دەکات بەبێ گوتنی هیچ شتێك، پرسیاری (چ شتێکی دیکە) دەپرسێت: "دەبوو چ شتێکی دیکەم بکردایە، بۆ ئەوەی ١٠م پێ بدەیت؟"

دیان وەڵامی دایەوە:"بەڕاستی پێزانینم دەبوو ئەگەر لە ڕۆژی چوارشەممەدا یارمەتی (جۆن)ت بدایە لە ئەرکی ماڵەوەیدا، لەژێر فشارێکی زۆردا بووم کە دەبوو لە کاتژمێر ٧دا لە وانەی کۆمپیوتەردا ئامادە بم و هەستم بە ئازاری ویژدان دەکرد بەبێ ئەوەی چاودێریی تەواو بکرێت و جێی بهێڵم، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵێنتدا، کە بەلۆعای گەرماوەکە چاك بکەیتەوە ئەم هەفتەیە، بەڵام هێشتا ئاوی لێ دەڕوات.، تکایە، چاکی بکەرەوە."

دەیڤید گوتی:"زۆر سوپاستەکەم، هەوڵ دەدەم بۆ جاری داهاتوو کەسێکی زیاتر گرنگیپێدەر بم."

پاشـان نواندنـەکانیان پێچـەوانە کـردەوە، دیـان داوای لـە دەیڤیـد کـرد کـە هەڵسەنگاندنی بۆ بکات، ئەوەبوو دەیڤید نمرەی ٩ی پێ دا ئێسـتا کـاتی دیانـە، کە پرسیاری (چ شتێکی دیکە) بپرسێت.

دیان پرسیی:"دەبوو چ شتێکی دیکە بکەم، بـۆ ئـەوەی نمـرەی ١٠ بەدەسـت بهێنم لە هەڵسەنگاندنەکەمدا؟"

دەیڤیـد بەڕاسـتی وەڵـامی دایـەوە و گوتـی:"زۆربـاش بوویـت، بـەڵام شـتێکی بچووك هەبوو، ئایا بیرتە بەڵێنت دا یاری تۆپی پێیەکە تۆمار بکـەیت بـۆم کاتێـك لە ڕۆژی دووشەممە و سێشەممەدا لە مـاڵ نـەبووم؟ دەزانم تـەنها لـەبیرت چـوو، بـەڵام چـاوەڕوان بـووم هاتمـەوە سـەیری دیمەنـە گرنگـەکانی یارییەکـە بکـەم، بەڕاستی نائومێد بووم."

دیان داوای لێبوردنی کرد و بەڵێنی دا، کە داواکارییەکانی لەم جـۆرەی تۆمـار بکات لە تۆماری پلانی ڕۆژانەکەیدا، بۆ ئەوەی لەبیری نەچێت.

بـەر لـەوەی بڵێن:"ئـەوە زۆر نایابـە، بـەڵام هـەرگیز سوودی نابێـت بـۆ مـن. ڕاوەستە و بیر بکەرەوە، ڕاستی کەسانێکی زۆر کەم ئەم تەکنیکـە بـەکاردەهێنن و کەسانێکی کەمتریش بەشێوەیەکی ئاسایی هەفتانە ئـەنجامی دەدەن و بەهانـە زۆر باوەکانیشیان ئەمانەن: "من زۆر سەرقاڵم." "ئـەوە زۆر گەمژانەیـە!"، یـان "هاوژینەکەم، یان هاوڕێیەکەم هەرگیز بەوە ڕازی نابێت."

## بەتەواوی کراوە بە بۆ هەڵسەنگاندن

ئەمەش باوترین بەهانەیە:"من و هاوبەشەکەم، یان هاوکارەکەم کراوە نین بۆ هەڵسـەنگاندن بـەهۆی ئـەوەی پەیوەندییەکـەمان نەگەشـتووەتە ئـەو ئاسـتە." بـەردەوام پێـدان و وەرگرتنـی هەڵسـەنگاندن یەکێکـە لـە باشـترین ڕێگاکـان بـۆ

پتەوکردنی هاوسەرگیرییەکەتان، یان هاوڕێیەتییە بازرگانییەکەتان، چونکە خاسیەتێکی نموونەییی ئەو کەسانەیە، کە ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و توانای تایبەتی تێگەشتن لە کەسانی دیکەیان هەیە. بەهۆی ئەم ئاستە بەرزەوە خۆشی دەبینن لە کاری هاوبەشی، ڕازیکەر، ڕاستگۆیانە و کرانەوە لەگەڵ گرنگترین کەسانی ژیانیاندا، هەروەها تۆش دەتوانیت ئەم تەکنیکە بەکار بهێنیت لەگەڵ منداڵان و ئەندامانی خێزانەکەتدا و منداڵەکانت بەبێ هیچ فرت و فێڵێک چیرۆکە ڕاستییەکەت پێ دەڵێن.

هەموو هەفتەیەك بە چەند پرسیارکردنێکی کەم، دەتوانیت زیاتر سەبارەت بە خۆت فێر بیت لەو کەسانەوە، کە گرنگترینیت بەلایانەوە و هەڵسەنگاندنی دروست و ڕاستگۆیانەت پێ دەدەن لەبریی ئەوەی وەك زۆرێك لە خەڵکی بەرگری لە خۆت بکەیت، ئەوا وەك دیارییەك زانیارییەکە پەسەند بکە، لە ئاکامدا ئەمەش یارمەتییت دەدا، کە ببیتە کەسێکی ڕاست و متمانەپێکراو.

تەکنیکی (چ شتێکی دیکە) واتە دەتەوێت زیاتر فێر بیت، زیاتر بکەیت وە پەیوەندییەکەت بەهێزتر بکەیت، لەبەر ئەوەی بەلاتەوە گرنگە لە پڕۆسەکەدا، هەردوولا سوودمەند و بەهێزتر بن.

ڕەچاوی سوودەکانی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە بکە لە ژیانی بازرگانیتدا، ئەگەر خاوەنی کۆمپانیایەکیت، ئەوا دەتوانی لە فەرمانبەرە سەرەکییەکانت بپرسیت چۆن هەڵسەنگاندنم بۆ دەکەن و ئاستم چۆنە وەك سەرۆکێك و نمرەی چەندم پێ دەدەن؟ بەڕێوەبەرەکانیش دەتوانن لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەران و فرۆشیارەکانیاندا ئەنجامی بدەن، ئەی کڕیارە سەرەکییەکانت چی؟ ئەمەش دەرفەتێکی ناوازەیە، بۆ ئەوەی ئاگاداری خاڵە لاواز و بەهێزەکانت بیت لە کارە بازرگانییەکەتدا وە ئەو بوارانەی تیایاندا لاوازیت چۆن بەرەوپێشیان ببەیت.

ئەگــەر ئــەم تەکنیکــە نوێیــە بــۆت، ئــەوا ڕەنگــە چــەند هەوڵــدان و تاقیکردنەوەیـەکی سـەرەتا نـەگونجاو و نائـارام بێـت بـۆت ئـەوەش شـتێکی زۆر ئاساییە لە سـەرەتای هەرشـتێکی نوێـدا، چـونکە هـەموو جـۆرە خوویـەکی نـوێ پێویستی بـە زۆر دووبارەکردنـەوە و بـەردەوامی هەیـە بـەر لـەوەی کـاری خـۆی بکات.

بیستنی ڕاستییەکان لـەو کەسانەی، کـە خۆشـت دەوێـن و ڕێزیـان دەگریـت هەنـدێك کـاتی دەوێـت بـۆ ڕاهـاتن، هەنـدێك کـات ڕاسـتییەکە بـەئازارە و ڕەنگـە پێویست بکات چەند جارێك شتێك ئەنجام بدەیت شەرمەزارت دەکات و هەست بە شەرمەزاری دەکەیت، بۆ ئەوەی چێژ لـە بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوتە مەزنـەکان وەربگریت لە داهاتوودا.

تێبینییـەکی دیکـە ئەوەیـە، ئەگـەر هەڵسـەنگاندنێکی گـرنگ دەدەیـت، ئـەوا هەمیشە بەنهێنی و بەتایبەت بەو کەسەی بدە، بەڵامـلە لایـەکی دیکـەوە، کاتێـك دێتە سەر باسی ستایشکردن ئەوا لەناو خەڵکیدا بیکە.

| |
|---|
| با ڕەخنەگرتنت بەنهێنی بێت و ستایشکردنیشت بەئاشکرا. |

مارك:

بـۆ ڕێگریکـردن لـە شکسـتهێنانی پـەیوەندییـە گرنگـەکان، زۆر سوودبەخشـە ئەگەر پێکەوە بەرانبەر بە یەکتر دابنیشن و بەڕوونی گفتوگۆی بکـەن و هـەردوولا بیرکراوە بن.

خۆتەرخانکردن وای لێ دەکات سەرکەوتوو بێت، لە هاوسەرگیریی پێشوومدا خووم بە کارەوە گرتبوو وە بیرم کردەوە من گرنگترین کەسم لە جیهانـدا، بـەڵام ئێستا شتێکی جیاواز دەزانم، ئەوە دەزانم، کە چەندە گرنگ نیم.

لەوە دڵنیا بەرەوە کە خۆپەسـەندییەکەت دڵـت بـەڕێوە نابـات و ئـەم ڕێگایـە یارمەتیدەرە لە چارەسەرکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکاندا، کـە پێویسـتیان بـە چارەسەری تایبەت هەیە لە دۆخی کاری هاوبەشیدا.

| |
|---|
| بیرت بێت، بۆ ئەوەی شتەکان بگۆڕێن، پێویستە سەرەتا خودی خۆت بگۆڕیت. |

دوو ڕێگـا هــەن دەتوانیـت بــەکاریان بهێنیـت بـۆ دروسـتکردنی ژیـانێکی سەرکەوتووانە، ئەوانیش: بڕیار بدەیت بەتەنها بیت و کۆنترۆڵی شتەکان بکـەیت، یان ئەوەی کەسانی دیکە هەبن لە ژیانتدا، کە هەندێك یارمەتیت پێ ببەخشن.

بژاردەی یەکەم، پێویستی بە زۆر ڕێگا هەیە تـا تـاقی بکەیتـەوە، بـۆ ئـەوەی بزانیت کامیان گونجاوە، ڕێگا سەختەکە فێـر دەبیـت و بەشـی خـۆت سـەختی و ناخۆشی دەبینیت.

بـژاردەی دووەم، ئــەو شـوێنەیە، ئاسـتی سـتراتیژی بــەکار دەهێنیـت بـۆ یارمەتیدانت تائەوەی خۆت بەدوور بگریت لە ڕێگا دژوارەکـانی ژیـان، چـۆن؟ بـە دۆزینەوەی ئەو کەسانەی کە ئامادەییان هەیە ئامۆژگـاری و چـاودێریت بکـەن و هانــت دەدەیــن تــەرکیزی تایبــەت بخەیتــە ســەر ئــەو بابەتــەی دواتــر کــە دەیخوێنیتەوە. دەتوانیت چـەند سـاڵێکت لـە بـەکارهێنانی کۆمـەڵێك ڕێگـات بـۆ

بگێڕێتەوە کە دەبێت بۆ ماوەیەکی زۆر تاقییان بکەیتەوە، بۆ ئەوەی بزانیت کام ڕێگایان گونجاوترین و باشترینە.

## چۆن ئامۆژگاریکەرە مەزنەکان دەدۆزیتەوە

هەبوون و هاوڕێیەتیکردنی ئامۆژگاریکەری باش-هەڵبژێردراو دەتوانێت بە شێوەیەکی سەرسامکەرانە ژیانت بگۆڕێت. ئامۆژگاریکەر، کەسێکە ئەزموونێکی زۆری هەیە، یان بەهرەیەکی تایبەتی هەیە و ئامادەیە بە شێوەیەکی بەردەوام بیرۆکەکانیت پێ بڵێت.

وەك کەسێك کە ئامۆژگاری وەردەگریت بەرپرسیاریت لەسەرشانە بەژیرانە ئەم زانیارییە بەکار بهێنیت بۆ یارمەتیدانی پیشەکەت و دۆخی داراییت، یان بەرەوپێشبردنی ژیانی کەسی و خێزانیت، وەك پەیوەندیی قوتابی و مامۆستا. جگە لەوەی سوود دەبینیت لە فێرکردنی یەك کەسی (دوو کەس بەرانبەر یەکتر) بەخششێکی گەورەی دیکەش ئەوەیە، کە تۆ هیچ جۆرە کرێیەك نادەیت بۆ هیچ کام لە وانەکان، چ ڕێککەوتنێکە!

ئەمە شێوازێکی سێ هەنگاویی سەلمێندراوە تا یارمەتیت بدات خۆشی لە سوودێکی زۆری ئامۆژگاریکردن ببینیت.

### ١. ئامانجەکە بناسەرەوە:

بوارێکی تایبەتی ژیانت هەڵبژێرە، کە دەتەوێت بەرەو پێشی ببەیت، ڕەنگە چەندین بوار هەبێت، بەڵام بۆ مەبەستی دەستپێکردن تەنها یەکیان هەڵبژێرە.

ئەمانەش چەند بیرۆکەیەکن: گەشەکردنی بازرگانییەکەت، فێربوونی تەکنەلۆجیای نوێ، ستراتیژیی وەبەرهێنان، کەڵەکەکردنی سامان، نەهێشتنی قەرز، خواردن و ڕاهێنانکردن بۆ تەندروستییەکی سەلامەت و، بوون بە دایك یان باوکێکی نایاب.

## ٢. کاندیدە ئامۆژگاریکەرەکانت هەڵبژێرە:

بیر لە کەسێك بکەرەوە ئەزموونێکی زۆری هەیە، یان لێهاتووە لەو بوارەدا، کە دەتەوێت بەرەو پێشی ببەیت. دەکرێت کەسێك بێت خودی خۆت بەباشی دەیناسیت، یان کەسێك بێت پێشەنگ بێت لە بوارەکەتدا، کەسێك بێت ناسراوە وەك یەکێك لە شارەزاترینەکان لەسەر ئەم بابەتە، بۆ نموونە: نووسەرێك، وتاربێژێك، کەسایەتییەکی ناودار، یان هەرکەسێك هەیە لەوە دڵنیا بەرەوە لە ژیانی ڕابردوویدا سەرکەوتوو بووە لەو بوارەی، کە دەتەوێت تیایدا بەرەو پێش بچیت.

## ٣. پلانی ستراتیژییەکەت دروست بکە:

ئەگەر پێشتر جێگای ئامۆژگاریکەرەکە پێشنیارکراوەکەت نازانیت، ئایا دەتەوێت چۆن بیدۆزیتەوە؟ کاتێك دۆزیتەوە چۆن پەیوەندی پێوە دەکەیت؟

وەك یارییەك مامەڵەی لەگەڵ بکە ڕەنگە ٦ دەرگا هەبێت، کە پێویست بێت بیانکەیتەوە، بەر لەوەی ئەو هەمووە زانیارییانەت هەبێت کە پێویستن.

کێ دەتوانێت یەکەم دەرگات بۆ بکاتەوە؟ لەوێوە دەست پێ بکە و بەردەوام بــە لــە پرســیارکردن، دەبینیــت سەرســام دەبیــت بــەوەی چــەندە بــەخێرایی دەرگاکانی ترت بۆ دەکرێنەوە کاتێك دەست بە قسەکردن دەکەن.

ڕەنگە ســەیری نــاوی ئامۆژگاریکــەرە پێشــنیارکراوەکەت بکــەیت و دواتــر بــە خۆت بڵێیت،"تەنانەت ئەم کەسە ناناسم و ئەویش من ناناسێت، ئەگــەر منیشــی بناسـیایە، ئــەوا هــیچ کــاتی بــەنرخی خــۆی پێنــەدەدام." لێــرەدا بوەســتە، ئــەم چــیرۆکەی دواتــر ســەلمێنەرێکی گەورەیــە کــە دۆزینــەوە و پەیوەنــدیکردن بــە ئامۆژگاریکەرەکانەوە زۆر باشە لە چوارچێوەی تواناکانی خۆتدا.

لی:

یەکێك لە کڕیارەکانمان بەناوی ئاشلی دانەمەزرابوو، پاش ماوەیەك ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانی شتی زۆرتری پێویستە وەك لــەوەی ئــەو ســەرەتا بــیری لــێ دەکــردەوە. ســەرەڕای وەبــەرهێنانی گرنگــی دارایــی، هــیچ ستافێکی ڕاهێندراوی نەبوو و هەرگیزیش لە کاری فرۆشیاریدا نەبووە، پێشتریش وەك پۆلیسی پاراستن و سەلامەتی لە کۆمپانیایەکی ناوخۆییدا کاری کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاشلی پێچــەوانەی هــەموو بەڵێنــدەرەکانی دیکــە، هــەرکاتێك بزانێت پێویستیی بە یارمەتی هەیە، کە کەسێکی دیکە پسپۆڕ و لێهاتووە تیایـدا ئەوا داوای هاوکاری لێ دەکات.

ئەو کاتەی منی وەك ڕاهێنەرێکی جێبــەجێکار بــەکرێ گــرت، پێشــنیارێکم بــۆ کرد ئامۆژکاریگەرێك بدۆزێتەوە، کەسـێك بێـت لــەم بــوارەدا ئــەزموونی هــەبێت و بتوانێت هاریکاری بکات، بۆ ئەوەی شێوازی تاقیکردنەوەی ڕێگا زۆرەکــان بــەکار نەهێنێت تا بزانێت کامیان ســەرکەوتووە، ئــەوەبوو دەســتبەجێ پێشــنیارەکەمی پەسەند کرد و کەسێکی دەناسی، کە هەمان کار و بازرگانی بەڕێوە دەبرد.

پاش دەستکەوتنی هەندێك زانیاری دەربارە باشترین شێواز بۆ پەیوەندیکردن بەم کەسەوە. ئەم ئامۆژگاریکەرە لێهاتووە بازرگانییەکی سەرکەوتووی بنیاد ناوە و ئەزموونێکی زۆر زۆریشی هەبوو دەربارەی هەموو دۆخەکانی گەشەکردنی کۆمپانیا، هەزارەها میل دوور بوون لە یەکترەوە هەر بۆیە هیچ نیگەرانییەك لە ئارادا نەبوو، کە کێبڕکێی یەکتری بکەن.

کاتێك ئاشلی پەیوەندیی پێوە کرد، دەستبەجێ وەڵامی دایەوە خۆشحاڵ دەبێت هەر جۆرە یارمەتییەکی لەدەست بێت. پلان و ئامادەکارییان کرد، کە هەموو ڕۆژانێکی چوارشەممەی سەرەتای هەموو مانگێك کاتژمێر ١٠:٣٠ی نیوەڕۆ پەیوەندی تەلەفۆنیی ئاساییان هەبێت، بۆ ئەوەی کاتی یەکتر بەفیڕۆ نەدەن. ئاشلی هەندێك پرسیاری بۆ نارد بە ئیمەیڵ چەند ڕۆژێك بەرلە ئەنجامدانی پەیوەندییەکە. کاریگەرییەکە خێرا و دەستبەجێ بوو، ئاشلی دەڵێت:"پاش یەکەم پەیوەندی بۆ ماوەی هەفتەیەك نەمتوانی بخەوم، چەندین بیرۆکەی مەزنم بۆ هات لەلایەن ئامۆژگاریکەرەکەمەوە و هەموویانم جێبەجێ کرد، بەڕاستی یارمەتیدام بە زانیاری سەبارەت بە: فرۆشتن، کارامەییەکانی پێشکەشکردن، بەکرێگرتنی کەسانی شارەزا و بەئەزموون، دانانی هەژماری تایبەت، ئامادەکردنی خشتەی تەواوی پارەدان، چارەسەرکردنی کێشەی کڕیارە بێزارکەرەکان و بەڕێوەبردنی نوسینگەیەکی چالاك تەنانەت سەنتێکیشی لێ وەرنەگرتم."

پاش چەند مانگێك پەیوەندییەکەیان نزیکتر بوویەوە و ئاشلی توانیی هەندێك لە بیرۆکە بەنرخەکانی خۆی پێ بدات. پەیوەندییەکی بردنەوە – بردنەوە (سوودمەندبوونی هەردوولا)ی ڕاستی لە نێوانیاندا دامەزرا.

هەموو ئەم شتانە بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی دەستی پێکرد، کەوایە بابزانین چۆن دەتوانیت چێژ لە هەمان سەرکەوتن وەربگریت، گرنگترین شت ڕاستگۆی (دەسپاکی)یە.

ڕاستگۆی یارمەتیدەرێکی زۆر باشە، بۆ ئەوەی ئەو شتە بەدەست بهێنیت، کە دەتەوێت لە ژیاندا. ئەمە ئەو شتەیە، کە ئاشلی لە یەکەم پەیوەندیدا گوتی: "سڵاو خاتوون، ئایا دەتەوێت ببیت بە ئامۆژگاریکەرم؟ هەموو ئەوە واتە بەسەربردنی ١٠ خولەك لەگەڵم لە تەلەفۆندا، یەکجاریش لە مانگێکدا تائەوەی بتوانم چەند پرسیارێکت لێ بکەم و بەڕاستی پێی دەزانم، ئایا ئامادەییت هەیە؟"

کاتێك ئەو پرسیارە کۆتاییە دەکەیت، ئەوا زۆر کات وەڵامەکە"بەڵێ" یان "نەخێر" دەبێت ئەگەر بەڵێ بوو، ئەوا کۆنترۆڵی دڵخۆشییەکەت بکە و پرسیارێکی دیکەش بکە، چ کاتێك گونجاوە تا لە چەند هەفتەی داهاتوودا پەیوەندیت پێوە بکەمەوە؟

پاشان کاتێکی تایبەت جێگیر بکە بۆ یەکەم چاوپێکەوتنی ئامۆژگاریکەرەت، بە نووسراوێکی دەستی سوپاسی بکە، ئەگەر وەڵامەکەی نەخێر بوو، بەڕێزەوە سوپاسی بکە بۆ ئەو کاتەی کە پێی بەخشیت.

دەتوانیت بپرسیت ئەگەر ئاسایی بێت بەلایەوە تائەوەی لە کاتێکی گونجاوتردا پەیوەندی بکەیتەوە و داواکارییەکەت دووبارە بکەیتەوە، یان بەپێچەوانەوە پلانی (ب) بەکاربهێنە و پەیوەندی بە کەسێکی دیکەوە بکە لە لیستەکەتدا.

با سەیری خاڵە گرنگەکانی پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بکەین: سەرەتا، دەستبەجێ باس لە مەبەستەکەت بکە، کەسانی سەرقاڵ پێزانینیان بۆ ئەم شتە

نییە و تێکەڵی خەڵکی ناکەن، نووسینێکی باش ئامادەکراو بەکاربهێنە، بە دەنگێکی ئارامەوە قسەی لەگەڵدا بکە، ئەوەی دەتەوێت پێی بڵێ، پرسیاری کۆتایی بکە و پاشان بێدەنگ بە.

لەم کاتەدا ڕێگە دەدەیت ڕاهێنەرە نوێیە بەتواناکەت قسە بکات و ئاستی سەرکەوتنت بەرز دەبێتەوە. ئەمەش هۆکارەکەیە: یەکەم، داوا لە کەسێك دەکەیت ببێتە ئامۆژگاریکەر، ئەوە لێدوانێکی تەواو ئەرێنییە بۆی.

دووەم، زۆر بەدەگمەن ئەو داوایەیان لێ دەکرێت، ئەگەر بەڕاستگۆیی تەواوەوە بیکەیت، ئەوا بەرەنگارییەکانی زووتریان بەبیر دەهێنیتەوە و زۆرینەی جار وەڵامێکی ئەرێنی وەردەگریت.

بەرلە پەیوەندییە تەلەفۆنییە سوودبەخشەکەت، هێندەی دەتوانیت زانیاری وەچنگ بخە دەربارەی ئەو کەسە، ئەگەریش نایناسیت، ئەوا لە ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیادا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکە بۆ دەستکەوتنی زانیاری سەبارەت بە ڕۆڵ و ئەرکیان لە بازرگانیدا.

بیرت بێت، بۆ زۆرێك لە بوارەکانی ژیانت کە دەتەوێت بەرەو پێشیان بەریت دەکرێت ئامۆژگاریکەرت هەبێت، ڕەنگە لە شارێکی دوور یان جێگایەکی تر بژین. بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانەدا بەرەوپێشچوون لە بوارە دیاریکراوەکەدا بەشێوەیەکی سەرسامهێنەرانە زیاد دەکات.

بەکارهێنانی ڕێساکانی کەسانی سەرکەوتوو و دەستکەوتنی بیرۆکەکانیان ڕێگایەکی زۆر زیرەکانە و ژیرانەیە، زۆر کات ئەو کەسەی دەیناسیت دەرگاکانت بۆ دەکاتەوە بۆ دەرفەتی گەورەتر و باشتر و دەبینیت کەسانی سەرکەوتوو پەیوەندییەکی زۆر باشیان هەیە.

## خۆت بکە بە گوللەبەند

ئێستا دەمانەوێت ڕێگایەکی دیکەی سەرکەوتووت پێ بناسێنین لە پەرەدان بە خووی پەیوەندییە نایابەکان، کە پێی دەوترێت دروستکردنی قەڵای خۆت.

بۆ ئەوەی پارێزراو بیت لە تەنگژە و کێشەکانی ژیان، دەتوانیت بەم جۆرە بنیادی بنێیت، وەك، دروستکردنی تیمێکی پاڵەوانی یاریی تۆپی پێ، یان هۆکی سەر سەهۆڵ، کە تیایدا هەریەك لە یاریزانەکان ڕۆڵی خۆیان هەیە لە یارییەکەدا و تیمەکە هێندەی لاوازترین یاریزان ئاستی لاوازە.

پێکەوەبەستنی کۆمەڵێك یاریزانی بەهرەمەندە و ڕاهێنەرێك دەتوانێت پلانێکی سەرکەوتووی یاری دروست بکات و جێبەجێی بکات، دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی نازناو و پاڵەوانێتییەکان.

خۆت وەك ڕاهێنەرێك ببینە، لەم دۆخەی ژیانتدا دەتوانیت دوو پرسیاری سەرەکی بکەیت: کێ لە تیمەکەدایە؟ ئایا لەو ئاستەدان خەون و ئامانجەکانم بەدی بهێنن؟ ئەمە هەمووی واتە دانانی ستاندارد (پێوەر)ی زۆر بەرز تائەوەی بتوانیت خۆشی لە شێوازی ژیانکردن وەربگریت کە ئازادیی تەواو، سامانێکی بەردەوام و هەستێکی تایبەتی بەهای خودیشت پێ دەبەخشێت.

کاتێك هاوکاریت پێویستە، باشترین کەس ئامادە دەبێت بۆ یارمەتیدانت. ئەمە پڕۆسەیەکی بەردەوامە نەك چارەسەرێکی خێرا.

بەم شێوازە کار دەکات: بەوردی سەیری پەیوەندییە گرنگەکانت بکە- ئەو کەسانەی پاڵپشتیت دەکەن و یارمەتیت دەدەن بەدرێژایی ساڵ، ئەوا بیانکە بە دوو بەشی سەرەکییەوە: بازرگانی(پیشەیی) و کەسی.

لیستێك لەم جۆرە کەسانە دروست بکە، لیستی بازرگانییەکەت (پیشەکەت) ئەمانە لەخۆ دەگرێت: بانکەوان، پارێزەر، ژمێریار، دووکاندار، شارەزای بواری

باج، دابینکەر، ڕاوێژکاری دارایی، دەستەی بەڕێوەبردن، تیمی فرۆشیار، یارمەتیدەری کەسی و سکرتێر و چەندینی دیکەش.

لە لیستە کەسییەکەتدا بوارەکە فراوانترە: دکتۆر، ڕاهێنەری لەشجوانی، شارەزای بواری خۆراك، ددانساز، پسپۆڕی بواری پێست، ڕاوێژکاری دارایی، شارەزای بواری قژ، خاوێنکەرەوە، بۆریچی، کارەباچی، بەرگدوور، باخەوان و دایەن یان هەرکەسێکی دیکە، کە ڕەنگە پێویستت بە پسپۆڕییەکەی هەبێت.

هەموو هەفتەیەك بەریەککەوتنت نابێت لەگەڵ ئەم کەسانەدا، پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا کاتێك پێویستت بە یارمەتییانە، بەردەوام کارێکی نایابت بۆ دەکەن؟ هەندێك کات ئەو کەسەی هەڵی دەبژێریت کارەکەت بەباشی بۆ ناکات. بۆ لادانی ئەمە، لێکۆڵینەوە لە ڕابردووی بکە، کەسە نایابەکان کاری نایاب ئەنجام دەدەن، لە کاتی خۆیدا دەگەن بەردەوامیش دەبن و داوای نرخێکی بەرزیش ناکەن. ئەمانە جۆرە کەسانێکن دەتوانیت هەموو کات پشتیان پێ ببەستیت و کارەکانت بە باشترین شێوە بۆ ئەنجام دەدەن.

ئایا چەند لە یاریزانەکان شیاوی ئەوەنین لە تیمەکەتدا بن بەهۆی ئاست نزمییانەوە؟ تەواو ڕاستگۆ بە، چەندە بۆشایی هەیە لە تیمەکەتدا؟ ئەمانە ئاسانن بۆ دەستنیشانکردن.

ئەمانە ئەو کاتانەن بەخێرای دەچیت بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێتەکە بەو ئومێدەی لە کۆتا خولەکدا کەسێك بدۆزیتەوە، هەندێك کات بەهۆی نەبوونی کاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو کەسە، دەبینیت کارێکی باشت بۆ ناکات و ئەزموونێکی سەرکەوتووی نییە.

لە ئێستا بەدواوە، خێرا بڕیار مەدە، هیچ کارێکی کەمتەرخەمانە، یان هەرشتێك دەبێتە هۆی فشاری دەروونیی زیاتر لە ژیانتدا پەسەند مەکە. بڕۆ

لێکۆڵینەوە بکە دەربارەی، ئەرکەکانت بەجێ بهێنە، ئارامگر بە و هاوڕێیەتیی ئەو کەسانە بکە، کە وا لە ژیانت دەکەن پڕ لە خۆشی و دەستکەوت بێت، دواتر دەستبەجێ دەست پێ بکە، سەرسام دەبیت بە دەرەنجامەکەی.

## پوختە

بۆ ئەوەی پەیوەندییەکان پەرە بسێنن لە بازرگانییەکدا پێویستیان بە کات هەیە، کەسانێکی زۆر لەمە تێناگەن و تەرکیز دەخەنە سەر ڕێککەوتنەکە بە بەجێگەیاندنی و بەردەوامبوون لەسەری.

لە پرۆفایلی کەسیشدا وەك ڕاوکەر ناسراون نەك خۆراکپێدەرە، ڕاوکەرەکان گرنگن: ئامادەن هەرکارێك بکەن بۆ سەرگرتنی ڕێککەوتنەکە، بەڵام خۆراکپێدەرەکان ڕێگا درێژخایەنەکە دەگرنەبەر بەهۆی ئەوەی دەیانەوێت بازرگانییەکی درێژخایەن بنیاد بنێن.

باشترین شێواز پێکەوەبەستنی هەردووکیانە، تۆ لە کام جۆریانیت؟ ئایا پێویستە تەرکیزت بگۆڕیت، یان هیچ گۆڕانکارییەك بکەیت؟

دروستکردنی بیرکردنەوە و تێڕوانینی پاڵەوانانە لە جیهانی بازرگانیدا کاتی دەوێت. ئەمانە ئەو کەسانەن، کە دەبنە مەزنترین دەرگاکەرەوەکانت، دەبنە هۆی ڕەخساندنی دەرفەتی نایاب بۆت.

ئارامگر بە، بەهایان بزانە و لە کۆتاییدا خەڵاتەکان دەچنیتەوە. هەمان ڕێسا بۆ بنیادنانی پەیوەندییەکی نایاب بەکاربهێنە لە ماڵدا. ئەمە زانیارییەکەیە: ئەگەر هاوسەرگیرییەکی بەهێزت دەوێت، ئەوا هەموو ڕۆژێك کاری لەسەر بکە. بەکورتی، لە ژیاندا گرنگی بە کەسە گرنگەکان بدە، کاتیان بۆ بڕەخسێنە، بەردەوام ڕاستگۆ بە و ئارەزوومەندی پێداویستی و پیشەکانیشیان بە.

"متمانە وەك کەتیرەی ژیان وایە، گرنگترین پێداویستییە لە گفتوگۆی چالاکانە و ڕێسا سەرەکییەکاندا، کە هەموو پەیوەندییەکان پێکەوە دەبەستێتەوە."

– ستیڤن کوڤی

## هەنگاوە کردارییەکان

ئەگەر ئەم ڕاهێنانانە نەخوێنیتەوە و جێبەجێیان نەکەیت، ئەوا ڕەنگە جددی نەبیت لە پەرەدان بە پەیوەندییە نایابەکانت.

**١. هەردوو بارودۆخەکە:**

پەیوەندییە شکستخواردووەکان: پەیوەندییەك دیاری بکە و لە بیرکردنەوەتدا دووبارە ئەو پەیوەندییە بهێنەرەوە بەرچاوت و سەیری هۆکارەکان بکە و بزانە بۆچی سەرکەوتوو نەبوو.

١–　　　٢–　　　٣–　　　٤–　　　٥–

پەیوەندییە نایابەکانت (سەرکەوتووەکانت): لەڕووی هزرییەوە یەکێك لە مەزنترین و نایابترین پەیوەندییەکان بەبیر خۆت بهێنەرەوە. هەر هەنگاوێك بناسەرەوە، کە بووەتە هۆی سەرکەوتن و بەهێزکردنی پەیوەندییەکە.

١–　　　٢–　　　٣–　　　٤–　　　٥–

### ٢. ناسینەوەی کڕیارە سەرەکییەکانت:

ناوی ١٠ لە گرنگترین پەیوەندییە بازرگانییەکانت بنووسە، ئەمانە هۆکاری سەرەکین لە سەرکەوتنی داهات و بازرگانییەکەتدا، حەز بە بەرهەم و

خزمەتگوزارییەکانت دەکەن و هۆکارن بۆ سەرکەوتنی داهاتووت هەر بۆیە بەشێوەیەکی زۆر باش مامەڵەیان لەگەڵ بکە.

گرنگترین کەسانێك کرپارە سەرەکییەکانتن. ئێستا تۆماری بکە، کە چەندە کات لەگەڵ هەریەکێك لەم کەسانەدا بەسەر دەبەیت لە مانگێکدا؟ ئەمە چیت پێ دەڵێت؟ پێویستە چ گۆڕانکارییەك بکەیت؟

١-　　٢-　　٣-　　٤-　　٥-

٦-　　٧-　　٨ -　　٩-　　١٠-

## پەرەدان بە پەیوەندییەکانت لەگەڵ ئامۆژگاریکەرەکەتدا

دەتەوێت چ بوارێکی پسپۆڕییەکەت بەرەو پێش ببەیت و پەرەی پێ بدەیت؟

**أ. هەڵسەنگاندن بۆ گرنگترین شتەکان بکە:**

فراوانکردنی بازرگانییەکەت، فرۆشیاری و بازاڕگەری، بەکرێگرتنی کەسانی نایاب، پەرەدان بە کاری هاوبەش، تەکنەلۆجیای نوێ، دایکایەتی یان باوکایەتیکردن و چەندین بواری دیکەش...

**ب. سێ باشترین پسپۆڕییەکەت پۆلێن بکە کە دەتەوێت بەرەو پێشیان ببەیت و بۆ هەریەکێکیان ناوی دوو ئامۆژگاریکەر بنووسە:**

١-　　٢-　　٣-

**پ. لە لیستەکەی سەرەوەدا گرنگترین بواری ژیانت هەڵبژێرە کە دەتەوێت کتوپڕ کاری لەسەر بکەیت و پەسەندترین ئامۆژگاریکەریشت هەڵبژێرە:**

**١-**

**ج. پارچـە کاغـەزێك دەربکـە و نموونـەی خـۆت دروسـت بکـە بـۆ یەکـەم ڕێککـەوتنت، لەگـەڵ هاوڕێیەکتـدا بـە تەلـەفۆن قسـە بکـە، جێبـەجێی بکـە و دووبارەی بکەرەوە هەتاکوو بەباشترین شێوە ئەنجامی دەدەیت.**

ئێستا ڕێکەوت و کاتێك هەڵبژێرە و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەت ئەنجام بدە، ئەگەر ناتوانیت دەستبەجێ کەسەکە وەربگریت لەسەرهێڵ، ئەوا بەردەوام بە لە تەلەفۆنکردن بۆی هەتاکوو وەڵامت دەداتەوە.

بیرت بێـت، بـەردەوامی و کۆڵنـەدان ئـەنجامی باشـی دەبێـت، دەکرێـت یـەك پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ ئامۆژگاریکـەرێکی نایابـدا تـەواوی ژیانـت بگۆڕێـت و بتباتە ئاستێکی باڵای باوەڕبەخۆبوون و هۆشیارییەوە.

ژینکردن و کارکردن بە مەبەستەوە

گرتنەبەری کرداری یەکلاییکەرەوە

کۆڵنەدان و بەردەوامی

داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت

هۆکاری باوەڕبەخۆبوون

بنیادنانی پەیوەندییە نایابەکان

زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا

ئایا وێنە گەورەکە دەبینیت؟

باسکردن نییە لە بابەتێکی بێمانا، بەڵکوو بابەتی تەرکیزکردنە

خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن

**توانیت ئەنجامی بدەیت، بەردەوام بە لە ڕۆشتن!**

# (بەشی شەشەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# هۆکاری باوەڕبەخۆبوون

" من دڵنیام هەموو مرۆڤەکان بە بەهرە و لێهاتوویی لەوە زیاترەوە لە دایك بوون، کە پەییان پێ بردووە. زۆرینەمان بە بلیمەتی لە دایك بووین، بەڵام بەخێرایی بلیمەتییەکەمان لەدەست دەدەین."

– ڕیچارد بوکمینستەر فولەر

لە ساڵی ١٩٩٩دا سەرۆکی ئەفریقای باشوور نێڵسن ماندێلا، ئاهەنگی یادی ٨٠ ساڵەی لەدایکبوونی کردەوە، بۆ ماوەی ٢٦ ساڵ لە بەندینخانەی تاکەکەسیدا بەندکرا بوو، بەهۆی دەربڕینی بۆچوونەکانی دەربارەی سیستەمی سیاسی لە وڵاتەکەیدا.

لەم ماوە زۆرەدا باوەڕبەخۆبوونەکەی بەسەختی و دژواری تاقی کراوەتەوە و هەر ئەوەش بووە بە هۆکاری باوەڕ و دڵنیاییەکەی تا کۆڵنەدات بۆ بەرزترین پۆستی باڵا لە وڵاتەکەیدا، کە سەرۆکی وڵات بوو هەڵبژێردرێت.

باوەڕبەخۆبوون، خوویەکە دەتوانیت هەموو ڕۆژێك زیاتر پەرەی پێ بدەیت و بەهێزتری بکەیت. لە ماوەی ئەم پرۆسەیەدا بەرەنگار دەکرێیتەوە بە ترس، نیگەرانی، نادڵنیایی، هەوڵدانێکی بەردەوام و جەنگێکی دەروونی، کە دەبێت بیبەیتەوە تائەوەی ژیانتی پێ پڕبکەیت لە دەستکەوتی نایاب.

باوەڕبەخۆبوون گرنگترین هۆکارە، کە پێویستە بۆ پاراستنی خۆت لە هەموو جۆرە بیرکردنەوە و کردارە نەرێنییەکان، چونکە لە نەبوونی باوەڕبەخۆبووندا، ترس و نیگەرانیی زاڵ دەبن بەسەرتدا و پرۆسەی پێشکەوتنت خاو دەبێتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم خووە گرنگە و ڕزگاربوونت لە هەموو هێزە نەرێنییەکان بۆ هەمیشە، سەرەتا پێویستە هەر جۆرە کارێکی تەواونەکراو تەواو بکەیت، کە دەتگێڕێتە دواوە لە پێشکەوتن و بیکە بە خاڵی دەستپێك.

## تەواوکردنی کارە تەواونەکراوەکان

کارە تەواونەکراوەکان زاراوەیەکە بۆ تاریفی هەموو ئەو کارانەی، کە چارەسەر (تەواو)ت نەکردوون. ڕەنگە کۆمەڵێك کێشەی تەندروستی، پیشەیی، دارایی، یاساییت هەبێت و لە هەوڵدابیت بۆ چارەسەرکردنیان، کاتێك ئەمانە گەورە دەبن، زاڵ دەبن بەسەرتدا. هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەمانەش، ترسە.

ترس دەبێتە هۆی گومان، گومانیش دەبێتە هۆی نەمانی باوەڕبەخۆبوون. پرۆسەیەکی کۆتاییەنەهاتوویی کێشەیە، ئەگەر بەچارەسەرنەکراویی جێبهێڵرێت، ئەوا دۆخی خراپ و ناخۆش دروست دەکات و بەزوویی دەبێتە خراپترین بارودۆخ، دەستبەجێ کۆنترۆڵی ژیان لەدەست دەدەیت و وەك بارێکی قورس وایە بەسەر شانتەوە، دەتباتە دۆخێکەوە تیایدا هەرشتێك، کە ئەنجامی بدەیت سوودی نابێت.

هەندێك کەس لەماوەی ژیانیاندا هێندە کاری تەواونەکراویان هەیە و کەڵەکەیان کردووە، کە بۆیان سەخت دەبێت تەواویان بکەن.

## سێ ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی کارە تەواونەکراوەکان

### ١. دەتوانیت ڕاستییەکە قبووڵ بکەیت.

هەندێك لە خەڵکی وا خۆیان دەردەخەن، کە ئەوە بەڕاستی ڕوونادات، بۆ نموونە، پیاوێك نیگەرانە سەبارەت بە قەرزەکەی و ڕەتی دەکاتەوە سەیری ژمارە ڕاستییەکان بکات بەو ئومێدەی تاڕادەیەك کەم بکەن، لەبریی ئەوەی خووە خراپەکانی وەك خەرجکردنی زۆر زیاتر لەو بڕە پارەیەی دەستی دەکەوێت بگۆڕێت.

### ٢. دەتوانیت خۆت دەرباز بکەیت لە دۆخی نادڵنیاییدا.

لە هەندێك دۆخدا ژیان نە ئەوەیە بگەڕێتەوە دواوە نە هیچ بەرەوپێشچوونێکیش بەخۆیەوە دەبینێت، بەڵکوو نائومێدکەرە. بەدڵنیاییەوە کارە تەواونەکراوەکە هێشتا چاوەڕێیە بڕۆیت و کۆتایی پێ بهێنیت، چونکە هەتا لەم دۆخەدا بیت هیچ بەرەوپێشچوونێك بەخۆتەوە بەدی ناکەیت.

### ٣. دەتوانیت ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کێشەکە ببیتەوە.

ئەمە وەك کۆمەڵە کردارێکی ڕوون وایە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك دوو بژاردەکەی پێشووتر هەڵدەبژێرن، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی زۆرینەی کات حەزمان بە ڕووبەڕووبوونەوە نییە—دۆخێکی نائارامە و مەترسیشی تێدایە.

هەندێك کات بەئازارە ڕەنگە بەو شێوەیەش ئەنجامی نەبێت، کە تۆ دەتەوێت. ئەمە دەستەواژەیەکە یارمەتیت دەدات: **سەرەڕای ترسەکەت، بەڵام هەنگاو بنێ!**

زۆرینەی کات ترس تەنها لە بیرکردنەوەماندا بوونی هەیە، خەیاڵکردنەکەمان کاریگەرە و زۆرکات کێشە بچووکەکان بەجددییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و ئێمەش وێنەی هزری دروست دەکەین، کە بە بەراورد بە ڕاستییەکان پێکەنیناوییە. هاوڕێیەکمان لە ئاریزۆنا، بەناوی جۆرج ئادەیر، چیرۆکێکی دەربارەی ئاگرکوژێنەوەیەك بۆ گێڕاینەوە، گوتی: "هەرکات ئاگرکوژێنەوەکان ئامادەکاری دەکەن بڕۆنە ناو بینایەکی گڕگرتووەوە، ئەوا ڕووبەڕووی ترس دەبنەوە، بەرلەوەی بچنە ناو کارەکەوە ئەزموونی دەکەن و دڵنیانین لەوەی ئاخۆ دەمێنن و بەزیندوویی دێنە دەرەوە. سەرەڕای ترسەکەشیان، بەڵام هەنگاو دەنێن.

گۆڕانێکی سەرسامکەر ڕوودەدات کاتێك دەڕۆنە ناو بیناکەوە، لەبەر ئەوەی ترسەکە ڕایان ناگرێت لە ئەنجامدانی کارەکە و لە ١٠٠٪ لە دۆخی ئێستادان. دواتر دەتوانن تەرکیز لەسەر کوژاندنەوەی ئاگرەکە، دەرکردنی خەڵکەکە و ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەی، کە ڕاهێندراون لەسەری بکەنەوە. بە ڕووبەڕووبوونەوەی ترسەکەیان تەرکیزیان دەخەنە سەر دۆخەکەی بەردەستیان تائەوەی کارەکەیان تەواو بکەن."

هۆکارێکی دیکەی گرنگ ئەو وزەیەیە، کە بەکاری دەهێنیت کاتێك لە ترسدا دەژیت. هەموو کات پڕ وزە نابیت و تواناکەت سنووردار دەکات. ئەگەر دەتەوێت باوەڕبەخۆبوونی زیاتر بەدەست بهێنیت، پێشکەوتنەکەت خێراتر بکە و وزەکەت خەزن بکە بۆ بەرزترین ئاست.

پێویستە ڕووبەڕووی ترسەکانت ببیتەوە، ئێستا بڕیارێك بدە، کە بۆ هەمیشە و بەیەکجاری چارەسەری کێشە تەواونەکراوەکانت بکەیت، باشترین هەوڵی خۆت بدە و بیکە بە خوویەك. ئاگادار بە کارە تەواونەکراوەکان ڕاستییەکی بەردەوامە.

دەستبەجێ بەباوەڕبەخۆبوونەوە چارەسەریان بکە، کاتێک ئەنجامی دەدەیت ژیانت زۆر سادە و ئاسان دەبێت.

## پلانێکی ستراتیژیی بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ترسە باوەکان

ئەگەر تەندروستییەکی خراپت هەیە، زانیاری کۆبکەرەوە سەبارەت بە خووی تەندروستیی باش: خۆراک، ڕاهێنان و جێنەتیکەکانت.

لەدەستدانی کارەکەت، هێندە بەنرخ دەبێت، کە ناکرێت دەربکرێیت لە کار، ئەگەریش دەرکرایت، ئەوا لێهاتووییە تایبەتەکانت دەرفەتی نوێت بە ڕووتدا دەکەنەوە. بەردەوام لێهاتووییەکانت نوێ بکەرەوە و تەرکیزت بخەرە سەر بوارە نایابەکەت: پەرە بە پەیوەندییە نایابەکان بدە.

ئەگەر تەنهایت، ئەوا هاوڕێیەتیی کەسانی پاڵپشتیکەر و ئەرێنی بکە.

ببە بە بەخشەر، بۆ سەرنجڕاکێشانی هاوڕێیانیش ببە بە هاوڕێ.

هەرچەندە ئەمە زۆر دەقیق نییە، بەڵام زۆرینەی کارەکانی داهاتوو هێشتا دانەهێندراون، تەرکیز بخەرە سەر بەرەوپێشبردنی بەهرە نایابەکانت.

مردن، وەك چۆن بۆ هەمووومان ڕاستە، باوەڕت هەبێت، کە تا ئەو ساتەی هەناسە دەدەیت و لە ژیاندایت، ئەوا دەفەتت هەیە و هەوڵی خۆت بدە.

شکست، لایەنی ڕۆحیت دەیسەلمێنێت، کە پلانێکی گەورەتر بوونی هەیە. خودا بەهرەی پێداویت هەر بۆیە بەدوایدا بگەڕێ، هاوڕێیەتیی براوەکان و سەرکەوتووەکان بکە.

شکست دەرفەتێکە بۆ فێربوون، ئەنجامدانی هەڵە گرنگە بۆ سەرکەوتنی درێژخایەن و بەشێوەیەکی گەورانە بیر بکەرەوە، لەسەر کاغەز پلانی پێشوەختەی بۆ دابنێ و داوای ئامۆژگاریی باش بکە بۆ بڕیاردان.

ڕەتکردنەوە، وەك سوکایەتیی کەسی لێی مەڕوانە بەتایبەت لە کاری فرۆشیدا، چونکە هەموومان بەجۆرێك لە جۆرەکان هەموو هەفتەیەك ئەزموونی ڕەتکردنەوە دەکەین هەر بۆیە خێرا نیگەران مەبە بە ڕەخنەکان.

سەرەڕای کێشە و ئاژاوە، بچۆرە ناو ترسەکەتەوە. بۆ دۆخێك بگەڕێ کە هەردوولا سوودمەند بن، وەك بەشێك لە ژیان سەیری کێشەکە بکە و بۆ چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەکان بەشداری خول بکە.

پشتگوێخستن/ جێبەجێنەکردن، ڕۆژانە خووی فێربوونی بەردەوام پەیڕەو بکە، بخوێنەرەوە، لێکۆڵینەوە بکە و ببە بە کەسێکی هۆشیارتر و بەئاگاتر.

بیرت بێت، بەکارهێنانی زانیاری گەورەترین هێزە، زیاتر فێر بە و ببە بە کەسێکی شارەزا لە بوارەکەی خۆتدا.

لەدەستدان، خێزانەکەت بەردەوام گرنگترین پەیوەندییەکانت بەرەوپێش دەبەن و کۆمەڵێك یادەوەریی ئەرێنی دروست بکە تا بۆ هەمیشە بەهۆیانەوە بژیت.

بۆ کاری وتاربێژی، کۆرسی دەیل کارنگی وەربگرە و پەیوەندی بە ڕێکخراوی وتاربێژە نێودەوڵەتییەکانەوە بکە، ئامۆژگاریکەرێکی نایاب هەڵبژێرە و وتارێکی نایابی دە خولەکی بنووسە دەربارەی بابەتە دڵخوازەکەت و دووبارە و دووبارەی بکەرەوە.

قۆستنەوەی دەرفەتەکان، کاتێك داوات لێ دەکرێت بۆ قسەکردن، دەرفەتەکە بقۆزەرەوە و ڕاهێنەرێکی وتاردان بەکرێ بگرە.

هـەژاری، زانیـاری فێـر بـە سـەبارەت بـە پـارە و بزانـە چـۆنیش بەدەسـتی دەهێنیت، پشکنین بۆ سیستەمی باوەڕەکـەت بکـە، ڕاهێنـەرێکی داراییـی نایـاب بدۆزەرەوە و ئامانجی تایبـەت دابنـێ بـۆ خـەزنکردن و وەبـەرهێنانی بەشـێك لـە داهاتەکەت.

سەرکەوتن، ئەوە پەسەند بکە، کە سەرکەوتن لە لێکۆڵینـەوە، خوێندنـەوە و کـاری سـەخت و پلانـدانانی بـاش و گرتنەبـەری ڕێگـە سـەختەکان سەرچـاوە دەگرێت.

جاك:

بـۆ زیـادکردنی باوەڕبەخۆبوونەکـەت چـیدیکە تـەرکیز لەسـەر ئـەو شـتانە مەکەرەوە، کـە خاوەنیـان نیـت، بـا تـەرکیزت لەسـەر ئـەو شـتە بێـت دەتـەوێت بەدەستی بهێنیت.

مێشکت توانای تەرکیزکردنی هەیە لەسەر ڕابردوو، ئێستا و داهاتووشت، هەر بۆیە تەرکیزی تـەواو لەسـەر ئێسـتات بکـەرەوە، لـە کـاتی شـۆفێریکردندا خـۆت نەکێشیت بە بارهەڵگرێکدا، تـەرکیزی ڕاسـتەقینە ئەوەیـە، بـەرەو کـوێ دەڕۆم؟ ئایا دەشمەوێت بە کوێ بگەم؟

یاسای سەرنجکێشکردن دەڵێت،"ئەگەر تەرکیز لەسەر نەبوونی کار بکەمـەوە ئەوا هەر بە بێکاری دەمێنمەوە،" لەبریی ئـەوە دەمـەوێت زیـاتر تـەرکیز لەسـەر هەبوونی کار بکەمەوە و بەو جۆرەش کارە دروستەکە خۆی دێت.

ڕەنگە لە شارۆچکەکەماندا لە ٢٠٪ی خەڵکی دانەمـەزرابن، چـونکە کارگـەکان داخراون، بەڵام لە ٨٠٪یان هێشتا کار دەکەن. ئەوە ئەرکی من نییە چۆن هـەموو بێکار و دانەمەزراوەکان بخەمە سەر کار، بەڵکوو لەبریی ئەوە دەبێت بیر لە خۆم

بکەمەوە، کە چۆن کارێکم دەست بکەوێت و دەمەوێت ببم بە یەکێك لەو لـە ٨٠٪ کەسەی، کە کاریان هەیە.

| |
|---|
| هەموو ئەو شتانەی دەتەوێ بەدەستیان بهێنیت پێویستیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی ترس هەیە. |

.

## بەخشین (لێبوردەیی) و لەبیرکردن

توانایـــەکی سەرنجڕاکێشـــمان هەیـــە بـــۆ زاڵبـــوون بەســـەر گـــەورەترین بەرەنگارییەکانی ژیاندا. ئەم ڕاستییە قبووڵ بکە و کاتێك قەیرانی داهاتوو ڕوویدا بەکاری بهێنە.

لە ڕاستیدا، ئاهەنگ بگێـڕە بـۆ دەرفەتەکـە تائـەوەی بـە ئاسـتێکی بـەرزەوە پێشکەشی بکەیت، کاتێك بەناو ڕێگایەکی پڕترسدا دەڕۆیت، ئەوا دەستکەوتێکی زۆرت دەبێت، هزرێکی ئارام و توانایەکی باشت دەبێت بۆ خەونبینین و داڕشـتنی داهاتوویەکی خۆش بەبێ ئەوەی بە نیگەرانیی و هەستکردن بە تاوان بیشێوێنی.

کاتێك بەردەوام کارە تەواونەکراوەکانت تـەواو دەکـەیت، ئـەوا ژیـان سـادە و ساکار دەبێت بۆت، ئەمەش وزەی نوێت پـێ دەدات و هـەموو ئەمانـە دەبنـەهۆی باوەڕبەخۆبوون. گرنگە لە شتێك تـێ بگەیت ئەویش ئەوەیە، کـە باوەڕبـەخۆبوون تەنها بیرکردنەوە زیاد ناکات، بەڵکوو بە کرداریش زیاد دەکات. تەنها کردارە، کە بەرهەمی دەبێت. وەك، شێریل لە گۆرانییەکەیـدا دەڵێـت: " گۆڕانکـاری سـوودی بۆت دەبێت."

بۆ دەستکەوتنی ئەنجامی جیاواز، پێویستە لەسەرت شتێك بگۆڕیـت، هـەموو شتێك لە تۆوە دەست پێ دەکات و ئەوە بزانـە هـەتاکوو خـۆت نـەگۆڕێیت، هـیچ

شتێك ناگۆڕێت. دواخستن ڕێگایەکە بۆ مانەوە لە دۆخەکەتدا و تەنها بەهانەیە بۆ ئەنجامنەدان.

ئەمە مەبەستە گەورەکەیە سەبارەت بە کارە تەواونەکراوەکان، پێویستە بەڕاستی لەمانە تێبگەیت، کەوایە با تەرکیزت لێرە بێت، بۆ ڕزگارکردنی خۆت لە بیرەوەرییەکانی ڕابردوو پێویستە فێربیت، کە خەڵکی ببەخشیت. دووبارە بیخوێنەرەوە: پێویستە فێربیت خەڵکی ببەخشیت. ئەمە دوو لایەنی هەیە: یەکەم، پێویستە ئەو کەسانە ببەخشیت، کە لە ڕابردوودا ڕێگر بوون لە بەردەمتدا: دایك و باوك، هاوڕێیان، خزم، یان مامۆستاکان، هەرکەسێك بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕێگری کردووە، یان وایکردووە باوەڕت بە تواناکانت نەبێت، یان لەڕووی دەروونی و جەستەییەوە هێرشی کردبێتە سەرت و زیانی بۆ باوەڕبەخۆبوونەکەت هەبووبێت، بەبێ گوێدانە سەختیی ئەزموونەکەت، بۆ ئەوەی ئازاد بیت لەو جۆرە بیرکردنەوانە، پێویستە بیانبەخشیت.

ڕەنگە ئاسان نەبێت، بەڵام زۆر گرنگە ئەگەر بتەوێت هزرێکی ئارام و داهاتوویەکی دڵخۆشترت هەبێت، چۆن ئەمە دەکەیت؟ نامەیەك بنووسە، پەیوەندیی تەلەفۆنی ئەنجام بدە، یان ڕووبەڕوو قسەی لەگەڵ بکە، هەرچۆن پێویست بکات ئەگەر گرنگە بەلاتەوە کە لە ناختدا لە کێشەکە ڕزگارت بێت، ئەوا ئەنجامی بدە و خۆت ڕزگار بکە.

دووەم، خۆت ببەخشە، بۆ هەمیشە ئەو هەستە نەرێنییانەی هەتبوون سەبارەت بە خۆت مەیانهێڵە و ئەو دەنگە نەرێنییانە بێدەنگ بکە.

ڕابردوو بووە بە مێژوو، هەرگیزاوهەرگیز ناتوانیت بیگۆڕیت لەبریی ئەوە ئەو ڕاستییە قبووڵ بکە هەرشتێکت کرد بێت، ئەوا هەڵبژاردنەکانت بەگوێرەی ئاستی زانیاری و هۆشیاریت بوون لەو کاتەدا. بۆ دایك و باوکیشت هەمان شتە، لۆمەیان

مەکە بۆ شێوازی گەورەکردن و پەروەردەکردنت، چونکە بارودۆخەکەیان، سیستەمی باوەڕەکەیان، توانای دایکایەتی و باوکایەتیکردنیان هەر ئەوەندە بووە و هەرشتێکیان توانیبێت کردوویانە بۆت.

سەیری وشەی بەخشین بکە، بە واتای بەخشینی شتێك دێت، بۆئەوەی لەڕووی دەروونییەوە ئازاد بیت، پێویستە شتێك ببەخشیت. گەورەترین دیارییەك، کە هەتە بۆ بەخشین، خۆشەویستییە.

| |
|---|
| بیرت بێت، ناتوانی شتێك ببەخشیت، ئەگەر خاوەنی نەبیت. |

ئەگەر لە ناختدا خۆشەویستی نەبێت، چۆن دەتوانیت بیبەخشیت؟ بە بەخشینی خۆت دەست پێ دەکات، پێویستە ئەم دەستەواژانە نەڵێیت، "هەڵەی من نییە!" "منی هەژار!" ئەگینا هەرگیز چێژی خۆشەویستیی ڕاستەقینە ناکەیت لە دڵتدا. ئەمەش جۆرێك لە هۆشیاریی تایبەتی دەوێت، ژینکردنە لە ئاستێکی بەرزدا و پێویستە خۆت دوور بخەیتەوە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو، بۆ ئەوەی بەئازادانە و بەبێ مەرج بتوانیت خەڵکی ببەخشیت.

کەسانێکی زۆر هەن هەرگیز ڕێگە نادەن کەسە ڕاستییەکەی ناو ناخیان زیندوو بێتەوە. بەم جۆرە لە ژیانێکی خەمبارانەدا دەژین لەبریی ئەوەی دڵخۆشانە بەرەنگاری کێشە و ناخۆشییەکانیان ببنەوە و سەربکەون بە سەریاندا، لە ژیانی ڕۆژانەیاندا تووشی بەربەست و ڕێگری زۆر دەبن، بەڵام تۆ دەتوانیت جیاواز بیت! ئێستا بڕیار بدە خۆت ڕزگار بکەیت لەو ڕاستییەی، کە ناتوانیت هیچ بەدەست بهێنیت و ئەو بەهرانە بدۆزەرەوە، کە خودا پێی بەخشیوویت، لە ناخی خۆتدان و چاوەڕێن پەییان پێبەریت و بەکاریان بهێنیت.

لی:

هاوڕێیەکم بەناوی ئانێت ستانویك، کە نووسەرێکی ناوداریشە، ڕۆژێکیان ڕووبەڕووی یەکێك لە سەختترین ڕۆژەکانی ژیانی بوویەوە کاتێك هەواڵی کوژرانی براکەی پێگەشت، کە بەدڕندانەترین شێواز کوژرابوو.

بە پەژارەیەکی زۆرەوە دەیویست تێبگات لەوەی بۆچی ئەم برا گەنجە بێتاوانەی کوژراوە؟ هەواڵە ناخۆشەکەش ئەوە بوو، کە بکوژەکە هەڵهاتووە، بەڵام لە کۆتاییدا و دوای ٢ ساڵ پۆلیس توانییان دەستگیری بکەن.

پاش ماوەیەك داوا لە ئانێت کرا بێت و لە دادگا وتەی خۆی بدات، ئەویش ڕازی بوو، کاتێك ڕووبەڕووی بکوژی براکەی بوویەوە لە دادگا، بەڕوونی نیگەرانییەکەی هەستی پێدەکرا بە ڕووخسارییەوە.

بکوژی براکەی ناوی تراڤیس بوو، ئانێت کەسێکی ترساوی هێمنی بینی لە بەردەمیدا، وتەیەکی پڕسۆزی دا، کە وای لە تراڤیس کرد بەڕوونی لەو دۆخە ناخۆش و پڕئازارە تێبگات، کە ئانێت و خێزانەکەی لەماوەی ئەم ٢ ساڵەدا پیایدا تێپەڕ یوون.

ئەو ڕۆژە گەورەترین کاریگەری وەك سوپڕایزێك وابوو بۆ هەمووان لە هۆڵی دادگادا، کاتێك ئانێت سەیری ناوچەوانی تراڤێسی کرد و پێی گوت: "من دەتبەخشم بۆ ئەو کارەی ئەنجامت دا." بوێرییەکی زۆری دەویست، بەڵام دواتر ڕایگەیاند ئەو هەستی ئازادییەی، کە بۆی هات لەو کاتەدا بەتەواوی ژیانی گۆڕیی و دەرفەتی چاوەڕواننەکراوی بۆ کردەوە، یەکێك لەوانە ئەوە بوو، توانیی سەردانی چەندین بەندکراو بکات لە بەندینخانەکاندا، کە سزای مانەوەی هەتاهەتاییان بەسەردا درابوو وە، کتێبێکی نووسی بەناونیشانی (بەخشین، نهێنی

و موعجیزەکە) هەروەها هانی هەزاران کەسی دا، کە لە خەڵکی خۆشبن، بۆ ئەوەی لە ئازارەکەی ناو ناخیان ڕزگاریان ببێت.

سەردانی سایتەکەی بکە: www.anettestanwick.com.

## هەڵوێستێکی براوانە

هەڵوێست پەیوەندییەکی زۆری بە سەرکەوتن و تواناتەوە هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی دەتەوێت، وەك دەزانیت دەکرێت هەڵوێست زۆر بەخێرایی بگۆڕێت.

لە ڕاستیدا، هەموورۆژێك هەڵوێستت تاقی دەکرێتەوە. ئەمە یەکێك لە نموونەکانە دەربارەی لەدەستدانی باوەڕبەخۆبوون. لە ساڵی ١٩٩٦دا، یاریکەری گۆلفی ئوستورالی، گرێگ نۆرمان، یەکێك بوو لە پاڵێوراوەکان بۆ بردنەوەی پاڵەوانێتییەکە و ئاستێکی نایابی پێشکەش کرد.

لە کۆتاییی ڕۆژی سێیەمدا، شەش لێدان لەپێش نزکترین ڕکابەریەوە بوو کە تەنها یەك خولی تر مابوویەوە، نۆرمان هەستی بە دڵنیایی کرد، کە چاکەتە سەوزە بەناوبانگەکەی پێدەبەخشرێت وەك براوەیەك لەپاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممەدا.

هەموو ئەوەی پێویستی بوو پێشکەشکردنی ئاستێکی مامناوەند بوو بۆ دڵنیابوونەوە لە بردنەوەی نازناوەکە، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە کۆتا خولەکی یارییەکەدا ئاستێکی زۆر خراپی پێشکەش کرد. لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا شەش لێدانەکەی نەما و بە پێنج لێدان بە نیك فالدۆ دۆڕا، ئەوە بەردەوامیی و باوەڕبەخۆبوونی فالدۆ بوو کە لە کۆتاییدا بووە هۆی نیگەرانییەکەی نۆرمان.

لە ڕاستیدا، فالدۆ خووی بردنەوەی پەرە پێدا بوو، کاتێك لە یارییەکاندا لە دواوە بوو. لە ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠یش هەمان پاڵەوانێتی بەم جۆرە بردبووەوە، کە لە سەرەتادا لە پێشەوە نەبوو کاتێك کۆتا خول بەردەوام بوو، بەڕوونی دیار بوو هەڵوێستی نۆرمان خراپتر دەبوو، ڕۆژی پێشتر باوەڕبەخۆبوونەکەی دەبینرا، بەڵام دواتر لە کۆتا گەڕدا گۆڕا.

لە چاوەکانیدا هەستی پێدەکرا، کە خەونی بوون بە پاڵەوانی لەدەست دا، گۆڕانی دۆخەکەی بۆ خراپترین دۆخ بیرخەرەوەیەك بوو تا بزانێت باوەڕبەخۆبوونەکەی چەندە بگۆڕە: ڕۆژێك ئەرێنی و بەهێزە، ڕۆژی دواتر تەواو پێچەوانەوەیە.

## شەش هەنگاوی ستراتیژی بۆ بنیادنانی باوەڕبەخۆبوون

**١. هەموو ڕۆژێك بەبیر خۆتی بهێنەرەوە، کە هەندێك شتت بەباشی ئەنجام داوە:**

لەبریی ئەوەی بیر لەو ئەرکانە بکەیتەوە تەواوت نەکردوون، تەرکیزت بخەرە سەر ئەوانەی کە تەواوت کردوون.

ئەو دەستکەوتانەت بچووك مەکەرەوە و بە کەمیان مەزانە، لە سەرەتا و کۆتاییی ڕۆژدا چەند وتەیەکی بەسوودی هزری بە خۆت بدە (هانی خۆت بدە)، ڕاهێنەرایەتی خۆت بکە وەك، چۆن یارمەتی کەسێك دەدەیت بەسەر بەربەست و بەرەنگارییەکاندا زاڵ ببێت.

**٢. ژیاننامـــەی ئـــەو کەســـانە بخوێنـــەرەوە، کـــە ســـەرکەوتوو بـــوون و ئامانجەکانیان بەدەست هێنـاوە:** کتێـب و نووسـین و گۆڤارەکـان بخوێنـەرەوە، فایلێك لەو چیرۆکانە دروست بکە بۆ خۆت، کتێب، ڤیدیۆ و بەرنامـە دەنگییـەکان دابەزێنە، بڕۆ بۆ سینەماکان بۆ سەیرکردنی چەندین چیرۆکی کاریگەر و هاندەر و زانیاری کۆ بکەرەوە دەربارەی ئەو کەسانەی لە سفرەوە دەستیان پێ کردووە و چەندین بەربەست و ڕێگرییان هـەبووە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا توانیویانـە ببنـە کەسانی ساماندار و سەرکەوتوو بن.

ئەوەت بیر بێت، توانای تۆ زۆر لەم ئاستەی ئێستات بەرزترە کـە پێشکەشـی دەکەیت. بەبێ ئاستەنگ و دژوارییـەکان ژیـان شـتێکی خەیاڵییـە، ئـەو ڕاسـتییە قبووڵ بکە ژیـان لـە خۆشـی، ناخۆشـی، بـەرزی و نزمـی، شکسـت و سـەرکەوتن پێکدێت.

**٣. سوپاسگوزار بە:** گرنگ نییە دۆخەکەت چەندە خراپـە، دڵنیـا بـە کەسـێك هەیە بارودۆخی زۆر لە تۆ خراپترە، ئەگـەر گومانـت لەمـە هەیـە، ئـەوا سـەردانی نەخۆشخانەی منداڵان (قاوشی تایبەت بە بەشی سـوتاوەکان) بکـە و بـەراوردیان بکە بە دۆخەکەی خۆت.

کاتێك ئەم وێنە هزرییە بۆ خۆت دروست دەکەیت، خێرا زۆرینـەی کێشـەکانت نامێنن بە بەراوردکردن. سوپاسگوزار بە بۆ هەبوونییەکان و نەبوونییەکانیشت.

**٤. پاڵپشتی نایاب لە چواردەورت بنیاد بنێ:** سەیری ستراتیژیی تەرکیزکردن بکەرەوە لە بەشی پێنجەمدا.

**٥. هانی خۆت بدە ئامانجە کورتخایەنەکان بەدەست بهێنیت:** هیچ ڕێگایەکی باشتر نییە بۆ بنیادنانی باوەڕبەخۆبوونیش وەك لەوەی شـتەکان تـەواو بکـەیت. هـەموو هەفتەیـەك دۆخێکـی بەدەسـتهێنانی دەسـتکەوت دروسـت بکـە، تـەرکیز

لەسەر سێ گرنگترین ئامانجەکانت بکەرەوە و هەموو ڕۆژێك کارێك بکە بۆ نزیککردنەوەت لە تەواوکردنی پرۆژەیەك، گەشتنە ڕێککەوتن، یان باشترکردنی پەیوەندییەکەت و ڕێگە مەدە هیچ شتێك بیرکردنەوەت لەسەر ئامانجەکانت لابەرێت.

دڵنیا بەرەوە لەوەی ئەم ئامانجە بچووکانە ڕاستەقینەن، ڕەتکردنەوەی خودی زیانی بۆ باوەڕبەخۆبوونت هەیە، کاتێك شتەکان بەو جۆرە نابن کە پلانت بۆ داناون، لۆمەی خۆت مەکە و گونجێنەر بە.

کاتێك کەسانی دیکە پێت دەڵێن،"نەخێر" ئەمە وەك سوکایەتییەك، یان شتێکی کەسیی لە دڵ مەگرە و ئەو ڕاستییە قبووڵ بکە، کە هەندێك کات، بۆ ئەوەی براوە بیت پێویستە چەند جارێك بدۆڕێیت.

**٦. هەموو هەفتەیەك شتێکی باش بۆ خۆت بکە:** ڕێگایەك بدۆزەرەوە بۆ ئاهەنگگێڕانی دەستکەوتەکانی هەفتانەت، ئایا شایستەی نیت؟ ئەگەر بڵێی نەخێر، ئەوا دووبارە بگەڕێرەوە سەر هەنگاوی یەکەم و دەست پێ بکەرەوە.

| |
|---|
| ڕێگای گەشتن بە باوەڕبەخۆبوونی تەواو لە دەستکەوتی هەفتانەوە بنیاد دەنرێت. |

## باوەڕت بە توانای خۆت هەبێت

جاك:

زۆرێکمان باوەڕەکانمان وامان لێدەکەن دەستکەوتەکانمان سنووردارین، ئاخۆ باوەڕبوون سەبارەت بە تواناکانی خۆمان، یان باوەڕ سەبارەت بەوەی، کە

پێویستە بۆ سەرکەوتن، یان سەبارەت بەوەی دەبێت چۆن پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بنیاد بنێین.

ڕۆشتن بۆ ئەودیوی باوەڕە سنووردارەکانت یەکەم هەنگاوی گرنگە بەرەو بوون بە کەسێکی سەرکەوتوو، دەتوانیت فێربیت چۆن ئەو باوەڕانە بناسیتەوە، کە سنووردارت دەکەن پاشان بە باوەڕی ئەرێنی جێگایان بگریتەوە، کە پاڵپشتی سەرکەوتنت دەکەن.

یەکێك لە باوەڕە سنووردارەکانی ئەمڕۆ ئەوەیە تاڕادەیەك توانای بەدەستهێنانی ئامانجەکانمان نییە سەرەڕای هەبوونی باشترین بابەتی زانستی، پەروەردەیی، زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە تەواوکردنی هەر کارێك، لەبریی ئەوە دەڵێین، " ناتوانم ئەوە ئەنجام بدەم.

نازانم چۆن!

هیچ کەسێك نییە نیشانم بدات، یان وەك پێویست زیرەك نیم و چەندین شتی دیکەش."

ئەمانە لە کوێوە دێن؟ بۆ زۆرینەمان لە بەرنامەڕێژیی سەردەمی منداڵیمانەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئاخۆ دەزانی یان نا، باوك و دایکمان، ماڵە باوانمان، یان کەسانی دیکە پێیان گوتووین: "نەخێر، نەخێر، خۆشەویستم، ئەوە قورسە و ناتوانیت ئەنجامی بدەیت، با من بۆت ئەنجام بدەم ڕەنگە ساڵی داهاتوو خۆت بتوانیت تاقی بکەیتەوە یان ئەنجامی بدەیت!"

ئەم هەستی نەتوانینە دەبەینە سەردەمی پێگەشتنمان، پاشان بە هۆی هەڵە و شکستەکانمانەوە بەهێز دەبێت، بەڵام چی دەبوو ئەگەر بمانگوتایە: "دەتوانم ئەنجامی بدەم و لە توانامدایە، کەسانی دیکە توانیویانە ئەنجامی بدەن هەر بۆیە منیش دەتوانم، ئەگەر زانیاریی پێویستیشم نەبێت، ئەوا کەسێك دەبێت یارمەتیم

بدات و فێرم بکات." ئەم گۆڕانە لە شێوازی بیرکردنەوەدا جیاوازیی زۆر دروست دەکات لە بەدەستهێنانی ئەو شتەی دەتەوێت.

## چی بکرێت کاتێك لە دۆخێکی ناخۆشدایت

**١. بزانە کە لە دۆخێکی لەو شێوەدایت**

کات تەرخان بکە بۆ دووبارە بیرکردنەوە، وزە وەرگرتنەوە، دووبارە تەرکیزکردنەوە و قسە لەگەڵ ئەو کەسانەشدا بکە، کە بە باشترین شێوە یارمەتیت دەدەن، وەك: هاوسەرەکەت، ئامۆژگاریکەرەکەت، هاوڕێکانت و خێزانەکەشت.

**٢. دەستکەوتە گەورەکان بەبیر خۆت بهێنەرەوە**

بردنەوە (دەستکەوت)ێك هەڵبژێرە، کە بەدەستت هێنابێت و بەهۆیەوە هەستت بە شانازی و خۆشی کردبێت. بەڕوونی لە مێشکتدا لێی بدەرەوە و بدویێ دەربارەی و سەیری وێنەکان بکەرەوە، لەوحەی دەستکەوتەکان، یان سوپاسنامەکان، نووسراوی سەرکەوتنی دارایی دابنێ بەناوی کتێبێك لە یادەوەرییە ئەرێنییەکانت. ئەوە بزانە، کە بەهرەت هەیە پێشتر سەلماندووتە و ئێستاش دووبارەش دەتوانیت بیسەلمێنیتەوە.

**٣. بگەڕێرەوە بۆ سەر شتە سەرەکییەکان**

یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ بەدەستنەهێنانی ئامانجەکان ئەوەیە، کە شتە سەرەکییەکان جێبەجێ ناکەیت، پشکنینێك بۆ شتە ڕاستییە بچووکەکان بکە.

ئایا شتە ئاسانەکان دەکەیت، یان ئەو چالاکییانەی کە گرەنتی سەرکەوتنت دەکەن؟ ئەگەر لەڕووی جەستەیی، یان هزرییەوە ماندوویت، پشوویەك وەربگرە، دووبارە وزەکەت بهێنەرەوە بەر لەوەی دەست پێ بکەیت.

لەو ڕاستییە تێ بگە، کە تۆش دەتوانیت ڕێگای خۆت بەکار بهێنیت. ژیان پڕە لە کاری دووبارە و هەرگیز کۆتایی نایەت، کەوایە هەرجارە و شتێك بکە.

| |
|---|
| بەبیر خۆتی بهێنەرەوە، کە ناخۆشییەکان تێدەپەڕن و دووبارە خۆشییەکان دێنەوە. |

جۆن گۆدارد، یەکێکە لە ئامانجدانەرە مەزنەکانی جیهان، هێندە ئامانجی بەدەست هێناوە لە ژیانیدا، کە زیاترە لەو ئامانجانەی ٢٠ کەس پێکەوە بەدەستیان هێناوە.

کاتێك پرسیاری ئەوەی لێکرا، چۆن بەربەستەکان تێدەپەڕێنێت؟ وەڵامی دایەوە: "کاتێك لە دۆخێکدا گیر دەخۆم و بەرەو پێش ناچم دووبارە دەست پێدەکەمەوە بە تەرکیزکردن لەسەر ئەو ئامانجەی، کە دەتوانم لە ٧ ڕۆژی داهاتوودا بەدەستی بهێنم. بەو شێوەیە ئاسانە، بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەمەوە و ئەوەش دووبارە هێزم پێ دەبەخشێتەوە بۆ کۆڵنەدان."

جاك:

ڕەنگە ئاستەنگێکی تر ئەو کاتە بێت، کە باوەڕبەخۆبوونەکەت دەچێتە نزمترین ئاستییەوە، بۆ نموونە: ڕەنگە کارەکەت لەدەست دابێت، بانك داوای قەرزەکەیان بکەنەوە، مایەپووچ بوو‌بیت، ئەی دواتر چی؟ بۆ زیادکردنی

باوەڕبەخۆبوونت، سەیری ژیانی ڕابردووت بکە و هەموو ئەو شتانە بنووسە، کە تیایاندا سەرکەوتوو بوویت، دەست پێ بکە: چۆن فێربوویت بە منداڵی بە ڕێگادا بڕۆیت، تەواوکردنی قۆناغی یەکەمی قوتابخانە بەسەرکەوتوویی، فێربوونی پاسکیلسواری، فێربوونی شۆفێری، بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی شۆفێریکردن، تەواوکردنی قۆناغی دواناوەندی بەسەرکەوتوویی، تەواوکردنی کۆلێژ و چەندین شتی دیکەش لە ڕابردووتدا. لەوە تێبگە، کە چەندین سەرکەوتنت بەدەست هێناوە لە ژیاندا.

پاشان بڕۆ سەیری هەموو شتە خراپەکان بکە لە ژیانتدا ڕوویانداوە و هەمووشیانت تێپەڕاندووە، پێت وابوو هەموویان کارەساتن و کۆتایی ژیانە، بەڵام تۆ ئێستا لێرەیت و کێشەکانت نەماون. بڵێ، "ئەگەر ئەو کێشانەم تێپەڕاند بێت، ئەوا دەتوانم ئەم کێشەیەش تێ بپەڕێنم."

بۆ دروستکردنی خوویەکی ئەرێنیی ڕۆژانە، لە کۆتایی ڕۆژدا چەند خولەکێك لە کاتت تەرخان بکە بۆ نووسینی ئەو شتانەی بەدەستتهێناون. زۆرینەی خەڵکی ئەو شتانە دەنووسن، کە بەدەستیان نەهێناوە هەر بۆیە هەستێکی خراپیان دەبێت و دەڵێن، "ئەو شتەم بەدەست نەهێنا." تەرکیزت بخەرە سەر دەستکەوتەکانی ڕۆژانەت ئەوەش دەبێتە هۆی هەنگاوێکی ئەرێنیی هزری بۆ گەشتن بە ئامانجەکانت بە شێوەیەکی ئاسانتر.

| |
|---|
| کاتێك پێت وایە ناتوانیت ئامانجێك بەدەست بهێنیت،<br>ئەوا سەیری ئەو ئامانجانەت بکە لە ڕابردوودا بەدەستت هێناون. |

# پوختە

کۆمەڵێك پرسیاری سەرەکی کە پێویستە لە خۆتیان بکەیت:

١. چ شتێك زۆر هانم دەدات؟

٢. چ شتێك ئەو هەستەی ناخم چالاك دەکاتەوە، کە چەندێکە نیمە و ناچالاکە؟

٣. چ شتێك لە ڕابردوودا هانی دام؟

٤. ئایا بیرۆکەی تەواوکردنی گەورەترین ڕێککەوتن بوو کە تا ئێستا کردبێتم؟

٥. ئایا دابینکردنی خزمەتگوزارییەکی نایاب بوو بۆ کڕیارێك، هاوڕێیەکی خۆم، یان ئەندامێکی خێزانەکەم؟

بۆ ئەو شتە بگەڕێ دەبێتە هۆی (ئیلهامبەخشین) هەریەکێکمان ڕۆژگارێك ئیلهاممان بۆ هاتووە، بەشێوەیەکی گەورەتر بیر بکەرەوە، سەختە بە هاندراوی بمێنیتەوە، ئەگەر هەمان ئامانجی پێشتر دابنێیتەوە.

پاش ماوەیەك ڕەنگە ورەت کەم بکاتەوە و چیدیکە هاندەر نەبێت بۆت پاشان دەست دەکەیت بە دواخستن و ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی باوەڕبەخۆبوونت.

لە ساتێك لە ساتەکاندا، هەمووان وایان لێدێت کە باوەڕیان بە خۆیان کەم دەبێتەوە. لە جیهانی بازرگانیدا، بەشێکی یارییەکەیە و هەمووان ئەزموونی دۆخێکی ناخۆش دەکەن، کە ڕێککەوتنەکەیان سەرکەوتوو نابێت تیایدا، ئەندامانی تیمەکە لە خراپترین کاتدا واز دەهێنن، کڕیارەکانیشت واز دەهێنن و دەچنە لای کێبڕکێکارەکانت. ئەمە پێی دەوترێت جیهانی ڕاستەقینە، بۆ ئەوەی لەم جۆرە کاتانەدا سەرکەوتوو بیت نابێت بە ڕەخنە و سەرکۆنەی خەڵکی ئازارت

پێبگـات و باوەڕبـەخۆبوونت کـەم بکـات. کەوایـە گـوێی پـێ مـەدە، دووبـارە هەستەوە سەر پێیەکانت، دەست پێ بکەرەوە و لە هەڵەکانتەوە فێر بە.

یەکێك لە هۆکارەکانی زیادکردنی باوەڕبەخۆبوون، بەتایبەت کاتێـك قـەیران و کێشـەیەك ڕوودەدات ئەوەیـە سـەرەتا ڕووداوەکـە بـەراورد بکـەیت، بـۆ ئـەوەی بەدروسـتی بڕیـاری لەسـەر بـدەیت. زۆرجـار لـەڕووی هزرییـەوە کارەسـات و ڕووداوەکان گەورەتر دەکەین.

لە ڕاستیدا شتانێکی زۆر بچووکن بە بەراورد بە وێنە گەورەکەی ژیان و دڵنیـا بەرەوە کە هاوڕێیەتیی کەسانی مەزن و سەرکەوتوو دەکەیت.

"ئەگەر لە ناخی خۆتدا گوێت لە دەنگێك بوو بڵێت، ناتوانیت وێنە بکێشیت، ئەوا بەڕاستی دەست بکە بە وێنەکێشان و بەدڵنیاییەوە چیدیکە گوێت لەو دەنگە نەرێنییە نابێتەوە."

– ڤینسنت ڤان کوخ

## هەنگاوە کردارییەکان

چارەسەرکردن (تەواوکردن)ی کارە تەوانەکراوەکان:

لیستێك دروست بکە لە هەموو ئەو کارانەی دەتـەوێت تـەواویان بکـەیت لانـی کـەم ٣ دانـەیان بنووسـە، پاشـان ڕێگایـەکی تایبـەت بـۆ چارەسـەرکردن (تەواوکردن)ی هەریەکێکیان بنووسە، ئایا پلانە کردارییەکەت چییە؟

بەڕوونی پێناسەی بکە و لە کۆتاییدا، بڕیار لە ڕێکەوتەکەت بدە کە دەتەوێت تیایدا تەواوت کردبێت و پاشان دەست پێ بکە.

١-　　٢-　　٣-　　٤-　　٥-

سوودە تایبەتەکانی تەواوکردنی ئەم کارە تەواونەکراوانە چین بیاننووسە:

١-　　٢-　　٣-　　٤-　　٥-

پێنج پلانی کرداری بۆ تەواوکردنیان دابنێ:

١-　　٢-　　٣-　　٤-　　٥-

ڕێکەوتی تەواوکردن بۆ هەریەکێکیان بنووسە:

١-　　٢-　　٣-　　٤-　　٥-

پێداچوونەوە بە لیستی ترسە باوەکانتدا بکە، ترسێك هەڵبژێرە کە دەتگێڕێتەوە دواوە، یەکێك، یان زیاتر لە بژاردە ستراتیژییەکان هەڵبژێرە بۆ نەهێشتنی ئەم ترسە:

**ترسەکەم ئەمەیە: (　　　　　　　　　　)**

**ئەم کردارانە دەگرمە بەر: (　　　　　　　　　　)**

دەست بەم پرۆسەیە دەکەم لە ڕێکەوتی: (　 / 　 / 　) و بەردەوام دەبم لە گرتنەبەری ڕێکارەکان هەتاکوو زاڵ دەبم بەسەر ترسەکەمدا.

ژینکردن و کارکردن بە مەبەستەوە

گرتنەبەری کرداری یەکلاییکەرەوە

کۆڵنەدان و بەردەوامی

داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت

**هۆکاری باوەڕبەخۆبوون**

**بنیادنانی پەیوەندییە نایابەکان**

**زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا**

**ئایا وێنە گەورەکە دەبینیت؟**

**باسکردن نییە لە بابەتێکی بێمانا، بەڵکووو بابەتی تەرکیزکردنە**

**خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن**

**بڕوامان بە تواناکانت هەیە ئەو چوار دانەی ماون تەواویان بکەیت، کۆڵ مەدە!**

# (بەشی حەوتەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت

"داواکردن، سەرەتای وەرگرتنە، کاتێك داوات کرد، داوای شتی بچووك مەکە، بەڵکوو داوای شتی گەورە بکە."

– جیم ڕۆن

لە ڕێکەوتی مانگی ٦ی ٢٠٠٦دا، لیسا پێتریلی لە ماڵەوە چارەسەری وەردەگرت بەهۆی ئەوەی هەر دوو گورچیلەی، لەکار کەوتبوون، هەموو شەوێك لە کاتژمێر ٩دا دەچووە ژووری نوستنەکەی، تیایدا خۆی دەبەستەوە بە ئامێری چارەسەری گورچیلەوە لە ڕێگەی بۆرییەکەوە لە مەعیدەیدا، هەتاکوو کاتژمێر ٦ی بەیانی لەوێدا دەمایەوە.

کاتێك ڕوونبوویەوە گورچیلەکانی باش نابنەوە، خێزانەکەی دەستیان کرد بە گەڕان تا بزانن کێ گورچیلەی خۆی پێ دەبەخشێت. باوکی هەمیشە دەیگوت هەر کام لە دوو کچەکەم پێویستیان بێت، ئەوا ئامادەم خێرا گورچیلەی خۆمیان پێبدەم، بەڵام بەداخەوە، جۆری خوێنەکەی باوکی جیاواز بوو، پاش ئەم هەواڵە ناخۆشە هیچ کام لە ئەندامانی خێزانەکەی بە هۆکاری بۆماوەیییەوە نەیانتوانی هیی خۆیانی پێ بدەن.

لیسا، دە هاوڕێی هەبوو، کە هەموویان ئامادەییان هەبوو یارمەتی بدەن، تووشی سەرسوڕمان بوو کە هاوڕێکانی بینیی ئامادەن یارمەتی بدەن. لیسا دەیزانی هەتا زووە نەشتەرگەریی گواستنەوەی گورچیلەی بۆ بکرێت باشترە.

ئـەو ڕاسـتییەی دەزانـی کـە هەنـدێك کـەس پێشـتر لـە مـاوەی چـاوەڕوانیدا بـۆ وەرگرتنی گورچیلە مرد بوون.

لیسا زۆر دەترسا، لەو کاتەدا بوو بۆی دەرکەوت کە یـەك بـژاردەی هەیـە زۆر نائـارام بـوو پێـی، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا تاکـە ئومێـدی بـوو بـۆ ژیـانێکی تەندرووستانە و داهاتوویەکی نایاب کە وێنای کردبوو بۆ خۆی، بژاردەکەش ئەوە بوو، داوا لە کەسانی نەناسراو بکات، ئایا گورچیلەی خۆیانی پێ دەبەخشـن یـان نا؟ ئایا داواکارییەکی لەمە قورستر بە خەیاڵتدا دێت؟

لیسا بوێرییەکەی زیاد کرد و نامەیەکی نووسی لە لەوحەی ئەو کەنیسەدا کـە خواپەرستی تیادا دەکرد و داوای لەو کەسانە دەکرد کە دەهاتن بۆ خواپەرستی، گورچیلەی خۆیانی پێ بدەن، سەرەتا کـەس وەڵـامی داواکارییەکـەی نەدایـەوە. ڕۆژێك لیسا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بۆ هات لە ژنێکەوە بەناوی ڕۆز، بـە لیسـای گوت: "لـەکاتی شـۆفێریدا بـووە بـۆ کەنیسـە و بینیویـەتی لەوحەکـەی هەفتـەی پێشووتری پێیە لە ئۆتۆمبێلەکەیدا. بە نەخوێنـدراوەیی دانرابـوو و ویسـتوویەتی فڕێی بدات، بەڵام لەو کاتـەدا بڕیـاری داوە بـەخێرایی سـەیرێکی بکـات تائـەوەی دڵنیابێتەوە هیچی گرنگی لەدەست نەداوە، گوتیشی، کە جۆرری خوێنەکـەم ئـۆ (O)یە و ئەگەر بگونجێت، ئەوا بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئامـادەم پێـت ببەخشـم، چونکە من تەنها یەك دانەم پێویستە."

بـەم جـۆرە بـوو کـە ڕوویـدا، لـە ڕێکـەوتی ٢٧/ ٢٠٠٧/٣دا ڕۆز گورچـیلەکەی خۆی پێ بەخشـی و پەیوەندییـەکی پتـەویان لەگـەڵ یـەکتردا دروسـت کـرد. ڕۆز خەڵکی ئیرلەندا بوو و لە دۆخێکی خۆشدا بوو. شەوێك بەر لـەوەی بـۆ یەکـەمجار لیسا ببینێت، یەکەمجاریشی بوو لیسا لەگـەڵ پیاوێکـدا ژووان ببەسـتێت بـەناوی گاری. ڕۆز پێی گوتبوو، گورچیلەی دەبەخشێت بە کەسـێکی نەناسـراو کـە تـازە

ناســـیویەتی. پیاوەکـــە پشـــتگیریی لـــە بڕیارەکـــەی کـــرد، لـــە ڕۆژی هاوسەرگیرییەکەیاندا، لیسا بانگهێشت کرا و بەشداریی کرد.

وەك لیسـا دەڵێـت: "٢٤ کاتـژمێری خـەمناك بـوو لـە ژیانمانـدا کاتێـك بـۆ یەکەمجار بەبێ چاوەڕوانی یەکترمان بینی."

ئێسـتا لیسـا زۆر دڵخۆشـە، کـە گورچیلەی کەسێکی ئیرلەنـدی تێدایـە و بـۆ بەهێزکردنـەوەی پەیوەندییەکـەیان، ڕۆژ کـارتێکی بـۆ نـارد بـە بۆنـەی ساڵڕۆژی گواستنەوەی گورچیلەکەیەوە.

خەڵکی لە ناخیاندا دەیانەوێت یارمەتیی کەسانی دیکە بدەن، نابێـت هـەرگیز گومانت لە کەس هەبێت بەبێ گوێدانە ئەوەی چیت پێویستە لە بازرگانییەکەتدا، یان چەندە ناخۆشە، کاتێك داوای دەکەیت.

بەشێوەیەکی ئاسایی، خەڵکی سەرەتا دەبەخشـن، بـۆ ئـەوەی دواتـر شـتێك وەربگرنەوە، بەڵام لیسا داوای شـتێکی کـرد بـەبێ ئـەوەی سـەرەتا هـیچ شـتێك ببەخشێت و ئەو وەڵامەشی کە وەری گرت (بەڵێ، بەدڵنیاییەوە!) بوو.

تەنها داوا بکە، بیری لێ بکەرەوە، ڕەنگە کەسێك بڵێت"بەڵێ" بۆ داواکارییە گرنگەکەت و ژیانت بگۆڕێت. ئێستا لیسا خاوەنی کۆمپانیایەکە بەناوی (www. Lisapetrilli.com) تایبـــەت بـــە چـــەند بـــوارێکی: سەرکردایەتیکردن، بازاڕگەری، پەرەپێدانی بازرگانی، سۆشیاڵ میدیا. لەم چوار ڕێگەیەوە کاری جێبەجێکارانی بازرگانی پێ بەهێزتر دەکات. لیسا ترسـی نـەبوو لە داواکردن بۆ کاری نوێ، دەڵێت: "کاتێك داوات لە کەسێکی نەناسـراو کـرد بـۆ گورچیلە و لە بەرانبەردا وەڵامی"بەڵێ"ت وەرگـرت، هـەرگیز لـە داواکردنـی هـیچ شتێك مەترسە لە ژیانتدا."

## داوا بکە و پێت دەدرێت

ماوەیەکی زۆر زۆرە ئەم بەخششە هەیە، کە پێی دەوترێت، داواکردن. لە ڕاستیدا یەکێك لە ڕاستییە گرنگەکانی ژیان دەڵێت: "داوا بکە و وەری دەگریت(پێت دەدرێت)." ئایا سادە نییە؟ بەدڵنیاییەوە، سادەیە، ئەگەر دایك یان باوکیت، ئەوا دەزانیت منداڵان زۆر شارەزان بۆ داواکردنی بەردەوام. ڕێساکەیان ئەوەیە، بەردەوام دەبن لە داواکردن هەتا ئەو شتەی دەیانەوێت وەری دەگرن.

وەك کەسانی پێگەشتوو توانای داواکردنمان لەدەست دەدەین و هەموو جۆرە بەهانە و هۆکارێك دەهێنینەوە بۆ وەرنەگرتنی ئەگەری ڕەتکردنەوە. منداڵان بەو جۆرە بەرنامەڕێژ نەکراون، باوەڕیان وایە هەرشتێك، کە داوای دەکەن دەستیان دەکەوێت و پێیان دەدرێت.

ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێت لێی تێبگەیت. جیهان وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە، کە داوا دەکەن و لیسا سەلماندی ئەوە ڕاستە، ئەگەر لەو شتە نزیك نابیتەوە دەتەوێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە وەك پێویست داوای ناکەیت. خۆشبەختانە، بۆ ئەوەی دەستکەوتی باشت هەبێت لە داهاتوودا، ئەوا زۆر ڕێگا هەن بۆ داواکردن. ئەمانەش چەند وشەیەکی بەسوودن بۆ بیرهێنانەوەت سەبارەت بە داواکردن:

## هەمیشە داوای زانیاری بکە

هەندێك کەس دەڵێن زانیاری هێزە، ڕاست نییە، بەڵکوو بەکارهێنانی زانیاری هێزە. ئەوە دەبێت بۆ هەمیشە شتێکی جێگیر بێت لە مێشکتدا، کاتێك داوا

دەکەیت، ئەوا دەتوانیت هەموو جۆرە زانیاری، بیرۆکە، ستراتیژی، ناوی کەسانی ناودار تەنانەت پارەش وەربگریت.

چەندین هۆکاری باش هەن بۆ داواکردن و دەستکەوتەکانیش زۆرن، کەوایە بۆچی خەڵکی داوا ناکەن کاتێك دەرفەتیان هەیە؟

سێ هۆکاری سەرەکی هەن کە خەڵکی داوای شت ناکەن:

١. سیستەمێکی باوەڕیان هەیە کە پێیان دەڵێت دروست و گونجاو نییە داوا بکەیت.

٢. باوەڕیان بەخۆیان نییە.

٣. لە ڕەتکردنەوە دەترسن.

ئینجیل دەڵێت: "داوا بکە، پێت دەدرێت، بگەڕێ، دەیدۆزیتەوە و لە دەرگا بدە، بە ڕووتدا دەکرێتەوە." داوای یارمەتی بکە، ئەگەر تۆش لەم جۆرەیت، ئەوا پێویستە هەندێك گەڕان و شیکردنەوە بکەیت بۆ سیستەمی باوەڕە سنووردارەکەت. قسە لەگەڵ هاوڕێیەکی متمانەپێکراو، ئامۆژگاریکەرێك، یان ڕاوێژکارێکدا بکە. لەوە تێبگە ڕێگای دیکە هەیە بۆ ڕوانین لە ژیان و بارودۆخەکان.

هۆکاری دووەمت بیر بێت، کە نەبوونی باوەڕبەخۆبوونە. بەدڵنیاییەوە دەبێتە ڕێگر بۆ ئارەزووی داواکردنت، متمانە بەخۆت بکە و هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵ بگرە و بە هەرجۆرێك بووە داوا بکە و لەوە دڵنیابە خراپترین وەڵامێك کە پێت دەدرێت، یان گوێبستی دەبیت"نەخێر"ە. ئەمەش دەبێتە هۆکاری سێیەم، کە ترسانە لە ڕەتکردنەوە.

کاتێـك وەڵـامێکی نـەرێنی وەردەگریـت، ئـەوا بـە سـوکایەتیی کەسـی وەری مەگرە و لێی مەڕوانە، هۆکـاری یەکـەمی ترسـە لـە ڕەتکردنـەوە. هەنـدێك کـەس نـاتوانن زاڵ بـبن بەسـەر هەسـتەکانیاندا هەرچـەندە وشـەی "نـەخێر" لـە هـیچ فەرهەنگێکدا وەك سوکایەتی دانەنراوە.

ئایا تۆ چـۆنیت لـە داواکردنـدا؟ ئایـا ئـەم هێـزە نەرێنییانـە ڕۆڵیـان هەیـە لـە قورسکردنی قۆستنەوەی دەرفەتەکان بۆ بەرەوپێشچوون؟ ئەگـەر هەیانـە، ئـەوا ئەمە ئەو شوێنەیە دەبێت تیایدا دەست پێ بکەیت، پێی دەگوترێت: گرتنەبـەری هەنگاوی باوەڕ.

## حەوت ڕێگا بۆ زیادکردنی بازرگانییەکەت تەنها بە داواکردن

بە گرتنەبەری ئەم حەوت هەنگاوە گەورانە بازرگانییەکەت سوودمەند دەبێـت و داهاتەکەت زیاد دەکات، ئەوانیش:

### ١. داوای زانیاری بکە

بۆ بەدەستهێنانی کڕیاری نوێ، سەرەتا دەبێت بزانیت ئاستەنگی ئێسـتایان چییە و دەیانەوێت چی بەدەسـت بهێـنن و چـۆن پلانـی بەدەسـتهێنانی دابنـێن، تەنها ئـەو کاتـە دەتوانیـت بـەردەوام بیـت بـۆ نیشـاندانی سـوودەکانی بەرهەمـە تایبەتەکەت یان خزمەتگوزارییەکەت.

کەسـانی فرۆشـیار بـەردەوام ئـەم بەشـە گرنگـە پشـتگوێ دەخـەن، چـونکە زۆرجار چاویان لە خەرجکردنی پارەیە بە کڕیارەکانیان.

حەزە خودییەکانت ڕابگرە و تەنها تەرکیز لەسەر یارمەتیدانی ئەو کەسە بکەرەوە، کە دەیبینیت. بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئەو زانیارییانەی، کە پێویستن بۆت بەم وشانە پرسیار بکە: بۆچی، کێ، چی، کوێ، کەی و چۆن.

ئەمە پێی دەوترێت پرۆسەی دۆزینەوە. پارێزەرەکانی دادگا لەم بوارەدا پسپۆڕن، لە دۆزینەوەی زانیاریدا ڕێگە دراوە بە پرسینی هەر پرسیارێك کە یارمەتییان دەدات لە ئامادەکردنی کەیسەکەدا.

لە کاری بازرگانیشدا هەمان شتە، کاتێك بەڕاستی تێدەگەیت، یان بەهای پێداویستییەکانی خەڵکی دەزانیت کە دەیانبینی ئەوا دەتوانیت چارەسەریان بکەیت. کاتێك هەموو شتێکت زانی، ئەوا چارەسەرەکەیان دەبێت بە خزمەتگوزاری، یان بەرهەمەکەت.

دوو پرسیاری گرنگ هەن بۆ پرسین لە پرۆسەی دۆزینەوەدا: یەکەم، گەورەترین ئاستەنگت چییە لەم کاتەدا؟ بۆمان دەرکەوتووە ئەم پرسیارە ڕێگەیەکی زۆر باشە بۆ پەرەدان بە پەیوەندی.

ئەمە کلیلەکەیە: پێویستە ئارەزووی ڕاست نیشان بدەیت کاتێك دەپرسیت. کاتێك کەسەکە وەڵام دەداتەوە بەجوانی گوێ بگرە، ئەم پرۆسەیە دووبارە بکەرەوە هەتاکوو بەجوانی لێی تێدەگەیت، پێی دەڵێن پاککردنی پیاز. هەرکات پرسیارێکی نوێ دەکەیت ئەوا توێکڵێکی پیازەکە لێدەکەیتەوە، لابردنی توێکڵی زیادەی پیازەکە دەبێتە هۆی هێشتنەوەی پیازەکە.

پرسیارکردنی زۆریش دەبێتە هۆی ڕوونبوونەوەی بابەتەکە لات. زۆرجار ئەو شوێنەیە کە گرنگترین زانیاری تێدایە، بەڵام پرسیارکردنێکی لێزانانەی دەوێت، ڕاوێژکارێکی هاوسەرگیریی باش، یان چارەسەرکەرێکی دەروونی هەمان تەکنیك

بەکار دەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی، چارەسەرکردنی پەیوەندییەکان کە کێشەدارن. کەوایە پرسیار بکە، پرسیاری ڕاستەوخۆ و گوێ ڕابگرە.

بیرت بێت، زۆرجار دۆزینەوەی کێشە ڕاستییەکە زۆر کاتی ناوێت و دژوار نییە.

دووەم پرسیاری گرنگ کە گفتوگۆ دەکاتەوە: ئایا گرنگترین ئامانج و مەبەستەکانی چەند ساڵی داهاتووت چین؟ ئەگەر پێت وایە خەڵکی وەڵامی ئەم پرسیارە نادەنەوە، ئەوا دووبارە بیر بکەرەوە، ئەگەر لە ١٠ خولەکی سەرەتادا پەیوەندییەکی باشت دروست کردووە، ئارەزووەکەت ڕاگرتووە تا ڕێك کەوتن بکەیت و حەزێکی ڕاستت نیشان داوە بۆ بازرگانییەکەیان، خەڵکی زۆر لەوە زیاترت پێ دەڵێن کە بیری لێدەکەیتەوە.

زانیارییەکی تر، کاتێك داوای زانیاری دەکەیت: لێکۆڵینەوە مەکە بە پرسیارکردنی بەردەوام، بەڵکوو لە نێو پرسیارەکانتدا چەند لێدوانێك بدە، پێشنیار بکە، بیرۆکەکانتی لەگەڵ باس بکە، لەگەڵ ئەو شتەی، کە دەیڵێت بیگونجێنە و پاشان بەنەرمونیانی پرسیاری دواترت بکە.

تا زیاتر بیبەستیتەوە پێیەوە، ئەو کەسەی پرسیاری لێ دەکەیت لە دۆخێکی ئارامتردا دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی متمانە لە نێوانتاندا. کاتێك متمانە دروست دەبێت، دەرگای دەرفەتەکان زیاتر بە ڕووتدا دەکرێنەوە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دەستکەوتی گەورە و دەتوانیت ئەم جۆرە پرسیارکردنە لە ژیانی تایبەتیت، لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانتدا بەکار بهێنیت و دەستکەوت و ئەنجامەکانت نایاب دەبن.

## ٢. داوای کار بکە

ئەمە ئامارێکی سەرنجڕاکێشە. پاش تەواوکردنی سیمینارێك سەبارەت بە سوودەکانی خزمەتگوزاری و بەرهەمەکانیان زیاتر لە ٦٠٪ی جارەکان کەسانی فرۆشیار داوای ناکەن، ئەوەش خوویەکی خراپە، کە ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی حەزیان لە کارەکە نەمێنێت.

وەك پێشتر گوتمان ئەگەر پێویستت بە یارمەتییە لێرەدا، ئەوا منداڵەکان باشترین نموونەن بۆت. ئەمەش بەڵگەی زیاترە: لە ڕۆژێکی گەرمدا یاریی گۆڵفمان دەکرد، چاڵی شەشەم نزیك بوو لە پەرژینەکەوە و لەودیو پەرژینەکەوە کچێکی ٦ ساڵانە دانیشت بوو لە تەنیشت مێزێکی تەختەوە، لەسەر مێزەکە دوو سوراحیی گەورەی پلاستیکی دانرابوون، کە یەکێکیان چای ساردی تێدابوو ئەوی دیکەیان ئاوی لیمۆ.

کاتێك چاوەڕوانیی تیمی بەرانبەر بووین لە یارییەکەمان، کچە بچووکەکە پرسیی: "ئایا حەز بە خواردنەوەیەکی ساردی خۆش دەکەن؟" کوپێکی پلاستیکی بەدەستەوە گرتبوو وە زەردەخەنەش لەسەر لێوەکانی بوو.

کەشەکە زۆر گەرم بوو، هەمووشمان تینوومان بوو، هەر بۆیە ڕۆشتین بەرەو پەرژینەکە پرسیی: "ئایا حەز بە چای بەستووی سارد، یان ئاوی لیمۆ دەکەن؟" پاش ئەوەی بڕیارمان دا بیکڕین، خواردنەوەکانی بۆ تێکردین و دەستی درێژ کردەوە و گوتی، "تکایە، هەردانەیەکیان ٥٥ سەنت دەکات،" لە پەرژینەکەوە چوار چەکی یەك دۆلارییمان پێدا.

ئەوە بوو پارە وردنەکراوەکەی خستە جزدانە بچووکەکەیەوە کە بە پشتوێنەکەی ناوقەدییەوەی بەستبوو، پاشان پێی گوتین، "زۆر سوپاس، ڕۆژێکی خۆش بۆ ئێوە." هیچ کاممان پارەی وردەمان وەرنەگرتەوە، بەم

بۆنەیەوە کێ سکاڵا دەکات؟ ئەو منداڵە شایستەی بەخششێك بوو بە بڕی لە ٤٥٪ بە توانایەکی لەو جۆرەوە بۆ پێشکەشکردن.

## ئەگەر بازرگانییەکە( کارەکە)ت دەوێت، ئەوا پێویستە هەمیشە پرسیار بکەیت.

ئایا پێت وایە ئەو کچە بچکۆلە چەند جار پرسیاری کرد؟ ڕاست دەکەیت. ئەم بەڵێندەرە بچکۆلە خولێکی ڕاهێنانی فرۆشیاریی ١٠ هەفتەیی وەرنەگرتووە، بەڵکوو بەشێوەیەکی سروشتی ئەنجامی دا.

ڕەچاوی ستراتیژییە نایابەکەی بکە– وانەیەك لە بازرگانیدا، هەموومان دەتوانین سوودی لێوەر بگرین. ئەو منداڵە شوێنێکی نایاب و گونجاوی هەڵبژارد، خزمەتگوزارییەکی نایابیشی لە ڕۆژێکی زۆر گەرمدا پێشکەش کرد بە پرسیارەکەی،" ئایا حەزتان لە چای سارد، یان ئاوی لیمۆ هەیە؟" دەیسەلمێنێ، کە گرنگیی هەڵبژاردن دەزانێت.

هۆکاری باوەڕبەخۆبوونەکەی وایلێکرد پێویست نەکات باقییەکەمان بداتەوە، بۆمان دەرکەوت ڕۆژانە لانی کەم ٦٠ دۆلاری دەست دەکەوێت. بەدڵنیاییەوە، ئامانجی هەبوو: ڕەنگە کڕینی پاسکیلێکی نوێ، یان نوێترین مۆبایل بێت وە بەدڵنیاییەوە، ڕۆژێکیش دێت، کە سیمیناری فرۆشتن پێشکەش دەکات.

وەك ئەم کچە بچکۆلە دەبێت هەمیشە پرسیاری کۆتایی بکەیت بۆ دڵنیابوونەوە لە کارەکەت ئەملاولای تیا مەکە، بەڵکوو دەستبەجێ بپرسە، یان چاوەڕێی کڕیارەکەت مەکە پرسیارت لێ بکات. بە جۆرێك پرسیاری لێ بکە کە وەڵامەکەی"بەڵێ "، یان"نەخێر"بێت.

بۆ نموونە، بڵێ، ئایا دەتەوێت تاقی بکەیتەوە؟ ئەم جۆرە پرسیارە ترسێنەر نییە، یان هیچ پەستانێك دروست ناکات، ئەگەر سیمینارێکی کاریگەرت پێشکەش کردبێت، کە سوود و بەهای زۆر بووبێت، ئەوا زۆرینە دەڵێن، "چیم هەیە تا لەدەستی بدەم؟ ڕەنگە منیش تاقی بکەمەوە؟" کاتێك بەرنامەی ڕاهێنان دەفرۆشین ڕاستەوخۆ دەڵێین، "ئایا حەز دەکەیت ئامادەی بەرنامەی داهاتوومان بیت؟"

## ٣. داوای گەواهینامەی نووسراو بکە

گەواهینامەی باشی نووسراو و تەرکیزلەسەرکراو لە کەسانی ناودار و ڕێزلێگیراوەوە زۆر کاریگەرە، جۆری کارەکەت بەهێزتر دەبێت و وەك کەسێکیش دەتناسێنن کە ڕاستگۆ و متمانەپێکراویت.

زۆرینەی خەڵکی لە بازرگانیدا ئەمە ئەنجام نادەن، ئەمەش دەبێتە دەرفەتێك کە پێش کێبڕکێکارەکانت بدەیتەوە لەو بوارەدا، هەموو ئەو شتەی پێویستە بیکەیت ئەوەیە داوا بکەیت. کەی باشترین و گونجاوترین کاتە؟

دەستبەجێ دوای ئەوە خزمەتگوزارییەکی نایابت ئامادە کردووە و پرۆژەیەکی گەورەت کۆتایی پێ هێناوە، ڕۆشتوویت بۆ یارمەتیدانی خەڵکی، یان هەر کارێکی دیکە، کە بەڕاستی کڕیارەکەتت دڵخۆش کردووە. لەم دۆخانەدا خەڵکی دڵخۆشن ستایشی هەوڵ و ماندووبوونەکانت بکەن.

بەم جۆرە ئەنجامی بدە: داوا لە کڕیارەکەت بکە، ئایا ئامادەیە گەواهینامە بدات سەبارەت بە بەهای بەرهەم، خزمەتگوزارییەکەت، یان هەر جۆرە وتەیەك کە هاندەرە بۆت؟ بۆ ئاسانکردنی ئەمە، پێشنیارت بۆ دەکەین لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەتدا چەند پرسیارێك بکەیت، تێبینیی باش بنووسیت و داوا لە

کڕیارەکەت بکە بەڕوونی تاریفی سوودی بەرهەمەکانت بکات بەتایبەت ئەنجامە تایبەتەکان، کە بەهۆی کارەکەتەوە بەدەست هاتوون.

ئەگەر تیمی فرۆشتنت هەیە، کە پێویستی بە یارمەتییە و تۆش خوێندووتەتەوە سەبارەت بە لە ٣٥٪ لە زیادکردنی فرۆشتندا، ئەوا ڕەنگە بەم جۆرە بیر بکەیتەوە و بڵێیت، "ئەوە ئەو شتەیە بۆی دەگەڕێین. ئەگەر سوودی بۆ ئەوان هەبوبێت، ئەوا بێگومان سوودی بۆ ئێمەش دەبێت. چۆن دەتوانم لە بواری فرۆشیاریدا پەیوەندی بکەم بەم ڕاهێنەرە سەرکەوتووەوە؟"

کاتێك چاوپێکەوتنە کورتەکەت تەواو کرد لە تەلەفۆندا، داوا بکە خۆت گەواهینامەکە بنووسیت، بەم جۆرەش کاتی کڕیارەکەشت زۆر ناگریت و ئەمە بۆ دوو هۆکار گرنگە: یەکەم، هیچ جۆرە فشارێکی دەروونی لەسەر کڕیارەکەت ناهێڵیت، ڕەنگە زۆر شارەزا نەبێت لە نووسینی گەواهینامەی بەهێزدا و کاتی زۆریشی پێویست بێت. دووەم، خۆت زیاتر دەرفەتت دەبێت بەو جۆرەی، کە دەتەوێت وشەکان ڕێك بخەیت تائەوەی زۆرترین کاریگەرییان هەبێت، ئەگەریش لێهاتوو نیت لە نووسیندا، ئەوا کەسێکی پسپۆڕ بەکرێ بگرە، کە شایستە بێت، کاتێك ئەمەشت تەواوکرد، گەواهینامەکە بنێرە بۆ کڕیارەکەت تا پەسەندی بکات، پاشان تایپی بکەرە سەر کاغەز و داوای لێ بکە ئیمزای بکات.

خووی کۆکردنەوەی گەواهینامە نایابەکان دروست بکە! ئەگەر کڕیاری زۆرت هەیە و سەردانی نوسینگەکەت دەکەن، ئەوا شاشەیەکی پلازما دابنێ لە شوێنێکی زۆر بەرچاو و دیاردا بە جۆرێك بێت بە هەموو لایەکدا بسوڕێت و گەواهینامەکانیان نیشان بدات.

وێنەی گەورەکراو بەکاربهێنە بۆ ڕوونی و کاریگەری، یاخود بەپێچەوانەوە لەسەر شتێکی گەورە بینووسە و لەسەر ڕوومێزی قاوە خواردنەوەکەت دایبنێ لە شوێنی پێشوازیکردنی میوانەکانت لە نوسینگەکەتدا.

باشترین و گرنگترین لێدوانەکان لە چوارچێوە بگرە و بە دیوارەکەدا هەڵیان بواسە، بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن بیانخوێننەوە و هەموو کات لەبەرچاوان بن. لە کاغەزە گەورەکاندا گرنگترین وشە و ڕستەکان دیاری بکە لانی کەم سێ گەواهینامەی بەباشی- نووسراو و نایاب لەخۆ بگرێت.

بژاردەیەکی باشی دیکە ئەوەیە، کە کاریگەرترین ڕستەکان لە ١٠ گەواهینامەی جیاوازەوە وەربگریت و لەسەر کاغەزێك دایانبنێیت و ناوی کڕیارەکانیشی لەسەر بێت. بەرهەمەکەت ئاسانە تا وێنەی بگیرێت وەك سەیارە یان شتومەك.

وێنەی کرداری دروست بکە، بۆ نموونە، کڕیارەکەت لە ئۆتۆمبێلەکەتدا دانیشتووە، یان نمایشی مێزە جوانەکەی ژووری دانیشتن دەکات، ئەمڕۆکە تەکنەلۆجیا گۆڕاوە بۆ گەواهینامەی ڤیدیۆیی، حەز دەکەین ئامێرێکی تۆمارکەری ڤیدیۆیی بە قەبارەی گیرفانەکانمان، (کە ئاسانە بۆ هەڵگرتن و بەکارهێنان) و لە نرخیشدا هەرزانە هەڵ بگرین. مۆبایلە زیرەکەکانیش توانای ڤیدیۆکردنیان هەیە، کە وادەکەن گەواهینامەکان ئاسان بەدەست بێن، دەتوانیت دایانبەزێنیتە نێو وێبسایتەکەتەوە، یان بەکاریان بهێنیت وەك بەشێك لە پێشکەشکردنی سیمیناری فرۆشیارییەکەت.

دڵنیا بەرەوە لەوەی هێندەی پێویست کات وەردەگریت بۆ بەدەستهێنانی چەند لێدوان و وتەیەکی لەبیرنەکراو، بە تەکنەلۆجیای لەم شێوەیە دەتوانیت

زانیاری و بەرهەکانت بگوازیتەوە و نیشانی کڕیارەکانتی بدەیت لە هەرکوێی ئـەم جیهاندا بن.

ئەمە بەراورد بکە بە دە ساڵ بەرلە ئێستا، خـەیاڵی ئـەوە بکـە لـە دە سـاڵی داهـاتوودا چـی دروسـت دەکرێـت– ڕەنگـە تـەنیا پێویسـت بێـت لەسـەرمان بـیر بکەینـەوە لـەوەی دەمانـەوێت چـی بڵـێین و دەسـتبەجێ لەسـەر ئـەو ئـامێرەی دەتەوێت تۆمار دەکرێت. شتێکی زۆر نایاب و سەرنجڕاکێش دەبێت!

## ناوی کۆمەڵە کەسێکی زۆر متمانەپێکراوی تیادا دابنێ

ئەگەر لێدوانی کۆمەڵە کەسێکی ناوداری ناوخۆییت هەیە، ئەوا دەرفەتی ئەوە زیاترە، کە کڕیارەکانی داهاتووت بەرهەمەکانت بناسنەوە و زۆر سەرسام بن.

ئەمەشی لایەنێکی ئەرێنی و گرنگی گەواهینامەی نووسراوە: کۆمەڵە کەسێکی تێدا تۆمار بکە، کە هاوکارت بن لە پیشەسازییەکەتدا، هەتا ناودارتر بـن باشـترە بۆ نموونە، لە زۆربەری کتێبەکاندا وتەی چەند کەسایەتییەکی ناوداری تێدا تۆمار دەکەن، ئایا ئەو لێدوان و وتانە کاریگەرییان لەسەر خوێنەر نییە؟

لێدوان و وتەی چەند کەسـایەتییەکی نـاودار لەسـەر بەرهەمەکـەت کاریگـەری دەبێت و دەشتوانیت گەواهینامەکانت ڕیزبەند بکەیت، ئەگەر بەرهەمەکـەت، یـان خزمەتگوزارییەکەت چەند سوودێکی هەیە، ئـەوا هەریەکـەیان بـەجیا لەسـەرەوە بنووسە وەك، خزمەتگوزاریی نایاب، نرخ، جۆری زانیاریی بەرهـەم و گواسـتنەوە لە کاتی خۆیدا.

ئەگـەر کڕیارەکـەت نیگەرانـە لـە هـەر بابـەتێك ئـەوا دەتوانیـت چـەندین گەواهینامـەی جیـاوازی نیشـان بـدەیت، کـە لێهاتووییەکـەت دەسـەلمێنن لـەو

بوارەدا، کەوایە لە ئێستا بەدواوە خۆت تەرخان بکە بۆ گەواهینامەی زۆر کاریگەر، ئەمە خووە و دەبێتە هۆی دەستکەوتی زۆر گەورە.

## ٤. داوای باشترین جۆری بەرهەمەکان بکە

زۆرینەی ئەوانەی لە بواری بازرگانیدان لە گرنگیی پێشنیارکردنی باشترین جۆری بەرهەمەکان تێدەگەن، ئاسانترین و هەرزانترین ڕێگای دڵنیاکردنەوەی گەشەکردن و سەرکەوتنە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا. بە ئەزموونی ئێمە ئەمە ڕاستییەکەیە: لە ١٠ کۆمپانیادا، کۆمپانیایەك سیستەمی کۆکردنەوەی باشترین جۆری بەرهەمی هەیە، ئایا چۆن ئەوە ڕوون دەکەیتەوە؟

هەمان چیرۆکی کۆنە– خووە خراپەکان– ترس لە ڕەتکردنەوە، کەسانێکی تر هەن، کە خۆشحاڵانە پێشنیاری باشترین جۆری بەرهەمت بۆ دەکەن، لەبەرئەوەی بەباشترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت، کەوایە بۆچی داوای پێشنیاری باشترین جۆری بەرهەمیان لێناکەیت؟ ڕەنگە هێشتا باوەڕت پێی نەبێت.

نموونە، هێلین پلاندانەرێکی پسپۆڕی داراییە و ماوەی چەندین ساڵە لیستێکی لە کڕیارە سەرەکییەکان دروستکردووە و ئامانجی بازاڕکاری ئەو کەسانەیە لە تەمەنی ٥٠–٦٠ ساڵیدان و لانی کەم ٢٠٠ هەزار دۆلاریان هەیە لە بواری وەبەرهێناندا.

ئەمە ڕێگایەکە، کە بەم دواییانە بەهۆیەوە گەشەی بە بازرگانییەکەی دا، کڕیارە سەرەکییەکانی بانگهێشت کرد تا ئامادەی نانخواردنێکی بەیانی بن لە ڕۆژی شەممەدا لە ئوتێلێکی نزیك لەو ناوچەیە. لەسەر بانگهێشتنامەکە نووسرابوو کە گوێیان لە هەندێك زانیاریی گرنگ دەبێت سەبارەت بە یاسا

نوێیـــەکانی حکوومـــەت، کـــە کاریگـــەری لەســـەر ســـامانەکانیان دەبێـــت، لـــە بانگهێشتنامەکەدا داوایان لێکرابوو هەریـەکێکیان سـێ بـۆ چـوار هـاوڕێی خۆیـان بهێنن، کە شارەزاییان لە هەمان بواردا هەبێت.

لە ئەنجامدا، ٩٢ کەس هاتن و زۆرێکیان میوان بوون، تێچووی خواردنەکە بۆ هەریەکێکیان ١٢ دۆلار بوو کە هێلین بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ئامـادەبوو پارەکـە بدات.

پاش ٤٥ خولەك لە قسەکردن، زۆرێك لە میوانـەکان داوای زانیـاریی زیاتریـان کـرد و ئەمـەش وایلێکـردن، کـە بـبن بـە کڕیـاری نـوێ، هـێلین ٢٢ هـەزار دۆلاری دەستکەوت لە فرۆشـتنی بەرهـەم پێیـان. دەسـتکەوتێکی خـراپ نـەبوو بـۆ ئـەو بەیانییە.

هەموو بازرگانە ناودارەکان هاوڕان خوویەکـە بـە شـێوەیەکی سەرسـامکەرانە داهاتەکەت زیاد دەکـات وەك هـەر خوویـەکی دیکەیـە، بـەڵام پێویسـتە زۆر جـار دووبارەی بکەیتەوە هەتاکوو دواتر ئاسان دەبێت بۆت. بەدەسـتهێنانی باشـترین جـۆری بەرهـەمی بـاش تـەنها سـنووردار نییـە بـە کڕیـارە سـەرەکییەکانتەوە و دەبێتە هۆی کرانەوەی دەرفەت بەڕووتدا.

دەرفەتەکان هەمیشە بوونیان هەیە، کاتێـك کەسـێك دەبینیـت بەرهـەم، یـان خزمەتگوزارییەکەتی نەوێت، ئەوا دەتوانیت پرسـیاری لـێ بکـەیت، ئایـا کەسـێك دەناسێت بیەوێت؟ بە کردنی ئەم پرسـیارە چـی لەدەسـت دەدەیـت؟ خـراپترین شتێك ڕەنگە ڕووبدات ئەوە بێت بڵێت، "نەخێر" زۆر جار پێـت دەڵێـت، "بـەڵێ، کەسێك دەناسم، کە ڕەنگە حەزی لە بەرهەمەکانت هەبێت."

## ٥. داوای بەرهەمی زیاتر بکە

زۆرێك لە خەڵکی هەموو ساڵێك هەزاران دۆلار لەدەست دەدەن لە فرۆشتندا، لەبەر ئەوەی پاش فرۆشتنی بەرهەمەکانی سەرەتا شتی زیاتریان نییە پێشکەشی کڕیارەکانیان بکەن. بۆ بەرهەم و خزمەتگوزاریی تر بگەڕێ، بۆ ئەوەی زیادی بکەیت بۆ لیستی کارەکانت و پەرە بە سیستەمێك بدە بۆ دیاریکردنی ئەوەی کڕیارەکانت کەی پێویستیان بە بەرهەم، یان خزمەتگوزاریی زیاتر دەبێت.

خەڵکی بەردەوام شت دەکڕن، دەبێت بزانیت کەی شتیان دەوێت و ئاسانترە شتی زیاتر بەو کڕیارانە بفرۆشیت ئێستا هەتن وەك لەوەی بڕۆیت و بۆ کڕیاری نوێ بگەڕێیت.

لی:

بۆ نموونە، پیتەر تۆمسۆن یەکێکە لە ستراتیژیدانەرە ناسراوەکانی گەشەکردنی بواری کەسی و بازرگانی لە بەریتانیا، ڕێگایەکی سادە، بەڵام کاریگەری پێگوتم بۆ زیادکردنی فرۆشتن بەناوی (The Magic Matrix). ئەگەر دەستکەوتی زیاترت دەوێت، ئەوا هانت دەدەم جێبەجێی بکەیت. بەم شێوەیە کار دەکات، هێڵێك دەکێشیت ناوی کڕیارەکانت لە لای چەپەوە بە شێوەی ستونی لەسەرەوە و بەشێوەی ئاسۆیی ناوی هەموو بەرهەم و خزمەتگوزراییەکانت بنووسە کە دابینیان دەکەیت. دواتر بۆ هەر کڕیارێك پیتی (X) دابنێ لە هەر خانەیەك لە بەردەم کڕیارەکاندا بۆ هەر بەرهەمێك، یان خزمەتگوزارییەك کە کڕیویانە لێت. سوودبەخشە بۆ زانینی ڕێکەوتی کۆتا کڕینیان لە تۆ، پاشان سەیری خانە بەتاڵەکان بکە لە خشتەکەدا، ئەمانە دەرفەتن تا هەندێك لە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان بفرۆشیت.

پیتەر دەڵێت: "زۆرێك لە فرۆشیارەکان بەرهەم و خزمەتگوزاریی دڵخوازیان هەیە، کە حەز دەکەن تەرکیزی لەسەر بکەنەوە لە ماوەی پێشکەشکردنەکەیاندا، بەڵام زۆر جار ئەوە پشتگوێ دەخەن بە کڕیارەکانیان بڵێن بەرهەم و خزمەتگوزاریی دیکەش بەردەستە.

بە واتایەکی دیکە، هەمووشتێك ناڵێن، هەڵەیەکی گەورەیە! یەکێك لە کڕیارەکان بەرێژەی لە ٥٠٪ داهاتی ساڵانەی زیاد کرد، کاتێك بەڕێوەبەری فرۆشیارەکان ئەم ڕێگایەی بەکار هێنا بۆ بەهێزکردن و باشترکردنی تیمی فرۆشیارییەکەی.

ساڵانێکی زۆر بەرلە ئێستا ئەو کەسانەی لە مکدۆناڵد، بەشی هەمبەرگر کاریان دەکرد بیرۆکەی ڕێگایەکی تایبەتیان بۆ هات، کە داوای زیاتر بکەن، ستافەکەیان ڕاهێنا پرسیارێکی دیکە زیاد بکەن، کاتێك کەسێك داوای هەمبەرگر و خواردنەوە دەکات. ئەم پرسیارە زیاتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلاری زیاد کرد بۆ داهاتەکەیان، پرسیارەکە ئەمە بوو: "ئایا حەزت لە جبسی پەتاتە هەیە لەگەڵیدا؟" زۆربەیان لە وەڵامدا دەیانگوت، "بەڵێ، بۆ نا." ئەمە ئەو شتەیە کە شیاوی تەرکیز خستنەسەرە، چ جارێك ئەو پرسیارە دەکەن؟ هەموو جارێك! ئەمە پێویستی بە گفتوگۆیەکی باش و ڕاهێنانی هەموو ستافەکەت هەیە تا ئاگادار بن لەگەڵ هەموو کڕیارێکدا.

بەڕوونی دیارە دەبێتە هۆی دەستکەوتی نایاب، زیادکردنی پرسیارێك لە کۆتاییی هەر فرۆشتنێکدا بە شێوەیەکی بەرچاو داهاتەکەیان زیاد دەکات و بیرت بێت، ئەگەر تۆ نەپرسیت، ئەوا کەسێکی دیکە دەپرسێت.

## ٦. داوای دووبارە گفتوگۆکردن بکەرەوە

چالاکیی بازرگانیی بەردەوام، گفتوگۆکردن و دەرفەت لەخۆ دەگرن بۆ دووبارە وتووێژکردنەوە. کەسانێکی زۆر گیر دەخۆن، چونکە زۆر باش نین تیایدا و ئەمە شێوازێکی دیکەی داواکردنە، کە دەتوانێت کاتێکی زۆر و وزەیەکی زۆرت بۆ بگێڕێتەوە.

دەکرێت هەموو جۆرە ڕێککەوتننامەیەك دووبارە گفتوگۆی لەسەر بکرێتەوە بە داواکردن و هیچ شتێك بۆ هەمیشە لە جێگای خۆیدا نامێنێتەوە. ئەگەر دۆخەکەت پێویستی بە گۆڕان کرد، ئەوا داوای بکە.

لی:

بەیانییەکیان بە فڕۆکە دەڕۆشتم بۆ شارێکی دیکە بۆ پێشکەشکردنی وۆرکشۆپی هێزی تەرکیزکردن بۆ گرووپێك لە بەڵێندەران، ئەوە بوو گەورەترین زریانی بەفری ساڵ بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێك گەشتەکەی دواخستم لەو کاتەی ئامادەی نیشتنەوە بووین کاتژمێر٨:٣٠ خولەکی بەیانی بوو دەبوایە وۆرکشۆپەکەم لە کاتژمێر ٩:٣٠ خولەك دەست پێ بکات، دواتر کاپتنی فڕۆکەکە ئاگاداری کردینەوە بەهۆی تەمەوە ناتوانین بنیشینەوە، لەبەر ئەوە دەچینە فڕۆکەخانەیەکی دیکە.

پێم وابوو زۆر باشە، ئەو شوێنە نزیکترە بۆم لەو جێگایەوە، کە دەمەوێت بۆی بڕۆم، خۆم ئامادە دەکرد بۆ دابەزین، بەڵام لە کاتی نیشتنەوەدا، کاپتنەکە ڕایگەیاند لێرە هیچ کەس و ئامێرێکمان نییە ئاسانکاریمان بۆ بکات لە داگرتن و بارکردنی شتەکاندا، کەوایە چاوەڕێ دەکەین تا تەمەکە نامێنێت لە شوێنی نیشتنەوەی یەکەمجاردا و دیسان دەگەڕێینەوە بۆ ئەوێ و گوتیشی هەتا تەمەکە نامێنێت لە فڕۆکەکەدا دەمێنینەوە. هەڵبژاردنی وشەکان سەرنجڕاکێشە!

ئەمە دەرفەتێکی نایابی بۆ ڕەخساندم پرسیار لە کارمەندی فڕۆکەکە بکەم و بۆی ڕوون بکەمەوە، ئایا دەتوانم جانتاکەی خۆم هەڵ بگرم و دابەزم، چونکە کۆبوونەوەکەم ٢٥ خولەکی دیکە دەست پێ دەکات؟ پاش ئەوەی داوای لە کاپتنی فڕۆکەکە کرد و بەزەردەخەنەوە گەڕایەوە بۆ لام، دەرگای فڕۆکەکەی بۆ کردمەوە و پەیژەی دابەزینەکەی بۆ نزم کردمەوە تا دابەزم.

هەتا ئەو کاتە هیچ کام لە سەرنشینەکان نەجوڵان و داوای دابەزینیان نەکرد، بەڵام کاتێك دابەزیم سەیرم کرد چەندین بازرگانی دیکەش هەمان داواکارییان هەیە و هەرگیز پێیان وانەبوو بۆ گۆڕینی دۆخە ناخۆشەکەیان دەبوایە پرسیار بکەن.

## ٧. داوای هەڵسەنگاندن بکە

ئەمەش لایەنێکی دیکەی گرنگی داواکردنە، کە زۆرجار درکی پێناکەین چۆن دەزانیت، کە بەرهەم، یان خزمەتگوزارییەکەت پێداویستی کەسانێکی پڕکردووەتەوە، لێیان بپرسە: "ئایا بەرهەمەکانمان چۆنە؟ چی بکەین تا بتوانین خزمەتگوزارییەکانمان پەرە پێ بدەین بۆت؟ پێمان بڵێ چ شتێکت حەز لێیە سەبارەت بە بەرهەمەکانمان و چ شتێکیشت حەز لێ نییە؟"

لێکۆڵینەوەی ئاسایی بۆ کڕیارەکانت دروست بکە کە پرسیاری باش دەکەن، گرووپێکی تەرکیزکردنی مانگانە دابنێ تێیدا بتوانیت ڕووبەڕوو کڕیارەکانتان ببینیت، نانی نیوەڕۆیان بۆ بکڕە و پرسیارێکی زۆریان لێ بکە، چونکە ڕێگایەکی زۆر نایابە بۆ بەرەوپێشبردنی بازرگانییەکەت.

ئەگەر سەرپەرشتی تیمێك لە خەڵکی دەکەیت، یان کۆمپانیایەکی زەبەلاح بەڕێوە دەبەیت، داوای بیرۆکە لەو کەسانە بکە، کە کاریان لەگەڵ دەکەیت.

کاتێك دێتە سەرباسی چالاکۆی کرداریی ڕۆژانە ئەو کەسانە پڕزانیاریترینن وا لە بازرگانییەکە دەکەن باشتر بەڕێوە ببرێت، قسە لەگەڵ دابینکەرەکانیش بکە و ڕەنگە ڕێگای باشتر هەبێت بۆ چۆنێتیی دابەشکردن بە ڕێگایەکی باشتر، یان بۆ کەمکردنەوەی تێچوو.

گرنگ نییە لە چ جۆرە پیشەسازییەکدا کار دەکەیت، کەسانێکت لە چواردەورە، کە دەتوانن هەڵسەنگاندنی سوودبەخشت پێ بدەن و هەموو ئەوەی لەسەرت پێویستە ئەوەیە، کە داوا بکەیت.

## چۆن داوا بکەین؟

## ئەمە پێنج ڕێگایە کە دڵنیات دەکاتەوە داواکردنەکەت ئەنجامی دەبێت.

### ١. بەڕوونی داوا بکە:

کورتخایەن بە، بەڕوونی بیر لە داواکارییەکەت بکەرەوە و کاتی بۆ تەرخان بکە، ئەو وشانە بڵێ زۆرترین کاریگەرییان دەبێت، چونکە ئەمە زۆر گرنگە. وشەکان زۆر کاریگەرن، کەوایە بەوریاییەوە هەڵیانبژێرە، ئەگەر وا نەکەیت سوودی بۆت نابێت و ئەگەر دەتەوێت کەسانێك بدۆزیتەوە، کە لێهاتوون لە داواکردندا، ئەوا شێوازەکانی ئەوان بەکار بهێنە و داوای یارمەتییان لێ بکە.

"پێگەشتووەکان هەمیشە لە منداڵەکان دەپرسن، کاتێك گەورە بوون دەتانەوێت ببن بە چی؟ چونکە بۆ بیرۆکەی نوێ دەگەڕێن."

– پاولا پۆندستۆن

## ٢. بەباوەڕبەخۆبوونەوە داوا بکە:

ئەو کەسانەی بەباوەڕبەخۆبوونەوە داوا دەکەن، ئەوا زیاتریان دەست دەکەوێت لە ژیاندا بە بەراورد بەو کەسانەی ڕاڕا و نادڵنیان. ئێستا کە دەزانیت دەتەوێت داوای چی بکەیت، ئەوا بەدڵنیایی، بوێریی و باوەڕبەخۆبوونەوە بیکە. ئەمە واتای ئەوە نییە ببە بە کەسێکی لەخۆبایی و خۆپەسەند. تەنها شتی نەرێنی، کە ڕەنگە بۆت ڕووبدات ئەوەبێت داواکارییەکەت نکۆڵی لێ بکرێت.

## ٣. بەردەوام داوا بکە:

هەندێك کەس کە داوایەکی ڕوونیان کرد، بەزوویی دەست هەڵدەگرن، ئەگەر دەتەوێت بەڕاستی دەوڵەمەند بیت، ئەوا پێویستە زۆر داوا بکەیت، وەك یارییەك مامەڵەی لەگەڵدا بکە و بەردەوام پرسیار بکە هەتاکوو وەڵامەکانت دەست دەکەوێت.

## ٤. نوێکارانە داوا بکە:

لەم سەردەمی کێبڕکێیی جیهانییەدا، ڕەنگە داواکردنەکەت ون بێت و لەنێو هەموو قەرەباڵغییەکەدا نەبیسترێت لەلایەن ئەو بڕیاردەرانەی، کە ئومێدەواری پێیان بگات. بۆ چارەسەرکردنی ئەمەش ڕێگایەکی ئاسان هەیە، ڕیچارد کارلسۆن، لە یەکێك لە کتێبەکانیدا باس لە تەکنیکێك دەکات، کە یارمەتیت دەدات جیاواز بیت و دەنگت ببیسترێت بۆ نموونە، ئەگەر دەتەوێت سەرنجی کەسێك بەدەست بهێنیت، ئەوا تەنها داواکارییەکی ئاسایی مەنێرە، بەڵکوو نوێکارییەکەت بەکار بهێنە بۆ پێشەکییەکی زۆر کاریگەر.

## ٥. ڕاستگۆیانە داوا بکە:

کاتێك بەڕاستی پێویستت بە یارمەتی هەیە، ئەوا خەڵکی وەڵام دەدەنەوە. ڕاستگۆیی پێویستی بە ڕاستیبوون هەیە، ئامادەی قوربانیدان بە و بەو شێوەیە بیڵێ کە هەیە.

ئەگەر شێوازی پێشکەشکردنەکەت بێ کێشە نەبوو، نیگەران مەبە لە دڵەوە داوا بکە و ئاسانی بکەرەوە دەبینیت خەڵکی بەرەو ڕووت دێن.

ئەگەر بەڕوونی نیشانی بدەیت کە پێشتر هەموو هەوڵێکی خۆتتداوە، داواکارییەکەت پەسەند دەکرێت، بۆ نموونە، ڕێکخراوێکی خێرخوازیی گەنجانە پێویستی بە ٥٠ دۆلار هەیە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی کە کۆکردنەوەی بڕی ١٠٠٠ دۆلارە. گەنجەکان هەموو ئەو ڕێکار و ڕێگایانەت نیشان دەدەن، کە گرتوویانەتە بەر لە بەدەستهێنانی ٩٥٠ دۆلارەکەی سەرەتا: لە شۆردنی ئۆتۆمبێل، فرۆشتنی شیرینی، خواردن بۆ کاری خێرخوازی، خاوێنکردنەوەی گەراج و چەندین شتی دیکەش. ڕەنگە ئەو بڕە پارەیە ببەخشیت، کە ماوە بەتایبەت ئەگەر دواوادەیەکیان هەبێت و چەند کاتژمێرێکی کەمیش مابێتەوە.

کاتێك هەموو ڕێگاکانت تاقیکردەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی دەتەوێت، ئەوا ئەگەری زیاتر دەبێت خەڵکی دەستی یارمەتیت بۆ درێژ بکەن، کاتێك داوای هاوکارییان لێدەکەیت.

کەسانێك هەموو کات داوای یارمەتیی خۆڕایی دەکەن، ئەوا بەدەگمەن سەرکەوتوو دەبن.

| |
|---|
| تەواوی ئەو ڕێگایانەی هەن بۆ داواکردن بەکار بهێنە. |

## پوختە

ئێستا هەمان شت بکە، هەموو هەفتەیەك زیاتر خۆت تەرخان بکە بۆ داواکردن و خۆشی لە دەرەنجامەکان و سوودە تایبەتەکانی دەبینیت، لەبەرئەوەی زۆرینەی ئەوانە لە بازرگانیدا ئاستێکی لاواز پێشکەش دەکەن لە ڕووی داواکردنەوە.

ئەمانە چەند بەڵگەیەکن لە لێکۆڵینەوەیەکی هێربێرتەوە، شارەزا لە بواری بازاڕکاری لە زانکۆی نۆتردام، ئەوەی بۆ دەرکەوت:

- لە ٤٤٪ی هەموو فرۆشیارەکان پاش یەکەم پەیوەندیی تەلەفۆنی کۆڵ دەدەن.
- لە ٢٤٪ی هەموو فرۆشیارەکان پاش دووەم پەیوەندیی تەلەفۆنی کۆڵ دەدەن.
- لە ١٤٪ی هەموو فرۆشیارەکان پاش سێیەم پەیوەندیی تەلەفۆنی کۆڵ دەدەن.
- لە ١٢٪ی هەموو فرۆشیارەکان پاش چوارەم پەیوەندیی تەلەفۆنی کۆڵ دەدەن.

واتە لە ٩٤٪ی فرۆشیارەکان پاش پەیوەندیی چوارەم کۆڵ دەدەن، بەڵام لە ٦٠٪ی کۆی فرۆشتنەکان پاش پەیوەندیی چوارەم ئەنجام دەدرێن.

ڕەنگە توانات هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە سووربوونت هەبێت و بۆ ئەوەی سەرکەوتووش بیت پێویستە داوا بکەیت، داوا بکەیت و داوا بکەیت!

## هەنگاوە کردارییەکان

بۆ داواکردنی ئەو شتەی دەتەوێت تا یارمەتیت بدات دەستبەجێ بەرهەمهێنان و دەستکەوتت زیاد بکەن، چەند خولەکێك تەرخان بکە بۆ تەواوکردنی ئەم پلانە کردارییە.

جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییانە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە دەتوانێت بە ڕێژەی لە ٥٠٪ داهاتەکەت زیاد بکات و ڕاهێنانێکی نایابیشە بۆ ئەنجامدان لەگەڵ تیمی فرۆشیار و بەڕێوەبردندا.

**١- داوای زانیاری بکە: ئایا** باشترین بەرەوپێشچوون کامەیە، کە دەتوانیت بیکەیت کاتێك داوای زانیاری دەکەیت؟

**٢- داوای کار بکە:** ئایا کۆتا پرسیار بۆ بازرگانی، کە دەتباتە ئەو ئاستی سەرکەوتنەی دەتەوێت چییە؟ یان لانی کەم دوو ڕێگەی سادە و تایبەتی داواکردن بۆ بازرگانی دروست بکە.

١-　　　　　　٢-

**٣. داوای گەواهینامەی نووسراو بکە:** ناوی ٥ کەس لەوانە بنووسە، کە دەتوانن گەواهینامە (ستایش)ی نایابت پێ بدەن و کات بۆ پەیوەندیکردن بەم کەسانەوە کات تەرخان بکە و ئەنجامی بدە.

١-　　　　٢-　　　　٣-　　　　٤-　　　　٥-

**٤- داوای باشترین جۆری بەرهەم بکە:** سیستەمێکی تایبەت دروست بکە بۆ بەردەوام هێنانی خەڵکی بۆ ناو بازرگانییەکەت و بیرت بێت، وشەی سەرەکی، بەردەوامییە، واتە هەموو هەفتەیەك ئەنجامی بدە.

**٥- داوای بەرهــەمی زیــاتر بکــە:** نــاوی ٥ کــەس بنووســە، کــە لێیــان نزیــك دەبیتەوە بۆ بازرگانیی زیاتر و ئامرازێکی باش دروست بکە بۆیان تا زیـاترت لـیَ بکڕن: داواکاریی تایبەت، داشکاندن و کردنەوەی بەرهەمی نویَ.

١- ٢- ٣- ٤- ٥-

**٦- داوای دووبارە گفتوگۆکردن بکەرەوە:** ناوی دۆخێك بڵـیَ، کـە دەتـەوێت تیایدا گفتوگۆ بکەیتەوە لە مانگی دواتردا، ڕەچاوی وەسفی کار، موچە، پشوو و هتد بکە.

**٧- داوای هەڵسەنگاندن بکە:** دوو ڕێگا بنووسە، کە دەتوانیت لە ڕێگەیانەوە پەرە بە هەڵسەنگاندنەکەت بدەیت لەلایەن کڕیارەکانتەوە.

ڕەچاوی چەند شتێك بکە لەوانە: پەیوەندیی تەلـەفۆنی ڕاسـتەوخۆ، گرووپـی تەرکیزکردن لەسەر کڕیار، ڕاپرسییەکی ئۆنلاین، یان جۆرە کارتێك، کە لێـدوان و وتەی کڕیارەکانی لەسەربێـت.

١- ٢-

لەگەڵ ئەم ٧ ستراتیژییەدا بەبەردەوامی پشکنین بکە تا ببینیـت هـیچ شـتێك هەیە دەستت هەڵگرت بێت لـە داواکردنیـان و حـەزت لێیـان بێـت، ئەگـەر هەیـە، ناوی سیَ شت بنووسە:

١- ٢- ٣-

ژینکردن و کارکردن بە مەبەستەوە

گرتنەبەری کرداری یەکلاییکەرەوە

کۆڵنەدان و بەردەوامی

داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت

هۆکاری باوەڕبەخۆبوون

بنیادنانی پەیوەندییە نایابەکان

زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا

ئایا وێنە گەورەکە دەبینیت؟

باسکردن نییە لە بابەتێکی بێمانا، بەڵکوو بابەتی تەرکیزکردنە

خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن

**تەنها سێ ستراتیژی ماوە، کارێکی باشت کردووە!**

# (بەشی هەشتەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# کۆڵنەدان و بەردەوامی

"کۆڵنادەم و بەردەوام دەبم هەتاکوو سەرکەوتوو دەبم، هەمیشە هەنگاوێك دەنێم، ئەگەر سوودی نەبوو، ئەوا هەنگاوێکی تر و هەنگاوێکی تریش دەنێم. لە ڕاستیدا، هەرجارە و هەنگاوێك کارێکی سەخت و دژوار نییە، چونکە بە دووبارە هەڵگرتنی هەنگاوەکان دەتوانیت زاڵ ببیت بەسەر هەر جۆرە ئاستەنگ و دژوارییەکدا."

– ئۆگ ماندینۆ

ئەگەر بەوردی سەیری ئەو کەسانە بکەیت، کە بەڕاستی سەرکەوتوون لە ژیاندا، ئەوا بەزۆری یەك تایبەتمەندیی تایبەتیان هەیە پێی دەوترێت، "کۆڵنەدان و بەردەوامی".

لە یەکەم سەیرکردندا دەبینیت هەر دوو وشەکە لە یەکترەوە نزیکن لە ڕووی واتاوە کۆڵنەدان و ئەنجامدانی شتێك بەشێوەیەکی بەردەوام، هەر دووکیانمان پێکەوە داناوە بۆ تەرکیز خستنە سەر ئەم خووە.

| |
|---|
| هەرگیز بەبێ کۆڵنەدان و بەردەوامی ئەنجامی گەورە بەدەست ناهێنیت لە ژیاندا. |

## گەورەترین هێزت پەسەند بکە

لیستێك دروست بکە لەو شەش کارەی بەتەواوی پێویستە ئەنجامیان بدەیت و لە دوو مانگی داهاتوودا تەواوت کرد بن، ئەمانە ئەو چالاکییانەن، کە بە هەر هۆکارێك بێت پێویستە تەواو بکرێن.

ڕەنگە هەندێك لە ئامانجە کورتخایەنەکانتی تێدابێت، کە پێشتر داتناون، با ڕستەکانت کورت و پوخت بن و بەرانبەر بە هەر کارێك تەواوی دەکەیت وشەیەك بنووسە، کە دەرخەری هەستت بێت.

بیر بکەرەوە، ئایا هەستت چۆن دەبێت کاتێك خەیاڵی هەر کارێك دەکەیت؟ بۆ یارمەتیدانت ئەمانە چەند نموونەیەکن لەو وشانەی پەیوەستن بە هەستەوە: توڕە، خەمبار، دڵخۆش، نیگەران و سوپاسگوزار.

ئەمانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە هەستەکانمانەوە هەیە، وشەی خۆت هەڵبژێرە دەربارەی هەر بڕگەیەك لەسەر لیستی کارە پێویستەکان و بەڕاستی گرنگە خێرا ئەم ڕاهێنانە تەواو بکەیت، بۆ ئەوەی زۆرترین سوود ببینیت.

لە بەرنامەی ڕاهێنانی هێزی تەرکیزکردنەکەماندا، ئەمە یەکێك بووە لە چالاکییە پێشکەوتووە گرنگەکان بۆ بەشداربووەکانمان.

## لیستی کارە پێویستەکان:

ئەو شتانەی دەبێت لە دوو مانگی داهاتوودا ئەنجامیان بدەم.

**هەستەکان**

**چی وشەیەك بە باشترین شێوە تاریفی هەستەکانت دەکات سەبارەت بە کارە پێویستەکان؟**

**هەستەکان سەبارەت بەو چالاکییانەی، کە پێویستن:**

**١-　　٢-　　٣-　　٤-　　٥-　　٦-**

**با ئێستا پێداچوونەوە بە لیستەکەتدا بکەینەوە، هەر جارە و سەیری بڕگەیەك بکە، ڕەنگە سکاڵا بکەیت لەوەی کە هەندێك لەم شتانە پێویستە ئەنجام بدرێن و ناکرێت خۆتیان لێلابدەیت، بۆ نموونە، پێویستە باجەکان بدرێنەوە، تۆ دەڵێیت، "بەڵام نەخێر، پێویست ناکات باجەکان بدەیتەوە، ڕەنگە بخرێمە زیندانەوە، یان غەرامە بدەم، بەڵام لەسەرم پێویست نییە."**

**ئەم بابەتە کەمێك ناڕوونە لات: کەوایە با پێناسەیەکی سادەی بکەین:**

| |
|---|
| **لە ژیاندا هیچ شتێك بوونی نییە، کە بەڕاستی پێویست بێت لەسەرت ئەنجامی بدەیت.** |

**ئەمانەش لەخۆ دەگرن کارکردن بۆ ماوەی ٧٠ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا، مانەوە لە کارێك، یان بازرگانییەکدا، یان پەیوەندییەکدا کە چێژی لێنابینیت. ئێستا دووبارە سەیری لیستەکەت بکەرەوە، ئایا جیهان کۆتایی پێدێت ئەگەر لە دوو مانگی داهاتوودا ئەمانە ئەنجام نەدەیت؟ بەدڵنیاییەوە، نەخێر!**

**ڕەنگە دڵخۆش نەبیت بە تەواونەکردنیان و دەرەنجامی ڕاستیشی هەبێت ئەگەر تەواویان نەکەیت. مەبەستی سەرەکیی ئێمە ئەوەیە، کە (لەسەرت پێویست نییە).**

ئەگەر هێشتا ناڕوونە، ئەوا لەگەڵمان بمێنەرەوە، بەم زووانە هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکەینەوە. سەیری ئەو وشانە بکە، کە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانت هەڵتبژاردن بۆ هەستەکانت.

پێمان وایە زۆرێك لەو وشانە نەرێنیین، بەتایبەت ئەگەر کارەکە شتێك بێت، کە بۆ ماوەیەك دوات خستبێت، یان چاوەڕێ نەبوویت تەواوی بکەیت، ئاساییە ئەو جۆرە هەستانەت هەبێت: نیگەران یان بێزار.

لەم دۆخانەدا، سەیرێکی ئەو وشانە بکەرەوە کە بەکارت هێناون، ئایا ئەم وشانە چ جۆرە وزەیەکت پێ دەدەن ئەرێنی یان نەرێنی؟

ئەگەر هەستەکە نەرێنی بێت، ئەوا خێرا وزەیەکی نەرێنی دروست دەکات، کە وات لێدەکات لە ئاستێکی بەرزدا کارەکەت پێشکەش نەکەیت.

کەوایە با بڕۆینە سەر بەشی دووەمی چالاکییەکە، لیستێك دروست بکە لانی کەم لە شەش کار کەمتر نەبێت، کە دەتەوێت ئەنجامیان بدەیت، یان هەڵیان دەبژێریت لە دوو مانگی داهاتوودا تەواویان بکەیت. ئەمەیان لە لیستێکی جیاوازدا دروست بکە، ئایا بەڕاست چاوەڕێی چی دەکەیت؟ دووبارە وشەیەك هەڵبژێرە بۆ دەربڕینی هەستت سەبارەت بە تەواوکردنی هەر بڕگەیەکی لیستەکەت.

## لیستی کارە هەڵبژێردراوەکان

ئەو شتانەی هەڵیان دەبژێرم لە دوو مانگی داهاتوودا ئەنجامیان بدەم (پلانی یادەوەرییەکی تایبەت، دروستکردنی بەرهەمێکی نوێ و دەستکردن بە وانەی گیتار).

## هەستەکان

چ وشەیەك بەباشترین شێوە هەستەکەت دەردەبڕێت سەبارەت بە ویستت بۆ تەواوکردنی کارەکە؟

هەستەکان سەبارەت بە کارە هەڵبژێردراوەکان:

١-　　٢-　　٣-　　٤-　　٥-　　٦-

دووبارە سەیری ئەو وشانە بکەرەوە، بەدڵنیاییەوە زیاتر ئەرێنیین بە بەراورد بە لیستی کارە پێویستەکان، ئەگەر چالاکییەکانت وزەی ئەرێنی بەرهەم دەهێنن، ئەوا دواتر توانایەکی باشتر و ئارەزوویەکی زیاترت دەبێت بۆ تەواوکردنیان.

ئایا باشتر نییە هەست بە دڵخۆشی بکەیت لەبریی ئەوەی هەست بە نیگەرانی و تووڕەیی بکەیت؟

لەم بارەدا ڕەنگە بڵێی، "ئێ، زۆر ئاسانە! هەست بە باشی بکەم سەبارەت بەو کارانەی دەمەوێت ئەنجامیان بدەم، بەڵام ژیان هەمیشە بەو جۆرە نییە، چونکە زۆر شت هەن من حەزم لێیان نییە و دەبێت ئەنجامیان بدەم." نەخێر، وانییە ئەمە مەبەستە گرنگەکەیە:

| |
|---|
| هەموو شتێك لە ژیاندا هەڵبژاردنە جگە لە هەناسەدانەکەت. |

جاك:

بەم دواییانە ئامانجێکم هەڵبژارد، کە دەبوو ١٠٠ شناو بکەم بەسەریەکەوە،

بەرنامەیەکم کڕی بەناوی ١٠٠ شناو، دواتریش بەرنامەیەکی ئایفۆن و کتێبێکیشم بە هەمان ناونیشان کڕی.

لە ٢٠ شناوەوە دەستم پێکرد و زۆر بەخێرایی گەشتمە ٥٠ شناو، پاشان گەشتمە ٦٥ و توانیم بگەمە ٧٥ شناویش، بەڵام نەمتوانی لەوە زیاتر ئەنجام بدەم.

پاشان کێشەی مەچەك و شانم بۆ دروست بوو ئەوەبوو لێی دوورکەوتمەوە، دەمگوت: "ئەمە ئامانجێکی گەمژانەیە، ئایا من سەرقاڵی چیم؟" ٦٧ ساڵ بووم، پێم وابوو پێویست ناکات ئەمە ئەنجام بدەم.

دوایی وەك ئامانجێك دام نا، هەر بۆیە دەبوو هەستمە سەر پێیەکانم و ئازارەکە تێپەڕێنم. پاشان پیاوێکم ناسی، کە بەشداری لە ڕیکۆردی جیهانی شناودا دەکرد، چەند ڕاهێنانێکی کەسی فێرکردم، دواتر داوام لە هەندێك کەسی دیکە کرد و لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە دەگەڕام و زیاتریشم لەبارەیەوە دەخوێندەوە. ئێستا دووبارە دەستم پێکردووەتەوە، بەڵام چەندین جار هەبووە، کە تیایاندا دەمگوت: "وازدەهێنم."

پاشان گوتم: "نەخێر، دەمەوێت ئەمە ئەنجام بدەم." وازهێنان هۆکاری سەرەکییە لەوەی، کە بۆچی خەڵکی ئامانجەکانیان بەدەست ناهێنن.

لەم چەند ساڵەدا کەسانێکی زۆر دەپرسن: "چۆن دەتوانم بەردەوام بم و کۆڵ نەدەم لە کاتێکدا حەزم لێی نییە؟"

وەڵامەکەم ئەمەیە، پێویستە بەڕاستی بزانیت، کە هۆکارەکەت چییە. هۆکارەکە تەنها ئەوە نییە بتوانم شناوەکانم نیشان بدەم (خۆم دەربخەم)، بەڵکوو بۆ بنیادنانی هێزی زۆرترە تا شتێکم هەبێت تەرکیزم پێ بدات، بۆ ئەوەی بەردەوام بم لە ڕاهێنان، جەستەم لاواز نەبێت و تەندروست و سەرنجڕاکێش بم.

نامەوێت لەسەر ستەیج سەیری خۆم بکەم و بڵێم، "ئەم پیاوە سەرکەوتن فێری خەڵکی دەکات، بەڵام خۆی کێشی ٣٠ کیلۆ زیادەیە! واو! ئایا بۆچی وایە؟"

وێنەیەکی ڕوونی هۆکاری سەرەکییت بۆ سەرکەوتن و ڕاهێنانێکی ڕۆژانەی تەندروستانە لە شێوەی کۆمەڵە هەنگاوێکی کرداریی تایبەتدا ڕێسایەکی کاریگەرە، کە یارمەتیت دەدا گومانی خودی و نەرێنی تێ پەڕێنیت.

## ئەو پیاوەی کە تەواوی دونیای خۆی فرۆشت بۆ هەڵبژاردنی ئاراستەیەکی نوێ

خەیاڵی ئەوە بکە، کە چەندین ساڵت بەسەربردووە بۆ بنیادنانی بازرگانییەکی نوێ بە بەکارهێنانی توێژینەوە، بۆ دروستکردنی نوێترین بەرهەم و دەبینیت دواتر فڕێ دەدرێت، کە ڕێگایەکی خێرا بوو لەلایەن بەڕێوەبەری جێبەجێکارەوە خودی خۆت ٢ ساڵ پێشتر بەکرێت گرتبوو.

– هەستت چۆن دەبێت؟

– چ هەست (سۆز)ێك بە جەستەتدا دێت؟

– چی دەکەیت؟

تەنانەت لەوەش خراپتر، ١٢ ساڵی دواترت بەسەر دەبرد لە هەوڵدان لە ڕووی دەرەکییەوە تائەوەی پارەی قەرزەکانت بدەیتەوە و بەردەوامیش گوێت لە پێشبینیی خراپ دەبێت سەبارەت بە داهاتووت لە کەسانی پسپۆڕەوە لە بوار و پیشەسازییەکەی خۆتدا.

زۆر کەس بەردەوام نابن لەم دۆخە ناخۆشەدا، کتوپڕ خۆیان بەدەستەوە دەدەن و کۆڵ دەدەن بەهۆی ئەو قسەیەی بۆیان کراوە، بەڵام ستیڤ جۆبز دروشمەکەی ئەمە بوو (بەبرسێتی بمێنەرەوە، بە گەمژانە بمێنەرەوە!).

کۆمەڵە پێوەرێکی دامەزراند بۆ کۆڵنەدان و بەردەوامی. ئایا درکت بەوە کردووە، کاتێک ئەو کەسانەی خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی ڕوونیان هەیە، ڕووبەڕووی بەربەستێکی ئەستەم و دژوار دەبنەوە تەرکیزیان لەسەر ئامانجە سەرەکییەکەیان دەمێنێتەوە، ڕێگا دەدۆزنەوە بۆ سەرکەوتن و تێپەڕاندنی ئەو بەربەستەی کە دێتە ڕێگای سەرکەوتنیان؟

ستیڤ جۆبز، لەگەڵ هەمان خەیاڵ و وێنە گەورەکەی خۆیدا مایەوە بۆ دروستکردنی جۆرە ئامێرێك، کە جیهان دەگۆڕێت. ئەوەش واتە هەرکەس بڵێت ناکرێت، بەدەستنایەت تەنانەت ئەگەر لە تیمی ئەندازیارییەکەیشیدا بێت، ئەوا دەکەوێتە بەرهەڵستی تووڕەییەکەیەوە و بێگومان لە کۆمپانیاکەیدا جێگای ئەوی تیا نابێتەوە.

بەکورتی و پوختی، کارکردن بۆی زۆر قورسە، هەرگیز حەزی بە بیستنی ئەم جۆرە ڕستانە نەبووە (ئەستەمە و ئەنجام نادرێت یان سەرکەوتوو نابین).

ئەم تایبەتمەندییە لە ژیانی منداڵیی ستیڤدا دەرکەوت، پاش وەرزێکی خوێندن هەوڵەکانی بۆ تەواوکردنی کۆلێژ کۆتاییپێهات و هێندەی سەرکەوتنەکانی لە ژیانیدا شکستی هێناوە.

تکایە تێ بگە و ئەمەش لە مێشکتدا بچەسپێنە، کە کۆڵنەدان و بەردەوامی، پێویستی بە دووبارە هەڵسانەوەیە لە پاش شکست و سەرنەکەوتن، ورەت بەرزتر دەکاتەوە بۆ بردنەوە.

بەم دواییانە، کۆمپانیای ئەپڵ بە سەرکەوتووترین کۆمپانیا ڕاگەیاندرا لە جیهاندا، ئەو ئامێرانەی ستیڤ و تیمەکەی دروستیان کرد وایان لە ملیۆنان کەس کرد لە تەواوی جیهاندا، کە بەشدارییان تیادا بکەن و بەکاریان بهێنن لەوانەش: ئایپاد، ئای تون و کۆمپیوتەری ئەپڵ.

لە کۆتا ١٠ ساڵی ژیانیدا، بەرەنگاری یەکێك لە قورسترین نەخۆشییەکانی جیهان بوویەوە، کە ئەویش شێرپەنجەی پەنکریاس بوو تاکوو کۆتا ساتی مردنەکەی لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پلانی دروستکردنی ئامێری باشتر و نوێتری دادەنا، بۆ ئەوەی ژیانمان بەچێژتر و خۆشتر بکات.

ئەمەش یەکێکە لە کاریگەرترین وتەکانی، کە وامان لێدەکات هەرگیز کۆڵنەدەین:

"بەبیرهاتنەوەی ئەو ڕاستییەی، کە دەمریت باشترین ڕێگایە بۆ دوورکەوتنەوە لەو بیرکردنەوەیەی، کە شتێکت هەیە لەدەستی بدەیت."

– ستیڤ جۆبز

لە ئێستادا هیوادارین قایل بووبیت، کە ژیان هەمووی دەربارەی هەڵبژاردنە. هەموو ڕۆژێك سەیری ئەو بەڵگەیەی چواردەورت بکە، ئایا تێبینی ئەوەت کردووە هەندێك کەس ئەوەیان هەڵبژاردووە ژیانێکی مامناوەند بەڕێ بکەن لەم جیهانەدا؟

بەداخەوە، لەوە خراپتریش هەندێك کەس ئەوە هەڵدەبژێرن، کە تەنانەت خۆیان بکوژن، بە پێچەوانەوە، کەسانی دیکەش سەرەڕای قورسیی و دژواریی بەربەستەکان، بەڵام بڕیاری ئەوە دەدەن بارودۆخی باشتر بۆ خۆیان دروست بکەن، زۆرجار بە شێوەیەکی نایابیش دروستی دەکەن.

کتێبخانەکان پڕن لە کتێب و ژیاننامەی ئەو کەسانەی، کە خووی کۆڵنـەدان و بەردەوامییان پەرە پێ داوە بۆ گـۆڕینی ژیانیـان و خـاڵی وەرچـەرخانیان کاتێـك بووە، کـە تێگەشـتوون دەتـوانن داهاتوویـەکی جیـاواز هەڵبـژێرن، سـتیڤ جـۆبز باشترین و گەورەترین نموونەیە.

زۆر گرنگە، هەموو ئەو ئەنجامانەی کە ئێستا بەدەستیان دەهێنیت لە ژیانتدا بەتەواوی بـێ کێشـە و کـەموکوورت بـن بـۆت، وەك: پیشـەکەت، بـاری دارایـی و هاوڕێ کەسییەکانت.

هۆکاری ئەوەی ئێستا لەو شـوێنەی، کـە تیایـدایت بـەهۆی دەرەنجـامی ئـەو هەڵبژاردنانەوەیە، کە تاکوو ئێستا کردووتن.

بە واتایەکی دیکە، بەردەوامی هەڵبژاردنە ئەرێنییەکانت یان نـەبوونیان، ئـەوا شـێوازی تایبــەت بــە خــۆتی پێـداویت. کاتێـك بەرپرسـیارێتیی تـەواو پەسـەند دەکـەیت بـۆ ئـەم ڕاسـتییە ئـەوا چـێژ و خۆشـی لـە ئـارامیی هـزری دەبینیـت. کەسانێکی زۆر ژیانیان پڕ بووە لە نیگەرانی و خەم و خەفەت، چونکە ئەو کارانە دەکەن، کە پێیان وایە پێویستە ئەنجام بدرێن.

کاتێك شتانێکی لـەم جـۆرە دەڵێیـت، "تـوڕەی کـردم." ڕاسـتییەکە ئەوەیـە خۆت ئەوەت هەڵبژارد، کە تووڕە بیت پێویسـتی نـەدەکرد تـووڕە ببیـت لـەبریی ئەوەی شتێکی دیکە هەڵبژێریت بەتووڕەییەوە وەڵامت دایەوە.

گوێت لە چەندین وتەی باوی تـر دەبێـت، وەکـوو، "لـەم پەیوەندییـەدا گـیرم کردووە." بە واتایـەکی دیکـە، "ڕقـم لـەم کارەیـە و هـەرگیز هێنـدە پـارە پەیـدا ناکەم، کە خۆشی لە ئازادیی ڕاسـتی وەربگـرم." واتـە دەبێـت بـۆ هەمیشـە لـەم کارەدا کە موچەکەی نزمە بمێنمەوە. چەندە خەمبارانەیە!

کارە پێویستەکان دەتخەنە دۆخێکی پڕ فشاری دەروونییەوە، بەڵام کارە هەڵبژێردراوەکان لە دۆخێکی بەرپرسیارێتیدا داتدەنێن.

## با هەڵبژاردنەکانت ژیرانە بن

کاتێك بەردەوام ژیانـت لـەو کارانـەدا بەسـەر دەبـەیت پێویسـتن، ئـەوا خـۆت دەخەیتە دۆخێکی سەخت و پڕ پەستان و فشاری دەروونییەوە، ئەمەش دەبێتـە هۆی ڕەتکردنـەوە و تـووڕەیی و وزەکەشـت لـەناو دەبـات، بـەڵام کاتێـك هـەموو ڕۆژێکی ژیانت لە دۆخی کارە هەڵبژێردراوەکاندا بەسەر دەبەیت، ئـەوا لـە دۆخـی بەرپرسیارێتیدا دەبیت و وا هەست دەکەیت بەرپرسی ژیانی خۆتیت.

ئەمە هەوڵدانێکی بەئاگای دەوێت هەمیشە و بەردەوام بیر لە هەڵبژاردنـەکانی ڕۆژانەت بکەیتەوە تەنانەت کارە سادەکانیشت، وەك، شۆردنی قاپ و قاچاخ.

بە خۆت بڵێ، "من ئەوە هەڵدەبژێرم، کە بە باشترین شێوەش قاپەکان بشۆم و ئێستا دەست پێ دەکەم." ئەمە زۆر باشترە لـە وتنـی، "ئـۆو، نـەخێر دەبێـت دیسان قاپەکان بشۆم! چەندە ناخۆشە!" ئەگەر بەڕاسـتی ڕقـت لـەو کارانەیـە، ئێستا بڕیار بدە شێوازێکی نوێی ژیان دروست بکەیت، کە تیایدا پێویست نـەبێت لەسەرت ئەو کارانە بکەیت، بیانسپێرە بە کەسێکی دیکـە، یـان کەسـێك بـەکرێ بگرە.

پیاوێك لە سەرەتای تەمـەنی ٥٠ سـاڵیدا، نیگـەران بـوو لـەوەی توانـای نییـە دەسـتهەڵ بگرێـت لـە کێشـانی جگـەرە، لـە یـەکێك لـە وۆرکشـۆپەکانی هێـزی تەرکیزکردنەوەمانـدا هەسـتایە سـەر پـێ و بـەدەنگێکی پـڕ سـۆزەوە گـوتی:

"پێویستە واز لە جگەرە کێشان بهێنم، یان بەم زووانە دەمرم، بەڵام نامەوێت جارێ بمرم." بەتەواوی نیگەرانی داهاتووی بوو.

داوامان لێکرد دووبارە دۆخەکەی دابڕێژێتەوە بۆ یەکێك لە هەڵبژاردنەکان لەبری پێویستەکان، بەڵام وتەیەکی زۆر کاریگەری گوت: "ئەمڕۆ بڕیار دەدەم جەنگەکە ببەمەوە و سەر بکەوم بەسەر جگەرەکێشاندا."

بوو بە کێبڕکێکار، بڕیاری دا وەك دوژمنێك مامەڵە لەگەڵ جگەرەکێشاندا بکات. جەنگێك بوو دڵنیابوو، کە دەیباتەوە، بەردەوام ئەم ڕستە ئەرێنییەی دەگوتەوە: "ئەمڕۆ بڕیار دەدەم جەنگەکە ببەمەوە و سەربکەوم بەسەر جگەرەکێشاندا."

لەماوەی ٢ مانگدا بەتەواوی وازی لە جگەرەکێشان هێنا بە دانانی خۆی وەك بەرپرسیار بەهۆی بڕیاردانەوە و کارکردن لەسەر هەڵبژاردنەکەی کێبڕکێ نەبوو. ئەو سەرکەوتنە وایلێکرد گۆڕانکاریی دیکە لە شێوازی ژیانیدا بکات، وەك:- بەرنامەی ڕاهێنانی بەردەوام و خواردنی باشتر.

وەك دەبینیت ئەنجامدانی هەڵبژاردنی باشتر بە شێوەیەکی بەئاگاییانە زنجیرەیەك ڕووداوی خۆش دروست دەکات.

کاتێك بەردەوام هەڵبژاردنی باشتر دەکەیت، ئەوا خووی باشتر دروست دەکەیت، ئەم خووانە خاسیەتی باشتر دروست دەکەن و کاتێك خاسیەتی باشترت هەیە، ئەوا بەهای زیاتر بۆ جیهان زیاد دەکەیت.

کاتێك دەبیتە کەسێکی بەبەهاتر، ئەوا دەرفەتی باشتر و گەورەتر سەرنجکێش دەکەیت و ئەمەش وا دەکات زیاتر شت ببەخشیت لە ژیانتدا و دەبێتە هۆی دەستکەوتی باشتر و گەورەتر بۆت.

کەسانێك، کە لەمە تێگەشتوون وەك کەسانێکی بەهێز، خەیاڵ ڕوون و خۆتەرخانکردوو سەیر دەکرێن لە کۆمەڵگادا.

بیرت بێت، بیرکردنەوە سەرکەوتووەکانت سەردەکەون، کاتێك دێتە سەر باسی بڕیارەکانی ڕۆژانەت، دڵنیا بەرەوە هەڵبژاردنە بەئاگاییەکانت نزیکت دەکەنەوە لە بەدیهێنان و تەواوکردنی گرنگترین ئامانجەکانت.

ئەگەر کەسێك داوای لێکردیت پەیوەندی بکەیت بە دەستەیەکەوە، کە کاتی زۆرت دەبات، ئەوا دەتوانیت ڕەتی بکەیتەوە ئەگەر لە بەرژەوەندییتدا نییە. زۆر کات هەڵبژاردنی"نەخێر" باشترین بژاردەیە تائەوەی هاوسەنگیی ژیانت بەباشی ڕابگریت و لەژێر کۆنترۆڵی خۆتدا بێت.

ئەمانەش چەند هەڵبژاردنێکی زیادەن، بۆ ئەوەی ڕەچاویان بکەیت:

١. ئەوە هەڵدەبژێرم، کە شەوانە بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر سەیری تەلەڤزیۆن نەکەم، یان یاری ڤیدیۆیی نەکەم، بەڵکوو لەبری ئەوە کاتژمێرێك تەرخان دەکەم بۆ خوێندنەوە لە بازرگانییەکەمدا، یان هەر چالاکییەکی دیکە، کە ئارەزوو دەکەم ئەنجامی بدەم و هۆشیاریی و زانیاریم زیاد دەکات.

٢. ئەوە هەڵدەبژێرم، کە ڕۆژنامەی هەستبزوێن، یان گۆڤاری بێکەڵك نەخوێنمەوە هەموو ڕۆژێك، بەڵکوو لەبریی ئەوە دەست دەکەم بە خوێندنەوەی شتێك هانم بدات وەك، ژیاننامەیەکی ئیلهامبەخش، یان پەیامێك لە ڕووی ڕۆحییەوە سوودی هەبێت.

٣. ئەوە هەڵدەبژێرم نەبمە کەسێکی خووگرتوو بە کارەوە لەبریی ئەوە کاتە کەسییەکان (تایبەتییەکان)م ڕێك دەخەم و هەموو هەفتەیەك لەگەڵ خێزانەکەم، هاوڕێکانم پشوو وەردەگرم و کاتی تایبەتیش بۆ خۆم تەرخان دەکەم.

لــەمڕۆ بــەدواوە، کاتێــك وشەکانی"پێویســتە" هــات بــە خەیاڵتــدا، ئــەوا دەستبەجێ، هاوار بکە، "ڕەتی دەکەمەوە، ڕەتی دەکەمەوە، ئەوە هەڵدەبژێرم، کە چیدیکە ئازار نەچێژم بەهۆی لیستی کارە پێویستەکانەوە لە ژیانمدا."

پێویستە لە قۆناغەکانی سـەرەتادا پاسـەوانی مێشـکت بکـەیت تـا ڕێگـە لـەو شتانە بگریت نەچنە ناو مێشکتەوە، لەم لایەنەوە تەواو دلڕەق بە و فڕێیـان بـدە دەرەوە و دووریان بخەرەوە هەتاکوو خووی هەڵبژاردن جێگەی بگرێتەوە.

## هەر دوو ڕێساکە:

## ڕێککەوتن و بەرپرسیارێتی

ئێستا کە لە گرنگیـی هەڵبـژاردن تێگەشـتین، ئامـادەی یـەکێك لـە گـرنگترین ستراتیژییەکان بە، ئەمە گرەنتی ئێمەیـە: ئەگـەر لـە ١٠٠٪ی ئـەو شـتە جێبـەجێ بکەیت، فێری دەبیت تا کۆتاییی ئەم بەشە، ئەوا ژیانی کەسـی و بازرگانییەکـەت دەچنە ئاستێکی زۆر بەرزەوە.

بە ئەزموونی ئێمە کەسانێکی زۆر کـەم بەبـەردەوامی ئەمـە بـەکاردەهێنن لـە ئەنجامـدا، ژیانیـان بەربەسـت و شکسـتی زۆرتـر تیـا دەبێـت نـەك سـەرکەوتن و دەستکەوت.

بۆ نموونە، زوو لە کارەکەمدا پاکێجی سیمینارم دەفرۆشت بە تیمی بازرگانان و خاوەن بازرگانییەکان، ڕێژەی داهاتمـان کەمبوویـەوە، هـەر بۆیـە فرۆشـتنێکی گرنگ بوو بۆمان.

بەیانییەکیان سیمینارێکم پێشکەش کرد بـۆ گرووپێکـی ٦ کەسـی و خـاوەنی کۆمپانیاکەشـیان، زۆر بەباشــی پێشکەشــم کــرد وە خــاوەن کۆمپانیاکــە زۆر

خۆشحاڵ بوو بەو سوودەی، کە تیمەکە وەریانگرت لە پسپۆڕە بازرگانییـەکانمان لە بەرنامەی ڕاهێنانەکانماندا هەروەها بۆشم ڕوونکـردەوە پـاش ئـەوەی قـایلبوو ئەگـەر تـەواوی تیمەکـەی بەشـداری بکـەن لـە ٢٠٪ داشـکاندنی بـۆ دەکرێـت. تەوقەمان کرد و پێم گوت: "وردەکـاریی بەرنامەکەشـت لـەماوەی ٤٨ کاتـژمێردا پێدەگات، دووبارە ڕازی بوو بـە هەمووشـتێك و گـوتی تیمەکـەی زۆر بەپەرۆشـن سەبارەت بە بەرنامەکە. ٣ ڕۆژ دواتر خاوەنەکە تەلەفۆنی کردەوە تا بڵێت هەموو شتێکی بەدەست گەشتووە بـەو جـۆرەی بـەڵێنی پـێ درا بـوو هەرچـەندە، یـەك داواکاری هەبوو، گوتی: "ڕێککەوتنێکی باشترم دەوێت وەك لە ٢٠٪ یـەك لەسـەر سێی داشکاندن لەبەر تەواوی نرخەکە."

کـاتی بڕیـاردان بـوو بـۆ مـن، لـەو کاتـەدا هـەموو ڕێککـەوتنێك گـرنگ بـوو. بیرکردنەوەی ئەوەی کە هەزاران دۆلار لەدەست دەدەم پاش ئـەو هـەموو کـات و وزەیەی بەکارم هێنابوون تەنها شتێك بوو نیگەرانی دەکردم.

لەلایەکی دیکەوە، چەندین ڕێککەوتنی بازرگانیی ترم کردبوو، کـە پـارەی ١٠ بۆ ٢٥ کەسیان دەدا تا بەشدار بـن لـە بەرنامەکـەدا، هـیچ کـام لـەو کۆمپانیایانـە داوای داشکاندنی لە ٢٠٪ زیاتریان نەکرد.

بەرەنگاری ئەم دۆخە بوومەوە لە شەودا، بەر لەوەی پەیوەندی بکەمەوە بـە کۆمپانیاکەی پێشووترەوە و بۆی ڕوون بکەمەوە کەوا ڕاستگۆ نابم و دوور دەبێت لە بەهای ئەخلاقییەوە ئەگەر تۆ لەو کۆمپانیایانـەی دیکـە زیـاتر داشـکاندنت بـۆ بکرێت. ئایا دەزانیت وەڵامەکەی چی بوو؟ "کێ پێی دەزانێت؟"

بۆ ماوەیەك بیرم لێکردەوە گـوتم: "مـن و تـۆ دەزانـین، ببـورە ڕێککەوتنەکـە ڕەت کرایەوە."

هەندێك كات قورسە دووربكەویتەوە لە بازرگانییەكی نویّ، هەرچەندە سوودم بینیووە لە ئامۆژگاریی نایاب لە ئامۆژگاریکەرە بەئەزموونەکانەوە، هەموویان دەیانگوت: "هەرگیز ناوبانگت مەخەرە مەترسییەوە، کە لەدەستی بدەیت بە دروستکردنی بوارێکی نایاسایی، چونکە قسە کەوتە زار دەکەوێتە شار. یەك ئەزموونی خراپ بازرگانییەکەت وێران دەکات."

ئایا تا ئێستا رێککەوتنێکت کردووە پێت وابووبێت، کە دەزانیت رێککەوتنەکە چییە، پاشان تەواو پێچەوانەوە بووبێتەوە بۆت؟

ئایا هەستت چۆن بووە لەو کاتەدا؟ رەنگە نیگەران، تورە، نائومێد بووبیت، یان تەنانەت لۆمەی خۆشت کردبێت بۆ ئەوەی ژیرتر نەبوویت.

مەبەستە سەرەکییەکە ئەمەیە: هەموو پەیوەندییەکی هەڵوەشێندراو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ رێککەوتنی هەڵوەشێندراو وەك: رێککەوتنە بازرگانییەکان، هاوسەرگیرییەکان، دۆخی خێزانی، بانکەوانەکەت، هاورێکانت، هاوبەشەکانت، یان هەر جۆرە پەیوەندییەکی دیکە لەنێوان دوو کەس یان زیاتردا.

ئایا درکت بەوە کردووە، کە بەتایبەت لە کۆمەڵگا رۆژاواییەکاندا زۆر زیاتر دژوارییان هەیە لەوەی لەم رۆژگارەدا رێککەوتننامەکانیان بپارێزن؟ ئەگەر بەڵگەت دەوێت، ئەوا سەیری ئەو هەزاران پارێزەرە بکە، کە داوا دەکرێن بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان.

ترس لەوەی سکاڵای لێبکرێت زۆر زیادی کردووە لە زۆرێك لە پیشەسازییەکاندا بەتایبەت بواری دکتۆری. ئەوە شێتانەیە!

بەدڵنیاییەوە شکستی تەواوی دارایی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩دا دەکرێت ڕاستەوخۆ سەرچاوەکەی بگەڕێندرێتەوە بۆ زنجیرەیەکی تەواو لە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکان.

ئەمە هەواڵە باشەکەیە: دەرفەتێکی ناوازەت هەیە تا جیاواز بیت بەوەی کە هەمیشە ڕاستگۆ بیت، ڕەنگە بیر بکەیتەوە و بڵێیت: "چۆن بەبەردەوامی ڕاستگۆییەکەم بهێڵمەوە؟"

ئەمە وەڵامەکەیە:

| |
|---|
| هێشتنەوە و پاراستنی ڕێککەوتنەکان بەبەردەوامی بناغەی ڕاستگۆییە. |

ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت لە ئاستێکی بەرزدا بژیت و دەستکەوتێکی گەورەت هەبێت، ئەوا بەردەوامییەکەت هەموو کات تاقی دەکرێتەوە، ڕەچاوی ئەمە بکە: هەموو ڕۆژێك ڕێککەوتن دەکەیت، هەموو ڕۆژێك بڕیارت لێدەدرێت بەو جۆرەی کردار دەکەیت.

ئایا کارتی نمرەکەت بۆ هێشتنەوەی ڕێککەوتننامەکان چۆنە لە ڕۆژێکی ئاساییدا؟ ئەمە ڕوونکردنەوەیە: هیچ شتێکی لەو جۆرە وەك ڕێککەوتنی بچووك بوونی نییە.

یەکێك لە کڕیارەکانمان ئەو قسەیەی کرد، وتەیەکی کاریگەرە بۆ نموونە، فرۆشیارێك پەیوەندیت پێوە دەکات و سبەینێ کاتژمێر ١٢:١٥ خولەك بانگهێشتت دەکات بۆ نانی نیوەڕۆ لە کاتی خۆیدا دەگەیت، بەڵام ئەو ٢٥ خولەك دوا دەکەوێت بەبێ بەهانە و داوای لێبوردن کردن، وا دابنێ تۆ چاوەڕێت

کردووە، ئایا هەستت چۆن دەبێت لەو دۆخەدا؟ ئایا قبوڵکراوە؟ ئەگەر بەهانەیەکی گونجاوی هەبێت وەك، قەرەباڵغی شەقامەکان، یان کێشەیەکی بچووك لە نوسینگە، ئەوا ڕەنگە لەبیری بکەیت و زۆر لە دڵی نەگریت، بەڵام چی دەبێت ئەگەر جاری دووەم و سێیەم دووبارە بێتەوە؟ ئێستا زنجیرەیەك ڕێککەوتنامە (بەڵێننامە)ی هەڵوەشێندراومان هەیە، تۆ هەمووکات لە کاتی خۆیدا دەگەیت، بەڵام کەسی بەرانبەر دوا دەکەوێت. لە جیهانی بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کێبڕکێداردا ئەمە قبوڵکراو نییە.

کاتێك ڕێککەوتنێك دەشکێنیت، ئەوا ڕەنگە دەرفەتی دووەمت پێبدرێت. کاتێك دووبارە هەمان ڕێککەوتن دەشکێنیتەوە، ئەوا بەها و پشکەکەت لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا بەخێرایی کەم دەکات و چیدیکە خەڵکی شتت لێناکڕن.

کاتێك خووی هێشتنەوە و پاراستنی ڕێککەوتنە بچووکەکانیش بەبەردەوامی پەرە پێدەدەیت، ئەوا گەورەکانیش ناشکێنیت.

ئەمە بکە بەو فەلسەفەیەی چۆن ئەو شێوازی ژیانە هەڵدەبژێریت، کە دەتەوێت هەتبێت. کاتێك وا دەکەیت، ئەوا بە ڕێژەیەکی چاوەڕواننەکراو دەستکەوت و سوودت دەبێت. سەدان ساڵە بەهەمان شێوەیە، نموونەیەکی تری تایبەت بەو پیاوانەی هاوسەرگیرییان کردووە، ئەگەر ژنێکیت ڕەنگە پەیوەندیت بەم دۆخەوە هەبێت بەوەی هاوسەرەکەت داوات لێدەکات گڵۆپە سوتاوەکەی هۆڵەکەی ماڵەوە بگۆڕیت، بەڵام تۆ وەڵامی دەدەیتەوە: "زۆر باشە بەرلە نانی نیوەڕۆ ئەنجامی دەدەم." تاکوو نانی ئێوارەش هێشتا چاك نەکراوەتەوە، دووبارە بەڕێزەوە داوات لێدەکاتەوە، بەڵام ئەمجارە بەسووربوونێکی زۆرترەوە. دەبینێت دوو ڕۆژ دواتر هێشتا لە ڕێڕەوی هۆڵەکەدا ڕووناکی نییە، نائومێد دەبێت و لە کۆتاییدا خۆی کارەکە دەکات و ڕەنگە خۆشحاڵ بیت، کە ڕزگارت

بوو لەو کارە بچووکەی چیدیکە بیری لێناکەیتەوە، بەڵام مەبەستەکە ئەمەیە: ئەگەر بە شێوەیەکی بەردەوام خۆت دوورەپەرێز بگریت لە کردنی ئەو شتەی دەڵێیت دەیکەم، ئەوا ناوبانگییت لەکەدار دەکرێت و خەڵکی بۆچوونی خراپیان بەرانبەرت دەبێت.

وردە وردە پەیوەندییەکە خراپتر دەبێت، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتنە گەورەکانی دیکەش ناپارێزرێت، لە زۆر دۆخدا پەیوەندییە هاوسەرگیرییەکە سەرکەوتوو نابێت و تێك دەچێت. ئەگەر ئەمە ڕوویدات ڕەنگە بە جیابوونەوە کۆتایی بێت و دەرەنجامێکی زۆر جددیی دەبێت، کە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ پەشیمان ببیتەوە.

لە بەرانبەردا، کاتێك بەردەوام ئەو شتە دەکەیت، کە دەیلێیت، ئەوا چەند نازناوێکی باشت لێدەنرێت، وەك: متمانەپێکراو و پشتپێبەستوو. کاتێك هەمووڕۆژێك ئەمە جێبەجێ دەکەیت، ئەوا دەستکەوتەکانت زۆر گەورە و نایاب دەبن، وەکوو: کڕیاری ڕاستگۆ، قازانجی زیادکراو، پەیوەندیی خۆشەویستانە، ڕەنگە لە هەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوە بێت هەست بە ناوبانگی بکەیت، کە کەسێکی زۆر ڕاستگۆیت لەو بوارەدا.

ئەوە باجێکە دەبێت شانازی پێوە بکەیت، بە خۆتەوە هەڵی بواسە، بەدڵنیاییەوە سوودی بۆت دەبێت.

لە ناوچە دوورەدەستەکانی ئێرلەندا، جووتیارەکان شێوازێکی کۆنیان هەیە بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەکان، پاش فرۆشتنی هەندێك لە ئاژەڵەکانیان، تف لەناو دەستیان دەکەن و دەستیان بە یەکدا دێنن و بەتووندی تەوقە دەکەن وەك نیشانەیەك بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتنەکە.

وشەکانیان ڕێککەوتنەکەیانە و هیچ پارێزەرێکیش ئامادە نییە. ئەوە هێزی کەسایەتییە، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕێز و متمانە.

دۆخێك هەیە ئاساییە ئەگەر تیایدا ڕێککەوتنەکان بشکێنن ئەویش، گوێڕایەڵینەکردنی زیرەکانە (شکاندی یاساکان لە کاتی پێویستدا). با بڵێین سیستەمێکی بەهات هەیە، کە بەڕاستی باوەڕت وایە کارێکی هەڵەیە لە ڕووی جەستەییەوە هیچ کەسێك بریندار بکەیت، ڕۆژێك دەگەیتە ماڵەوە و گوێت لە هاوارکردن دەبێت، بەهێمنی دەرگاکە دەکەیتەوە و دەبینیت پیاوێك لە ژووری دانیشتنەکەدا چەکی پێیە و خێزانەکەت دەترسێنێت، دۆخەکە زۆر مەترسیدار و ناخۆشە هەر بۆیە دەستێوەردان دەکەیت و لەپشتەوە بەئامێری یاریی گۆڵف لە پیاوەکە دەدەیت و چەکەکەی لێوەر دەگریت و بەتەواوی دۆخەکە هێمن دەکەیتەوە، ئێستا دەزانیت بۆچی وای پێدەوترێت.

لەلایەکی دیکەوە، بیرت بێت لە دۆخە ئاساییەکاندا ئەگەر دژواریت هەبوو لە پاراستن و هێشتنەوەی ڕێککەوتنامەکانتدا، ئەوا دەکرێت دووبارە وتووێژیان لەسەر بکەیتەوە.

هەمیشە ئەم بژاردەیە بەکاربهێنە بۆ پاراستنی ڕاستگۆییەکەت، تەنها خولەکێك کاتی پێویستە تەلەفۆن بکەیت و بڵێیت ١٥ خولەك دوا دەکەوم، ئایا لات ئاساییە؟ کاتێك خووی بەرپرسیارێتی بۆ کردارەکانت پەرە پێدەدەیت، ئەوا دەبیتە کەسێکی جیاوازی تایبەت. لە ئەنجامدا کاتێك کتێبەکەت سەبارەت بە ژیانت نووسرا، ئەوا لەبیری خەڵکیدا دەمێنێتەوە بۆ ئەو شتانەی ئەنجامت داون نەك ئەوەی، کە گوتووتن.

کەوایە ببە بە بەرپرسی کارەکانی خۆت، دڵنیابەرەوە، کە کارەکانت گەورە و بەرچاون وەك، دەرهێنەر ودی ئالین دەڵێت: "بەشێکی گەورەی ژیان تەنها دەستپێکردنە."

## هۆکاری ڕاستگۆیی

ئەمە ڕێسایەکی سێ بەشییە تا یارمەتیت بدات بەڕاستگۆیی تەواوەوە ژیانت بەڕێ بکەیت، زۆر سادەن، بەڵام کاریگەرن.

بەرەنگارت دەکەینەوە تا هەموو ڕۆژێك بەکاریان بهێنیت:

١. کاتێك هەمیشە ڕاستی دەڵێیت، خەڵکی متمانەت پێدەکەن.

٢. کاتێك ئەو شتە دەکەیت کە بەڵێنت داوە، ئەوا خەڵکی ڕێزت دەگرن.

٣. کاتێك وا لە خەڵکی دەکەیت هەستێکی تایبەتیان هەبێت، ئەوا خەڵکی خۆشیان لێتدێ.

## پوختە

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

**١. بۆچی؟**

بۆچی بێزارییت؟ بۆچی بەو ڕادە زۆرە کار دەکەیت؟ بۆچی زۆر لە خۆت دەکەیت؟ بۆچی بەردەوامیت؟

**٢. بۆچی نا؟**

بۆچی نابیت بەو کەسەی کە دەتوانیت؟ بۆچی تواناکەت هەڵناسەنگێنیت؟ بۆچی سەرکەوتوو نابیت؟

**٣. بۆچی تۆ نا؟**

بۆچی خۆشی لە ژیانێکی ناوازە نابینیت؟ بۆچی سەردانی شوێنە گەشتیاری و بیانییەکان ناکەیت؟ بۆچی چێژ لە سەربەستیی دارایی نابینیت؟ بۆچی تۆش لە ماڵێکی جواندا نەژیت؟

**٤. بۆچی ئێستا نا؟**

بۆچی چاوەڕێ دەکەیت؟ بۆچی دەگەڕێیتەوە دواوە؟ دەستبەجێ دەست پێ بکە و بەردەوامی بە کارەکەت بدە، ناتوانیت کاتی لەدەستچووی دوێنێ بهێنیتەوە.

کاتێک کات لەدەستچوو، ئەوا گەڕانەوەی مەحاڵە، ئەمڕۆش بەخێرایی دەڕوات، بەڵام سبەینێ ئامادەیە و چاوەڕێت دەکات، تەرکیزی لەسەر بکەیتەوە. هیچ کاتێکی باشتر بوونی نییە لە ئێستا، ساتەکانی ژیانت بەزوویی دەڕۆن و بیرەوەرییەکانیشت، یان دڵخۆشت دەکەن یان بێزارت دەکەت، ئەوە هەڵبژاردنی خۆتە.

" با نهێنیی بەدەستهێنانی ئامانجەکانمتان پێ بڵێم، هێزی من لە سووربوونەکەمدایە."

– لویس پاستەر

## هەنگاوە کردارییەکان

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە، بۆ ئەوەی بەڕوونی ئاستی ڕاستگۆیی (دەسپاکی) و بەرپرسیارێتییت دەربخەن:

١. لە چ بوارێکی ژیانمدا بەردەوام ڕێککەوتننامەکانم ناپارێزم؟

٢. ئایا ئەمە دەبێتە هۆی چی ئەگەر نەگۆڕێم؟ ڕەچاوی ئەنجامە درێژخایەنەکانی بکە.

٣. ئایا دەبێت چی بگۆڕم تائەوەی خۆشی لە شێوازی ژیانێکی ڕاستگۆییانە ببینم؟

٤. بەم گۆڕانکارییانە چ شتێکم دەست دەکەوێت؟




**تەواو نزیک بوویتەتەوە لە لوتکە، کۆڵنەدان دەتگەیەنێت پێی.**

# (بەشی نۆیەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# گرتنەبەری کرداری یەکلاییکەرەوە

" ئەو کەسانەی هێشتا چاوەڕوانی ساتی گۆڕانن تائەوەی ئاسوودە، ئارام بن و دوور بن لە بەرەنگاری و کێشەکان ئەوا هێشتا پەندیان لە ڕابردوو وەرنەگرتووە."

– جۆن والْچ سکۆت

## ئایا خووی دواخستنی کارت هەیە؟

بۆ نموونە، پێویستە لەسەرت تا کۆتاییی مانگ ڕاپۆرتێك تەواو بکەیت، بەڵام لەبریی ئەوەی پلانی بۆ دابنێیت بە سێ قۆناغی سادە بیکەیت، هەموو شتێك جێ دەهێڵیت تا دوو سێ ڕۆژێك دەمێنێتەوە بۆ دواوادە و دەبێتە نیگەرانی لات، لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی دیکە دێنە ناو دۆخەکەتەوە و تەنگژە و ڕاڕایی زیاترت بۆ دروست دەکەن.

تا ڕادەیەك دەتوانیت ئەنجامی بدەیت، پەیمان دەدەیت و دەڵێیت، "هەرگیز دووبارە نابێتەوە و ئەمە کۆتا جارە، کە بهێڵم شتەکان بەم جۆرەیان لێبێت و شایستەی ئەو هەموو نیگەرانی و فشارە دەروونییە نییە،" بەڵام دووبارە و دووبارە هەمان شت دەکەیتەوە.

ئایا وانییە؟ بۆچی؟ لەبەر ئەوەی خووت پێوەگرتووە، کەوایە دان بەو ڕاستییەدا بنێ، کە کەسێکیت کارەکان دوا دەخەیت و ئەوە بزانە تۆ تەنها کەس نییت ئەم خووەت هەیە.

یەکلاییکردنەوە، گەورەترین پاڵپشتە بۆت کاتێک ڕێگەی ژیانت جیا دەکەیتەوە بۆ گەشتنت بە داهاتوو.

دواخستن، دزێکە کە بەنهێنی چاوەڕێیە هەتا ئومێد و خەونەکانت لێ بدزێت. ئەگەر بەڵگەت دەوێت ئەوا بەوردی سەیری ئەم نموونەیە بکە:

"ڕۆژێك دێت کاتێك گەورە دەبم، خوێندن تەواو دەکەم و کارێکم دەست دەکەوێت، دەست دەکەم بەو جۆرە ژیانەی، کە خۆم ئارەزووی دەکەم و دەمەوێت، ڕۆژێك دێت پاش ئەوەی بارمتەی خانووبەرەکەم دایەوە، باری داراییم زۆر باش بوو، منداڵەکانیشم گەورە بوون، دەچم ئۆتۆمبێلێکی نوێ دەکڕم، گەشتی خۆش دەکەم بۆ وڵاتانی بیانی، ڕۆژێك دادێت کاتێك تەمەنم نزیك دەبێتەوە لەوەی خانەنشین بکرێم، ماتۆڕێکی جوان دەکڕم و بە تەواوی وڵاتدا دەگەڕێم و سەیری هەمو ئەو شتانە دەکەم کە تێیدایە، ڕۆژێك..."

– ئید فۆرمان

ڕۆژێك پاش ئەم هەموو جۆرە بیرکردنەوەیە، ئەو جۆرە کەسانەی کارەکانیان دوا دەخەن دەگەنە کۆتایی ڕێگاکەیان و تەنیا ڕستەیەکیش دێت بە خەیاڵ و بیرکردنەوەیاندا ئەوەیە، خۆزگە ئەو شتانەم ئەنجام بدایە، کە بەڕاستی دەمویست ئەنجامیان بدەم، بەو جۆرە ژیان زۆر جیاوازتر دەبوو.

بەخەمبارییەوە بیر لەو هەموو دەرفەتە لەکیسچووانە دەکەنەوە، خۆزگە هەموو مانگێك لە ١٠٪ی داهاتەکەم لە وەبەرهێناندا بەکار بهێنایە، خۆزگە باشتر

ئاگاداری تەندروستیم دەبووم و خۆزگە ئەو بەشە ١٠٠ دۆلارییەم دەکڕی، کە بەتەنیا دۆلارێك دەیانفرۆشت.

بەداخەوە، ئێستا ئیدی کات زۆر درەنگە، چونکە دواخستنێکی دیکە دەبێتە هۆی هەستی پەشیمانی، تاوان و ناڕازیبوون.

خوێنەری خۆشەویست، بەئاگا بە، بیرکردنەوەی ڕۆژێك دادێت تەڵەیەکی مەترسیدارە، ژیان زۆر کورتە هەربۆیە تا دەتوانیت چێژی لێ وەرگرە! بڕیارنەدان و نادڵنیایی دەبنە هۆی ئەوەی لە داهاتوودا تەنها خۆزگەخواستنت بۆ بمێنێتەوە و ئەوەش ئەو شتە نییە کە دەتەوێت، ئایا وایە؟ زۆر باشە، کەوایە با پێکەوە پلانێکی بەهێزی هێرشبردن دابنێین، تا بەهۆیەوە ژیانت پڕبێت لە ئەزموونی لەبیرنەکراوی تایبەت و کرداری ئەرێنی.

لی:

کاتێك هەندێك بیرۆکەی نوێی بازرگانی دێت بە مێشکمدا، کە شتێکە زۆر جار ڕوودەدات، خێرا چەند بیرۆکەیەکی سەرەتا دەخەمە سەر کاغەز، پاشان ماوەی چەند ڕۆژێك بەجێی دەهێڵم، کاتێك دووبارە سەیری تێبینییەکانم دەکەمەوە، یەکێك لەم دوو شتە ڕوودەدات:

یەکەم، کاغەزەکە لول دەکەم و دەڵێم: "شتێکی تەواو بێکەڵکە! ئایا من بیرم لە چی دەکردەوە؟" بۆ هەمیشە لە خەیاڵم دەری دەکەم.

دووەم، یان دەست دەکەم بە گۆڕینی بیرۆکەکە، ئەگەر وزەکەم زیاد بکات، ئەوا زۆر کات دوو یان سێ لاپەڕە تێبینی و پلانێکی کرداریی تایبەتیشی لەگەڵدا دەنووسم بە بیرۆکەی نایابەوە، چونکە ئەم هەنگاوە لە پرۆسە تایبەتەکەمدا ساڵێك دەخایەنێت.

ئەمە پرۆسەکەی منە، پێویستە تۆ بە ڕێگەی خۆت کار بکەیت، هەموو هەنگاوەکانی پرۆسەکەت بدۆزەرەوە و بۆ یارمەتی بەکاری بهێنە بەتایبەت کاتێك لە ڕێگای گەشتن بە سەرکەوتندا تووشی سەختی و دژواری دەبیتەوە.

## چوار هۆکاری باو بۆ دواخستنی کارەکانت

سەرەتا سەیری ئەوە بکە و بزانە بۆچی خەڵکی کارەکانیان دوا دەخەن، پاشان نیشانت دەدەین، کە چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەیت.

ئەگەر تەنانەت یەکێك نیت لەو کەسانەش کە کارەکانیان دوا دەخەن ئەوا تکات لێ دەکەین ئەم بەشە بخوێنیتەوە، ئەگینا دواتر خۆزگەی پێ دەخوازیت.

### ١- بێزاریت:

ئەوە ڕاستییەکی ژیانە، کە هەندێك کات هەریەکێك لە ئێمە بێزار دەبین، کارەکەمان دەبێت بە ڕۆتینێك و تەنها ئەنجامی دەدەین بەبێ هەبوونی هیچ پەرۆشی و خەمبارییەك بۆی وەك پێشتر گوتمان، بەڵێندەران بەمە ناسراون، پاش کردنەوەی بازرگانیی نوێ، دڵخۆش و خۆشحاڵ دەبن پاشان پێویستیان بە بەرەنگارییەکە و ئەوەش وایان لێ دەکات، کە بەردەوام بە هاندراویی بمێننەوە.

ئایا کاتێك لە دۆخێکی بێورەی و بێزاریدایت، چۆن چارەسەری دەکەیت؟ ئەمە چەند پێشنیارێکە:

سەرەتا، ئەوە بزانە، کە بێزاریت، ئاگاداری هەستەکانت، ئاستی دابەزینی وزەکەت، نەبوونی ئارەزوو و خواستەکەت بە بۆ تەواوکردنی پرۆژەکە. ڕەنگە هەست بە ماندوویێتی بکەیت و زۆر چالاکیی جەستەیی ئەنجام نەدەیت (ئەگەر

هەستت بە ماندوویێتیی جەستە کرد، ئەوا سەردانی دکتۆر بکە ڕەنگە کێشەی تەندروستیت هەبێت). چەند پرسیارێك لە خۆت بکە و بەتەواوی ڕاستگۆ بە لە وەڵامدانەوەیاندا.

ئایا بێزارم لەو شتەی ئەنجامی دەدەم؟ وەڵامەکەت بەڵێ، یان نەخێرە! بۆچی بێزارم؟ چ شتێك وزەی زیاترم پێ دەدات؟

ڕێگایەك بۆ زیادکردنی وزەکەت ئەوەیە، کە بیر لە ڕێککەوتنی گەورەتر، ڕێگایەك بۆ دروستکردن و پەیداکردنی دەستکەوت و داهات بکەیتەوە، دووەم، ئەگەر بوونیان هەیە سەبارەت بەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەی کە هەتن: زیاتر بفرۆشیت بە کڕیارەکانی ئێستات یان ئەوەی، کە خۆزگە بخوازیت بۆ کڕیاری زیاتر. خەیاڵی سەرنەگرتنی ڕێککەوتنە بازرگانییەکانت دوو یان سێجار زیاترە لەوانەی، کە پێشتر هەت بوون و دەست بکە بە فراوانکردنی خەیاڵ و تێڕوانینەکانت.

بەدڵنیاییەوە، ئەمە پێویستی بە دەستەیەك لە پەیوەندیی نوێ و زانیاری هەیە. پێویستە داهێنەر و نوێکار بیت، چونکە داهێنەری، وزە بەرهەم دەهێنێت و نوێکاریش وزە زیاد دەکات. لەناکاو پەرە بە ئامانجی گەورەتر دەدەیت و دڵخۆشیی زیاتر لە نوسینگەکەتدا بەدی دەکرێت.

وریا بە ئەمە زوو بڵاو دەبێتەوە، بەزوویی هەمووان لە تیمەکەتدا بە هاندان و پلانی نوێوە دەست پێ دەکەنەوە و لەناکاو ژیان دووبارە خۆش دەبێت و تۆش لەسەر ڕێگای سەرکەوتنت خۆت دەبینیتەوە.

خوات لەگەڵ بێزاری، سڵاو لە ئێوەش ئامانج و دەستکەوتە مەزنەکان.

## ٢- کارگەلێکی زۆرت بەسەردا کەڵەکە بووە:

زۆرجار خەڵکی کارەکانیان پشتگوێ دەخەن و دوای دەخەن ئەمەش وا دەکات کارێکی زۆریان بەسەردا کەڵەکە بێت لەبریی ئەوەی لە یەك کاتدا کێشەیەك چارەسەر بکەن، یان کارێك ڕاپەڕێنن دەچن دوای دەخەن.

ئەمە لە کارێکەوە دەست پێ دەکات، کە ئەنجامت نەدابێت بە هۆی ئەوەی گونجاو نەبوو، یان حەزت لە ئەنجامدانی نەبوو وە پاشان کارێکی دیکەشت بۆ دروست بوو، دیسان ئەویشت دواخست.

ئێستا دوو کارت بەسەرەوەیە، هیچ کامیان زۆر سەخت و گەورە نین، کە بۆت تەواو نەکرێن، بەڵام پێکەوە گەورەن و ڕەتی دەکەیتەوە ئەنجامیان بدەیت هەربۆیە هەردووکیان پێکەوە دوا دەخەیت، پاش ماوەیەك دەبینیت کارگەلێکی زۆرت دواخستووە و بەسەرتدا کەڵەکە بوون، کە پێویستە تەواویان بکەیت.

کاتێك بیر لە دەستپێکردنی دەکەیتەوە دەبینیت کارێکی زۆرت کەوتووە بەسەردا هەر بۆیە دەست پێناکەیت.

ئەگەر لە دۆخێکی لەم جۆرەدایت، ئەوا دڵسارد مەبەرەوە، چونکە چەندین ڕێگا هەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و بەرلە کۆتاییی ئەم بەشە نیشانت دەدەین.

## ٣. ئەو کارە ئەنجامنادەیت، کە بەڕاستی حەزت لە ئەنجامدانی هەیە:

ئەم کێشە دوو لایەنی هەیە، سەرەتا هەموومان پێویستە هەندێك کار بکەین، کە چێژیان لێنابینین. ئەوە یەکێکە لە یاساکانی یارییەکە ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتووتر بیت ڕەنگە حەزت لە ئەنجامدانی نەبێت، بەڵام بەو جۆرەیە بۆ نموونە، ڕەنگە حەزت لە ئەنجامدانی کۆمەڵێك کاری وەك: نووسینی ڕاپۆرت،

ڕێککەوتن و کاری تۆمارکردنی خەرجی و داهاتەکان نەبێت، بەڵام سەختە کە خۆت لەم جۆرە کارانە بەدوور بگریت تەنانەت ئەگەر کەسێکی لێهاتووش بیت لەوەی کار بە کەسانی دی بسپێریت.

ئید فۆرمان هەندێك لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم کێشەیە کرد و ئەوەی دۆزییەوە کەسانی سەرکەوتوو ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، کە کەسانی ناسەرکەوتوو حەز بە ئەنجامدانیان ناکەن، کەسانی سەرکەوتوو حەز بە ئەنجامدانی هەندێك کار ناکەن، بەڵام هەرچۆن بێت ئەنجامیان دەدەن، ئەمەش خاڵی سەرەکیی سەرکەوتنیانە.

لایەکی دیکەی دراوەکە ئەوەیە ڕەنگە لە کارێکی مامناوەند یان پیشەیەکدا مابیتەوە، کە دەرفەتی بەکارهێنانی توانا نایابەکانت نەبێت.

ئەگەر ڕاستە، ئەوا بۆ دەرفەتی دیکە بگەڕێ بۆ پەرەدان بە بەهرەکانت، چونکە ژیان زۆر کورتە و پێویست ناکات لە کارێکدا بەسەری ببەیت، کە چێژی لێنابینیت.

زۆرینەی کات جۆری ئەو کارەی، کە دەیکەیت دەبێت هانت بدات چالاك و پڕوزە بیت، بۆچی لە کارێکدا دەمێنیتەوە، کە وزەکەت لەناو دەبات و پێی ڕازی نیت؟ زۆرێك لە خەڵکی کارەکەیان ناگۆڕن بەهۆی پێویستی بۆ سەلامەتی، یان بیرکردنەوە لەوەی کارێکی جیاواز دەیانترسێنێت.

گۆڕان لە دەرەوەی ناوچەی (ئارام) پاڵدانەوەدایە و ترسناکیشە. ئەمە ڕاستییەکەیە: گەورەترین دەستکەوتەکان لە دەرەوەی ناوچەی پاڵدانەوەکاندان. ترس و مەترسی دوو شتن دەبێت لەناویان بەریت ئەگەر دەتەوێت خۆشی لە ژیان و سەرکەوتن و سەرکێشی ببینیت.

### ٤. بەئاسانی بیروخەیاڵت دەپچڕێت یان زۆر تەنبەڵیت:

با ڕوون و ڕاشکاو بم، ئەگەر خۆت دوورەپەرێز بگریت لە گرتنەبەری کردار، ئەوا پێویستە هەموو شەوێك سەیری فیلمە دووبارەبووەوەکان بکەیت لە تەلەڤزێوندا، دەرفەتێکی زۆر کەمت دەبێت لەوەی چێژ لە ژیانێکی خۆش و پڕ دەستکەوت ببینیت.

سەرکەوتن پێویستی بە کۆشش و چالاکیی تەرکیزلەسەرکراو و نەگۆڕ هەیە و تەنبەڵیش بەشێك نییە لە هاوکێشەی سەرکەوتن.

**بڕیاردانی چالاکانە**

بەشێوەیەکی گشتی، زۆر جار هۆکاری سەرەکیی دواخستنەکان نەبوونی هاندانە، ئاسانترە شتەکان دوا بخەیت وەك لەوەی بە شێوەیەکی چالاکانە کردار بکەیت. ئاگاداربوون لەوەی دەچیتە دۆخێکی خراپ و دژوارەوە، کە ناچالاك دەبیت، گرنگە.

کاتێك ئاگاداری ئەمەیت، ئەوا کەمێك لەگەڵ خۆت بدوێ و ڕێگەیەك بدۆزەرەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. بە شێوەیەکی سەرەکی دوو ڕێگا هەیە بۆ هاندانت: دەتوانیت بترسیت لە دەرەنجامی نەگرتنەبەری کردار، یان ئەوەی دەتوانیت دڵخۆش و خۆشحاڵ بیت سەبارەت بە دەستکەوت و سوودەکانی بوون بە کەسێکی چالاك و کارامە.

پێویستە ئەم دوو وێنەیەت لا ڕوون بێت: نەرێنی و ئەرێنی.

لە خۆت بپرسە، "ئایا بەڕاست من چیم دەوێت، داهاتوویەك، کە تیایدا دەبێت هەمیشە هەوڵ بدەم تا بتوانم هەرشتێك حەزم لێی بێت بیکرم، یان ئەوەی ژیانێکی سەرمایەدارانەی خۆش و ڕابواردنم هەبێت؟"

تــا زیــاتر ڕوون بــن بــۆت ئــەم دوو وێنەیــە، ئــەوا زیــاتر دەبیتــە کەســێکی بڕیاردەری یەکلاییکەرەوە و ڕێگە مـەدە بـە نـەبوونی سـەلامەتی فریـو بـدرێیت. کاتێك گوێت لەو دەنگە بچووکە نەرێنییە ڕوخێنـەرە دەبێـت لـە ناختـدا دەڵێـت، "دوای بخـە هـەتا سـبەینێ، هەفتـەی دواتـر، مـانگی دواتـر یـان سـاڵی دواتـر،" دەسبەجێ ئەو دوو وێنەیـە بخـەرە سـەر شاشـە ڤیدیۆییـە گەورەکـەی خـەیاڵت. ئەگەر دەست بە کردار نەکەیت، ئایا وێنەکە چۆن دەبێت؟ ئایا دەتەوێت سـەیری ژیانت بکەیتەوە بە لیستێکی پڕ لە خۆزگەوە؟ بەدڵنیاییەوە، نەخێر!

ئێستا سەیری وێنەکەی دیکە بکە. هەموو ئەو دەستکەوت و سوودانە ببینـە، کە بەدەستهاتوون بەهۆی کردارەکانتەوە، لەسـەر ئـەم وێنەیـە بمێنـەرەوە و لـە مێشکتدا بی چەسپێنە، هەست بە هەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانت بکە و هەست بەباشی بکە کاتێك خۆت بەرەنگار دەکەیتەوە بچیتە ئاستێکی بەرزتر.

بیر بکەرەوە لەوەی بەبێ مۆبایل لـەکوێ دەبـووین و چـەندە بازرگـانی خێـرا کردووە، بیر لە سوود و کاریگەریی ئیمەیڵ بکەرەوە، بـیر لـەو ڕێگایـە بکـەرەوە، کە ئێستا دەتوانیت خەیاڵی کۆمپانیاکەت بکـەیت و دەتوانیـت ٨٠٠ ژمـارەت پـێ بێت و هەر ٨٠٠ کەسەکەیان دەتوانن دەنگیان تۆمار بکەن و لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بۆت بنێرن.

من ٨٠٠ ژمارەم پێیە بۆ نووسینگەکەم و نامە دەنگییەکان ڕاستەوخۆ دێن بـۆ کۆمپیوتەرەکەم بە فـایلێکی دەنگـی لـە ڕێگـەی ئیمەیڵـەوە بـە شـێوەی دەنگـی تائەوەی بتوانم دواتر گوێیان لێبگرم و وەڵامیان بدەمەوە بۆ کاری بەڕێوەبردن و بازرگانییەکەم.

پێویست ناکات پارەی بینای نووسینگەکەم بـدەم و کۆمپانیـای وەبـەرهێنانم هەبێت، هەرکات بیرۆکەیەکم بـۆ دێـت سـەبارەت بـە ئینتـەرنێت، ئـەوا لای خـۆم

تۆماری دەکەم و دواتر لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم تا بزانم ئایا ئەو بیرۆکەیە بوونی هەیە یان ئەگەر بوونی نەبێت، ئەوا چۆن دەتوانم دروستی بکەم و بیهێنمە جیهانی بازاڕی کڕین و فرۆشتنەوە و پارەی پێ پەیدا بکەم؟

ئەگەر پێشتر بوونی هەبێت، ئایا ئەو کۆمپانیایە پارەی پێ پەیدا دەکات؟ تەنها لەبەر ئەوەی بوونی هەیە نابێت ببێتە هۆی دڵساردکردنەوەت لە بیرۆکەکەت.

کێبڕکێکردن شتێکی جوانە. ئەگەر پێشتر بوونی هەبێت، ئەوا بەڵگەیە بۆ ڕاستیی بیرۆکەکەت.

واتە لە ڕاستیدا دەتەوێت شتێك ئەنجام بدەیت و دواتریش ڕەنگە ڕێگایەك هەبێت تا بتوانیت باشتر یان هەرزانتر، خێراتر یان ئاسانتری بکەیت.

ڕەنگە زۆرێك لەم کۆمپانیا ئینتەرنێتییانە دەستکەوتی زۆریان هەبێت یان ملیۆنان بەکارهێنەریان هەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا هیچ قازانجێك ناکەن، هەموو کارە بازرگانییەکانم قازانجبەخش بوون، بەڵام لەبەر ئەوە بوو، کە زۆر بچووکتر بوون.

هەمیشە باوەڕم بە دەستپێکردنی کاری بچووك هەیە، هەمووکاتیش باوەڕم بە وەبەرهێنانی پارەی خۆم هەبووە و هەندێك کات بە ٥٠ دۆلار و هەندێك کاتیش ٥٠٠ دۆلار دەستم پێکردووە وە هەرگیز بۆ دەستپێکردنی هیچ کام لە کارە بازرگانییەکانم زیاتر لە چەند هەزار دۆلارێکم خەرج نەکردووە.

هەرگیز قەرزی ملیۆنان دۆلار، یان هیچ قەرزێکم وەرنەگرتووە و هەرگیزیش قەرزار نەبووم و هەمووکاتیش بە کاری بازرگانیی بچووك دەستم پێ کردووە. هەمووشتێك ئەزموونێك بووە، هەر بازرگانییەك، کە دەم کرد کەمێك گەورەتر بوو لە بازرگانیی پێشووترم و پێم وایە ئەو شتە یارمەتیی سەرکەوتنی دام.

هەرچەندە، ئەمڕۆکە ٢٤ ساڵم، بەڵام سەرکەوتنم لە تەنها شەوێکدا بەدەست نەهێناوە. وەك دەوترێت (شاری ڕۆما لە تەنها شەوێکدا بنیاد نەنراو).

ماوەی ١٥ ساڵە خەریکی ئەم کارەم، لەبەر ئەوە بەشە باشەکەی ژیانم تەرخان کردووە بۆ بازرگانییەکانم و هەر ئەوەش هۆکارە، کە ئەمڕۆ لەم جێگەیەدام کە تیایدام.

پەیامەکە ڕوونە: ئاخۆ کار لەسەر پرۆژەیەکی بچووك، یان ئامانجێکی گەورە دەکەیت، پێیەوە ببەستێرەوە هەتاکوو بتوانیت لە دواییدا ئاهەنگی تەواوکردنەکەی بگێڕیت.

## چوار ڕێساکە

ئەم ڕێسایە یارمەتییت دەدات، کە هۆشیار و بەئاگا بیت، بەر لەوەی هەر بڕیارێك بدەیت. پێشنیارت بۆ دەکەین ئەم یاسایە بەکاربهێنیت.

### ١. بیر بکەرەوە:

تەرخانکردنی کات بۆ بیرکردنەوە گرنگە، بیرکردنەوەی قووڵ وات لێدەکات ڕەچاوی هەموو بژاردەکان بکەیت.

ئایا ئەمە یارمەتیم دەدات بە شێوەیەکی چالاکتر ئامانجەکانم بەدەست بهێنم؟ بۆچی دەمەوێت ئەمە بکەم؟ چ سوودێکی تایبەت بەدەست دەهێنم لە گرتنەبەری ئەم زنجیرە کردارەوە؟ ئەگەر سوودی نەبێت زەرەرەکانی چین ؟ ئایا چەندە کاتی پێویستە؟

### ٢. بپرسە:

پرسیاری تەرکیزکردن بکە، هەمووشتێك بدۆزەرەوە، کە پێویستە بیزانیت هەتا بڕیارێکی پڕزانیاری و زیرەکانە بدەیت و پرسیار لە کەسانی دیکە بکە لە ئامۆژگاریکەرەکانت، کەسانێك کە زانیاریی تایبەتیان هەیە، یان ئەزموونیان زۆرە لەم بوارەدا، چونکە هەتا بڕیارەکە گرنگتر بێت ئەوا دەبێت کاتی زیاتر بەسەر ببەیت بۆ دڵنیابوونەوە لە شتەکان.

### ٣. بڕیار بدە:

لیستێك لە سوود و زیانەکانی بنووسە، دەرەنجامە نەرێنییەکانی بنووسە لە ئەگەری بڕیارنەداندا و بەراوردیان بکە بە سوودە ئەرێنییەکانی بەرەوپێشچوون، پاشان بڕیارێکی نەگۆڕانە بدە سەبارەت بەوەی دەتەوێت چی بکەیت.

بڕیاردانەکە نیوەی جەنگەکەیە، دواخستن دەبێتە هۆی ئەوەی قایل نەبیت بە دەستکەوتەکانت و دۆخی ژیانت، لەبەر ئەوە بڕیار نادەیت بەرەو پێش بچیت.

### ٤. کردار بکە:

ئێستا کە هەندێك بیرت کردەوە، پرسیارت لە چواردەوەرەکەت و کەسانی شارەزا کرد بۆ زانیاری و، لە کۆتایشدا بڕیاری خۆت دا، ئەوا ئێستا کاتی کردارکردنە.

تـەنها هـەنگاوی یەکـەم هـەڵ بگـرە دەبینیـت وردە وردە هێـزی زیـاتر پەیـدا دەکەیت. بیرت بێت، دەستکەوتە گەورەکان (مەزنەکان) لـە ژیانـدا تـەنها کاتێـك بەدەست دێن، کە دەست بە کردار دەکەیت.

سێ شت هەن دەتوانن ژیانت وێران بکەن:

١. هێز (دەسەڵات): سەیری هـەموو دیکتاتۆرەکـان و ئـەو کەسـانە بکـە، کـە حەزیان بە هێز و دەسەڵات هەیە لە جیهاندا.

٢. سـێکس: بەتایبـەت لەگـەڵ خـەڵکانێکی زۆردا، نموونـەش بـۆ ئەمـە سیاسەتمەدار و کەسە ناودارەکانن بە پلەی یەکەم دێن لە ئەنجامدانیدا.

٣. تەماح: شوێنکەوتی ناتەندروستانە بۆ بەدەستهێنانی بڕە پارەیەکی زۆر. زۆر کـات لەسـەر حسـابی کەسـێکی دیکـە و بـیر لـە بانکەوانـە بازرگانـەکان، حوکومەتە دیکتاتۆرەکان بکەرەوە.

بۆ تێگەشتن لـەوەی هەسـتت چـۆنە سـەبارەت بـە پـارە، چـەند پرسـیارێکی سادە لە خۆت بکە، وەکوو، ئایا ئاسـاییە بـڕە پارەیـەکی زۆرم هـەبێت؟ تـاکوو ئێستا چ خوویەکی پارە لە ژیانمدا دەرکەوتووە؟ ئایـا بـە چـێژوەرگرتنەوە پـارە پەیدا دەکەم؟

لـە کۆتـاییی ئـەم بەشـەدا تاقیکردنەوەیـەکی پارەمـان دانـاوە، لـەوە دڵنیـا بەرەوە کە تەواوی دەکەیت. ئەمانەش چـەند بۆچـوونێکی دیکـەن سـەبارەت بـە پارە: هەندێك کەس لە ژینگەیەکدا گەورە دەکرێن کـە بەوریاییـەوە پـارە خـەرج دەکـەن و دەسـتنوقاون، کەسـانێکی دیکـە لەلایـەن دایـك و باوکیـان و چـەندین کەسایەتیی ناسراوەوە پێیان وتراوە کە پـارە شـتێکی پیسـە (خراپـە)، ئایـا تـا ئێستا گوێت لەمە بووە؟ ئـەو پارەیـە مـەخۆ (بەکارمەهێنـە)، پیسـە! هەنـدێکی دیکە بەبەخت بوون و لە ژینگەیەکدا گەورە کراون کە ئیتیکی کاری بـاش بـەهای

دەگیرا، پارەش بەژیرانە خەرج دەکرا و وەبەردەهێنرا لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆشی و ڕابواردنیش بەکاریان دەهێنا.

## کەسانێك پارەکەیان زیاد دەکات کە سەرنجکێشی دەکەن

بە بۆچوونی ئێمە پارە پاداشتێکە لە بەرانبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش دەکرێن، ئەگەر خزمەتگوزاریی نایاب پێشکەش بکەیت و بەهای گرنگ و پێویست بە کەسانی دەوروبەرت بدەیت، ئەوا پارەت دەست دەکەوێت. بۆ سەرنجکێشکردنی پارە دەبێت کەسێکی سەرنجکێشت بیت، بەو جۆرەی کە خەڵکی بەرهەم و خزمەتگوراییەکانی تۆیان دەوێت نەك کێبڕکێکارەکانت. هەمیشە ئامانجی سەرەکی بۆ تەرکیزکردنە لەسەر دروستکردنی بەهای زیاتر. هەرشتێك پێویست بێت بیکە بۆ پێشکەشکردنی ئەو شتەی کە دەتەوێت بە باشترین شێوە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا، بۆ نموونە، کۆمپانیای ئەپڵ.

ئەگەر لە ڕووی داراییەوە کێشەت هەیە و دەتەوێت سەرمایەکەت زیاد بکات، ئەوا لەمە تێبگە: خووەکانی پارەت بە شێوەیەکی سەرەکیی هۆکاری دۆخی ئێستای داراییتن. کەوایە ئەگەر تا ئێستا لە خووی پاشەکەوتکردنی پارە و وەبەرهێنانی پارەدا نەبوویت، ئەوا ڕەنگە ئەزموونی چەند دەرەنجامێك بکەیت لە ئێستادا کە سەخت و دژوار بن. ئەگەر بەردەوام زیاتر لەو پارەیەی دەستت دەکەوێت خەرج بکەیت، ئەوا لە دۆخێکدا ئەزموونێکی سەخت و دژوارت دەبێت. کەسانێك کە لە ساڵێکدا ٥٠ هەزار دۆلار پەیدا دەکەن، ئەوا ٥٠ هەزار خوویان هەیە، ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

بۆ گۆڕینی خووەکانت پێویستە دۆخی داراییی ئێستات پەسەند بکەیت. نکۆڵیکردن لێی سوودی نابێت، هەنگاوی دواتر ئەوەیە، ئەگەر دەتەوێت لە ڕووی

داراییەوە سەربەخۆ بیت، ئەوا بیکە بە لێکۆڵینەوە، کارەکانی ماڵەوەت بکە، فێر بە چۆن پارە زیاد دەکات و کێ باشە لە سەرنجکێشکردنی پارەدا.

بێگومان کەسانێکی زۆر لە کۆڵانەکەتدا، یان شارەکەتدا هەن کە پارەیەکی زۆر پەیدا دەکەن، بزانە چۆن بەدەستی دەهێنن، داهێنەر و بوێر بە !

هێندە بوێر بە کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دابنێیت تا بیانبینیت و پرسیاریان لێبکەیت. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ڕاهێنەرێکی دارایی نایاب، یان تیمێك لە ئامۆژگاریکەرانت هەبێت تا یارمەتییت بدەن و پاڵپشتییت بکەن، پرسیار لە دەوروبەرت بکە و بزانە کێ باشترینە، دووبارە ئەرکەکانی ماڵەوە جێبەجێ بکە و تەرکیز بکە.

زۆرینەی خەڵکی ئەم جۆرە هەوڵە نادەن و هەمووان دەزانین دانیشتن لەبەردەم تەلەڤزیۆندا ئاسانترە بە بەراورد بە پەیداکردن و کەڵەکەکردنی سامانێکی زۆر بۆ داهاتووت تا لێی سوودمەند بیت.

## ڕێسا سەرەکییەکانی پەیداکردنی سامان

ئێستا دەمانەوێت بتانناسێنین بە دوو کەسی ساماندار ئەوانیش: سێر جۆن تێمپڵتۆن و ئارت لینکلێتەرن. لیستی دە خاسیەتە تایبەتەکەیان بەکار بهێنە کە چۆن سامانێکی زۆریان پەیدا کرد. ئەم دوو کەسەمان هەڵبژارد بەهۆی ڕاستگۆیی و تواناکەیانەوە بۆ کەڵەکەکردنی سامانێکی زۆر.

ڕەنگە سەرسام بیت بە سادەیی دۆزینەوەکانیان، هەر بۆیە بەوردی لە هەریەکێکیان بکۆڵەرەوە.

یەکـەم، سـێر جـۆن تێمپڵتـۆن، بلیمەتییەکـەی بـۆ بـەڕێوەبردنی دارایـی، سامانێکی زۆری بۆ هەزاران وەبەرهێنەر دروست کرد لە سەرتاسەری جیهاندا.

ئەم دە ڕێسایەی خوارەوە هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنەکەی بوون:

١. بۆ سەرکەوتن نە ڕەشبین بە و نە گەشبینیش، بەڵکوو کەسێکی ڕاست بـە بە سروشتێکی ئومێدەوارەوە.

٢. هەموو باشییەکانت بژمێرە بۆ دەوڵەمەنـدکردنی خـۆت و دراوسێکانیشـت، سەرەتا لە ڕووی ڕۆحییەوە و پاشان داراییەوە.

٣. قـەرز، کەسـی بێـت یـان هاوبەشـی نابێـت ببێتـە بەربەسـت لـەوەی کـە وەبەرهێنان نەکەیت، هەمشە هەوڵی دەبازبوون بدە لێی.

٤. لە زۆر شوێنی جیاوازدا وەبەرهێنان بکە.

٥. دەبێـت پارەکـەت زۆر لـەوە زیـاترت بـۆ بکـات کـە تـەنها خـۆی بەرهـەم بهێنێتەوە.

٦. بیرت بێت، ئارامگری زۆر پێویست و بەسوودە.

٧. ئەگەر دەتەوێت ساماندار بیت، ئەوا بەرلە وەبەرهێنان لێکۆڵینەوە بکە.

٨. هەرگیز بیرت نەچێت، نهێنیی دروستکردنی دەوڵەمەندەکان لای کەسانێك ئەوەیە، کە دەوڵەمەندیان بکات بۆ سوودگەیاندن بە کەسانی دیکە.

٩. گەڕان بۆ ژمارەیەك یەك، ناتکات بە ژمارە یەك.

١٠. تەنها بە وشەی (خۆشەویستی) سەرکەوتن دروست بکە.

ئەمانــە گــرنگترین ڕێســا و بەرچــاوڕوونییەکانی ئــارت لینکلێتــەرن بــۆ دەستکەوتنی سامان و سەرکەوتن:

١. ئەو کارە دەکەم چێژی لێ دەبینم. تـەنها یـەك جـار دەژیـت، کەوایـە ئـەو کارە بکە کە حەزت لێیە و چێژی لێ دەبینیت.

٢. هەمیشە سەختی، شکست و دژواری بەدرێژاییی ڕێگاکە بوونیان دەبێت.

٣. بۆشاییی نێوان ئاستی مامناوەند و سەرکەوتن زۆر بچووکە پەیوەسـت بـە کات و کۆششەوە کەمێك زیاترە لەوەی پێشبینیکراوە.

٤. هـەرکات بـزانم دەتـوانم، ئـەوا دەرگـای دەرفـەت دەکەمـەوە، بـەڵام بـەو مەرجەی دڵنیابم کە کردار دەکەم کاتێك دەرگای دەرفەت بەڕوومدا کراوەتەوە.

٥. لاوازییەکانی خۆم دەناسمەوە و ئەو کەسانەش دەدۆزمـەوە کـە ئاسـتیان نایابە تیایاندا.

٦. دەرفەتەکان دەقۆزمەوە بـۆ بەرەوپێشچـوونی زیـاتر و سـوودوەرگرتن لـە بارودۆخەکان.

٧. بە هۆکاری تایبەت هەمیشە توانا و ئامانجەکانم زیاتر دەکەم.

٨. لە شکستەکانەوە فێر دەبم و پاشان لەدوای خۆم بەجێیان دەهێڵم.

٩. شوێن ڕێسا ئاڵتونییەکان دەکەوم. ڕێککەوتنێك ناکەم لەو شوێنەی تیایـدا کەسـێك وەك پێویسـت مامەڵـەی لەگـەڵ نـەکرابێت، فریـو درابێـت، یـان بـۆ بەرژەوەندی بەکارهێنرا بێت.

١٠. پارەی دابینکـراوی کەسـانی دیکـە بـەکاردەهێنم، دڵنیـام پارەکـە خـۆی دەتوانێت خێرا زیاد بکات و سوو بەکارناهێنم و چاوبرسی نابم.

بـۆ کورتکردنـەوەی ئەمـە: ئێمـەش ئـارەزووی خۆمـان نیشـان دەدەیـن بـۆ بەکارهێنانی ئەم ستراتیژییە گرنگانەی کە تەرکیزیان لەسەر دەکەینەوە.

جاك:

- ئەو کارەی کە حەزت لێیە بەسۆز و نایابییەوە ئەنجامی بدە لە ئاکامدا پارەت دەست دەکەوێت.
- هەموو ئەوەی دەتوانیت بیخوێنەرەوە، بەشداری سیمینارەکان بکە و گوێ بۆ بەرنامە دەنگی و ڤیدیۆییە پڕزانیارییەکان ڕابگرە و هەموو ئەو زانیارییانەی کە فێریان بوویت بخەرە بواری کردارەوە.
- یاسا گشتییەکانی سەرکەوتن، سامان و دەستکەوتی زۆر بکە بە لێکۆڵینەوەیەك.
- بڕێك لە داهاتەکەت بۆ کاری خێرخوازی و پەرستگا ئاینییەکان (مزگەوتەکان) تەرخان بکە.
- هەمیشە هەوڵی بەرەوپێشچوونی بەردەوام بدە لە هەرشتێکدا کە ئەنجامی دەدەیت.

مارك:

- ئەو بڕیارە بدە کە لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆ بیت و بیکە بە پلانێك و بڵێ، (بڕی ______ پارە پەیدا دەکەم).
- وشەیەکی کاریگەریی ئەرێنی دابنێ لەسەر مۆبایلە زیرەکەکەت، یان ئایپادەکەت کە نووسرابێت (من زۆر دڵخۆشم، من ________). لە خشتەکەدا دایبنێ ببیت بە ملیۆنێر، ساڵانە لە ٥٠٪ی داهاتەکەت زیاد بکات، هەموو ڕۆژێك کڕیارێکی نوێ ببینیت، ڕۆژانە بەرهەمێکی زۆر بفرۆشیت و ئامانجەکەت هەرشتێك هەیە.

ئەمە بخوێنەرەوە لە کاتی ژەمەکانی ڕۆژدا و بەرلە خەوتنیش، بۆ ئەوەی ببن بە یەك لەگەڵ بیرۆکەکەدا و لە کۆتایشدا ببێت بە ڕاستی.

- کارەکەتت خۆش بوێت و لێگەڕێ خۆشی بوێیت، حەزم لە قسەکردن، دروستکردن و بیرکردنەوە و بازاڕکاری هەیە لەبەر ئەوەی حەزم لێیانە و خۆشم دەوێن تیایاندا سەرکەوتوو دەبم.
- تیمێك لە هاوڕێکانت دروست بکە کە هەمان جۆر بیرکردنەوەی تۆیان هەبێت تا وات لێ بکەن ئومێد و خەونەکەت بێتەدی.
- بەدڵێکی خۆش و خۆشەویستییەوە خزمەت بکە.

لی:

- تەرکیز لەسەر ئەو کارە بکەرەوە کە بە باشترین شێوە ئەنجامی دەدەیت، هەوڵ بدە ببیتە باشترین و سەرکەوتووترین کەس لە بوارەکەتدا.
- بۆ دەرفەتی تایبەت بگەڕێ کە سوودی هەبێت و پەرە بە تواناییەکانت بدات.
- سەرەتا لە بازرگانیی خۆتدا وەبەرهێنان بکە و لەو کار و بازرگانییانە دوور بکەوەرەوە کە شارەزاییی کەمت تیایاندا هەیە.
- هاوڕێیەتیی کەسانی سەرکەوتوو و ئامۆژگاریکەرە داراییەکان بکە. (کێ دەناسی هێندەی ئەوە گرنگە کە چی دەزانیت).
- خووە داراییە سادەکانت بهێڵەرەوە و پەرەیان پێ بدە، هەموو مانگێك لە ١٠٪ی داهاتەکەت وەبەربهێنەوە و زیاتر لەو بڕە خەرج مەکە کە پەیدای دەکەیت.

| |
|---|
| خودا دان دەدات بە باڵندەکان، بەڵام نایخاتە هێلانەکانیانەوە. |

## پوختە

ڕابـەر (سـەرکردە) ناودارەکـان هـەموو ڕۆژێـك بڕیارگـەلێکی زۆر دەدەن، بـۆ کورتکردنەوەی ئەمـە بـە باشمـان زانـی چـەند خـاڵێکی گرنگیـی ڕابەرایـەتیکردن (سەرکردایەتیکردن) بخەینە بەردەستت.

ئەمە ڕێگایەکی باشە تا توانای ڕابەرایەتیکردنت فراوانتر بکات و بڕیار بـدەیت کە کردار بکەیت.

١. **گفتوگۆکەری نایاب:**

باشترین ڕابەرەکان گفتوگۆکەری نایاب و لێهـاتوون و توانایـەکی باشـیان لـە گەیاندنی پەیامەکانیاندا هەیە.

٢. **ئاڕاستەی بەهرەدارانە:**

ڕابەرەکان ئاڕاسـتەی بەهرەدارانـە و پشـتگیریی بـەردەوام دابـین دەکـەن تـا دڵنیابنەوە لەوەی هەموو پڕۆژەکان لە کاتی خۆیاندا و بە بودجەی دیـاریکراو تەواو دەبن.

٣. **کۆمەڵە بەهرەیەکی نایابی تێکەڵ (جۆراوجۆر):**

پێویســتە ڕابــەرەکان کۆمەڵــە بەهرەیــەکی نایابیــان تیــادا بێــت وەك: ئامۆژگاریکردن، هاندان و توانای چارەسەرکردنی کێشـەکان و چـەندین شـتی دیکەش.

٤. **تێگەشتن (پەسەندکردن):**

ڕابەرەکان تێدەگەن کە ڕەخنەگرتن هەمیشە باشترە لە شـوێنێکی تایبـەت و نهێنیدا بکرێت و ستایشیش لە شوێنێکی گشتی و لەناو خەڵکیدا بکرێت.

٥. **ئامادەکردنی پاڵپشتی:**

ڕابەرە سەرکەوتووەکان بەوردی و نزیکی کار لەگەڵ ئەندامانی تیمەکەیاندا دەکەن، شێواز و کەسایەتییان هەڵ دەسەنگێنن و باشترین ڕێگاش بۆ شێوازی گفتوگۆکردنیان دیاری دەکەن.

**٦. تەرکیز بخەرە سەر خاڵە بەهێزەکانیان /نەهێشتنی خاڵە لاوازەکانیان:**

ڕابەرە بەبەرهەمەکان تەرکیز لەسەر خاڵە بەهێزەکانیان دەکەنەوە و لەو کارانەشدا کە لاوازن دەیسپێرن بە کەسانی دیکە.

**٧. کاری تەرکیزلەسەرکراو:**

ڕابەرەکان لە گرنگیی کرداری تەرکیزلەسەرکراو تێدەگەن و لە ١٠٠٪ خۆیانی بۆ تەرخان دەکەن.

**٨. هاوسەنگی:**

وەك شتێکی پێشوەختە وایە بۆ سەرکەوتنی بەردەوام، کارکردن بۆ ماوەی ١٨ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، ٧ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا (لەلایەن کەسانی سەرکەوتووەوە وەك باجی ڕێز سەیرناکرێت)، کە ڕەنگە ئەمە لە ڕێگای قورسەوە فێربووبێت.

**٩. نموونەیەکی نایاب:**

ڕابەرێکی ڕێزلێگیراو نموونەیەکی نایابە بۆ تیمەکە. بەڕاستی و بەنەگۆڕی لە ڕێگای کردارەکانییەوە نیشانیان دەدات نەك قسەکانی.

**١٠. کەسە دروستەکان:**

هەبوونی کەسە دروستەکان بە هەڵوێستی دروستەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی کاری هاوبەشیی تیمە نایابەکان.

هەرکەسە و پێویستە ئاکارێکی بەرزی کارکردن نیشان بدات و توانا و بەهرە تایبەتەکانی بهێنێت بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانی.

**١١. ببە بە باشترین:**

هەریەکێك لە ئەندامانی تیمەکە پێویستە خۆیان تەرخان بکەن تائەوەی ببن بە باشترین لە ڕووی پسپۆڕی و کەسیشەوە بۆ نموونە، ڕێژەی لە ١٠٪ زیادکردنی تەرکیز لە تەواوکردنی تیمەکەدا، دەرەنجامێکی زۆر باش دروست دەکات.

**١٢. ئاستی تیمەکەت بەگوێرەی ئاستی لاوازترین ئەندامتە:**

هەر تیمێك کەسێکی تیادا بێت کە هەڵوێست و بیکردنەوەی نەرێنییانە بێت و ئاکاری کارکردنی تەندروستانە نەبێت، ئەوا ئاستی بەرەوپێشچوونی تەواوی ئەندامانی دیکەش کەم دەکاتەوە. کەوایە گرنگی بە هەموو ئەندامەکانت بدە، چونکە هەبوونی کەسێکی لاواز کێشە بۆ تەواوی تیمەکەت دروست دەکات.

**١٣. کاتە دروستەکەی ڕێگەدان بە ڕۆشتنی خەڵکی بزانە:**

ڕابەرێکی باش دەزانێت کاتە دروستەکە کەیە تا ڕێگە بە خەڵکی بدات تیمەکە جێ بهێڵن، بۆ ئەوەی ڕاستگۆ بێت و تەرکیزی تەواوی تیمەکە بپارێزرێت، ئایا تا ئێستا وەك ڕابەرێك ئاستت چۆنە؟

"هەموو کات ڕابەرەکان بڕیار دەدەن و شوێنکەوتووەکان پێشنیار دەکەن. پێشنیارکردن ئاسانە بە هۆی ئەوەی پێویستی بە کردار، یان ترس لە شکست نییە، بەڵام بڕیاردان سەختە و بوێریی دەوێت، چونکە هەمیشە شتێك لە مەترسیدایە."

– ڕوبین گۆنزالیز

# هەنگاوە کردارییەکان

## خووی دڵنیایی دارایی:

ئەمە تاقیکردنەوەیەکی پارەیە بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی ئێستات:

١. پارە لای تۆ چی دەگەیەنێت؟

٢. ئایا شایستەی بڕە پارەیەکی زۆریت؟

بەڵێ. نەخێر. بۆچی؟ بۆچی نا؟

٣. بە بۆچوونی خۆت پێناسەی سەربەستیی دارایی بکە:

٤. ئایا دەزانیت هەر مانگێك چەندێك خەرج دەکەیت و چەندێك بەدەست دەهێنیت؟

بەڵێ. نەخێر.

٥. ئایا تەرکیز لەسەر گریمانەکان دەکەیتەوە، یان ئەوەی قاسەیەکی ڕوونت هەیە و بەرنامەی وەبەرهێنان کاری لەپێشینەتە؟

٦. ئایا ئەو خووەت هەیە کە هەموو مانگێك سەرەتا پارە بەخۆت بدەیت؟

بەڵێ. نەخێر.

٧. ئایا ئامۆژگاریکەرێکی داراییی نایاب، یان تیمێك لە ئامۆژگاریکەرانت هەیە؟

بەڵێ. نەخێر.

٨. چەندێك پارەت پێویستە، بۆ ئەوەی لە کاتی خانەنشینبووندا خۆشی لەو ژیانە ببینیت کە دەتەوێت؟

٩. ئایا چ کێشە و کەموکورتییەکت هەیە لە ئێستادا؟

١٠. ئایا ڕێگا دروستەکە بەکاردەهێنیت بۆ بەدەستهێنانی سەروەتێکی زۆر؟

ژینکردن و کارکردن بە مەبەستەوە

گرتنەبەری کرداری یەکلاییکەرەوە

کۆڵنەدان و بەردەوامی

داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت

هۆکاری باوەڕبەخۆبوون

بنیادنانی پەیوەندییە نایابەکان

زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا

ئایا وێنە گەورەکە دەبینیت؟

باسکردن نییە لە بابەتێکی بێمانا، بەڵکوو بابەتی تەرکیزکردنە

خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن

**تەنها ستراتیژییەکت ماوە، پێی دەگەیت.**

# (بەشی دەیەم)
# ستراتیژیی تەرکیزکردن
# ژینکردن و کارکردن بە مەبەستەوە

"ئومێدەوارم کاتێك لەبەردەم خودادا ڕادەوەستم، هیچ بەهرەیەکم نەمابێتەوە کە بەکارم نەهێنابێت و بتوانم پێی بڵێم هەموو ئەو بەهرانەم بەکار هێنا کە پێت بەخشیم."

– ئیرما بۆمبیك

هەموو دەیەیەك دانیشتووانێکی تێگەشتووی نوێ دێنە بوون، زۆرینەیان بۆ کار یان پیشەیەك دەگەڕێن، یان دەست بە ڕۆشنبیریی زیاتر دەکەن تا لە کۆلێژ و زانکۆکان فێری بن.

ئایا ئومێد و خەونی ئەم قوتابییانە لە جیهانی ژیانی پێگەشتووانەدا چین؟ ئەگەر سەیرێکی ڕابردوو بکەین چەند نووسراوێکی سەرنجڕاکێش دەبینین بەپێی دیمۆگرافیای جۆراوجۆر.

١٩٠٠–١٩٢٤ نەوەی جەنگی دووەمی جیهان.

١٩٢٥–١٩٤٥ نەوەی بێدەنگ لە ماوەی جەنگدا.

١٩٤٦–١٩٦٤ زیادبوونی منداڵ.

١٩٦٥–١٩٧٩ نەوەیەکی خوێندەوار و دانەمەزراو کە ئومێدێکی کەمیان بە داهاتوو هەبوو X.

١٩٨٠–٢٠٠٠ نەوەی ئینتەرنێت Y.

٢٠٠١ – ؟ نەوەی ساڵی نەوەدەکان و بەکارهێنەرانی تەکنەلۆجیای نوێ.

تۆ لە کامیانیت لە ئەمڕۆدا؟ نەوەی ئینتەرنێت لە ئێستادا زۆرترین تەرکیزی لە سەرە، با ئێستا تەرکیز بخەینە سەر ئەم گەنجە ئومێدەوارانە.

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە پسپۆڕن و دەتوانن بەخێرایی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆجیادا، ئایا دەتوانن چیمان فێر بکەن دەربارەی هێشتنەوەی تەرکیز و کارکردن بە شێوەیەکی چالاکانە لە ژینگەیەکی خێرای گۆڕانکاریدا؟

ئارۆن ترێناوسی تەمەن ٢٦ساڵ، گەنجێکی پێگەشتووی بەهرەمەندی دەرچووی زانکۆی لیسبریجە، شوێنێکی بەناوبانگ بۆ بەرهەمهێنانی باشترین قوتابی بواری بازرگانی، قەبارەی بچووکی پۆلەکان و پڕۆفیسۆرە مێشك بەلێندەرییەکان بەشێکی گرنگی ئەم ڕێسای سەرکەوتنەن.

وەك نەوەی ئینتەرنێت با سەیری تێڕوانینی ئارۆن بکەین لە زاری خۆیەوە سەبارەت بە پیشە. ئەمڕۆکە هیچ گرەنتییەك نییە، ئەگەر دەتەوێت پیشەیەك دروست بکەیت لە کۆمپانیایەکی زەبەلاحدا لە سەرەتادا موچەیەکی کەمت پێ دەدرێت تەنها بەشی دانەوەی پێداویستییەکانت دەکات.

چەندین ساڵ بەر لە ئێستا کاتێك ئابوری گەشەی دەکرد، دەرچووانی زانکۆکان تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازیان هەبوو، حەزیان دەکرد لە نووسینگەیەکی بواری بەڕێوەبردن و بە موچەی ساڵانەی ٨٠٠ هەزار دۆلارەوە دەست پێ بکەن.

دەمویست کۆمپانیایەك بدۆزمەوە کە جەخت لەسەر گەشەکردن بکاتەوە، دەرفەتی نایابیان هەبێت بۆ پلە بەرزکردنەوە و دابینکردنی ڕاهێنانی نایاب.

پارە لەپێشینەی یەکەمم نییە، هاوڕێکانیشم هەمان بیرکردنەوەیان هەیە و گرنگترین شت بۆ من ئەوەیە دڵخۆش بم واتە لە ژینگەیەکی دڵخۆشدا کار بکەم.

بە تێڕوانینی من دڵخۆشبوون واتە لە بەیانیاندا لە خەو هەستم و هەست بە بێتاقەتی نەکەم کاتێک دەچمە سەر کارەکەم و کاتێک لە کۆتاییی ڕۆژیشدا دەگەمەوە ماڵەوە، فشارێکی زۆرم لەسەر نەبێت و وزەیەکی زۆر زۆرم هەبێت تا چێژ لە ئێوارانەکانم وەربگرم و شتانێکی دیکەش ئەنجام بدەم، هەروەها دەمەوێت بەرەنگار بکرێمەوە، چونکە کەسانێکی زۆر لە هەمان ئاستدا دەمێننەوە.

کەسانێك پاش چەند ساڵێکی کەم لە کارەکەیاندا، سەرەتا ئاسوودەن و بە ئاستی خۆیان قایلن، نامەوێت لە کارێکی لەو جۆرەدا بمێنمەوە." وەك هەزاران پێشگەشتووی تر، ئارۆن داهاتوویەکی دەویست تیایدا ئومێد، دەرفەت و هەستی شانازیبوونی هەبێت لەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەی دابینیان دەکات. ئەگەر داواکارییەکی گونجاو نییە، ئەی کەوایە چی دۆزییەوە؟

ئارۆن ئەوەی هەڵبژارد کە کار بۆ کۆمپانیایەکی بەکرێدانی ئۆتۆمبێل بکات لە ئەمریکادا کە چەندین لقی لە وڵاتانی تردا هەبوو وەك کەنەدا، ئیرلەندا و ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی دیکەش.

ئەم کۆمپانیا نۆ ملیۆن دۆلارییە بازرگانی و ناوبانگی لەسەر مەبەستێکی سادە بنیاد نابوو تا کڕیارەکانی بەتەواوی قایل بن.

ئەو چوار بوارە سەرەکییەی کە کۆمپانیایەك بەهایان تیادا دروست دەکات ئەمانەن:

١. کڕیاری تەواو قایل (ڕەزامەند).

٢. ڕاهێنانی بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی فەرمانبەرەکانی.

٣. گەشەکردن.

٤. قازانج.

بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەین چەند بیرۆکەیەك وەربگریت لە بازرگانییەکەی خۆتەوە ئەمە شێوازێکی بەرفراوانی ئەم چوار بەها دروستکەرەن:

١. تەرکیزی زۆر بخەرە سەر باشتر ئاگاداربوون و چارەسەرکردنی کێشەی فەرمانبەر و کڕیارەکانت.

٢. تەنها هەوڵ مەدە کە کڕیارەکانت ڕازی بکەیت، بەڵکوو زۆر بەباشی مامەڵەیان لەگەڵ بکە، بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوتیشتان ڕازی بن.

٣. لەبریی خەرجکردنی پارەی زۆر بۆ سەرنجڕاکێشانی دیزاینی ناوەوەی شوێنی بازرگانییەکەت هەوڵ بدە باشترین مێشکە بازرگانییەکان کۆ بکەیتەوە لە بازرگانییەکەتدا.

٤. بیرت بێت کە ڕەفتارت باشتر بکەیت بۆ نموونە، تەوقەیان لەگەڵ بکە و بەناوی خۆیانەوە بانگیان بکە.

٥. بیرت بێت، ئەو بازرگانییە دووبارەیە گرنگە، لەبەر ئەوەی ٥ قات و ٦ قات زیاتری تێ دەچێت بۆ هێنانی کڕیاری نوێ وەك لە هێشتنەوەی کڕیارەکانی ئێستات.

٦. وەك گرنگترین کەسانێك کە دێنە کۆمپانیاکەتەوە سەیری کڕیارەکانت بکە.

٧. خۆتەرخانکردنی تەواو بۆ خزمەتگوزاریی کڕیار پێویستە لە بەرزترین ئاستی کۆمپانیادا دەست پێ بکات.

٨. هەرگیزاوهەرگیز ڕاستگۆییت لەدەست مەدە.

٩. ڕقت لەو قەرزانە بێت کە نادادپەروەرانەن بۆ کڕیارەکانت.

١٠. بۆ خزمەتگوزارییە بچووکەکانت، یان بۆ شتانێك زۆر لەسەر خۆت نەکەوتوون پارە لە کڕیارەکانت وەرمەگرە بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەردەوام سەردانت دەکەن و کاری بازرگانییت لەگەڵ دەکەن.

١١. ئەو دەرفەتانە بڕەخسێنە کە زۆر بەباشی و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خزمەتت دەکەن.

١٢. هاوڕێیەتی ئەو کەسانە بکە کە مێشکی بازرگانییان هەیە و گوێ بۆ قسەکانیان ڕابگرە.

## مەراسۆنی ئومێد

ئەمە چیرۆکە دیارەکەی تێری فۆکسە، کاتێك تەمەنی ١٥ساڵان بوو، تێری بۆی دەرکەوت نەخۆشیی شێرپەنجەی هەیە، جۆرێکی شێرپەنجە زۆر کات دەست و قاچی تووشبووان دەگرێتەوە و بڵاویش دەبێتەوە بۆ سییەکان، مێشك و جگەر.

پاش ئەو ئازارە زۆرەی کە تێی کەوت تێری دوو هەڵبژاردنی لە بەردەستدا بوو: دەستهەڵگرێت لە ئومێدخواستن و چاوەڕێی مردن بکات، یان ئەوەی شتێکی مانادار بدۆزێتەوە و لە پێناویدا بژی.

دووەمیانی هەڵبژارد، تێری خەونی بە ڕاکردن بەتەواوی کەنەداوە دەبینی، پاشان خۆی تەرخان کرد بۆی تا خەونەکەی بهێنێتە دی، خەیاڵ و وێناکردنەکەی وردە وردە ڕوون دەبوویەوە بەتەرخانکردنی ژیانی تا جیاوازی دروست بکات لە جەنگی دژ بە شێرپەنجە، مەبەستێکی ڕاستی دروست کرد. ئامانجی ڕاکردنە یەك قاچیەکی ناو نرا مەراسۆنی ئومێد، بۆ کۆکردنەوەی ملیۆنێك دۆلار بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە شێرپەنجە و لە کۆتاییدا، توانیی ٢٤,١٧ ملیۆن دۆلاری کۆ کردەوە.

تێری مەبەستەکەی دۆزییەوە، ئەم هێزی مەبەستە وای لێکرد ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، هەرچەندە تەنها یەك قاچی ساغی هەبوو، ئامێرێکان بەست بە قاچەکەی دیکەیەوە هەتا بتوانێت ڕا بکات، تێری شۆرتی لەپێکرد و قاچەکەی دەرخست و وای لە هەندێك کرد نائاسوودە بن، بەڵام وەڵامەکەی تێری ئەمە بوو: "ئەمە منم، بۆچی بیشارمەوە؟"

لە ڕێکەوتی١٢/٤/١٩٨٠وە دەستی کرد بە ڕاکردن و بە ئەندازەی مەراسۆنەکە ڕای کرد، زۆربەی ڕۆژەکان ٢٦ میل ڕای دەکرد لە ١٤٣ ڕۆژدا ٣,٣٣٩ میل ڕای کرد کە ئەمەش دەستکەوتێکی نایاب بوو. بە ئەنجامدانی ئەمە ئومێدی بۆ هەزاران کەس گێڕایەوە لە جیهاندا، ڕەنگە ئەمە سەرسامت بکات و بپرسیت: "من چی دەکەم لە ژیانمدا؟ ئەو کارەی دەیکەم چییە؟ چ پەیامێك بەجێ دەهێڵم لەدوای خۆم؟ کۆمەڵە پرسیارێکی گرنگن، ئایا پێت وانییە؟"

(بەرەنگارییەکە)

لێگەڕێ کەسانی دی، ژیانێکی بچووك بەرێ بکەن،

بەڵام تۆ نا.

لێگەڕێ کەسانی دی، سەبارەت بە شتە بچووکەکان

مشتومڕ بکەن، بەڵام تۆ نا.

لێگەڕێ کەسانی دی، بەهۆی ئازارە بچووکەکانیانەوە

بگرین، بەڵام تۆ نا.

لێگەڕێ کەسانی دی، داهاتوویان بخەنە دەستی

کەسانێکی ترەوە، بەڵام تۆ نا.

– جیم ڕۆن

## سێ هۆکارە سەرەکییەکە

با سەیری ئەو سێ هۆکارە بکەین یارمەتی تێرییاندا بەسەرکەوتوویی مەبەستە نوێیەکەی دروست بکات، سەرەتا، پێویستە جیاوازیی نێوان دانانی ئامانج و هەبوونی مەبەست ڕوون بکەینەوە. مەبەستەکەت لە ئامانجەکەت گرنگترە، مەبەست وێنە گەورەکەیە و هەمووشتێك لەخۆ دەگرێت، لەلایەکی دیکەوە، ئامانجەکان ئەو هەنگاوانەن کە بەدرێژاییی ڕێگاکە دەیاننێیت. مەبەستەکەی تێری ئەوە بوو کە یارمەتی بدات شێرپەنجەکەی لەناوببات، بەڵام ئامانجە تایبەت و سەرەکییەکەی ئەوە بوو کە ملیۆنێك دۆلار کۆ بکاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە شێرپەنجە بە ڕاکردن بەتەواوی کەنەدادا.

کاتێك ئامانجەکەی ڕۆژانەت دەگونجێنیت لەگەڵ مەبەستە ڕوون-پێناسەکراوەکاندا، ئەوا چێژ لە ئارامیی هزری و هەستێکی خۆشی زیندووبوون دەبینیت.

ئەم سێ هۆکارە سەرەکییەی یارمەتییت دەدەن بۆ چالاککردنی مەبەستەکەت:

### ١. مەبەستەکەت لەگەڵ توانا خۆرسکییەکەتدا بگونجێنە:

تێری مەبەستەکەی لەگەڵ شتێکدا گونجاند کە بەڕاستی چێژی لێ وەردەگرت، بوو بە وەرزشکارێکی زۆر نایاب و ڕاکردن بە تەواوی وڵاتدا تاکە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی.

هەموومان بەهرەی سروشتیمان پێ دراوە، بەڵام دۆزینەوەی بەهرەکانمان بەشێکە لە یارییەکەی ژیان.

### ٢. سوور بە:

تێری هەموو ڕۆژێك بەڕاستی دەمایەوە لەگەڵ مەبەستەکەیدا سەرەڕای بەفر، باران و تەرزەش، بەڵام هەر بەردەوام بوو. کەسانێکی زۆر ئاڕاستەی ژیانیان لەدەست دەدەن بە هۆی ئەوەی بەئاسانی بە قسەی خەڵکی کاریگەر دەبن سەرەنجام پێشناکەون و ناگەنە لوتکەی ژیانکردن بە مەبەستەوە.

پێویستی بەوەیە کە بەردەوام بیرکردنەوەت لەسەری بێت، ئامادە بیت هەرشتێك بکەیت کە پێویست بکات، ئەمەش کەسانی لاواز لە بەهێز و دواخەرەکان لە خۆتەرخانکردووەکان جیا دەکاتەوە.

کاتێك مەبەستەکەت ڕوونە، ئەوا ژیانت مانابەخش دەبێت و بەدڵخۆشی و قەناعەتەوە دەخەویت لە شەواندا لەبریی ئەوەی نیگەران بیت سەبارەت بە شتە بچووکە بێماناکان.

### ٣. با بەردەوام هەڵوێستێکی بێفیزانە و سادەت هەبێت:

ڕێگە مەدە خۆپەسەندییە ناتەندروستانەکەت زاڵ بێت بەسەر نیازە باشەکانتدا، ئەو کەسانەی کە زۆرترین و گەورەترین کاریگەریی ئەرێنییان هەیە لەسەر کۆمەڵگا نیگەران نین سەبارەت بە ناوبانگ و سامانەکەیان، مەهاتما گاندی، دایکە تێریزا و هەزارانی دیکەش کە هێندە ناودار نین، تەنها بەردەوام بوون لە کارەکەیان و تەماح و دەسەڵات بەشێك نەبووە لە ڕێساکەیان بۆ ژیانکردن بە مەبەستەوە.

لە قۆناغی دووەمی مەراسۆنی ئومێدەکەیدا، هەزاران کەسی سەرنجکێش کرد لە هەموو شارە گەورەکانەوە. هەڵوێستەکەی لە تەواوی مەراسۆنەکەدا ئەمە بوو:" من تەنها کەسێکی ئاساییم، باشتر، یان خراپتر نیم لە هیچ کەسێکی دیکە

و کەسانێکی زۆر زۆری دیکەش لەم دۆخەدان ئەوانیش شیاوی ناسراوین."
تێڕوانینە بێفیزییەکەی، نیگەرانییەکەی بۆ کەسانی دیکەش و هەڵوێستەکەی هەرگیز کۆڵنادەم و ڕووبەڕوونەوەی سەختییەکان لای ملیۆنان کەس خۆشەویستی کرد تەنانەت کاتێك شێرپەنجەکەی بڵاوبوویەوە و گەشتەسییەکانی سوور بوو لەسەر ئەوەی بەردەوام بێت.

لە ڕێکەوتی ٢٨/٦/١٩٨١دا، کۆچی دوایی کرد، بەڵام پەیامە بەردەوامەکەی کە جێی هێشت هێشتاکە درێژەی هەیە بۆ یارمەتیدانی قوربانییانی نەخۆشیی شێرپەنجە.

تا ئەمڕۆ زیاتر لە ٤٠٠ ملیۆن کۆ کراوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە شێرپەنجە لە ڕاکردنە ساڵانەکەی تێری فۆکسەوە، لانی کەم لە ١٥ وڵاتدا کێبڕکێکە کرا و زیاتر لە ٢ ملیۆن کەس بەشدارییان تێدا کرد و ڕەنگە لەم بارەدا بڵێیت، "چیرۆکێکی مەزنە! بەڵام بەڕاستی خۆم لەو ئاستەدا نابینم کە بەشێوەیەکی دراماتیکی جیهان بگۆڕم، من کەسایەتییەکی ناودارم نیم و تەنها ئەوەم لا گرنگە ژیانێکی ئاسایی بۆ خۆم بەڕێ بکەم."

هۆکاری سەرنەکەوتنت، نەبوونی مەبەستە لە ژیاندا، ئەگەر هەتبوایە بەم جۆرە تێڕوانینت نەدەبوو بۆ ژیان، وەك ڕاهێنەر گەورەترین سەختی ئەوەیە خەڵکی تێبگەیەنیت ئەمە چەندە گرنگە بۆ داهاتوویان، ئایا شتێکی باش نەدەبوو ئەگەر دووگمەیەکی ئامادەکراوی مەبەست لە سەرتدا هەبووایە کە بتتوانیایە دەستی پیادا بنێیت و خێرا مەبەستی سەرەکییت لە ژیاندا ڕوون بوایەتەوە؟ بەڕوونی دیارە شتی زۆر لەوە زیاتر هەیە، ئەمەش هەنگاوی دواترە تا وا لە مەبەستەکەت بکەیت بێتە بوون.

## دۆزینەوەی مەبەستەکەت

بۆ ئەوەی مەبەستی خۆت بدۆزیتەوە، چەند پرسیارێکی گرنگ هەن، کات وەربگرە بۆ بیرکردنەوەی ورد لەم شتانە بەر لە وەڵامدانەوە.

ئەگەر وا هەست دەکەیت لە کارەکەتدا گیرت کردووە، یان بە گۆڕانێکی گەورەدا تێپەڕ دەبیت، ئەوا چەند ڕۆژێك بە پشوو وەربگرە و بچۆرە شوێنێکی هێمن و ئارامەوە تا بتوانیت بەڕوونی و هێمنی بیر بکەیتەوە لەوەی دەتەوێت چی بکەیت لە ژیاندا، ئەستەمە بتوانیت بڕیارێکی سەرکەوتووانە بدەیت لە شوێنی کارەکەتدا، لەو جێگایەی زۆر سەرقاڵیت، یان لە کاتی ڕاکردنیشدا ناتوانیت بەباشی بیر بکەیتەوە.

داڤید مکناڵی یەکێکە لە باشترین نووسەرەکان و بەرهەمهێنەری براوەی ڤیدیۆیەکە سەبارەت بە تێری فۆکس، داڤید بە کەسێکی ڕابەر دادەنرێت لەوەی چۆن سەرکەوتوو بین لە ژیانی پیشەیی و کەسیماندا و ڕاهێنانێکی دە پرسیاری دروست کرد کە زۆر گرنگە بەناوی (دۆزینەوەی مەبەستەکەت و ژینکردن لەگەڵیدا).

سەیری هەنگاوە کردارییەکان بکە، پرسیارەکان زۆر گرنگن. کەوایە خۆت بە کەم مەزانە، چەند خولەکێکی کەم تەرخان بکە بۆ تەواوکردنی ڕاهێنانەکە، ڕەنگە ببێتە هۆی دەستکەوتی زۆر باش بۆت لە ژیاندا.

سەرەتا ئەم بەشە بخوێنەرەوە، بە خوێندنەوەی ئەمە، تێگەشتنێکی باش پەرە پێ دەدەیت لەوەی چۆن مەبەستەکەت دیاری بکەیت، ئەمانە چەند شتێکی گرنگن بۆ ڕەچاوکردن، داواکارییەکەت بۆ ناسینەوەی بەهرە و کارامەییە تایبەتەکانت دەست پێ دەکات. چ شتێك بە باشترین شێوە ئەنجام دەدەیت؟ حەزت لە ئەنجامدانی چ شتێك هەیە؟ هەندێك کەس ماوەیەکی زۆر لە

کارەکانیاندا دەمێننەوە و بێزار دەبن، کارەکە پێوستی بەوە نییە تواناکانیان بەکار بهێنن لەبەر ئەوە بەناچاری شتانێك ئەنجام دەدەن کە وزەکەیان کەم دەکاتەوە وەك لەوەی هانبدرێن بە ئەنجامدانی هەندێك پرۆژە، ئایا ئەمە بە هیچ جۆرێك تاریفی تۆ دەکات؟

کاری مەبەستدار واتە تۆ گرنگی زۆر بە شتێك دەدەیت و هەست بە ناچاری ناکەیت بۆ ئەنجامدانی، بەڵکوو چێژی لێ دەبینیت، تێری فۆکس، زۆر کاریگەری لەسەربوو لەلایەن قوربانییەکی گەنجی تووشبوو بە نەخۆشیی شێرپەنجەوە. ئەوە وای لێکرد سەرەڕای سەختییەکانیش بەردەوام بێت، کاتێك بەمەبەستەوە ژیان دەکەیت، ئەوا هەست دەکەیت جیاوازی دروست دەکەیت لە جیهاندا. پێویست ناکات کەسێکی ناودار بیت تا جیاوازی دروست بکەیت، دەتوانیت لە کۆمەڵگاکەی خۆشتدا کاریگەرییەکی زۆر دروست بکەیت.

هۆکارێکی دیکەی گرنگ ئاستی پەرۆشییەکەتە، ئەگەر تەنها تەرکیز لەسەر پەیداکردنی پارە بکەیتەوە، ئەوا بەشێکی زۆری ژیان تێدەپەڕێت و هیچ خۆشییەکی لێنا بینیت، بۆ ئەوەی لەمە تێبگەیت ئەم چیرۆکەتان بۆ باس دەکەین.

ئانا جارمیکسی تەمەن ١٠ساڵان شتێکی کانزایی شێوە هێلکەیی بەرچاوکەوت لە تەنیشت خوشك و براکانیدا، دەبوو شتێك بکات، هەر بۆیە هەڵی گرت و بڕیاری دا فڕێی بدات بەو هیوایەی خوشك و براکانی بپارێزێت، دەستی کرد بە ڕاکردن ئەوەبوو لەناکاو لەسەر شۆستەکە کەوت بە زەویدا و لەوێدا پاڵکەوتبوو کاتێك بۆمبەکە تەقییەوە و هەردوو دەستی بریندار کرد، بۆمبەکە لە ساڵی ١٩٤٥ لە هەنگاریا لەلایەن تانکەکانی سوپای ڕوسیاوە بەجێمابوو.

بەخێرایی ئانا گەیەندرایە نەخۆشخانەیەکی سەربازی، دکتۆرەکان هەردوو دەستیان بڕییەوە لە خوار مەچەکییەوە و لەو کاتەشدا بەئاگا بوو.

کاتەکان زۆر دژوار و سەخت بوون و پێداویستییەکانیش کەمبوون لەو کاتەدا، بەڵام توانیی بەرگەی ئەو نەشتەرگەرییە بگرێت بەبێ ئەنجامدانی هیچ جۆرە سڕکردنێك بەرلە نەشتەرگەرییەکە، چاکبوونەوەکەی لەسەرخۆ و بەئازار بوو وە هیچ ئامێرێکی ڕاهێنانکردنەوە بوونی نەبوو لەو ڕۆژگارەدا، شەش مانگی لە نەخۆشخانەدا بەسەربرد.

ئێستا تەمەنی ٧٦ ساڵانە و ئانا ژیانێکی مەبەستداری هەیە کە هانی کەسانی دیکە دەدا سنوورەکانیان تێبپەڕێنن و بزانن لە ژیاندا دەگەن بە چی، هەرگیز تووڕە و بێزار نەبووە سەبارەت بە بەختە خراپەکەی، لە ڕاستیدا، تەنانەت وشەی (بەدبەختی) یشی بەکارنەهێناوە و لە فەرهەنگەکەیدا بوونی نییە.

چی دەکەیت ئەگەر ١٠ ساڵان بیت و دەستت نەبێت؟ دەڕۆیت بۆ قوتابخانە و فێر دەبیت چۆن پێنووسەکەت ڕابگریت، سەرەڕای نەبوونی دەست و پەنجەکانیشت تاڕادەیەك فێر دەبیت شت بنووسیت. دۆخێکی سەختە و کۆڵنەدانی پێویستە، بەڵام ئانا کەسێك نییە کە دەستهەڵ بگرێت و هەرگیزیش لەو جۆرە کەسانە نەبووە.

لە ساڵی ١٩٥٦ دا ڕۆشت بۆ ئینگلتەرا و وەك، خاوێنکردنەوەی نووسینگە کارێکی دەست کەوت، هاوسەرگیریی کرد و چوار منداڵیشی بوو، سەختییەکی دیکە ڕووی تێکرد، چونکە هاوسەرەکەی تووشبوویەکی مادە کحولییەکان بوو، وە لەناکاو خێزانەکەی جێهێشت، هەژمارە بانکییەکەی بەتاڵ کرد و هیچ شتێکی بۆ ئانا بەجێنەهێشت.

ئانـا دەڵێـت: "بـەردەوام بـووم لـە کـارکردن و تـوانیم بـە باشـترین شـێوە منداڵەکانم پەروەردە بکەم و گەورەیان بکەم." دواتر ئانـا بڕیـاری کۆچـکردنی دا بۆ کەنەدا.

کاتێك گەشتە کەنەدا، دەیویست ئۆتۆمبێلی خۆی هەبێت و بەبێ دەست لێـی بخوڕێت. ئەستەمە! ئانا وشـەی ئەسـتەم بـەکارناهێنێت لـە فەرهەنگەکەیـدا، لـە ڕۆژی هەڵسەنگاندنی شۆفێریکردنەکەیدا گوتی: "فێرکارەکە زیاتر لەو هەستی بە نیگەرانی دەکرد و هەموو ستافەکە بە تێڕامانەوە سەیریان دەکرد کاتێـك ڕۆشـتە نـاو ئۆتۆمبێلەکەیـەوە، بـەڵام کاتێـك بەسـەرکەوتوویی گەڕایـەوە، هـەموویان خۆشحاڵ بوون." لە یەکەم هەوڵدانیدا توانی سەرکەوتوو بێت.

کاتێـك بـۆ کارێـك دەگـەڕا لـە نەخۆشـخانەیەکی نـاوخۆیی، بـە یـەکێك لـەو کەسانەی گوت کە لەوێدا کاری دەکرد: "با تواناکەمت نیشانت بدەم، دوو هەفتە بـەخۆڕایی کـار دەکـەم، ئەگـەر کارەکـەمت بـەدڵبوو، ئـەوا دەتـوانی پـارەم پـێ بـدەیت." ئـەوە بـوو کارەکـەی دەسـت کـەوت، ئانـا هەمیشـە بـۆ سـەختیی و بەرەنگاری نوێ دەگەڕێت، حەز بە گۆڕانکاری دەکات و وەك زنجیرەك دەرفـەتی ئەرێنی دەڕوانێتە ژیان.

خەڵاتی یەکـەم، دووەم و سێیەمیشـی بەدەسـت هێنـاوە بـۆ کێشـانی وێنـەی ڕەنگـی ئـاویی، هـەروەها دەیـەوێت لـە داهاتوویـەکی نزیکیشـدا پێشـانگایەك بکاتـەوە، خـەڵاتی خۆشنووسیشـی بەدەسـت هێنـاوە و چـەندین بەربەسـتی جەستەیی تریشی بۆ دروست بوو.

کاتێك وەك پاسەوانێکی پاراستن کاری دەکرد، ئانا پشـتی شـکا و پێویسـتی بە دوو نەشتەرگەریی گەورە هەبوو، زۆر سـوور بـوو لـە ئەنجامـدانی کارەکـەی و گەشت بە خەونەکانی، خاسیەتێکی ڕوونی کێبڕکێکاری هەیە، هەڵوێستی ئەوەیـە

هـەموو کـات دەتوانێـت کارێـك بکـات، "پـێم وانییـە هـیچ شـتێك قـورس بێـت و هەرشتێکیش بمەوێت دەتـوانم ئـەنجامی بـدەم." دەسـتکەوتە شـانازییەکەی لـە تەمـەنی ٢٨ سـاڵیدا بـوو کاتێـك دەسـتی بـە یـاریی تیرهاویشـتن کـرد، چـەندین بردنـەوە و دەسـتکەوتی هەیـە لـە یـاریی تیرهاویشـتندا و چـەندین پاڵـەوانێتی بردووەتەوە و مەدالیای ئاڵتونیشی بەدەست هێناوە.

کاتێك پرسیاری ئەوەی لێکرا، ئایا چ ئامۆژگارییەك دەدات بەو کەسـانەی کـە گۆڕانکارییان لا کارێکی قورس و دژوارە؟ لە وەڵامدا گوتـی: "گرنگە بۆ خۆت بـیر بکەیتەوە، ڕۆژنامەیەك بکڕە و کات تەرخان بکە بۆ نووسینی بیرۆکەکانت و چەند پرسیارێك لە خۆت بکە: چ شتێك زۆر بێزارم دەکـات؟ بۆچـی؟ دەتـوانم چ شـتێك ئـەنجام بـدەم دەربـارەی؟ بگـەڕێرەوە و تێبینییـەکانت بخوێنـەرەوە ئەمـەش ڕوونکردنەوە و یارمەتیت پێدەدات بۆ بڕیاردان."

ئانا فێربووە کە زاڵ بێت بەسەر ئازارە جەستەییەکەیدا بە بەکارهێنانی هێزی دەروونی لەبریی بەکارهێنانی حەب. تێڕامانی دەکرد و باوەڕێکی زۆری بە هێـزی نزا هەیە و دەڵێت، بۆ خودای بەجێ دەهێڵم.

هەمیشە دەڵێم: "ئەو شتەی بڕیاروایە ڕوو بدات، ڕوودەدات و من تەنها چێژی لێ دەبینم."

نوێترین پرۆژەی ئانا ئەوەیە کە قسە بۆ کۆچکردووەکان دەکات، زۆرێك لـەم کەسانە نیگەرانن سەبارەت بە داهاتوویان. چیرۆکەکەی ئانا ئیلهامیان پێ دەدات تـا ترسـەکانیان نـەمێنێت و باوەڕیـان وابێـت کـە سـەرکەوتوو دەبـن، دەشـڵێت: "ئەوە زۆر دڵخۆشی کردم، لەبەر ئەوەی دەتوانم بـە خـەڵکی بڵـێم چـۆن ژیانیـان باشتر بکەن، بە هۆی ویست و توانامـەوە لـە زۆر شـتدا سـەرکەوتوو بـووم. هـیچ

کەسێك پێی نەگوتووم چۆن شتەکان ئەنجام بدەم، بەڵکوو تەنها خۆم ئەنجامم داون. هەرگیزاوهەرگیز کۆڵنادەم." ئەمەش یەکێکە لە وتە ئیلهامبەخشەکانی:

| |
|---|
| ببە بە ڕووناکی بۆ کەسانی دیکە، بۆ ئەوەی ڕووناکییەکانی ئەوانیش بدرەوشێتەوە. |

## پەیام (مەبەست)

زۆرێك لە بازرگانییەکان بڕە پارەیەکی زۆر سەرف دەکەن لە پەرەپێدانی پەیامەکەیاندا، زۆر کات ڕابەرەکانی کۆمپانیا لەخۆ دەگرن، هەندێك کات ڕاوێژکاری بەڕێوەبردن بەکرێ دەگرن تا یارمەتییان بدات لە سەرکەوتنی پرۆسەکەدا.

ئەنجامەکە زۆر جار سێ، یان چوار پارچە نووسینی واتادار و ڕێکخراوە، زۆر کات دەکرێنە ناو لەوحەیەکی جوانەوە و لە دەرگای هاتنە ژوورەوەدا هەڵدەواسرێن، زۆربەی کۆمپانیاکان ئەم کارە دەکەن.

ئەوەی جێگای نیگەرانییە ئەوەیە کاتێك زۆرینەی ئەو کەسانەی پرسیاریان لێ دەکرێت لە کۆمپانیاکەدا پەیامی کۆمپانیاکە نازانن، هەرگیز نابێتە بەشێك لە کەلتوور، بەڵکوو زۆرینەی جار شتێکە کە بەڕێوەبردن خەونی پێوە بینیوە و دەبێتە باسی مانگ.

لی:

وتارێکم هەبوو کە دەبوایە پێشکەشی بکەم بۆ ئەندامانی دەستەی زنجیرە کۆگایەکی گەورەی خواردنی نەتەوەیی و دەمزانی پەیامێکیان هەیە و نوێی

دەکەنەوە، لەبەر ئەوە بەهەڕەمەکی پەیوەندیم بە چەند کۆگایەکیانەوە کرد و پرسیارم لەو کەسە دەکرد کە پەیوەندییەکەی وەڵام دەدایەوە: "ئایا دەتوانیت پەیامی کۆمپانیاکەتانم پێ بڵێیت؟ تەنانەت یەک کەسیشیان نەیتوانیی وەڵامم بداتەوە، جارێك بەڕێوەبەرێك وەڵامی دامەوە و گوتی: "پێم وایە کۆپییەکیمان هەیە و لە شوێنێکدا هەڵمان گرتووە و پێویستە سەیرێکی ناو کابینەکەم بکەم." شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو!

ئەگەر خاوەنی بازرگانییەکیت، یان بڕیاردەرێکی سەرەکییت، ئەوا ئەم پێشنیارانە لەبەرچاو بگرە، سەرەتا دەستەواژەکە (پەیامەکە) بگۆڕە بۆ (مەبەستەکەمان)، چونکە بەشێوەیەکی گشتی، فەرمانبەرەکان دەتوانن بەئاسانی لەمە تێبگەن، با کورت و پوخت بێت، تائەوەی هەموو ئەوانەی لە نووسینگەکەدا کار دەکەن بیزانن و بتوانن بیڵێنەوە و ڕستەیەکی بەهێز بێت کە هەمووان بتوانن بیکەنە کردار و پەیڕەوی بکەن.

ئەوە سوودی بۆ بازرگانییەکە زیاتر دەبێت وەك لە پەیامێکی دووروودرێژ فڕێ درابێتە ناو کابینەیەکەوە و ناکرێتە کردار.

لی:

مەبەستەکەی من ئەمەیە: "بەکارهێنانی بەهرە خوداییەکانم تا لە ڕێگەی ئەرێنییەوە کاریگەری لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بکەم بە شێوەیەکی بەرچاو ژیانیان بەرەو پێش ببات. ئەمە دەرفەتێکی زۆرم پێ دەدات لە ڕێگەی بەرنامە ڕاهێنانەکانی هێزی تەرکیزەوە خزمەتی کەسانی بازرگان بکەم و دەتوانم لە چەند ڕێگەیەکەوە بیرۆکەکانم بگەیەنم وەك، نووسینی کتێب، بابەتی گۆڤاریی، تۆمارکردنی ڤیدیۆ و بەرنامە دەنگییەکان یان دەتوانم وشەیەکی هاندان یان خەندەیەك ببەخشم بە کەسانێك کە پێویستیان بە وەرەبەرزکردنەوە

هەیە بۆ نموونە، شاگردێك لە خواردنگەیەکدا کە هەست بە فشارێکی دەروونیی زۆر دەکات بەهۆی ماندووبوونەوە، یان چاودێرێکی گەراج کە بەدەگمەن گفتوگۆی لەگەڵ دەکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە ئۆتۆمبێلەکانیان ڕادەگرن."

جاك:

مەبەستەکەی من ئەمەیە: "ئیلهامدان و یارمەتیدانی خەڵکی، بۆ ئەوەی بە بەرزترین تێڕوانینەوە بژین لە ڕووی خۆشەویستی و خۆشیبینینەوە کە بگونجێت لەگەڵ هەموو بەها گرنگە مرۆڤایەتییەکاندا هاوشێوەی ئەوەی لی. چەندین دەرفەت و شێواز هەن بۆ بەدەستهێنانی ئەمە، دەتوانم کتێب بنووسم، سیمینار پێشکەش بکەم، لە ڕادیۆ و لە بەرنامە شۆیەکانیشدا دەربکەوم، هانی ستافەکەم بدەم و ئامۆژگارییان بکەم، ڕاوێژ لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەدا بکەم، بەرنامەیەکی پەرەپێدانی خوودی پەرە پێ بدەم لە کاتی مەترسیدا، یان تەنانەت ئیلهام بدەم بەو کەسەی کە لە فڕۆکەدا لە تەنیشتمەوە دادەنیشێت."

مارك:

پەیامەکەی من ئەمەیە: "یارمەتی منداڵە تەمەن جیاوازەکان بدەم پڕۆژەی خۆڕایی و قازانجی بازرگانییان حەز لێبێت بە بەکارهێنانی داهێنەری، نوێکاری و نوێخوازی." دەتوانم وتار بدەم بۆ سەدان گەنجی خاوەن پڕۆژە لە کۆنفرانسەکاندا، یان وەك لی و جاك بەتەنها قسەیان لەگەڵ بکەم.

شتێکی سەرنجڕاکێشە کاتێك دەتوانیت بە چەند وشەیەکی کەمی جوان–هەڵبژێردراو کاریگەری لەسەر خەڵکی دروست بکەیت، چونکە هەندێك کات تەنها خولەکێکی پێویستە بۆ دروستکردنی جیاوازی.

| |
|---|
| بۆ گۆڕینی جیهان تەنها چیرۆکێك بەسە. |

## دان ئەلبانۆ، کەسێکە حەز بە دەستکەوتی گەورە دەکات

لە ژیانیدا مەبەستی هەیە، پارەش کۆ دەکاتەوە بۆ ئەو دۆخانەی کە شایستەن، کاتێك ئامانجێکی کەسی (تایبەتی) دادەنێت، ئەوا ئامانجێکی خێرخوازیی لاوەکیش لەگەڵیدا دادەنێت.

بەم دواییانە بڕیاری دا تواناکانی هەڵ بسەنگێنێت، لە تەمەنی ٤٣ ساڵیدا توانیی سەربکەوێت بەسەر لوتکەی ٧ چیا بەناوبانگەکەی جیهان لە هەر ٧ قارەکەی جیهاندا، ئەو لوتکە جادووییانەی کە کەمتر لە ٢٠٠ کەس توانیویانە سەربکەون بەسەریاندا: کیلیمانجارۆ لە ئەفریقا، دینالی لە ئەمریکای باکوور، ئاکون کاگوا لە ئەمریکای باشوور، کارستێنز پیرامیدا لە ئوسترالیا و ڤینسن لە ئانتارکتیکا، ئێڤرێست لە ئاسیا و ئێلبروس لە ئەورووپادا.

ئەم ئامانجە پێوستی بە ڕاهێنان و تەرکیزی زۆر و هەروەها سەرچاوەی زۆریش هەیە. بەم دواییانە گەشتە لوتکەی کیلیمانجارۆ کە (١٩,٣٤٠) پێ بەرزە و ئەمەش ئەزموونەکەیەتی بەکورتی لە زاری خۆیەوە:

ئەفریقا زۆر گەرم بوو، هاوڕێکەم داوای لێکردم کە ڕاهێنەری تیمەکەی بکەم تا سەربکەون بەسەر چیای کیلیمانجارۆدا، کەسانێکی زۆر سەرنەکەوتوون پیایدا، بەڵام مەبەستەکە بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری بوو بۆ لێکۆڵینەوەی نەخۆشیی ڕەقبوونی شانەکان، لەماوەی ٥ ڕۆژی تەواودا توانیمان بگەینە لوتکەی شاخەکە سەرەڕای ئەوەی بە بەفریش داپۆشرا بوو.

فێڵەکەی بۆ سەرکەوتن و گەشتن بە لوتکەی چیاکە بەسەرکەوتوویی خۆگونجاندن و گۆڕانی تەواو بوو بۆ کەشوهەوای ناوچەکە کە تیایدا بە بەرزبوونەوەیەکی هێواش و ئازاربەخشانە ڕوودەدات، لە شەوی پێنجشەممەدا

هـەموومان بەباشـی ئامـادە بـووین، دەمـانزانی یارییـەکی دەروونییـە هێنـدەی یارییەکی جەستەیی بێت.

سەرەڕای کەمبوونەوەی ڕێژەی ئۆکسـجین هەسـتم بـە بـەهێزی و نوێبـووەوە دەکرد، لە تاریکیدا گەشتمان دەکرد، گڵۆپەکەی سەرمان ڕێگەکەی پێشمانی بۆ ڕۆشـن دەکردینـەوە. هـەموو سـاڵێك نزیکـەی ١٥ هـەزار کـەس هـەوڵ دەدەن سەربکەون بەسەر شـاخی کیلیمانجـارۆدا، بـەڵام تـەنها لـە ٣٠٪یـان سـەرکەوتوو دەبن. لە ڕاستیدا، دەیان کەسیان لە هەوڵی گەشتن بە لوتکەدا دەمرن.

خەڵکی زۆرتر لە ڕێگای سەرکەوتن بەسەر چیای کیلیمانجـارۆدا مـردوون وەك لـە ئێڤرێسـت، لـە ڕێگـەدا تووشـی چـەندین بەربەسـت و دژواری و نەخۆشـی بوومەوە. کاتێك نائومێدی ڕووت تێدەکات دەتەوێت وازبهێنیت، باوەڕم نـەدەکرد کە چەندە سەخت و دژوارە بۆم، دەمگوت: "ئـەم هـەموو ڕێگەیـەم نـەبڕیووە تـا بەبێ دەستکەوت بگەڕێمەوە، بەدرێژاییی گەشتەکە ڕاهێنـەری تـەواوی تیمـەکانم بـووم، بـۆ ئـەم سـاتە بـەڵێنم بـە هاوڕێکـانم و خـەڵکی وڵاتەکـەم دا کـە ئاڵـای وڵاتەکەمان لەسەر لوتکەی چیاکە هەڵ بکەم.

من یەکەم کەس بووم لە تیمەکەماند خۆم گەیاندە لوتکەکە، ئەو دڵخۆشییەی هەسـتم پێکـرد بەئاسـانی تـاریف ناکرێـت، تەنانـەت وەسـتان لەسـەر لوتکەکـە هەستی گەنجبوونەوەی پێ دەبەخشیم، نیو کاتژمێری خۆش و ئارامم بەسـەربرد لەسەر لوتکەکە کە بەسەر تەواوی ئەفریقادا دەیڕوانی، ئـەزموونێکی لەبیرنـەکراو بوو وە دووبارە وزەی پێداینەوە، خۆشیمان لێ دەبینی و ئاهەنگمان دەگێـڕا بـە بۆنەی هاتنەدی خەونەکەمانەوە.

بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت پێویستە لەسەر لوتکەی چیاکە بێیتە خوارەوە.

تاکە چارەسەری نەخۆشییەکانیشم ئەوە بوو کە بەخێرایی دابەزمە خوارەوە، لە ٧٥٪ی تیمەکەمان بەسەرکەوتوویی ئەنجاممان دا، ئەو ڕۆژە پێکەوە زیاتر لە ٣٠٠ هەزار دۆلارمان کۆ کردەوە، هەستم بە دڵنیایی و باوەڕبەخۆبوونیش دەکرد کاتێك بەردەوام دەبووم لە ڕاهێنان بە زانینی ئەوەی پێکەوە پارەی زیاتر کۆ دەکەینەوە.

با هەمیشە خەونی گەورەت هەبێت.

**بەخشین**

دەزانیت جیاوازی دروست دەکەیت کاتێك:

١. کەسێکی نەناسراو دەردەدڵت بۆ دەکات و تۆش گوێی لێ ڕادەگریت.

٢. منداڵەکەت کارتێکی دروستکراوی تایبەتت پێدەدات و نووسینێکی لەسەرە کە چاوەکانت پڕ دەکات لە فرمێسك.

٣. خەڵکی وەك بەخشەرێکی تایبەت تاریفت دەکەن.

٤. بەردەوام کڕیارەکان دێن بۆ لات و دەستت لێ هەڵناگرن.

٥. لەوەی لێت چاوەڕوان دەکرێت زیاتر هەوڵ دەدەیت بۆ کەسانی دیکە کە ئەوەش شتێکە بە سروشتی خۆت ئەنجامی دەدەیت.

٦. دەرفەتە چاوەڕواننەکراوەکان لەناکاو دێن.

٧. ڕەنگە لە ڕووی جەستەییەوە ماندوو شەکەت بیت، بەڵام لە کۆتاییدا دڵخۆش دەبیت.

– لی هیوێت

# پوختە

یەکێك لەو پرسیارە باوانەی کە ساڵانە زۆر لێمان دەکرێت و دووبارە دەکرێتەوە ئەوەیە: "ئایا جیاوازی چییە لە نێوان ژینکردن بە مەبەستەوە و دانانی ئامانجی نوێی ساڵانە؟" پرسیارێکی گونجاو و واتاداریشە، یەکەم، هەندێك کەس لە تەمەنێکی زوودا مەبەستی ژیانیان دەدۆزنەوە لە کاتێکدا کەسانێکی دیکە ژیان دەکەن و مەبەستی ژیانیان نادۆزنەوە، هێشتا کەمێك ناڕوون و نهێنییە.

بۆچی کەسێکی وەك تێری فۆکس ئیلهامی بۆ دێت و هان دەدرێت تا بەتەواوی کەنەدادا ڕابکات و یارمەتی لەناوبردنی نەخۆشیی شێرپەنجە بدات، بەڵام کەسانێکی ساماندariش هەن، وەك: بازرگانەکان، گۆرانیبێژەکان ژیانیان لە شتی بێکەڵکدا بەسەر دەبەن؟ وەڵامەکەی هەبوونی مەبەستە لە ژیاندا کە تێری فۆکس هەیبوو.

ژینکردن بە مەبەستەوە ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە بەخشینەوە، هەندێك کەس دەبن بە مامۆستا، ڕاوێژکار، قەشە، پەیامبەر و ڕاهێنەر وە هەندێکی دیکەش چارەنووسیان وایە کە ببن بە دکتۆر و پەرستار، یان نەشتەرگەریکار وە هەندێکی دیکەش توانای پەیداکردنی پارەیان پێ دراوە.

چەندین پیشەی جیاوازی تر هەن کە هەموویان گرنگی بە خزمەتکردن دەدەن، لە خۆت بپرسە: "ئایا خۆشی دەبینیت لەو بەها و یارمەتییەی کە بە کەسانی دیکەی دەبەخشیت لە کارەکەی ئێستات یان بازرگانییەکەتدا؟"

مەبەست زۆر کەسییە و بەتەواوی بەستراوەتەوە بە ئیلهامەوە، بۆب بوفۆر، دەڵێت: "ساماندارەکان زۆر جار سەرەڕای سەرکەوتنی داراییشیان، بەڵام

دڵخۆش نین." وەڵامەکە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەیە کە لە سادەترین بەئاگاهێنانەوەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

مەبەست و ئامانجەکان پێکەوەبەستراون.

کاتێك مەبەستەکەت دروست دەبێت، ئەوا ئامانجەکان دەبن بە بەشێکی گرنگی هەنگاوە کردارییەکانت، زیاتر لە جارێك ئەم بەشە دووبارە بکەرەوە ئەگەر لە ژیاندا لە ساتێکی هەستیاردایت، هەستی مەبەست بانگت دەکات، بۆ ئەوەی گۆڕانی گەورە دروست بکەیت لە ئاڕاستەکەدا.

"کاتێك دەزانیت بۆچی لێرەیت، ئەوا ژیان بە شێوەیەکی جادوویی
دەبێتە ئاوێنەی مەبەستەکەت، کتومت وەك ئەوەی لەناکاو
خۆت لەسەر ستەیج ببینیتەوە لە شانۆیەکدا کە تیایدا
دەقاودەق دەقەکە بۆ تۆ نووسرابێت و ئامادەکرا بێت."

– بێتی سو فلاوەرز

## هەنگاوە کردارییەکان

ئەم دە پرسیارەی خوارەوە دانراون تا یارمەتییت بدەن، ئایا مەبەست بوونی هەیە لە ژیانتدا؟ لەگەڵ خاڵە سەرەکییەکانی ئەم بەشەدا پێکەوە یارمەتیت دەدەن بۆ ڕوونکردنەوەی پێناسەی مەبەست کە سوودی بۆت دەبێت.

بەرلە وەڵامدانەوە بیر لە هەر پرسیارێکیان بکەرەوە و یەکێك لەم وەڵامانە هەڵبژێرە: (بەڵێ، نازانم/دڵنیانیم، نەخێر)

١. ئایا دەزانیت لە چ شتێکدا باشیت و چ شتێکیش وزەت پێ دەبەخشێت؟

بەڵێ ( )، نازانم/ دڵنیانیم ( )، نەخێر ( )

٢. ئایا بەتەواوی ئەو کارامەییانەت بەکار دەهێنیت کە زۆرترین چێژیان لێ دەبینیت؟

بەڵێ ( )، نازانم/ دڵنیانیم ( )، نەخێر ( )

٣. ئایا بایەخی زۆر بە سووی کارەکەت، یان کێشەکە دەدەیت؟

بەڵێ ( )، نازانم/ دڵنیانیم ( )، نەخێر ( )

٤. ئایا پێت وایە بەو کارەی کە ئەنجامی دەدەیت بتوانیت جیاوازییەك لە جیهاندا دروست بکەیت؟

بەڵێ ( )، نازانم/ دڵنیانیم ( )، نەخێر ( )

٥. ئایا زۆرینەی ڕۆژەکان هەستی پەرۆشی لە خۆتدا بەدی دەکەیت؟

بەڵێ ( )، نازانم/ دڵنیانیم ( )، نەخێر ( )

٦. ئایا فەلسەفەی خۆتت سەبارەت بە ژیان و سەرکەوتن پەرە پێ داوە؟

بەڵێ ( )، نازانم/ دڵنیانیم ( )، نەخێر ( )

٧. ئایا مەترسییە پێویستییەکان دەگریتە بەر بۆ ژینکردن بە فەلسەفەی خۆتەوە؟

بەڵێ (   )، نازانم/ دڵنیانیم (   )، نەخێر (   )

٨. ئایا هەست بە گرنگیی مانا و مەبەست دەکەیت لە ژیانتدا؟

بەڵێ (   )، نازانم/ دڵنیانیم (   )، نەخێر (   )

٩. ئایا هیچ ئامانجێکی چالاکت هەیە پەیوەست بێت بە مەبەستەکەتەوە؟

بەڵێ (   )، نازانم/ دڵنیانیم (   )، نەخێر (   )

١٠. ئایا بە جۆرێک ژیان دەکەیت کە بەتەواوی هەوڵی خۆت دەدەیت کارەکانت ئەنجامیان هەبێت؟

بەڵێ (   )، نازانم/ دڵنیانیم (   )، نەخێر (   )

**ژینکردن و کارکردن بە مەبەستەوە**

**گرتنەبەری کرداری یەکلاییکەرەوە**

**کۆڵنەدان و بەردەوامی**

**داوای ئەو شتە بکە کە دەتەوێت**

**هۆکاری باوەڕبەخۆبوون**

**بنیادنانی پەیوەندییە نایابەکان**

**زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا**

**ئایا وێنە گەورەکە دەبینیت؟**

**باسکردن نییە لە بابەتێکی بێمانا، بەڵکوو بابەتی تەرکیزکردنە**

**خووەکانت داهاتووت دیاری دەکەن**

**پیرۆزە، توانیت ئەنجامی بدەیت!**

# (بەشی یازدەیەم)
# کۆمەڵێك بیرۆکەی گرنگ و سوودبەخش بۆ دەوڵەمەندکردنت

"دەکرێت کەسانێکی دەوڵەمەندی ئاسایی پارەکەیان بدزرێت، بەڵام دەوڵەمەندە ڕاستەقینەکان هەرگیز نا، چونکە شتانێکی پیرۆز و بەبەهای گرنگیان تیادایە کە هیچ کەس ناتوانێ لێیان بدزێت."

– ئۆسکار وایلد

لەم بەشەدا بیرۆکەی پێنج لە بەشداربووەکانمان بە ئێوە دەناسێنین کە ماوەی چەندین ساڵە کارمان لەگەڵ دەکەن:

## یەکەم

**پێنج ستراتیژییە سەرەکییەکەی (سام بێکفۆرد) بۆ سەرکەوتن:**

لە خوارەوەی هەر بیرۆکەکدا پرسیارێکمان داناوە، خۆت وەڵامیان بدەرەوە.

**١- بە شێوەیەکی گەورە بیر بکەرەوە، بەڵام ئەمڕۆکە لە بازرگانیی بچووکەوە دەست پێ بکە:**

"هەبوونی خەونی گەورە شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر دەرفەتت نییە بۆی، ئەوا دەرفەتە بچووکەکە بقۆزەرەوە کە بەردەستە با لەکیست نەچێت ئێستا، دەست بە کردار بکە، چونکە خەونە گەورەکانت دەمێننەوە بۆ داهاتوو."

– ئایا ئەو کردارە بچووکانەی کە تەرکیزیان لەسەر دەکەیتەوە و ئەنجامیان دەدەیت بەستراونەتەوە بە ئامانجە گەورەکانتەوە؟

## ٢- بڕیار بدە کەسێکی بەخشەر بیت بەرلەوەی وەرگر بیت:

"یەکەم ساڵ کە بڕە پارەیەکی زۆرم دەستکەوت لە بازرگانییەکەمدا، ئەو ساڵە بووکە بڕیارم دا ١٠٠ هەزار دۆلار ببەخشم بە مزگەوت و کارە خێرخوازییەکان، ئەوەبوو ئەو ساڵە پارەکەم بە ڕێژەیەکی زۆر زیادیکرد. مەبەست لە هەبوونی پارە تەنها دەوڵەمەندکردنی خۆمان نییە، بەڵکوو دەبێت بۆ یارمەتیی کەسانی دیش بەکاری بهێنین."

- ئایا بڕە پارەیەکی زۆر دەبەخشیت بەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی؟

## ٣- پەرە بە خووی نووسینی ئامانجەکانت (ڕاکێشەری خەونەکانت) بدە:

"دڵخوازترین دەستەواژەی سەرکەوتن لای من ئەمەیە: "نووسینی ئامانج بە بیرهاتنەوەی ئەو شتەیە کە دەمەوێت." نووسینی ئامانجەکانت و بیرکردنەوە لێیان بە شێوەیەکی بەردەوام نزیکت دەکاتەوە لێیان.

کاتێك هەڵبژاردنی سێ چالاکیم هەیە کە دەتوانم ئەنجامیان بدەم، لە خۆم دەپرسم، ئایا ئەم چالاکییە نزیکم دەکاتەوە لە ئامانجەکەم یان نا؟ ئەگەر ڕۆژانە ئەم پرسیارە لە خۆت بکەیت، ئەوا دەبینیت لە کۆتاییی ساڵدا زیاتر لەو ئامانجانەت بەدەستهێناوە کە بیرت لێکردبوونەوە."

- ئایا ڕۆژانە گرنگترین ئامانجەکانت دەخوێنیتەوە؟

## ٤- ببە بە کەسێکی شارەزا لە بوارەکەتدا:

"ئەگەر ئامادەیت لە هاوکارەکانت زیاتر فێربیت، ئەوا بێگومان لەوانیش زیاتر بەدەست دەهێنیت، بە فێربوونی زانیاری دەتوانین سەرکەوتووبین لە بواری کارکردنماندا.

دە ساڵ بەرلە ئێستا، کە دەستم بە بازرگانییەکەم کرد، کێبڕکێم لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکاندا دەکرد، کە لە ڕووی داراییەوە باشتر بوون، بڕیارم دا لایەنی باشەم ئەوە بێت، کە لەوان زیاتر بزانم، بۆ ئەم مەبەستەش ٧٠٠ کتێبم لەسەر بازرگانی، فرۆشتن، بازاڕکاری خوێندەوە. ئێستا کۆمپانیاکەی من لە پێشەوەدایە و ئەوانیش لە هەمان ئاستی خۆیاندان کە دە ساڵ بەرلە ئێستا تیایدا بوون ئەویش تەنها بە بڕیاردان لەوەی وەبەرهێنان لە خۆمدا بکەم لەو بوارەی کە پێویستم بوو."

- ئایا ڕۆژانە سی خولەك لە کاتی خۆت تەرخان دەکەیت بۆ خوێندنەوەی شتێکی سوودبەخش لە بوارەکەتدا؟

## ٥- ببە بە کەسێکی کۆڵنەدەر:

"هەمووشتێك لە ژیاندا ڕوودەدات، ڕۆژانە چەندین جار تووشی شکست و ناخۆشی دەبیتەوە، بەڵام ببە بە کەسێکی کۆڵنەدەر لە بوارەکەتدا تەنانەت لە سەختترین بارودۆخەکانیشدا کردار بکە و بەردەوام بە تا دەگەیت بە ئامانجەکانت."

- ئایا کاتێک ڕووبەڕووی ئاستەنگ و سەختییەکان دەبیتەوە چەندە بەخێرایی هەڵ دەستیتەوە؟

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم سایتە بکە: (www.creatorslanding.com)

## دووەم

پێنج ستراتیژییە سەرەکییەکەی (کارین ستیوارت) بۆ سەرکەوتن:

### ١- خەیاڵی سەرکەوتن بکە:

"دەمێکە ئەو توانایەم هەیە، کە خەیاڵی سەرکەوتن بۆ خۆم بکەم، ئەو ڕاستییە دەزانم شتێك، کە بتوانم خەیاڵی بکەم، ئەوا دەشتوانم بەدەستی بهێنم."

- ئایا هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەی ١٠ خولەك خەیاڵی ئەو ئامانجانە دەکەیت دەتەوێت بەدەستی بهێنیت؟

### ٢- بزانە چییت دەوێت:

"خۆتەرخانکردنی بەردەوام بۆ دانانی ئامانجە کورتخایەن و درێژخایەنەکان گرنگە، هەمیشە ئامانجی ٩٠ ڕۆژیی دادەنێم، کە شیاوی بەدەستهێنان بن و هەموو ڕۆژێك دەیانخوێنمەوە و خۆم بەدوور دەگرم لە هەرشتێك، کە خەیاڵ و تەرکیزم پەرشوبڵاو بکاتەوە."

- ئایا بە شێوەیەکی بەردەوام ئامانجەکانت دەخوێنیتەوە؟

## ٣- سیستەمێکی بەهای دوور لە مشتومڕ بهێڵەرەوە:

"لـە جیهـانی خێـرا-گەشـەکردووی بازرگـانی و ئینتەرنێتـدا، بـەهاکانمان بەرەنگار دەکرێنەوە و ڕەنگە خۆمان لـە دۆخێکـدا ببیـنین، کـە پێویسـت بـە مشتومڕ بکات.

سیستەمی بەهاکەم لەو شتانە دڵنیام دەکاتەوە، کە بۆم گرنگن: خێزانەکـەم، ڕاستگۆییم، هاوڕێکانم و لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، ڕۆحەکەم."

- ئایا دەزانیت پێنج گرنگترین بەهاکانی ژیانت چین؟

## ٤- هاوسەنگی ڕابگرە و لە ساتی ئێستایا بە:

"بـە شـێوەیەکی دروسـت دەخـۆم، دەخۆمـەوە و ڕاهێنـانیش دەکـەم، کـاتی خۆشی و ڕابواردنیشم هەیە، بەڵام وەك پێویست نا.

خەڵکی سەیری ژیانم دەکەن و دەپرسن، چۆن دەتوانیـت ئـەنجامی بـدەیت؟ ئاسانە، چـونکە لـەم سـاتەی ئێسـتایا و کەسـێکی تـەواو ڕێکخـراوم، ئـەو جـۆرە کارانەی، کە شارەزاییم تیایاندا نییە، دەیانسپێرم بە کەسانێك پسپۆڕن تیایدا."

- ئایا ئەو شتە چییە، کە دەتوانیت کتوپڕ ئەنجامی بدەیت تا ژیانێکی باشتر و هاوسەنگترت هەبێت؟

## ٥- ببە بە فێرخوازێکی بەردەوام:

"ساڵانە ٥٠ کتێب دەخوێنمەوە، ئەو شتە گرنگ نییە، کە دەیزانیـت، بـەڵکوو ئەو شتە گرنگە، کە دەزانیت نایزانیت.

زانست، ئەو ژیرییەیە، کە بزانیت چی نازانیت، شتگەلێکی زۆر هەن تا فێریان بم و زۆریشم حەز بە فێربوونی بەردەوام هەیە."

– ئایا چ جۆرە کتێبێك یارمەتیدەر و سووبەخشە بۆت، لە بوارەکەی خۆتدا؟
بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی سایتی (www.fairwaydivorce.com) بکە.

## سێیەم

پێنج ستراتیژییە سەرەکییەکەی (فیلْ کارۆلْ) بۆ سەرکەوتن:

**١. بوارەکەت دیاری بکە و لەگەڵی بەردەوام بە:**

"وەك بەڵێندەرێك زۆر بیرۆکەم هەبوو، جۆرە کارێکم دەکرد، کە چێژبەخش و خۆش بوو، بەڵام شارەزاییم تیایدا نەبوو، زۆر گرنگە شارەزای ئەو بوارە بیت، کاری تیادا دەکەیت و هەوڵ بدە هەموو شتێك فێر بیت دەربارەی."

– ئایا تەرکیزت لەسەر کار و پیشە سەرەکییەکەتە؟

**٢. گونجێنەر بە، و هەرکات پێویستی کرد شێوازی بازرگانییەکەت بگۆڕە:**

"ڕاستییەکە ئەوەیە دۆخی بازاڕ گۆڕانکاری بەسەردا دێت تەنانەت دەکرێت تەواوی پیشەسازییەکانیش بگۆڕێن، هەر بۆیە پێویستە هەمیشە ئامادەی گۆڕانکاری بیت."

– ئایا بازرگانییەکەی ئێستات سەرکەوتووە؟ ئەگەر سەرکەوتوو نییە، ئایا دەتوانیت چ شتێك بکەیت بۆ سەرکەوتنی؟

**٣. بە بەهاکانتەوە پەیوەست بە:**

"لەپێشینەکەی یەکەمم هاوسەنگییە، کاتێك هاوسەنگ نیم، فشاری زۆرم بۆ دروست دەبێت و تەرکیزم لەدەست دەدەم، بەڵام کاتێك پەیوەندیم لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانمدا زۆر باش بێت، ئەوا تەندروستیم و بازرگانییەکەشم زۆر باشتر دەبن.

بەهایەکی تر ئەوەیە، کە هەمیشە دادپەروەر بیت لە ڕێککەوتنە بازرگانییەکانتدا، بەزوویی خەڵکی مەگۆڕە و زۆر گرنگە پەیوەندیی درێژخایەن دروست بکەیت."

– چەندێك کاتت تەرخانکردووە بۆ پشووەکانی ساڵی داهاتووت؟

### ٤. لە هەموو ڕێککەوتنێکدا گڕوتین دروست بکە:

"کاتێك ڕێککەوتنەکە باشە، ئەوا وزە و گڕوتین دروست بکە، دڵنیا بەرەوە لەوەی، کە چاودێری هەموو ئامانجە هەفتانەییەکانت دەکەیت و وا لە خەڵکیش بکە هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن بۆ ئەو ئامانجانەی، کە بەڵێنیان داوە بەدەستی بهێنن."

– ئایا لە خووی دروستکردنی گڕوتینداییت بۆ خۆت و تیمەکەت؟

### ٥. هەموو کات ئاهەنگ بۆ سەرکەوتنەکانت بگێڕە:

"لە پاش ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی گەورە دەیاندەیت، زۆر گرنگە، ئاهەنگی سەرکەوتنت بگێڕیت لەگەڵ تیمەکەتدا. لە کاتی بەدەستهێنانی ئامانجێکمدا، هەمیشە شتێکی تایبەت بۆ خۆم دەکڕم، وەك: ئۆتۆمبێلێکی نوێی، یانیش ئاهەنگێڕانێکی گەورە دەگێڕم."

– ئایا پلانی ئاهەنگی دواترت داناوە؟

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی سایتی:

(www.americaresidentialhomes.com) بکە.

# چوارەم

پێنج ستراتیژییە سەرەکییەکەی (دێبی ڕۆتکڤیچ) بۆ سەرکەوتن:

## ١. هەڵوێستی "دەتوانم ئەنجامی بدەم"ت هەبێت:

"هەمووکات ئەم وتە بە خۆم دەڵێم،"دەتوانم ئەمە ئەنجام بدەم!"

– ئایا لە هەموو بارودۆخەکاندا هەڵوێستی"دەتوانم ئەنجامی بدەم"ت هەیە؟

## ٢. فێربە کە چۆن کەسانی هاوشێوەی خۆت دروست بکەیت:

"کاتێك بازرگانییەکەت فراوان دەبێت و دەگەیتە ئاستێك کە ناتوانیت بەتەنها بەڕێوەی ببەیت، ئەوا گرنگ و پێویستە، کە کەسانێکی سەرکەوتووی هاوشێوەی خۆتت هەبێت.

تەرکیز بخەرە سەر دۆزینەوەی کەسە سەرکەوتووەکان، ڕاهێنانیان پێ بکە، چونکە کاتێك ئەوان بەرەوپێش دەچن، کۆمپانیاکەشت گەشە دەکات."

– ئایا دەتوانیت کەسانی سەرکەوتووی هاوشێوەی خۆت دروست بکەیت؟

## ٣. ببە بە نموونە بۆیان:

" کاتێك ڕابەرە سەرکەوتووەکان دەگەنە ئاستێکی بەرز دەست هەڵناگرن لە کاری بازرگانیکردن. پێویستە لە کاتە سەختەکاندا، پەیامەکەت بەڕوونی بگەیەنیت. ئەوەت بیربێت، هەمیشە کەسانی دیکە چاوت لێدەکەن و چاودێریت دەکەن."

– ئایا لە کاتە سەختەکانیشدا بە ستراتیژیی ڕوونەوە هەنگاو دەنێیت تا ئیلهام و پاڵپشتی بە خۆت و کەسانی دیکەش بدەیت؟

### ٤. دووبارە وەبەرهێنان بکەرەوە لە بازرگانییەکەتدا:

"هەمیشە ئەو خووەم هەبووە، کە بڕێکی زۆر لە پارەکەم لە بازرگانییەکەمدا بەکار دەهێنمەوە. تەماحباز مەبە!

بەبێ دووبارە وەبەرهێنانەوە ناتوانیت بازرگانییەکەت بکەیتە بازرگانییەکی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری. ئەستەمە!"

– چەند جار وەبەرهێنان لە خۆت و بازرگانییەکەتدا دەکەیتەوە؟

### ٥. یارمەتیی تیمەکەت بدە ئەو شتە بەدەست بهێنن، کە دەیانەوێت:

"تەنانەت پاش ٢٠ ساڵ لە بازرگانی هێشتا دڵخۆشم، کە دەبینم ئەندامانی تیمەکەم خەڵاتەکانیان وەردەگرن و قبووڵ دەکەن، کاتێک بازرگانییەکەیان گەشە دەکات، بینینی دڵخۆشی لەسەر ڕووخساریان بەڕاستی زۆر خۆشیهێنەرە، هەر بۆیە پێویستە ئەندامەکانی خۆتت خۆشبوێت."

– ئایا بەردەوام یارمەتی ئەندامەکانت دەدەیت لەپێناو گەشەکردنی بازرگانییەکەت؟

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی (www.rotkvivhroup.com) بکە.

## پێنجەم

پێنج ستراتیژییە سەرەکییەکەی (دۆن کامبڵ) بۆ سەرکەوتن:

**١. ژیرانە هاوڕێکانت هەڵبژێرە:**

"گرووپێك دروست بکە لەو کەسانەی، کە سەرکەوتوون، هاوڕێیەتی کەسانی ئەرێنی و سەرکەوتوو بکە."

– ئایا گرووپێکت هەیە لە کەسانی سەرکەوتوو؟ ئەگەر نیتە، ئەوا ئیمەیلێك بنێرە بۆ (Info@thepoweroffocus.ca)، پێت دەڵێین چۆن دروستی بکەیت.

**٢. خۆت بەدوور بگرە لەو بۆچوونەی، کە دەڵێت گەشتوومەتە لوتکە و چیدیکە پێویستم بە پێشکەوتن نییە:**

" لە هەر کار و پیشەیەکدا هەیت، خۆت بەرەنگار بکەرەوە بە بەرەوپێشچوونی بچووکی بەردەوام، چونکە بەرەوپێشچوونی بچووك بە شێوەیەکی بەردەوام دەتگەیەنێتە ئەو جێگایەی، کە دەتەوێت لێی بیت و پێی بگەیت."

– ئایا بەردەوامیت لە هەوڵدان بۆ فێربوون و بەرەوپێشچوونی زیاتر؟

**٣. هەرگیز کەسێکی گشتگیر مەبە:**

"تەرکیز بخەرە سەر دۆزینەوەی ئەو پیشە(کارە)ی، کە زۆرت حەز لێیە، هەموو پێداویستی و ئامێرە تایبەتەکانی بۆ ئامادە بکە بۆ ئەوەی حەز و ئارەزووەکەت زیاد ببێت بۆی.

هـەتا ئامـانجی بازاڕكارییـت فـراوانتر بێـت، ئـەوا كێبڕكێـی زیـاترت دەبێـت و سەختیی و ئاستەنگی زیاتریش دێنە ڕێت."

– ئایا لێهاتوو و شارەزایت لە بوارەكەی خۆتدا یان نا؟

## ٤. با تێڕوانینێكی درێژخایەنت هەبێت:

"بەداخەوە، زۆرێك لـە خـەڵكی خـەیاڵی ئـەوە دەكـەن خێـرا دەوڵەمەنـد بـن، سامانی ڕاستی بە تەركیز خستنە سەر پەیوەندییە درێژخایەنەكان پەیدا دەبێت.

– ئایـا دەتـەوێت خێـرا دەوڵەمەنـد بیـت یـان دەتـەوێت داهاتوویـەكی پـڕ بەرهەمت هەبێت؟

## ٥. خۆشی وەربگرە و جددیش بە:

"ئەمە تا ڕادەیەك پێچەوانەوە دەردەكەوێت، بەڵام نەخێر وانییـە لـە زۆرێـك لە كتێبە بازرگانییەكاندا خۆشی بینین باس ناكرێت، بەڵام دەبێتە هاندەر بۆت تا لە ساتە ناخۆشەكانیشدا بەردەوام بیت.

ئەمە سوودی دەبێت بۆ سەرنجكێشكردنی كڕیاریش، واتای ئەوە نییە گەمـژە بیت، بەڵكوو واتە خۆشی ببینیت تا خـەڵكی لـە دەورت بـن، تەنانـەت كـاتێكیش جددیشیت.

كاتێك بە شێوەیەكی چێژبەخش و دڵخۆشكەر زانیاریی گرنگ ئامادە دەكەیت بۆ كاروبارە بازرگانییەكەت، ئەوا خەڵكی نۆرە دەگرن تا كارت لەگەڵ بكەن، هەر بۆیە ببە بە كەسێك خەڵكی سەرنجكێش بكەیت بۆ خۆت."

– ئایا كەسێكی جددی و زۆر بێزاركەریت و كاتی خۆشی و ڕابواردنت كەمە؟

بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی (www.doncampbell.com) بكە.

## پوختە

وەك نووسەران زۆر بەبەخت بووین، کە ئەم ئامۆژگاریکەر و چاودێرە مەزنانەمان لە چواردەور بوو، بێگومان ژێریی ئەم کەسانە کاریگەریی زۆری لەسەر هۆشیاریی، سەرکەوتن و توانامان بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگ و بەربەستەکاندا هەبووە.

ئەم پێنج کەسەی ئێستا ستراتیژییەکانیانت خوێندەوە بە سەرەتایەکی سادەوە دەستیان پێ کرد، بەڵام بەهۆی تێڕوان و پەرۆشیی و کۆڵنەدانیانەوە تەنها خۆشی و بەرهەمی کارەکانیان ناچیننەوە، بەڵکوو جیاوازییەکی بەرچاو و دیاریشیان لە ژیانی کەسانێکی زۆردا دروست کردووە و بەردەوامیش دروستی دەکەن.

جوانیی ئەمە لەوەدایە کە سەرەنجام دەبیت بە ئامۆژگاریکە و چیدیکە ئامۆژگاری و چاودێری ناکرێیت، واتە (پاداشتی چاکە بە چاکە بدەرەوە). چێژ لە گەشتەکەت وەربگرە.

## هەنگاوە کردارییەکان

سێ گرنگترینیان هەڵبژێرە لە ٢٥ بیرۆکەکە و بیاننووسەرەوە:

١-　　　　　　٢-　　　　　　٣-

سێ باشترین کرداری داهاتووم بۆ جێبەجێکردنی هەر کام لەم ستراتیژییانە بۆ بازگانی، یان پیشەکەم ئەمانەن:

١-　　　　　　٢-　　　　　　٣-

# وتەی کۆتایی

## ئەوە ژیانی تۆیە...بەرەنگارییەکە پەسەند بکە

"کەسانی دڵخۆش ئەوانەن، کە خەون بە خەونەکانیانەوە دەبینن و ئامادەی قبوڵکردنی هەر جۆرە دەرەنجامێکن تا بیانکەن بە ڕاستی."

– لیۆ جۆزێف سوینز

مایەی خۆشحاڵیمان بوو بە دانان و بڵاوکردنەوەی باشترین بیرۆکەکانمان لەم کتێبە بەسوودەدا، بەناوی هێزی تەرکیز، ئومێدەوارین ئەو ڕاستییە دووپات کرابێتەوە، کە دەرفەتێکی زۆر بەردەستن بۆت و پڕۆسەیەکی بەردەوامە. بۆ بوون بە کەسێکی جیاوازتر لەوەی، کە پێشتر بوویت، هەوڵدانی ڕاستەقینە و ئارەزووی دەوێت، ئاستەنگ و بەرەنگارییەکە شیاوی هەوڵدانە، سبەی بەرەنگاریی (ئاستەنگە) گەورەکەت دەست پێ دەکات.

چۆن ئەو شتانە پەیڕەو دەکەیت، کە لەم کتێبەدا فێریان بوویت؟ هەموو ئەو ستراتیژییانەی کە باسمان کرد سوودیان بۆت دەبێت، بەڵام بیرت بێت تەنها کاتێك ژیانت باشتر دەکەن، کە بڕیار بدەیت بەکاریان بهێنیت.

بەرەنگارییەکە قبووڵ بکە، ئێستا بڕیارێك بدە تەرکیز بکەیتە سەر کارەکەت تا ڕۆژێك لە ڕۆژان ببیتە کەسێکی سەرکەوتوو، ئێستا کاتی هەنگاونانە. بژاردەیەکی دیکە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بڵێیت،"زانیارییەکی چێژبەخش بوو." پاشان کتێبەکە دابخەیت، بیخەیتە سەر ڕەفەیەك و لەگەڵ خووە کۆنەکانت درێژە بە ژیان بدەیت، ئەگەر وا بکەیت، شتانێکی زۆر لە ژیانتدا ناگۆڕێن، بەڵام ئەگەر تەواوی کتێبەکەت خوێندبێتەوە، ئەوا دیارە، کە ویست و خواستی گۆڕانکاریت هەبووە.

**بە هۆی ئەو شتەی، کە خوێندتەوە ئێستا زیاتر بەئاگایت لەوەی کە ژیان چۆنە، کەوایە بەهانەیەکت نییە لەوەی ئەگەر لە داهاتوودا شکست بهێنیت، مەگەر ئەوەی خۆت نەتەوێت، هەزاران کەسی وەك تۆ هەن بە هۆی بڕیاری گۆڕانکاریکردنەوە ژیانیان گۆڕیی بۆ چیرۆکی سەرکەوتن و تۆش لە توانادایە هەمان شت بکەیت و باوەڕت بە خۆت هەبێت.**

**لەو زانیارییانە تێبگە، کە فێریان بوویت، لەگەڵ ئەوەشدا تەرکیزت بخەرە سەر هەنگاوی یەکەم، بیکە بە لەپێشینە و پاشان هەنگاوێکی دیکە بنێ، دەبینیت بەزوویی ژیانت دەگۆڕێت.**

**ئێمە گرەنتی ئەوەت پێدەدەین، کە دەتوانیت بە کەمێك ڕاهێنان و بەردەوامی، خووی نوێ دروست بکەیت، ساڵانێکی دی دەڵێیت: "سەیرکە چەندە گۆڕاوم، سەیری دەرەنجامەکان بکە، بەتەواوی باوەڕپێنەکراوە ! "**

**هەوڵ بدە پێداچوونەوەی زۆر بەم ستراتیژییانەدا بکەیتەوە وەك، ڕێنموونییەکی بەردەوام بەکاریان بهێنە بۆ یارمەتیدانت. بیرت بێت، لە توانادایە جیاوازییەك لەم جیهانەدا دروست بکەیت و ئەوەش ئەرکی تۆیە.**

**لە ئێستا بەدواوە بەبوێری و ئومێدی نوێوە بۆ پێشەوە هەنگاو بنێ، داهاتووت چاوەڕوانتە !**

**بەهیوای سەرکەوتن!**

**جاك، مارك و لی:** خۆشحاڵ دەبین، ئەگەر ئاگادارمان بکەیتەوە لەوەی هێزی تەرکیز چۆن یارمەتیدایت لە ژیاندا و چیرۆکی سەرکەوتنی خۆتمان بۆ بنێرە لە ڕێگەی ئەم ناونیشانانەی خوارەوە:

**ئیمەیڵ**: Les.h@thepoweroffocus.ca

**ژمارە تەلەفۆن**:٠٠403.295050

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن

ژمارە :
رۆژ: / /کوردی ٢٧١٩

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية
ژمارە : ٢٦٤٩
بەروار : ٢/ ٢/ ٢٠١٩

بۆ/ کتێبخانەی بەختیاری
بابەت / ژمارەی سپاردن

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
رۆیشتوو

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی( ١٨٥٦ ) ی ساڵی ٢٠١٩ تەرخانکراوە بۆ کتێبی (هێزی تەرکیز) کە لە وەرگێرانی (حەیدەر ئیبراهیم )ە ، بە تیراژی ( ١٠٠٠ ) دانە ، کەبابەتەکەی (گەشەپێدانی مرۆیی)ە، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکرێت.

لەگەڵ رێزماندا

فەرمانبەری رێبەدراو

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە / رۆژ / / ٢٠٠

ئالان محمد رؤوف
بەڕێوەبەر

تێبینی:

- ١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە.
- ٢- هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.
- ٣- ئەم نووسراوە سکان بکرێت ولە کۆتایی کتێبەکەدا دابنرێت .

وێنەیەك بۆ/

- دوسیەی سپادرن

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com
ژمارەی تەلەفۆن/ ٣٢٠٢٧١٦